ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامـادەکراوەو گشـت کـارە زانسـتی و ڕێکارەکـانی تەواو بووە  بەشێکە لە  پێداویستییەکانی بەدەستهێنـانی پلەی دکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا.

سەرپەرشتیار

پ.ی.د. کەمال عەلی محەمەد

بە پێی ئەو پێشنیارە ئەم لێکۆڵینەوەیە  پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

د.ئاکۆ عبدالکریم محمود

سەرۆکی بەشی مێژوو

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کردو بڕیارماندا، کەشایەنی ئەوەیە بە پلەی ﴿ ﴾ بڕوانامەی دکتۆرا – فەلسەفەی پێبدرێت لە مێژووی هاوچەرخی کورددا.

سەرۆکی لیژنە

ئەندام ئەندام ئەندام

ئەندام ئەندام ئەندامو سەرپەرشتیار

لەلایەن ئەنجوومەنی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە پەسەند کرا.

پ.د. جەزا توفیق تالب

ڕاگری سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

# ﴿وقل ربى زدنى علما﴾

سورة ( طه/ اية 114)

صدق الله العظيم

# پێشکەشە بە

- هاوسەری ژیانم(م.شەمیان)و منداڵەکانم(بیارو باری).
- سەرکردە تەوارەکەی PKK، شەهید( ساکینە چانسن).
- شەهیدی داواکاری مەعریفەو زانستی خۆپیشاندانەکانی سەیدصادق (بڕیار حەسەن).

# سوپاس و پێزانین بۆ:

- مامۆستاو سەرپەرشتیاری بەڕێزم(پ.ی.د.کەمال عەلی محەمەد)، کە بە ڕێنمایی و سەرنج و تێبینییەکانی لێکۆڵینەوەکەی تێرو تەواو دەوڵەمەند کردو لەگەڵمدا ماندوو بوو.
- خێزانە بەڕێزەکەم، دایك و باوك و خوشك و براکانم، کە بەردەوام هاندەرو پشت و پەنام بوون و ناتوانم چاکەی ئەوان هەرگیز لە یاد بکەم.
- هاوسەرە ئازیزەکەم(م.شەمیان)و منداڵە خۆشەویستەکانم(بیارو باری)، کە وەك قەڵایەك لە پشتمەوە راوەستان و تاسەر پشتیوانم بوون بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە و بەشێکی زۆری کاتەکانی خۆیان پێبەخشیم.
- ئەو مامۆستایانەی، کە لە کۆرسی خوێندنی دکتۆراکەمدا وانەیان پێ ووتم بەرێزان:(پ.د.خەلیل عەلی مراد، پ.ی.د. یاسین سەردەشتی، پ.ی.د.دلێر ئیسماعیل شاوەیس، پ.ی. د.ئیسماعیل حەساف). هەروەها بەڕێز (پ.د.ئیبراهیم خلیل عەلاف)، سەرۆکی(نێوەندی لێکۆڵینەوەی هەرێمیی تورکیا) لە زانکۆی موسڵ ، کە بە پلانی لێکۆڵینەوەکەدا چۆوە.
- سەرۆکایەتی بەشی مێژوو، هەروەها هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی تر، کە لە ماوەی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆراکەماندا ماندوومان کردوون.
- هاوڕێی بەڕێزو خۆشەویستم (م.بەرزانی مەلا تەها)، کە بە درێژایی نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە ماندووم کردو سوودبەخش بووم لە سەرنج و تێبینی و هاوکارییەکانی.
- مامۆستایانی بەڕێز(سدیق ساڵەح و ڕەفیق ساڵەح)، کە کتێبخانەو ئەرشیفی بەڵگەنامەکانی بنکەی(ژین)یان خستە بەردەستم.
- هەموو ئەم هاوڕێ و دۆستە بەڕێزانەی تر، کە هەریەکەو بە شێوەیەك کۆمەکییان کردم:(م.ماجد خەلیل، م.شەریف عەلی هەژاریی، سەردار ستار، د. فایەق گوڵپی، م.ئومێد حەمە باقی، خاتوو شنۆ هیرانی، هێژا دڵشاد، پێشرەو محەمەد، د.هێرش عەبدوڵا، مامەند رۆژە، فاضل ئەحمەد، حەسەن حسێن، مەشخەڵ کەولۆسی، م.عەلی ئەحمەدی، د.هەڵەت رەشید کاکەبرا، د.سوزان کەریم مستەفا، د.زریان حاجی، حەسەن جودی، م.بێستون عەبدولکەریم، دابان).
- کارمەندانی کتێبخانەکانی (کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، دەزگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی، گشتیی سلێمانی، نێوەندی لێکۆڵینەوەی هەرێمیی تورکیا لە زانکۆی موسڵ، گشتیی سەیدصادق).

# لیستی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ی.ن.ک، یەکێتی | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| پ.د.ک، پارتی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| PKK | پارتی کرێکارانی کوردستان |
| حدکا | حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران |
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| چ | چاپ |
| و | وەرگێڕان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| ب.ش | بێ شوێنی چاپ |
| ل | لاپەڕە |
| ژ | ژمارە |
| ت | ترجمة |
| ط | طبعة |
| ج | جزء |
| ص | صفحة |
| مجل | مجلد |
| مج | مجلة |
| هـ.س | هەمان سەرچاوە |
| مط | مطبعة |
| ر | رۆژنامە |
| م.س | مصدر سابق |
| گ | گۆڤار |
| | |
| | |
| | |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 1 | **پێشەکی( چوارچێوەی نووسینو شیکردنەوەی سەرچاوەکان )** |
| 12 | **دەروازە** |
| 13 | **پەرەسەندنی رەوتی چەپ لە تورکیاو دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان** |
| 29 | **بەشی یەکەم ( پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی نێوخۆیی‌و دەرەوەی تورکیادا)** |
| 30 | **باسی یەکەم- خەباتی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان‌و کاریگەری لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا** |
| 30 | تەوەری یەکەم- هۆکاری راگەیاندنی خەباتی چەکداریی لای پارتی کرێکارانی کوردستان |
| 41 | تەوەری دووەم- شێوازو قۆناغو ئامانجەکانی راگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK |
| 42 | تەوەری سێیەم- بایەخو دەرئەنجامەکانی خەباتی چەکداریی PKK |
| 46 | **باسی دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی نێوخۆیی تورکیادا** |
| 46 | تەوەری یەکەم- سیاسەتی ئاسایشیی‌و سەربازیی |
| 55 | تەوەری دووەم- سیاسەتی دیموگرافیی‌و کۆمەڵایەتی |
| 60 | تەوەری سێیەم- سیاسەتی ئابوریی |
| 64 | تەوەری چوارەم- کرانەوەی سیاسیی |
| 70 | **باسی سێیەم- بایەخی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا** |
| 70 | تەوەری یەکەم- پێناسەو بنەماو رەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا |
| 74 | تەوەری دووەم- ئامانج‌و تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا |
| 77 | تەوەری سێیەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا |
| 79 | **بەشی دووەم ( پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیا - سوریادا)** |
| 80 | **باسی یەکەم- فاکتەرە کارتێکەرەکان لە پێوەندییەکانی تورکیا- سوریاداو مەسەلەی PKK** |
| 81 | تەوەری یەکەم- فاکتەری ئابووریی‌و کاریگەری PKK |

| | |
|---|---|
| تەوەری دووەم- قەیرانی ئاویی نێوان تورکیا و سوریا و مەسەلەی PKK | 84 |
| تەوەری سێیەم- تێڕوانینی تورکیا و سوریا لە حاست قەیرانی ئاوییدا | 89 |
| تەوەری چوارەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە قەیرانی ئاویی تورکیا و سوریادا | 94 |
| **باسی دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK ) لە پێوەندییەکانی تورکیاو سوریادا** | 98 |
| تەوەری یەکەم- هۆکارەکانی مامەڵەکردنی سوریا لەگەڵ PKK دا | 100 |
| تەوەری دووەم- هەڵوێست و ئاستەکانی مامەڵەکردنی سوریا بەرامبەر بە PKK | 101 |
| تەوەری سێیەم- PKK لە ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆڵەکانی نێوان تورکیا و سوریادا | 104 |
| **بەشی سێیەم ( پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا)** | 112 |
| **باسی یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق و فاکتەرە کارتێکەرەکانی** | 113 |
| تەوەری یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق | 113 |
| تەوەری دووەم- کاریگەری فاکتەری ئابووریی و کێشەی ئاو لە پێوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا | 119 |
| تەوەری سێیەم- کێشەی ئاو لە پێوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا | 124 |
| **باسی دووەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق** | 130 |
| تەوەری یەکەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر ئاسایشی سنوورو پێوەندیی سیاسیی | 130 |
| تەوەری دووەم- کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق | 137 |
| تەوەری سێیەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر کێشەی ئاویی نێوان تورکیا و عێراق | 139 |
| **باسی سێیەم- کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان** | 141 |
| تەوەری یەکەم- سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان | 141 |
| تەوەری دووەم- پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە دژایەتییەوە بەرەو هاوکاریی | 146 |
| **باسی چوارەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی میانگیریی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان** | 159 |

| | |
|---|---|
| 159 | تەوەری یەکەم- هۆکارەکانی پێڕەوکردنی سیاسەتی میانگیریی تورکیا |
| 162 | تەوەری دووەم- تورکیا و مەسەلەی PKK لە ڕێکەوتننامەکانی نێوان یەکێتی و پارتیدا |
| 172 | **بەشی چوارەم ( پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا)** |
| 173 | **باسی یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران و فاکتەرە کارتێکەرەکانی** |
| 173 | تەوەری یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران |
| 180 | تەوەری دووەم- کاریگەری فاکتەری ئایدۆلۆژیا و ئابووریی لە پێوەندییەکانی تورکیا و ئێراندا |
| 189 | **باسی دووەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران** |
| 189 | تەوەری یەکەم- هۆکارەکانی کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران |
| 201 | تەوەری دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕێکەوتننامەکانی نێوان تورکیا و ئێراندا |
| 208 | **ئەنجامگیریی** |
| 211 | **لیستی سەرچاوەکان** |
| 238 | **پاشکۆی هێڵکاریی و خشتەکان** |
| 239 | **پێڕستی هێڵکاریی و خشتەکان** |
| 255 | **پاشکۆی بەڵگەنامەکان** |
| 256 | **پێڕستی بەڵگەنامەکان** |
| 295 | **الملخص** |
| 297 | **Abstract** |
| | |
| | |
| | |
| | |

# پێشەکی

## ( چوارچێوەی نوسین و شیکردنەوەی سەرچاوەکان )

مەبەست لە نێونیشانی کۆڵینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەری PKK لەسەر بوارەکانی سیاسیی و ئاسایشی نەتەوەیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی تورکیا، لە چوارچێوەی پێوەندییە هەرێمییەکان و بە دیاریکراوی پێوەندی لەگەڵ سوریا و عێراق و ئێران لە نێوان ساڵانی (1980– 1999 )داو لە نێویشیدا پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (1991– 1999)دا، لەبەرئەوەی پێوەندیی هەرێمیی تورکیا فراوانترەو وڵاتانی لوبنان و روسیا و یۆنانیش دەگرێتەوە، بۆیە لێرەدا باسمان نەکردووەو کۆڵینەوەکەمان زێتر تایبەت کردووە بە پێوەندییەکانی تورکیا و ئەو وڵاتانە.

## بایەخی کۆڵینەوەکە

کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا، کە چوارچێوەی نامە ئەکادیمییەکەی ئێمەیە لە توێژینەوەی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا بایەخی زانستی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی یەکەمین جارە لەو قۆناغەدا باکووری کورستان رێکخراو و پارتێکی سیاسیی بەو شێوەیە لە خۆبگرێت، کە لە تەنیشت خەباتی سیاسیدا، بایەخ بە خەباتی چەکداریش بدات و کاریگەری گەورە لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا هەبێت، بەشێوەیەك لە دوای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە شۆڕشی چەکداریی دژ بە دەسەڵاتدارانی تورکیا رابگەیەنێت و ئەو وڵاتە ناچار بکات پەنا بۆ وڵاتانی هەرێمیی و دراوسێی ببات بە مەبەستی تەوقدانی مەترسییەکانی ئەو پارتە، چونکە PKK کاریگەری گەورەی کرد بووە سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، وەکچۆن تورکیاش مەترسی گەورە بوو لەسەر باکووری کوردستان و دانیشتووانەکەی.

## ئامانج و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی کۆڵینەوەکە

ئامانج و هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی کۆڵینەوەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاوەکو ئێستا لە رووی زانستییەوە بەشێوەی تایبەت کۆڵینەوە لە بارەی کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا نەکراوە و چەمکی پێوەندیی هەرێمیی تورکیا و کاریگەری لەسەر کێشەی کورد و جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە باکووری کوردستان زانستییانە شینەکراوەتەوە. بۆیە دیاریکردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە رۆشنایی بخرێتە سەر ئەو رووداوانەی، کە لەو قۆناغە مێژووییەدا روویانداوە و بە تەمو مژاوی و نادیاری ماونەتەوە. لەم کۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە زانستییانە مەوداو ئاستەکانی کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا بە وڵاتانی سوریا و عێراق و ئێران و هەرێمی

کوردستانەوە بخرێتەڕوو. لە هەمان کاتدا سیاسەتو شێوازو میکانیزمەکانی تورکیا لەگەڵ پرسی کوردو PKK لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییە هەرێمییەکانیدا شیبکرێتەوە.

هەروەها دەستنیشانکردنی چوارچێوەی مێژوویی (1980- 1999) وەك لایەنێکی دیکەی کۆڵینەوەکە بایەخی خۆی هەیەو پێوەندی بەوەوە هەیە، کە لە (12ی ئەیلوولی 1980)دا لەلایەن ژمارەیەك پلەداری سەربازییەوە بە سەرکردایەتی سوپا سالار (کەنعان ئێڤرن) سێیەمین کودەتا لە مێژووی تورکیادا ئەنجامدرا، کە یەکێك لە هۆکارو پاساوە سەرەکییەکانی ئەو کودەتایە پشکوتنو هەڵکشانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد بوو بە رابەرایەتی PKK و دروستکردنی مەترسیی بوو لەسەر دۆخی نێوخۆییو پێوەندی هەرێمی تورکیا، جگە لەوەی لە کۆتایی حەفتاکاندا خودی ئۆجەلانو چەند هاوەڵێکی تورکیایان بەرەو سوریا جێهێشتو بەدیاریکراویش لە ساڵی 1980 دا بە بڕیاری سەرکردایەتی PKK سەرکردەو ئەندامانی دیکەی ئەو پارتە هەموویان چوونە سوریا.

رۆیشتنی PKK لە ساڵی 1980 بۆ سوریاو لەوێشەوە جێگیربوونیان لە دەشتی (بیقاع)ی لوبنان، کێشەی کوردی لەگەڵ خۆیدا بردە نێو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوەو بە کێشەکانی فەلەستینو ئیسرائیلو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلانی نێوچەکەوە گرێدرا. هەروەك ئەرکی تورکیاشی لە ئاست تەوقدانی کاریگەری ئەو پارتە قورستر کرد، چونکە لەو دیرۆکەوە تورکیا ناچار بوو پەنا بباتە بەر وڵاتانی هەرێمیی بۆ روبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە. لەولاشەوە کارتێکی گوشاری کاریگەر کەوتە دەست سوریا، کە توانی لە ململانێکانی لەگەڵ تورکیادا بەکاری بهێنێت. بۆیە بە درێژایی ئەو ماوە مێژووییە PKK یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان بوو لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیاداو ئەو وڵاتەش هەموو جۆرە رێو شوێنێکی گرتۆتە بەر بۆ تەوقدانی مەترسیی ئەو پارتە. شایانی باسە لە رووی زانستیشەوە پێوەندییە هەرێمییەکان بەشێکی بنەڕەتیو سەرەکین لە نێو سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتانداو مەبەست لێی رەفتاری سیاسیی یەکەیەك یان زێترە، کە گوزارشت لە ئامانجو بەرژەوەندی دیاریکراو لە چوارچێوەی یەکەکانی تر لە هەرێمێکی دیاریکراودا دەکات.

سەبارەت بە چوارچێوەی کۆتایی ماوەی کۆڵینەوەکە، پێوەستکراوە بە دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلانی رێبەری PKK ەوە، چونکە بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، هەم خەباتی سیاسییو گەریلایی ئەو پارتە پێی نایە قۆناغێکی جیاوازترەوە، کە ناکۆکی نێوخۆیی سەریهەڵداو پاش ماوەیەکیش پارتەکە پێداچوونەوەی بۆ کاری سیاسییو

گەریلایی کردەوە. هەم پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیاش چووە قۆناغێکی تری نوێوە، کە جیاوازتر بوو لە قۆناغی پێشوو، چونکە گەورەترین وڵاتی پشتیوانیی ئەو پارتە، کە سوریا بوو وازی لە هاوکاریکردنی هێنا و ئۆجەلانی لە وڵاتەکەی دەرکرد و بەو هۆیەوە رێبەری پارتەکەش دەستگیرکرا. هەروەها بۆئەوەش تێکەڵاوی لە نێوان رووداوەکانی ئەو قۆناغەو قۆناغی دواتردا دروست نەبێت، بۆیە بەو رووداوە کۆتایی بە چوارچێوەی مێژوویی کۆڵینەوەکە هاتووە.

## میتۆدی کۆڵینەوەکە

لەم کۆڵینەوەدا میتۆدی کۆڵینەوەی مێژوویی پێڕەو کراوە، کە تێیدا بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکان و رووداوەکان، شیکردنەوەی بابەتی کراوە، بەجۆرێك سەرەتا ئاماژە بە رووداوە مێژووییەکان کراوەو دواتر زانستییانە تەتەڵە کراوەو پێوەستکراوە بە کات و شوێنی خۆیانەوەو لێکدانەوەیان بۆ کراوەو روونکراونەتەوە، لە کوێشدا پێویست بوو بێت پشت بە بەڵگەنامەو هێڵکاریی و خشتە بەشێوەی زانستی بەستراوە بۆ زێتر بەرچاو روونی و پاڵپشتی ساغکردنەوەی راستی رووداوە مێژووییەکان.

## نێوەڕۆکی کۆڵینەوەکە

کۆڵینەوەکە لە دەروازەو پێشەکی و چوار بەش و ئەنجامگیریی پێکهاتووە. سەرەتا دەروازەی کۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ گەشەکردنی رەوتی چەپ لە تورکیا لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا و چۆنێتی پشکوتنی گروپی ئاپۆچییەکان بە رێبەرایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان لە ساڵی 1973 لە نێو رەوتی چەپڕۆی تورکییدا، کە دواتر خۆیان لە چوارچێوەی PKK دا مانیفێستکرد. هەروەك تیشك خراوەتە سەر ئایدۆلۆژیای چەپ و هزری شۆڕشگێڕیی لای PKK. بەشی یەکەمی کۆڵینەوەکە لە کاریگەری PKK لە رووی سیاسیی و چەکدارییەوە لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی تورکیا دەکۆڵێتەوەو بۆ سێ باس دابەشکراوە. باسی یەکەم تایبەتە بە پەنابردنی PKK بۆ خەباتی چەکداریی و تێیدا هۆکارو ئامانج و دەرئەنجام و کاریگەری ئەو خەباتە چەکدارییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا روونکراوەتەوە. هەر لەم باسەدا هۆکاری پێڕەوکردنی توندوتیژیی چەکدارانە لەلایەن PKK شیکراوەتەوە. باسی دووەمی ئەم بەشە خستنەڕووی سیاسەتی نێوخۆیی حکومەتی تورکیایە بەرامبەر بە PKK لەماوەی نێوان ساڵانی (1980-1999)دا و بە دیاریکراویش سیاسەتی سەربازیی و ئاسایشیی، لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتیی و دیموگرافیی و ئابووریی و دواتریش کرانەوەی سیاسیی، کە تێیدا بە وردی زانیاریی و داتا و شێوازو جۆرەکانی پێڕەوکرنی ئەو سیاسەتانە دژ بە PKK و نەتەوەی

کورد روونکراونەتەوە. کۆتا باسی بەشی یەکەم تایبەتە بە PKK لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، کە تێیدا پێناسەو رەهەندو ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا شیکراوەتەوە، لە نێویشیدا کاریگەری PKK لەو سیاسەتەدا خراوەتەڕوو، کە چۆن تورکیا بۆ تەوقدانی مەترسیی ئەو پارتە پێڕەوی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە چوارچێوەی پێوەندیی و سیاسەتە هەرێمییەکانی کردووە.

بەشی دووەمی کۆڵینەوەکە بریتییە لە کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و سوریا و بۆ دوو باس دابەشکراوە. لە باسی یەکەمدا پێوەندییەکانی تورکیا و سوریا لە رووی ئابووریی و بازرگانیی خراوەتەڕوو، هەروەها ئاماژەش بە فاکتەرە کارتێکەرەکانی نێو ئەو پێوەندییانە کراوە، وەك هۆکارێك بۆ نزیکبوونەوەو بەریەککەوتنی نێوانیان. لە نێویشیدا PKK فاکتەرێکی کاریگەر بوو لەسەر داکشانی پرۆسەی بازرگانیی و ئابوریی نێوانیان، بەتایبەت لە نێوان سالانی (1984– 1987 )، بەهۆی راگەیاندنی خەباتی چەکدارییەوە. هەر لەم باسەدا کێشەی ئاویی نێوان تورکیا و سوریا باسکراوەو تێیدا ئاماژە بە ئامانجگرتنی PKK لە سیاسەتی ئاویی تورکیا بەرامبەر بە سوریا کراوە، بەتایبەت لە پرۆتۆکۆل و رێکەوتننامەکانی تایبەت بە کێشەی ئاو و ئاسایشی سنووری نێوانیان، وەك دەرهاویشتەی کاریگەری ئەو پارتە. باسی دووەمی ئەم بەشە لە بارەی کاریگەری PKK لە پێوەندییەکانی تورکیا و سوریا دەدوێت. سەرەتا هۆکارەکانی پێوەندیی سوریا لەگەڵ PKK دا باسی لێوە کراوەو ئاستەکانی مامەڵەکردنی ئەو وڵاتەش لەگەڵ پارتی نێوبراو دیاریکراوە، سەرەڕای باسکردنی هەموو ئەو رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە سیاسیی و ئاسایشیی و ئاوییانەی، کە لە نێوان تورکیا و سوریادا ئیمزا کراون و تێیاندا پانتاییەکی گەورە بۆ روبەڕووبوونەوەو گوشار خستنە سەر PKK تەرخانکراوە، بەدیاریکراویش دەرهاویشتەو وردەکاریی دوایین رێکەوتننامە لەسەر PKK روونکراوەتەوە، کە رێکەوتننامەی (ئەدەنە– 1998)یە.

بەشی سێیەمی کۆڵینەوەکە بریتییە لە کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق و بۆ چوار باس دابەشکراوە. لە باسی یەکەمدا سروشتیی پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق و فاکتەرە کارتێکەرەکانی خراوەتەڕوو، تێیدا کاریگەری فاکتەری ئابووریی و کێشەی ئاو ئاماژەی پێدراوە، بە دیاریکراوی لە رێگەی پرۆژەی(GAP)ەوە، وەك پرۆژەیەکی ئابووریی و سیاسیی. باسی دووەمی ئەم بەشە گرنگیدانە بە کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق لە رووی ئاسایشی سنوور و پێوەندییە بازرگانیی و ئابوورییەکان و کێشەی ئاویی، تێیدا شیکردنەوەی زانستی کراوە دەربارەی ئەوەی بۆچی

کاریگەرییەکە زۆر نەبووەو ڕەنگی نەداوەتەوە؟ هاوکات باس لە گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاش کراوە لە کاتی جەنگی دووەمی کەنداودا بەرامبەر بە عێراق و پێوەندی بە مەسەلەی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. جگە لەوەی هەر لەم باسەدا تیشک خراوەتە سەر هێندێك پێوەندیی نێوان عێراق و PKK.

باسی سێیەم پێوەستە بە کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە (1991- 1999). هەروەها باس لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەو ڕووداوو پێشهاتانەی باشووری کوردستان کراوە، دواتر ئەو هۆکارانە دەست نیشانکراون، کە تورکیایان ناچارکرد مامەڵە لەگەڵ ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی باشووری کوردستاندا بکات. کۆتا باسی ئەم بەشە شیکردنەوە بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتی میانگیریی تورکیا بەرامبەر باشووری کوردستان کراوە، دوای هەڵایسانی شەڕی نێوخۆ لە ساڵی 1994 لە نێوان یەکێتی و پارتیدا. هەروەها باس لە سەرجەم ئەو ڕێکەوتننامانەی نێوان یەکێتی و پارتی کراوە، وەك ڕێکەوتننامەکانی (سلۆپی، پاریس، درۆگیدا لە دبلن، ڕاگەیەنراوی ئەنقەرە بۆ ئاشتی، واشینتۆن).

کۆتا بەشی ئەم کۆڵینەوەیە، کە بەشی چوارەمە ڕاڤەو شیکارییە بۆ کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران و بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە. هەرچی باسی یەکەمە دەربارەی سروشتی پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران و فاکتەرە کارتێکەرەکانی وەك ئایدۆلۆژیا و ئابووریی و بازرگانیی دەدوێت. بەتایبەت پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لە بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 و مەسەلەی کاریگەری ئاودیوکردنی بنەماکانی شۆڕش. هەروەها باس لە ئەنجامدانی چالاکی گەریلایی لە دژی بۆری نەوت لە نێو خاکی تورکیادا لەلایەن PKK ەوە هێندێك کات کراوە لە سنوورێکی دیاریکراوی بچووکدا. کۆتا باسی ئەم بەشە بریتییە لە خستەنەڕووی کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا، ئێران و تێیدا سەرەتا ئاماژە بە هۆکارەکانی ئەو کاریگەرییە کراوە، لەگەڵ باسکردن لە کەمینەی نەتەوەیی و ئیتنی و هێزی بەرهەڵستکاری یەکتر، کە هۆکارێکی تری کاریگەر بوو ی لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران، جگە لەوەی ئاماژە کراوە بە هاتنەپێشەوەی ڕووداوی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت و هاتنەئارای وڵاتانی وەکو (تورکمانستان و قیرغزستان و ئازەربایجان)، وەك هۆکارێکی تری کاریگەر لە پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا. لە کۆتایی ئەم باسەدا هەموو ئەو ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە ئاسایشی و سیاسیی و بازرگانیانەی نێوان تورکیا و ئێران شیکراوەتەوەو تێیاندا بە ئامانج گرتنی PKK ش دەستنیشان کراوە.

لە كۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، كە لە رووی ماوەی مێژووییەوە چوارچێوەی كۆڵینەوەكە فراوانە، كە نزیكەی (20) بیست ساڵێك دەگرێتەوە، جگە لەوەی ناونیشانی كۆڵینەوەكەش پانتایی زۆر لە خۆدەگرێت بۆ شیكردنەوەی كاریگەرییەكانی PKK لەسەر پێوەندییە هەرێمییەكانی توركیا. وێڕای ئەوەی كێشەی زمان تارادەیەكی زۆر گرفتێكی دیكەی بەردەم ئەم كۆڵینەوەیە بوو، لەگەڵ كەمی سەرچاوەی ئەكادیمی پێویستو تایبەتمەندی بواری كۆڵینەوەكەو داخراوی سیسیتێمی سیاسیی ئەو وڵاتانە بۆ سوود وەرگرتن لە ئەرشیفو بەڵگەنامەكانیان. بەڵام لەلایەن كۆڵەرەوە هەوڵی تەواو دراوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەداو توانراوە تاڕادەی پێویست چارەسەری بەشێكی زۆر لەو گرفتو لەمپەرانە بكرێت.

## شیكردنەوەی سەرچاوەكان

ئەم كۆڵینەوەیە پشتی بەستووە بە چەند سەرچاوەیەكی مێژوویی بابەتیو بە زمانی جیاواز نوسراو، كە دەتوانین بەم شێوەیەی لای خوارەوە شییان بكەینەوە:

1. **بەڵگەنامەكان:**

بەڵگەنامە بایەخو گرنگی زانستی خۆی هەیە لە كۆڵینەوەی زانستیدا بەگشتییو بەتایبەتیش لە كۆڵینەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كورد لە باكووری كوردستانو PKK دا، چونكە لەو بەڵگەنامانەدا راستەوخۆ باس لەو پارتە كراوەو ئاماژەش بە سیاسەتو مامەڵەی حكومەتی توركیا بەرامبەر كێشەی كورد لە باكووری كوردستان كراوە. هێندێك لەو بەڵگەنامانە بریتین لە بەڵگەنامەكانی كونسوڵخانەی بەریتانیا لە توركیا لە سەروبەندی ئەنجامدانی كودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)، كە ئاراستەی حكومەتی بەریتانیاو پەرلەمانی ئەوروپا كراون. بایەخو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، چونكە بۆ یەكەمجارە بڵاودەكرێنەوەو زانیاری گرنگیان تێدایە.

2. **بەیاننامەو ئەدەبیاتی PKK:**

مەبەست لەو بەیاننامەو نوسراوە رێكخراوەییو حزبیانەیە، كە لە رووداوو بۆنەكاندا نوسراونو تێیاندا هەڵوێستی فەرمی پارتەكە لەسەر ئەو رووداوو بۆنانە خراوەتەڕوو، وەك كودەتای(12ی ئەیلوولی 1980و شۆڕشی گەلانی ئێران لە 1979و یەكی ئایارو...،تاد). جگە لەوەی هێندێكی تر لەو بەڵگەنامانە بریتین لە پرینسیپە گشتییە هزرییەكانی PKK و تێیاندا هێڵە هزرییو ئایدۆلۆژییەكانی ئەو پارتەو ئامانجو دیدگەو روانینیان بۆ جیهانو

نێوچـەکەو کێشــەی کـورد لــە بـاکووری کوردســتان دەستنیشـانکراوە. بەشـێکی دیکـەی بەڵگەنامـەکان ئەوانـەن، کـە ڕێکەوتننامـەی PKK یـان تێدا بەرجەستە کراوە لەگەڵ لایـەن و هێــزی سیاســیی دیکــە، وەك ڕێکەوتننامــەی نێــوان PKK و یــەکێتی لــە ســاڵی 1988 و ڕێکەوتننامـەی بـاڵێکی ئـەو پارتـە بـە فەرمانـدەیی عوسمـان ئۆجـەلان و حکومـەتی هـەرێمی کوردستان لە ساڵی 1992. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە دەبێت بە چاوی وردبینـی زانستییەوە لـەم بەڵگەنامانـە بڕوانرێت، چونکە بەرهـەمی تێڕوانین و ئامانجی یـەك لایـەنن و ناکرێت وەك ڕاستی ڕەها تەماشا بکرێن. هێندێکیتر لەو سەرچاوانە بریتین لە ڕۆژنامەکانی(وڵات) و (وطن شمـس) و گۆڤـاری(کۆمین)، کـە دەکرێـت ئـەمانیش وەك سەرچـاوەی بنـەڕەتی کۆڵینەوەکـە تەماشا بکرێن، بەتایبەت بـە نیسبـەت زانیارییـەکانی بەشـی یەکەمـەوەو بـریتین لـە زمانحـاڵی PKK و بەسوود بوون.

3. **نامە کەسییەکان:**

هەروەها جۆرێکی تری بەڵگەنامـەکان لـە نامـە کەسییەکان پێکهاتوون و بۆ کەسـانی تـر نێردراون و پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بەش و بابەتـەکانی نێونیشـانی کۆڵینەوەکـەوە هەیـە، وەك نامـەکانی جـەلال تاڵـەبانی سکرتێری گشـتی یـەکێتی بۆ ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسیی حزبەکەی و بۆ ئیسماعیل جەمی وەزیری دەرەوەی تورکیا و هێندێك نامەی کەسی دیکە.

4. **سەرچاوە کوردییەکان:**

لـە کۆڵینەوەکـەدا ژمارەیـەکی بـاش سەرچـاوەی کـوردیی جۆراوجـۆر بـەکارهاتوون، کـە زانیـاریی گـەورەیان لـێ گوازراتـەوە بۆ نێـو کۆڵینەوەکـەو هێنـدێکیان ڕاستـەوخۆ باسـیان لـە ڕووداوەکانی  ئەو قۆناغە مێژووییە کردووەو دەتوانین هێندێکیان وەك سەرچـاوەی بنـەڕەتی کۆڵینەوەکـــە دابنـــێین، لەوانـــە: کتێبـــەکانی عەبـــدوڵا ئۆجـــەلانی ســـەرۆکی PKK بـــە نێونیشانی(کێشـەی کـورد و ڕێگەچـارەی نەتـەوەی دیموکراتیـك، عەشـقی کـورد، داسـتانی ژیانــەوە، هەڵبــژاردە)، لەگــەڵ کتێبــی (مێــژووی پــارتی کرێکــارانی کوردســتان)ی هــەڤاڵ جومعە(جـەمیل بایك) و (مێژوویێك لـە ئاگر)، کـە ڕاستـەوخۆ وەك شـاهێدێکی ئـەو ڕووداوانـە زانیارییـان تێدا خراوەتـەڕوو. هـەروەها هێنـدێك کەسـی بیـانی بەزمانـە جیاوازەکـان لەسـەر کێشـەی کـورد لـە بـاکووری کوردسـتان و PKK یـان نوسـیوەو کـراون بـە کـوردیی و بایـەخی تایبـەتی خۆیـان هەیـە، لەوانـە کتێبەکـەی (ئێرێـك .جـەی زوچـەر) بـە نێونیشـانی(مێژووی هاوچـەرخی تورکیـا) و کتێبەکـەی (کرسـتینا کۆیڤۆنـەن) بـە نێونیشـانی(جەنگی شـاراوە لـە باکووری کوردستان)، کە تێیاندا بارودۆخی سیاسیی و ئـابووریی و کۆمەڵایـەتیی و سـەردەمە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخی تورکیا ڕوونکراوەتەوەو لـە دووەمیشـدا بـە وردی بـاس لـە

سیاسەتەکانی تورکیا لە ئاست نەتەوەی کوردو PKK خراوەتەڕوو. سەرەڕای ئەوەی کتێبەکانی (سی و سێ گوللە)ی ئیسماعیل بێشکچی و (مێژووی تورکیای هاوچەرخ)ی حەمید بۆز ئەرسەلان و (سەرۆك و گەلی نەبیل)ی مولحیم و (بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟) ی جاناتان رەندڵ و (سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە باکووری عێراق)ی د.بیل پارك و (کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیی و پشکوتنی دیموکراسیی)ی، گەراس ئاڕ.ڤی.ستانسفیلد و (یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد)ی حەسرەتیان و ...تاد. هەموو ئەمانەو چەند کتێبێکی تری کوردیی جێگەی بایەخی بابەتی بوون لە کۆڵینەوەکەدا. جگە لە هێندێك گۆڤاری دیکەی وەك(دۆسێی تورکیا)، کە بەهۆی پێوەندارییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە بایەخدار بوون، ئەگەرچی زانیارییەکانیان زۆر قووڵ نەبوون. لەگەڵ هێندێك لە رۆژنامەکانی(کوردستانی نوێ)، کە زانیاری پێوەست بە رووداوەکانی تێدا بووە، بەهۆی بەشداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە رووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، کە رۆژنامەکە زمانحاڵی راگەیاندنی بووە.

5. **سەرچاوە عەرەبییەکان:**

دەتوانین بڵێین سەرچاوە عەرەبییەکان بناغەیەکی گەورەی کۆڵێنەوەکە پێکدەهێنن، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی ئۆجەلان بە زمانی عەرەبی بەکارهاتووە لەم کۆڵینەوەیەداو بریتین لە(الاصرار على الاشتراكية اصرار على بناء الانسان، التاريخ مخفى فى يومنا ونحن مخفيون فى بداية التاريخ، الدين والثقافة ومكانتهما فى تطور الانسانية فى الشرق الاوسط، مسيرة روما، قضية التحرر الوطنى الكردستانى وطريق الحل، مسالة الشخصية فى كوردستان، خصائص المناضل الثورى وحياة الحزب، خارطة الطريق، قضايا الدمقرطة فى تركيا، نماذج الحل فى كردستان)، کە زانیاری بە کەڵکیان لێوەرگیراوە. هەروەها هێندێك کتیبی تر، کە لە بنەڕەتدا کۆڵینەوەی زانستین و بەهۆی ئەوەی، کە بابەت و نێونیشانی کۆڵینەوەکەش بریتییە لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا و پانتاییەکی زۆریشی پێوەندیی بە سوریا و عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بۆیە کتێب و کۆڵینەوەی تایبەت و پێوەندیدار نوسراوە لەلایەن کۆڵەرانی عەرەب و بیانییەوە، بەجۆرێك کتێبەکانی(د,عقيل سعيد محفوض) بە نێونیشانی(السياسة الخارجية التركية، سورية وتركيا الواقع الراهن واحتمالات المستقبل، جدليات المجتمع والدولة فى تركيا، المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية)، پڕن لە زانیاری ئەکادیمی و خشتە و هێڵکاریی و بە میتۆدێکی زانستیانەش نوسراون. لەگەڵ کتێبەکانی(احمد داود اوغلو و د.احمد نورى النعيمى و د.ابراهيم الداقوقى و جلال عبدالله

معوض‌و د.سليمان عبدالله اسماعيل‌و د.سيار الجميل‌و اندرو فنكل ونوكهت سيرمان‌و بيار مصطفى سيف الدين‌و جراهام فولرو د.جرجيس حسن‌و د.عبدالعزيز شحادة المنصورو عماد الضميري‌و د.محمد السيد سليم‌و د.محمد نورالدين). كتێبی ئەم نوسەرانەو ئەوانی دیکەش، کە ناویان لێرەدا نەهاتووە، بایەخ‌و گرنگی خۆی هەیە، بەجۆرێك هەریەکەو لە لایەنێکی بابەتی کۆڵینەوەکە دواون، بەشێکیان دەربارەی مێژووی PKK‌و هێندێکیان لەمەڕ پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیاو ژمارەیەکیشیان تایبەتن بە پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریاو عێراق‌و ئێران، وێڕای ئەوەی لە بەشی هەرە زۆریاندا کێشەی ئاویی نێوان تورکیاو سوریاو عێراق شیکراونەتەوەو بۆ کۆڵینەوەکە بەکەڵك بوون. هەر لە ریزی سەرچاوە عەرەبییەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو گۆڤاری(دراسات اقليمية) بەکارهاتووە، کە گۆڤارێکی تایبەتی بواری کۆڵینەوەی پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیایەو لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی هەرێمیی تورکیا لە زانکۆی موسڵ دەردەچێت. گرنگی بەکارهێنانی ئەم گۆڤارە لەوەدایە، کە بەشی هەرە زۆری ئەو کۆڵینەوانەی لەم گۆڤارەدا بڵاوکراونەتەوە کەسانی پسپۆڕو ئەکادیمی زانکۆکانی عێراق نوسیویانە بەشێوەیەکی زانستی‌و پڕن لە زانیاریی‌و لێکدانەوەی ئەکادیمی لە بواری کاروباری تورکیادا. سەرەڕای هێندێك گۆڤاری ئەکادیمیی تایبەتمەندی دیکە.

6. **سەرچاوە فارسییەکان:**

ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمتر بە بەراورد بە سەرچاوە کوردی‌و عەرەبییەکان، سەرچاوەی فارسی لەم کۆڵینەوەیەدا بەکارهاتووە، بەڵام دەتوانین وەك سەرچاوەی پڕ بایەخ‌و بنەڕەتی هەژماریان بکەین، چونکە راستەوخۆ زانیارییەکانیان پێوەست بوون بە بابەتی کۆڵینەوەکەوە، وەك بەشێك لە کتێبەکانی ئۆجەلان لەوانە:(رهبريت و سياست اپۆئيستی، اسلام‌و ميهن دوستی جامعه كردستان‌و طرح ترور من، سوسياليزم يگانه راه رهايی انسانيت، زبان وعمل انقلاب). هەروەها(برنامه واساسنامه كنگره دهم PKK)، کە ئەم کتێبانە وەك ئەدەبیاتی ئەو پارتە وابوون‌و زانیاریی بەسوودیان تێدا بووە، بەڵام کۆڵەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون‌و بەکاری هێناون. هەروەها کتێبەکەی د.جعفر حق پناه، بە نێونیشانی(كردها و سياست خارجی جمهوری اسلامی ايران)، کە جگە لەوەی بە زانیاریی زانستی پێوەست بە بابەتی کۆڵینەوەکەوە دەوڵەمەندە، هاوکات چوارچێوەی تیۆری گرنگیشی تێدایە سەبارەت بە کاریگەری کەمینەی نەتەوەیی‌و هزری نەتەوایەتی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەگەڵ شیکردنەوەی رەهەند‌و ئامانج‌و فاکتەرە کاریگەرەکان لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کە تێیدا ئاماژەی بۆ PKK

وەك یەكێك لە فاكتەرە كارتێكەرەكانی ئەو سیاسەتە كردووە. دوایین كتێبی بەنرخی نێو سەرچاوە فارسییەكان بریتییە لە كتێبەكەی(م.هاكان یاون) بە نێونیشانی(سكیولاریسم و دموكراسی اسلامی در تركیە)، كە تێیدا جگە لەوەی چوارچێوەی تیۆریی بۆ هزرو ئایدۆلۆژی ئیسلامیی و چەمكەكانی سێكیۆلاریزم بەرجەستە كردووە، هاوكات باسی لە رەوت و رێكخراوە ئیسلامییەكانی نێو توركیاش كردووە، ئەگەرچی زێتر لە بارەی پارتی دادو گەشەپێدانی توركیاوە دەدوێت، بەڵام زانیاریی زانستیی دەربارەی حزبوڵای توركیی خستۆتەڕوو، كە لە ساڵانی هەشتاكان و دواتریشدا لەلایەن دامو دەزگەكانی حكومەتی توركیاوە دژ بە PKK لە چوارچێوەی سیاسەتەكانی ئەو وڵاتە بەكارهاتوون.

7. **سەرچاوە ئینگلیزییەكان:**

ژمارەیەك سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزیی لە كۆڵینەوەكەدا بەكارهاتوون، كە جێگەی بایەخی زانستی بوون، بەتایبەت كتێبەكەی(Aliza Marcus) بە نێونیشانی( Blood and Belief) یەكێك لەو سەرچاوانەیە، كە خودی نوسەرەكەی بە واقیعی چووەتە نێو PKK ئاگاداری بەشێكی ئەو رووداوانە بووە، كە لەو قۆناغەدا روویانداوەو تێیدا باس لە بارودۆخی نێوخۆیی ئەو پارتەو شێوازی پێوەندییەكانیان بە سوریا و ئێران و عێراقەوە دەخاتەڕوو، بۆیە بە یەكێك لە سەرچاوە ئینگلیزییە پڕ بایەخەكان دادەنرێت. هەروەها كتێبەكەی(CINK SARACOGLU ) بەنێونیشانی( KURDS OF MODERN TURKEY, Migration,Neoliberalism and Exclusion in Turkish Socity)و كتێبەكەی(KERIM YALDIZ) بەنێوی( THE KURDS IN TURKEY, EU ACCESSION AND HUMAN RIGHT)و كتێبەكەی(Robert Olson) بەنێونیشانی( The Kurdish Nationalist Movement in the 1990). هێندێك سەرچاوەی دیكە بایەخدار بوون بۆ كۆڵینەوەكە، چونكە تێیاندا باس لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی كورد لە توركیا بە پێشەنگێتی PKK كراوەو مامەڵەو رێ و شوێنی حكومەتی توركیاش بۆ روبەڕووبوونەوەی كێشەی كورد و PKK خراوەتەڕوو. گرنگی ئەم سەرچاوانە لەوەدایە، كە میتۆدێكی جیاوازتر لە بارەی كێشەی كورد لە توركیا و پێوەندییەكانی ئەو وڵاتە نوسیویانەو بیروڕای جیاوازیان تێدایە، كە یارمەتی كۆڵەر دەدەن باشترو لە جیاواز لە گۆشەنیگایەكەوە زانیاریی بۆ كۆڵینەوەكەی بگوازێتەوە.

8. **سەرچاوە توركییەكان:**

لەم كۆڵینەوەدا سوود لە سەرچاوە توركییەكان وەرگیراوە، بەتایبەت پێڕەو و پرۆگرامی PKK و كتێبە نایابەكەی سەلاحەدین چەلیك بە نێونیشانی( Selahattın Çelık: Ağrı dağını taşmak, Çağdaş Kürt halk direnişi, sİyasİ, askeri, ekonomık, ve

(toplumsal sonuçlari). چونکە نێوبراوخۆی یەکێك لە سەرکردەکانی PKK بووەو لە نزیکەوە ئاگاداری بە شێکی زۆری ئەو رووداوانە بووە، چ لە نێو پارتەکەیداو چ لە دەرەوەو پێوەندی بە وڵاتانی ترەوە، سەرەڕای ئەوەی شیکردنەوەیەکی وردی بۆ ئایدۆلۆژیاو خەباتی سیاسیی و چەکداریی PKK کردووەو یەکێك لەو سەرچاوە بنەڕەتییانەیە، کە لە کۆڵینەوەکەدا پشتی پێبەستراوە. سەرچاوەکەی دیکە بریتییە لە پێڕەوو پرۆگرامی PKK، کە تێیدا ئایدۆلۆژیاو هـزری سیاسیی ئەو پارتە خراوەتەڕوو، لەگەڵ قۆناغەکانی خەباتی سیاسیی و چەکداریی و سیاسەت و کاردانەوەی تورکیا لە ئاست جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لە باکووری کوردستان.

9. ئینتەرنێت:

تەنها ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانە لە ئینتەرنێتەوە وەك سەرچاوە لە کۆڵینەوەکەدا بەکارهاتوون، کە دەگمەن و پڕ بایەخ بوون، وەك لێکۆڵینەوەی(هنری ج.بارکی) بە نێونیشانی(ترکیا والعراق اخطار وامکانیات الجوار)، کە زانیاریی گرنگی تێدایە دەربارەی پێوەندییەکانی عێراق و تورکیا و مەسەلەی PKK. هەروەك بەشێکی تر بریتین لە وتارەکانی جەمیل بایك لەسەر مێژووی PKK، کە بە بایەخەوە زانیاریی تێدا خستونەتەڕوو.

10. چاوپێکەوتنەکان:

کۆتا سەرچاوە، کە سوودی لێوەرگیراوە، بریتییە لە هێندێك چاوپێکەوتنی کۆڵەر، گرنگترینیان بریتییە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەزا ئاڵتون)، ئەندامی سەرکردایەتی PKK و بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو پارتە لەگەڵ سوریا و عێراق و ئێراندا، ئەو زانیارییانەی لێیەوە بۆ کۆڵینەوەکە گوازرانەتەوە ئێجگار بایەخدار بوون، چونکە خۆی لەو قۆناغانەی ژیانی سیاسیی و پێوەندییەکانی PKK دا بووەو ئاگادار بووە، جگە لەوەی لای کۆڵەر بە ئاگاییەوە زانیارییەکان وەرگیراوە. هەروەك چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێك لە فەرماندە گەریلاییەکانی PKK کراوە بە نێوی(هەڤاڵ غەمگین)، کە شارەزایی هەبوو لە شەڕی گەریلاییداو توانراوە سوود لە هێندێك زانیاریی بۆ کۆڵینەوەکە وەربگیرێت. هەروەها چاوپێکەوتن کراوە لەگەڵ(محەمەد ئەمین پێنجوێنی)، کە جگە لەوەی کەسایەتییەکی سیاسیی بووەو هاوکات ئۆجەلانی بینیوە، بەتایبەت لەکاتی هاتنەئارای کرانەوەی سیاسیی و هەوڵی ئۆزال بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگەی وتووێژ، بۆیە هێندێك لە زانیارییەکانی بەسوود بوون بۆ کۆڵینەوەکە.

# دەروازە

## پەرەسەندنی رەوتی چەپ لە تورکیاو دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان

لە سالآنی شەستو حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا رەوتی چەپ لە تورکیا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەشێوەیەك لە ماوەیەکی کەمدا چەندین رێکخراوو پارتو یانەی سیاسییو روناکبیریو کۆمەلآیەتیی دامەزران و بەشدارییەکی چالاکانەیان لە ژیانی سیاسیی تورکیادا کرد.[1] هەلّکشانی رەوتی چەپ لەو قۆناغەدا گەیشتە ئاستێك، کە کارایی و مەترسی گەورەی لەسەر سیستێمی سیاسیی لە تورکیا دابنێت. پشکوتنی ئەم رەوتەش پێوەندیی بە چەند هۆکارو فاکتەرێکەوە هەبوو، لەوانە:

**یەکەم- دەستوری سالّی 1961 :**

ئەو رێژە ئازادییە سیاسییەی، کە دەستووری سالّی(1961) لە تورکیادا هێنایە ئاراوە، دەرفەتی لەبەردەم رەوتە چەپڕۆکانی ئەو ولآتەدا رەخساند، کە بتوانن بە فەرمیی لە چوارچێوەی پارتو رێکخراوو یانەی سیاسییو روناکبیریو کۆمەلآیەتیدا خۆیان رێك بخەن، چونکە دەستوورەکە رێگەی بە دامەزراندنو کارکردنی پارتو رێکخراوی سیاسیی لەسەر بنەمای بیری چەپگەرایی دابوو، لەگەلّ دەستەبەرکردنی مافی مانگرتنو خۆپیشاندانو دەربڕینی ناڕەزایی.[2] لێرەوە ئەو گروپانە کەوتنە ئەنجامدانی چالاکی مانگرتنو خۆپیشاندانو گرێدانی کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسیی، دیارترینیشیان کردنەوەی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی تورکیا(TIP) بوو، کە سەرجەم بزاڤە چەپە پێشکەوتووخوازو سۆسیالیستییەکانی تورکیای لەخۆگرتبوو، لەگەلّ دامەزراندنی یانەکانی بیری روناکبیریی.[3] سەبارەت بەم رێگەدانە دەستورییە، هێندێك بۆچوونیان وایە لەو قۆناغەدا حکومەت بۆ خۆی بە ئەنقەست رێگەی بە دامەزراندنو گەشەکردنی رەوتی چەپ دابوو، ئەویش بە مەبەست، لەلایەك بۆئەوەی دامو دەزگە حکومییەکان بتوانن دزە بکەنە نێویانەوەو گیروگرفتیان بۆ دروست بکەنو لەلایەکی دیکەشەوە شەڕو ئاژاوە بخەنە نێوانیانەوەو بە گژ یەکیاندا بدەن.[4]

---

[1] رضا هلال: السيف والهلال، تركيا من اتاتورك الى اربكان، الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام السياسي، ط1، دار الشروق، بيروت، 1999، ص121.

[2] ابراهيم خليل العلاف ود.خليل على مراد: ايران وتركيا، دراسة فى تاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، 1992، ص290، و ميخائيل.م. جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا، ت(سعاد محمد ابراهيم خضر)، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007، ص(37-38).

[3] ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ط2، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2008، ص(151،156).

[4] حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەلّ جەمیل بایك، چ1، 2008، لە بلآوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی(پ.چ.د.ك)، ل(92-93).

**دووەم- هۆکاری کۆمەڵایەتیی:**

**لەو قۆناغەدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی تورکی کاریگەری گەورەی لەسەر گەشەکردن و پشکوتنی رەوتی چەپ لە تورکیادا هەبوو، چونکە چینی کرێکارو زەحمەتکێش و هەژاران، رێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی تورکیایان پێکدەهێنا، بەڵام لە ڕووی ماف و خزمەتگوزارییەوە لە خوارەوەی کۆمەڵگەدا بوون و بارودۆخی بژێوی و گوزەرانیان خراپ بوو، سەرباری ئەوەی روبەڕووی مەینەتی زیاتر دەبوونەوە، بەهۆی نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و دواکەوتوویی و هەژاریی و بێکاریی و نەبوونی گرەنتی کۆمەڵایەتییەوە،[1] بۆنموونە لە نێوچەکانی باکووری کوردستان، زۆربەی خەڵکەکە نەخوێندەوار بوون و لە گوندەکاندا نە قوتابخانە نە مەڵبەندی تەندروستی تێدا نەبوو. تەنانەت ئاوی پاکیش بۆخواردنەوە دەست نەکەوتووە، جگە لەوەی رێژەی(80٪)ی کارەبایان بەکارنەهێناوە و نەیان بووە.[2]**

**هاوکات رێکخراوو پارتە چەپەکانی تورکیا بەتایبەتیش پارتی کرێکارانی تورکیا پێی وابوو دوای پرینسیپی(ترومان)[3] و پرۆژەکەی(مارشاڵ)[4]، تورکیا چووەتە نێو تۆڕی ئابووریی و سەربازیی سەرمایەدارییەوە و چینی بۆرژوا گەشەی کردووەو دەرگەی وڵاتیان بۆسەرمایەداریی واڵا کردووە.[5] سەرەڕای ئەوەی لە نێوخۆی تورکیاشدا جۆرێک لە**

---

(1) د.عماد احمد الجواهری: البنية الاجتماعية فی ترکيا، فی کتاب: د.ابراهيم خليل احمد واخرون: ترکيا المعاصرة، جامعة الموصل، 1987، ص152، و ر. يورك اوغلو: ترکيا حلقة ضعيفة فی سلسلة الامبريالية، ت(فاضل لقمان)، ط1، دار ابن رشد، بيروت، 1979، ص45.

(2) حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، و.(نەجاتی عەبدوڵلا)، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2009، ل106، وصلاح سعدالله: المسالة الکردية فی ترکيا، ط1، مط(شفيق)، بغداد، 1991، ص15.

(3) پرینسیپی(ترومان): بریتیی بوو لەو رێو شوێنەی ئەمریکا گرتیەبەر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەوقدان لە سەرەتای جەنگی ساردا دژی یەکێتی سۆڤیەت و ئامانج لێی روبەڕووبوونەوەی شڵەژانە نێوخۆییەکان بوو لە تورکیاو سەرەتای جەنگی نێوخۆیی لە یۆنان(1947)، بەو پێیەی نەخشەی سۆڤیەتە. ئەمە پاڵی بەترومانی سەرۆکی ئەمریکاوە نا داوا لە کۆنگرێس بکات رەزامەندی لەسەر هاوکاریکردنی یۆنان و تورکیا بەڕێژەی(400 ملیۆن)دۆلار دەربڕێت، بڕوانە جليل عمر علی: السياسة الخارجية الترکية حيال الشرق الاوسط، ط1، مرکز کوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2011، ص30.

(4) پرۆژەی مارشاڵ: ئەو پرۆژە ئابوورییە بوو، کە جەنراڵ جۆرج مارشاڵی سەرۆکی دەزگەی ئەرکانی سوپای ئەمریکاو وەزیری دەرەوە لە مانگی(1947/1)ەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپا دوای جەنگی دووەمی جیهانیی دایانناو لە بەردەم زانکۆی هارڤارد لە رۆژی(1947/6/5) جاڕدرا، ئەو دەزگەیەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا دایانمەزراند بوو بۆ سەرپەرشتیکردنی خەرجکردنی(13ملیار)دۆلاری ئەمریکیی و ناونرا(رێکخراوی هاریکاریی و ئابووریی ئەوروپیی). ئەو پارەیە کارئاسانی کرد لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەو بەگەڕخستنی ئابووریی و کارخانەکانی ئەوروپا. لەم نێوەندەدا تورکیا ساڵی(1949) بڕی(60 ملیۆن) دۆلاری پێگەیشت و تاساڵی(1951)گەیشتە(144 ملیۆن) دۆلارو دواجار گەیشتە(440 ملیۆن) دۆلار. سەرباری ئەوەی لە ڕووی سەربازیشەوە بەهێز کرا، بڕوانە د. ابراهيم خليل العلاف ود.خليل علی مراد: ايران وترکيا، ص314.

(5) ر. يورك اوغلو: ترکيا حلقة الضعيفة، ص32.

**هاوبەشیبوون لە نێوان دەوڵەت و بانك و كارگەكان و سەرمایەی دەرەكی[1] و ئەو كەسانەی، كە پێگەیەكی سەركردایەتیان لە سوپادا هەبوو، دروست بوو بوو، بەجۆرێك لەگەڵ سەرمایەی داراییدا یەكیان گرتبوو، لەو ماوەیەدا زۆر دامەزراوەو پرۆژە دەركەوتوون، كە رەگو ریشەیەكی سەربازییان هەبوو.[2] بۆیە ئەم بارودۆخانەو خراپی رەوشی كرێكاران و زەحمەتكێشان رۆڵیان هەبوو لە دروستبوونی هۆشیاریی و گەشەكردنی جوڵانەوەی سیاسیی كرێكاران و گرتنەبەری چالاكی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر.[3] جگە لە چینی كرێكاران، توێژی خوێندكاران و لاوان هۆكارێكی تری گەشەكردنی رەوتی چەپ بوون لە توركیادا، زانكۆو دامەزراوەكانی تری خوێندنی باڵا لەو وڵاتەدا نێوەندێكی گەرم بوون بۆ ململانێی هزریی و گرێدانی كۆڕو كۆبوونەوەو چالاكی سیاسیی بە مەبەستی دژایەتیكردنی سەرمایەداریی و كۆلۆنیالیزم.[4] ئەم گەشەكردنانەش لە ژێر كاریگەری بزوتنەوەی كرێكاران و خوێندكاران و لاوانی ساڵی 1968ی فەرەنساو ئەڵمانیاو ئەمریكادا بوون، كە خاوەنی هزرو ئایدۆلۆجیای چەپڕۆیی بوون.[5]**

**سێیەم- هۆكاری ئابووریی:**

**گیروگرفتە ئابوورییەكانی توركیا هۆكارێكی تری پەرەسەندنی رەوتی چەپ بوو، بەتایبەت لە ساڵانی حەفتاكاندا، وەك كێشەكانی هەڵاوسانی ئابووریی و بێكاریی و نزمی ئاستی داهاتی تاكەكەس.[6] جگە لە هەوڵی قۆرغكاریی دەوڵەت دەكرێت لە بواری ئابووریدا، بەجۆرێك دەوڵەت هەموو ئامرازەكانی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گرتۆتەبەر، وەك**

---

(1) مەبەست لە سەرمایەی دەرەكیی ئەمریكا بوو، چونكە لە ڕووی قەبارەی وەبەرهێنانەوە لە توركیا پلەی یەكەمی داگیركرد بوو، بەجۆرێك رێژەكەی گەیشتبووە(34٪)و دوای ئەویش سویسرا(18,6٪)و هۆڵەندا(18٪)و ئەڵمانیای خۆرئاوا(9,5٪)، بڕوانە مجموعة من المؤلفين السوفييت: تاريخ تركيا المعاصر، ت(هاشم التكريتى)، ط1، مؤسسة حمدى للطباعة، السليمانية، 2007، ص(434-435).

(2) ر. يورك اوغلو: تركيا حلقة الضعيفة، ص34.

(3) مجموعة المؤلفين السوفييت: تاريخ تركيا، ص472. بۆنموونە لە رۆژانی(15-16 ی حوزەیرانی 1970 زیاتر لە (100)هەزار كرێكار كاریان لە (135)كارگەی ئەستەمبوڵو نێوچەكانی دەوروبەری راگرتو پێكدادانانی خوێناوی لە نێوان پۆلیسو سوپا لەلایەكو كرێكاران لەلایەكیترەوە لێكەوتەوە، ئەم دیرۆكە بوو بە قۆناغێكی نوێ سەبارەت بە جوڵانەوەی كرێكاریی لە توركیادا.

(4) رضا هلال: السيف والهلال، ص121.

(5) د.ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ص162، و ميخائيل.م. جونتر: الاكراد ومستقبل، ص37.

(6) بەجۆرێك رێژەی هەڵاوسان لە نێوان(1961-1971) نزیكەی(7.4٪) بوو، لە كۆتایی ساڵی(1973)دا گەیشتە(19.9٪)، كە بووە چوارەم وڵات لە ئەوروپا دوای یۆنانو ئایسلەنداو پورتوگال. لە كۆتایی حەفتاكانیشدا رێژەی(100٪) تێپەڕاند، بڕوانە فيروز احمد: تدخل العسكريين والازمة فى تركيا، فى كتاب: نوبار هوفيسبيان واخرون: تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري، ط1، مؤسسة الابحاث، بيروت، ص(227-228)، و د.عبدالكريم كامل: الاقتصاد التركى، فى كتاب: د.ابراهيم خليل احمد واخرون: تركيا المعاصرة، ص119.

دابەشکردن‌و گرێبەست‌و ڕێکەوتننامەکانی کڕین‌و فرۆشتن.[1] لەمەش بترازێت ئابووریی تورکیا لە ژێر هەژموونی سەرمایەی دەرەکیی‌و بەتایبەتیش ئەمریکیدا بووە، لە ژێر ناونیشانی هاوکاری سەربازیی‌و ئابووریی‌و هونەریی ڕۆژئاوا بۆ تورکیا.[2] لەم نێوەندەدا نێوچە کوردنشینەکان پشکی گەورەیان لە بواری دواکەوتنی ئابووریی‌و پشت گوێخستن لەلایەن حکومەتەوە بەرکەوتبوو، چونکە ڕێژەی بێکاری لەوێدا(20٪) بوو، داهاتی تاکەکەسیش سێیەکی داهاتی هاوڵاتی تورکیی بووە لە ئەستەمبوڵ‌و ئەو ڕێژەیەی تێنەپەڕاندووە، سەرباری نەبوونی هیچ کارگەیەکی بچوکی میریی، پیشەسازیش بەم نێوچەیە نامۆ بووە‌و تێیدا نەبووە.[3] ئەوە جگە لە سەرهەڵدانی گرانیی‌و بێکاریی‌و قەرزی ئابووریی تورکیا، کە لەو ماوەیەدا بە (12 ملیار) دۆلار خەمڵێنراوە.[4]

**چوارەم- هۆکاری سیاسیی:**

ئەو قۆناغەی تورکیای پێدا تێدەپەڕی، قۆناغێك بوو زۆربەی وڵاتانی جیهان بەگشتیی لە بەردەم ململانێ‌و جەنگی ساردی نێوان بەرەی سەرمایەداریی بە پێشەنگێتی ئەمریکا‌و بەرەی سۆسیالیستی بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەتدا بوون، بۆیە ئەو بارودۆخە سیاسییە نەك تەنها تورکیا، بەڵکو کاریگەری لەسەر زۆربەی وڵاتان دروستکرد بوو. ئەوی پێوەندیی بە تورکیاوە هەبوو، چەندین ڕەوت‌و پارت‌و ڕێکخراوی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ڕووناکبیریی هەبوون، کە سۆڤیەتیان وەك سەرچاوەی ئیلهامبەخشی هزری سیاسیی خۆیان دەزانی‌و پشتگیرییان دەکرد، لەگەڵ پشتگیریکردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستە لە کوبا‌و ڤێتنام‌و...تاد. ئەم ململانێیەش لەسەر ئاستی نێوخۆیی تورکیا، ململانێی لە نێوان ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری چینی پرۆلیتاریا دەزانی لەگەڵ چینی بۆرژوای سەرمایەدارەکان هێنابووە گۆڕێ. بۆیە پاڵپشتیکردنی سۆڤیەت لە جوڵانەوەی چەپڕۆیی لە زۆربەی وڵاتان‌و لە تورکیاش هۆکارێکی تری پەرەسەندنی ڕەوتی چەپ بوو، چونکە بەشێکی زۆر لە جوڵانەوە‌و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلان، کە خاوەن هزری چەپڕۆیی بوون، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بوو، هێندێکیشیان بەردەوامبوون لە خەباتکردن.[5]

---

[1] صلاح سعدالله: المسالة الكردية فی تركيا، ص15، و ر. يورك اوغلو: تركيا، ص(34،42).

[2] بۆ زانینی ڕێژە‌و بڕی هاوکاری ئەمریکا بۆ تورکیا بڕوانە عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، ط1، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012، ص239.

[3] د.ابراهيم الداقوقی: اكراد تركيا، ص184.

[4] لقاء صحيفة(صوت الشغيلة) مع الرفيق على احد قادة حزب العمال الكردستانی فی تركيا، ع(514)، السنة الثانية، لبنان.

[5] ملابختيار: ثورة كردستان ومتغيرات العصر، نضال الجبال ام انتفاضة المدن، ت(انور مندلاوی)، ط3، مطبعة مؤسسة ئاراس للطباعة والنشر، اربيل– كردستان، 2008، ص(387–388).

**ئەوی پێوەندی بە کوردەوە هەبوو، بەشدارییەکی کارای لە گەشەکردنی ڕەوتی چەپ لە تورکیادا هەبوو، لە زۆربەی ئەو چالاکیو خۆپیشاندانو مانگرتنو ناڕەزاییانەی، کە لەو قۆناغەدا چەپی تورك پێی هەستا بوون بەشدار بوو.[1] هۆکاری ئەمەش لەلایەك پێوەندیی بە دابڕانی مێژووییەوە هەبوو لە هزری نەتەوایەتیی کورددا، کە نەوەیەکی تێپەڕاند بوو. سەرباری ئەوەی ئایدۆلۆژیای چەپ خاوەنی بۆچوونی شۆڕشگێڕییو ڕادیکاڵیی بوو، کە لەگەڵ بیری گەنجانی کورد لەو قۆناغەدا دەگونجا.[2] هەروەك چەندین یانەی کولتوریی لە کوردستاندا بە دەستپێشخەری پارتی کرێکارانی تورکیا دامەزران، کە ژمارەی ئەندامەکانیان دەگەیشتە (20) هەزار کەس، لە نێویشیاندا (یانەی شۆڕشگێڕانی ڕۆشنبیریی ڕۆژهەلاتDDKD)[3]. ئەمەش لەلایەك دەرەنجامی ئەوە بوو، کە پارتە چەپەکان لە هەڵبژاردنەکاندا پێویستیان بە دەنگی هاوڵاتیانی کورد هەبوو.[4] لەلایەکی تریشەوە ڕەوتی ڕاستڕۆی تورکیا بە درێژایی چەندین ساڵ خراپترین سیاسەتی دەرهەق بە کورد لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تائەو قۆناغە پێڕەو کرد بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیەك لەو ڕووناکبیرە کوردانەی لە نێو ڕەوتی چەپی تورکیدا بوون، هاتنە دەرەوەو خۆیان ڕێکخراوی سیاسیی چەپیان دامەزراند، لەوانە یانەکانی ڕۆژهەلات لە ساڵی 1964، کە زۆربەی نێوچە کوردییەکانی گرتبۆوە.[5] هۆکاری ئەمەش بریتی بوو لەوەی، کە ڕەوتە چەپەکانی تورکیا سەیری مەسەلەی کوردیان وەك لایەنی ئابووریی دەکردو پرۆژەی سیاسییان لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتبوو، کە دوای دامەزراندنی حکومەتێکی سۆسیالیستیی لە تورکیا، خۆبەخۆ کێشەی کورد چارەسەر دەبێت. بۆیە ئەو لێکدانەوەو بۆچوونە لای کورد جێگەی ڕەزامەندیی نەبوو، لەبەرئەوە خۆیان ڕێکخستنی سەربەخۆی چەپیان دروستکرد.[6]**

---

(1) مستەفا ئیبراهیم: رابوونی نەتەوەیی لە تورکیا، لە کتێبی: فەیروز ئەحمەدو ئەوانیتر: تورکیا نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا، چ1، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2006، ل243، و بڕوانە د.ابراهیم الداقوقی: اکراد ترکیا، ص159.

(2) ارام محمد علی: حزب العمال الکردستانی، مسیرة ومصیر، م(شؤون ترکیة)، ع(4)، 2000، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ص4.

(3) DDKD: ساڵی 1969 دامەزراوەو ئامانجی رازیکردنی حکومەتی تورکیا بوو، کە دان بنێت بە زمانی کوردییو پێدانی مافی رۆشنبیریی بە کورد. سەرانی ئەم کۆمەڵەو رێکخراوانە پشتیان بە گوتارێکی شۆڕشگێڕانەو رادیکاڵانە دەبەست. بڕوانە هنری بارکی واخرون: القضیة الکردیة فی ترکیا، ت(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولیر، مؤسسة موکریانی للبحث والنشر،2007، ص28.

(4) سعد ناجی جواد: دراسات فی المسالة القومیة الکردیة، ط1، الدار العربیة للعلوم، بیروت، 2005، ص24.

(5) د.ابراهیم الداقوقی: اکراد ترکیا، ص157.

(6) میر قاسم مۆمنی: بارودۆخی کوردەکانی تورکیا لە سایەی حکومەتو سوپای تورکیادا، و.(هاوڕێ یاسین محمد امین)، چ1، چاپخانەی( پەیوەند)، سلێمانی، 2011، ل25، بڕوانە: لە دایکبوونی PKK سەرلەنوێ ژیانەوەی گەلی کوردستانە، رۆژنامەی(وڵات)، ژ(112)، 25ی تشرینی دووەمی 1995.

**لە نێو ڕەوتی چەپی تورکیادا، ئەو گروپە بچووکەی، کە دواتر(PKK)یان ڕاگەیاند، هەر زوو دوای دەرکەوتنیان کەوتنە جموجوڵی سیاسیی ورد. سەرەتا ئەمانیش لە نێو ڕەوتی چەپی تورکییەوە دەستیانپێکرد، بەڵام بەهۆی ناڕۆشنی هەڵوێستی چەپی تورک بەرامبەر پرسی کورد لەلایەك، عەبدوڵا ئۆجەلانیش، کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەو گروپە بچوکە بوو لەلایەکی ترەوە، کە بە تەواوی نەچوو بووە ژێر کاریگەری چەپی تورکییەوە،[1] تەنها ئەوە نەبێت، کە سەرسام بوو بە هێندێك سەرکردەی ڕەوتە چەپەکانی تورکیا لەو قۆناغەدا وەك(ماهیر چایان[2]، ئیبراهیم کایپاك کایا[3]، دەنیز گەزمیش[4]، د.حیکمەت کڤلمچلی[5])، چونکە ئەمانە بۆچوونیان لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا تاڕادەیەك باشتر بوو، بەتایبەت ماهیر چایان دانی بە بوونی کێشەی کورددا نابوو.[6] لەمبارەوە ئۆجەلان باس لەوە دەکات، کە چایان لە هۆڵی ماچکای ITU(زانکۆی تەکنیکی ئەستەنبوڵ) لەکۆڕێکی جەماوەریدا وتوویەتی:"مەسەلەی کورد مەسەلەی دەستنیشانکردنی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکانە. ئەگەر کوردان خوازیار بن، دەتوانن مافی ئاواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ پێڕەو بکەن. ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی ئێمەی مارکسیست پشتگیریکردنی تێکۆشانی کوردانە لە پێناو ئەو مافەیان".[7] ئەگەرچی پارتی کرێکارانی تورکیاش لە کۆنگرەی چوارەمی خۆیدا، کە لە مانگی(1970/10) بەسترا، جەختی لە بوونی پرسی کورد لە تورکیا کردبۆوەو سەرکۆنەی سیاسەتی لە ناوبردنی کوردی کرد، بەتایبەتیش لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی(1973)دا، بەڵام ئەم هەڵوێستە زیاتر ئەوەی لێدەخوێنرایەوە، کە بەشێك بوو لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، نەك وەك ئایدۆلۆژیای ئەو پارتە، کە بنەمایەکی ڕاستینەی بەرامبەر کێشەی کورد هەبێت، چونکە کاتێك ئەو پارتە درایە دادگە لەسەر بڕیارەکانی کۆنگرەکەی، بەڕێوەبەرانی ئەو پارتە لە بەردەم دادگەی دەستووریدا داکۆکییان**

---

[1] حەسەن جودی: مێژوویێك، ل(63–64).

[2] ماهیر چایان: خەڵکی شاری وان بوو، هەروەها یەکێك لە ڕابەرانی چەپی تورك بوو لە پارتی(THAKPC). بڕوانە عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ت(گروه اكادمی اجتماعی علوم اجتماعی عبدالله اوجالان)، نشر اول، چاپخانه(ازادی)، 2008، ص43.

[3] ئیبراهیم کایپاك کایا: ڕابەری سوپای ڕزگاریی کرێکرانو جوتیارانی تورکیا(TIKKO) بوو، لە ساڵی 1972 دەستگیر کراو لە شاری دیاربەکرو لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا. بڕوانە عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ص47.

[4] دەنیز گەزمیش: خەڵکی شاری ئەرزەڕوم بوو، ڕابەری(Dev-Genc) بوو، لە(1972/3/12) دەستگیر کراو بە دارا کرا. بە یەکێك لە هێماکانی خەباتی چەپی تورك دادەنرێت. بڕوانە عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ص47.

[5] د.حیکمەت کڤلمچی: یەکێك لە ڕابەرانی چەپی تورك بوو، لە پارتی(TPK)و دواتر پارتی نیشتیمانی سۆسیالیستی دامەزراند، بڕوانە عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ص42.

[6] علی حیدر قیتان: حقیقة القیادة، ت(هرکول دیریك)، مط(روج)، 2010، ص(27–29)؛ و نبیل الملحم: سەرۆكو گەل، حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆدا، ئامادەکردنو وەرگێڕانی(ڕۆژنامەی وڵات)، تشرینی دووەمی 1999، ل(46–47).

[7] عەبدوڵڵا ئۆجەلان: کێشەی کوردو ڕێگە چارەی نەتەوەی دیموکراتیك، و.لوقمان عەبدوڵڵا، چ1، چاپخانەی(ڕەنج)، سلێمانی، 2013، ل311.

**لەو بڕیارانە نەکردو لێی پەشیمان بوونەوەو پاشەکشەیان کردو تەنانەت ئاواشیان وت:"لە ڕاستیدا پارتی کرێکارانی تورکیا هەرگیز داوای ماف یاخود دۆخی کەمایەتی بۆ هاولاَتییە بە ڕەگەز کوردەکان نەکردووە، تەنها داوای هەڵگرتنی گوشارە نادەستوورییەکانی کردووەو تەنانەت ڕایانگەیاند بوو، کە پشتیوانی لە تورکاندن دەکەن، نەك هەر مافی جیابوونەوە، بەڵکو دژی دۆخی کەمایەتیشن".[1] ئیسماعیل بێشکچی دەبێژێت:"چەپی تورك تا ئەم ساڵانەی دوایی بەرگرییان لە کێشەی گەلانی ڤێتنامو فەلەستینو نیکاراگواو ئەنگۆلا دەکردو خوازیاری دەوڵەتی سەربەخۆ بوون بۆیان، بەلاَم لە ئاستی کورددا دژ بوون، نەك تەنها دەوڵەت، بەڵکو قسە لەسەر کردنیشیان بە هەڵەیەکی گەورە دادەنا".[2] ئەو گروپەی لەو ماوەیەدا ناوی (ئاپۆچییەکان)یان بە سەردا بڕا، توانیان بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسیی تورکیاوە، چونکە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا دەرفەت لە بەردەم خوێندکارانی کورددا ڕەخسا، تا بگەنە زانکۆی شارە گەورەکانی تورکیا.[3] لێرەوە ئۆجەلان دوای هەوڵدان لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە وەرگیراو لەوێ گیرسایەوەو ئاشنایەتیو پێوەندی لەگەڵ هەریەکە لە (کەمال پیری بە ڕەگەز تورکو حەقی قەراری بە بنەچە لاز)دا پەیدا کرد. هەروەها ئەو چەند کەسە چەپڕۆیانەی، کە دۆستی کورد بوون، هەر زوو لەلایەن دەسەلاَتدارانی تورکیاوە لە نێوبران. دەنیز گەزمیش یەك لەوانە بوو، کە لە ژێر پەتی سێدارەدا، هاواری دەکرد:"بژی برایەتی گەلی تورکو کورد"،[4] بەلاَم بەشێوەیەکی گشتیی ڕەوتی چەپ لە تورکیا هەڵوێستێکی ڕاستینەی بەرامبەر کوردو مەسەلەکەی نەبوو، بۆیە جەمیل بایك لەمبارەوە دەبێژێت:"ئەگەر ئەوکاتە چەپی تورك ڕاست نزیك کێشەی کورد ببایەوە، لەوانە نەبوو ئێمە هەنگاوی جودامان بهاویشتبا".[5] هاوکات(ئیسماعیل بێشکچی)یش ئەوەی زێتر خستووەتە ڕوو، کاتێك دەڵێت:"گرنگترین خاڵی هاوبەشی فراکسیۆنە جیاجیاکانی چەپی تورکو بزووتنەوەی سۆسیالیستی تورك لە مەسەلەی**

---

[1] لە بڕیاری(8)ی کۆنگرەکەدا هاتبوو:" چوارەمین کۆنگرەی گەورەی پارتی کرێکارانی تورکیا قبوڵی دەکاتو ڕای دەگەیەنێت، کە:

- گەلی کورد لە خۆرهەلاَتی تورکیادا دەژیی.

– دەسەلاَتی فاشی چینە بالاَدەستەکان، سیاسەتی گوشارو تۆقاندن(تیرۆر)و تواندنەوە(ASIMLASYON)ی دژی گەلی کورد پیادە کردووە، کە جار جار ئەم سیاسەتە سیفەتی کردەوەی ستەمگەرانەی خوێناوی لە خۆگرتووە. بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە ئیسماعیل بێشکچی: سیو سیٚ گوللە، و. لەتورکییەوە(ئاسۆس هەردی)، چ1، ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 1999، ل(229–231).

[2] PKK از دیدگاه اندیشمندان، گفتوگویی است با دانشمندان د.عصمت شریف وانلیو اسماعیل بشکچی، انتشارات جبهەی ازادیبخش ملی کردستان(ERNK)، 1999، ص49.

[3] کۆمین: کورتەیەك لە مێژووی PKK، گ(کۆمین)، ژ(7)، تشرینی دووەمی 2008، ل12.

[4] عەبدوڵڵا ئۆجەلان: داستانی ژیانەوە، ل63، ونبیل الملحم: سەرۆكو گەل، ل(46–47).

[5] حەسەن جودی: مێژوویێك، ل65.

**کێشەی نەتەوەی کورددا، بریتییە لە جووڵانەوە لە نێو چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای رەسمیدا".[1]**

**گرووپی ئاپۆچییەکان، کە شەش کەس بوون، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان لە نیسانی 1973دا لە کەنارەکانی بەنداوی(چوبوك)[2] لە ئەنقەرە گرێدا، کە کۆبوونەوەیەکی ناڕێکخراو بوو.[3] بەجۆرێك هێندێك جار لەسەر پێیان بە رۆیشتنەوە گفتوگۆیان دەکرد، ئۆجەلان بە دەستەواژەی(کوردستان کۆلۆنییە)[4] دەرگەی لەبەردەم هاوڕێکانیدا کردەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا پرسی پارچەبوونی کوردستانو داگیرکارییو رەوشی گەلی کوردیان تاوتوێکرد.[5] ئەم گروپە بە مەبەستی ئەنجامدانی چالاکیی سەرەتا کوردستانیان کردە مەڵبەندی خەباتی سیاسییان.[6] هەروەها گروپی شەش کەسیی رۆڵێکی بەرچاوی لە دروستکردنی رێکخراوی(دەزگەی باڵای فێربوونی دیموکراتی ئەنقەرە- ADYOD)دا هەبوو، کە یەکێك لە رێکخستنە چەپە بەهێزەکانی ئەو قۆناغەی تورکیا بوو، بەتایبەت لە زانکۆو نێوەندەکانی خوێندنداو ماوەیەکیش ئۆجەلان رێبەرایەتی کرد. بۆیە ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئارەزووی کارکردنی هاوبەشیان هەبوو لەگەڵ چەپی تورکدا، بەڵام وەك ئاماژەی پێدرا بەهۆی لاوازی هەڵوێستی ئەوان دەرهەق بە کێشەی کورد، ئەم گروپە بەرەو خەباتی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان هەنگاویان ناو لێیان جیابوونەوە.[7] بەتایبەتیش ساڵانی(1974-1976) بریتی بوو لە قۆناغی بەرەو پێشبردنی گروپەکەیان لە چوارچێوەی رێکخراوی(ADYOD)داو دواتریش لە ساڵی 1977 ئەو گەڕانو کۆبوونەوانەی لە ئەنقەرەوە بۆ کوردستان ئەنجامیاندا، بریتیی بوو لە قۆناغی گواستنەوەی گروپەکەیان لە مانگی(1975/1)دا بۆ نێوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان.[8] لە راستیدا ئەم هەنگاوە ئەگەرچی دوورکەوتنەوە بوو لە چەپی تورك، هاوکات بۆخۆشیان بە پێویستیان زانی ئەو**

---

[1] سیو سیێ گوللە، و. لەتورکییەوە(ئاسۆس هەردی)، 1999، ل233.

[2] چوبوك: ناوی یەکێك لە بەنداوەکانەو لە هەمان کاتیشدا ناوی یەکێك لە گەڕەکەکانی ئەنقەرەیەو جەنگی نێوان تەیمورو سوڵتان بایەزید لێرەدا روویداوە، لەو جەنگەدا سوپای عوسمانی تێکشکاوە، بڕوانە عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ص50.

[3] کۆمین: هەڵسەنگاندنێك بۆکورتە مێژوویەکی PKK، گ(کۆمین)، ژ(7)، تشرینی دووەمی 2008، ل54، و .http://PKKonline.com/arabic/index.php?sys=article&artID=118

[4] عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ص50.

[5] یوسف ابراهیم الجهمانی: اوج الان، ترکیا ولاکراد، ط1، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، 1999، ص71، و نبیل الملحم: سەرۆكو گەل، ل49.

[6] ارام محمد علی: حزب العمال، ص(4-5)، و مێژووی PKK مێژووی گەلێکی بێ مێژووە، ر(وڵات)، ژ(تایبەت)، چوارشەممە،(27ی تشرینی دووەمی 1996).

[7] Metin Heper: The State and Kurds in Turkey, The Question of Assimilation, palgrave macmillan, London, 2007, p157.

[8] کۆمین: هەڵسەنگاندنێك، ل54، و مێژووی PKK مێژووی گەلێکی بێ مێژووە، ر(وڵات).

ڕێكخراوەی، كە بە جیا دروستی دەكەن، خاوەنی ئامانجی نەتەوایەتی بێت، لە پاڵ ئامانجو خەباتە چینایەتییەكەداو بە هێندیان وەرگرت بوو.[1] بەتایبەتیش ئۆجەلان لە تەنیشتی هزری سۆسیالیستیدا، جەختیشی لە ئامانجە نیشتمانییو نەتەوایەتییەكان كردۆتەوە.[2]
ئەوەی بەڵگەی بەهێزترە لەم ڕووەوە گتوبێژكردنی پرسی كوردو كۆڵۆنیبوونی كوردستانە لە كۆبوونەوەی دەسپێكی گرووپەكەدا لە بەنداوی چوبوك. ئۆجەلان بۆخۆی باسی ئەوە دەكات، كە دوای سەركردایەتیكردنی ڕێكخراوی(ADYOD) بۆی ڕوون بۆتەوە، كە ڕێكخراوەكە دوو سەرەیەو هیچ نرخو بەهایەكی نییە، بەڵكو ڕێكخراوێك، كە تەنهاو بە دیاریكراوی لەسەر كێشەی كوردستان بێتو ئامانجی چارەسەركردنی كێشەی نەتەوایەتی كورد بێت، دەبێتە هۆی ڕێگەی شۆڕشی نویّ.[3]
هاوكات لە نێو ئەو ڕێكخراوەدا ناكۆكیو بیروڕای جیاواز سەریهەڵداو بۆسیّ گروپی دژ بە یەك پەرتبوون، ئەوانیش(DEV-YOLو DEV-SOL[4]و ئاپۆچیی یان حەقی چی)بوون.[5] ئەم گروپە لە چالاكییو جموجووڵی سیاسیی بەردەوام بوون، تا گەیشتنە ئەوەی لە تشرینی دووەمی 1978 لە گوندی(فیس)، بە ئامادەبوونی(22)كەسو[6] دوای چوار ڕۆژ لە گتوبێژكردنو تاوتوێكردنی زۆر مەسەلە بڕیاری دامەزراندنیان لە چوارچێوەی پارتێكی سیاسیی بە نێونیشانی(پارتی كرێكارانی كوردستان PKK) داو لە هەمان ساڵیشدا بەیاننامەی دامەزراندن ئامادەكراو لیژنەی ئامادەكار پێكهێنراو بە فەرمیش لە (1979/3/2)دا پارتەكە ڕاگەیەنرا. ئەگەرچی ڕای جیاواز هەبوو لەلایەك لە ڕووی كاتەوە، كە هێندێكیان پێیان وابوو جاریّ زووەو باشترە كاری زیاتر لە نێو گەنجاندا بكرێتو دواتر

---

[1] مظلوم دوغان: المقاومة حیاة، نصوص مرافعات محاكمات (مظلوم دوغان، محمد خیری دورموش، عاكف یلماز، كمال بیر) الی محكمة امن الدولة التركیة.

[2] عبدالله اوج الان: الاصرار علی الاشتراكیة اصرار علی بناء الانسان، ط1، مطبعة(ازادی)، سلسة الكتب العربیة، رقم(20)، منشورات اتحاد التنویر الدیمقراطی، ص74.

[3] میخائیل.م. جونتر: الاكراد ومستقبل تركیا، ص52.

[4] دەڤ– سول: ڕێكخراوێكی چەپڕۆ بوو لە دەڤ– یول جیابۆوەو زێتر نیگای خۆیان لە ماهیر چایانەوە وەردەگرتو سیاسەتكردنیان بە سەركێشیو توندی ئایدۆلۆژیا كاریگەر بوو، بڕوانە هنری باركی واخرون: القضیة الكردیة فی تركیا، ص83.

[5] ارام محمد علی: حزب العمال الكردستانی، مسیرة ومصیر، ص4.

[6] بەشێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوون لە:(عەبدوڵا ئۆجەلان، جەمیل بایك، محەمەد خەیری دورموش، ئەحمەد توران، ئەحمەد جاهید شەنەر، فەرزەند تاغچی، عەلی حەیدەر كایتان، مەزلۆم دۆغان، ساكینە چانسز، حسێن تۆپكدار، عەلی گوندوز، كەسیرە یەڵدرم، دوران كاڵكان، عەلی چەتینەر، فاروق ئۆزدەمیر، عەباس گوستاش، عەبدوڵا كومراڵ، باقی قەرار، سەیفەدین، بەهائەدین ئۆغلو)، كۆبوونەوەكە لەماڵی ئەم دوو برایەی كۆتایی ناوەكاندا ئەنجامدراو جگە لەوەی خۆیان لە شەڕەكانی PKKدا كوژراون، هاوكات حكومەتی توركیا خێزانەكەشیان لەنێوبردووە، بڕوانە Selahattın Çelık: Ağrı dağını taşmak, Çağdaş Kürt halk direnişi, sİyasİ, askeri, ekonomık, ve toplumsal sonuçlari, Birinci Baski, Temmuz 2000, Yayınevi, Zambon Verlag, Leipzigerstr. 24, D-60487 Frankfurt / M, p40.

**رابگەیەنرێت،[1] بەڵام ئەوانی تریان ئەو کاتەیان بە گونجاو زانی. لەلایەکی ترەوە بەرلەوەی کە بە نێوی(PKK)ەوە رابگەیەنرێت، نێوی تر هەبوو، لەوانە پێشنیازکرا هەمان ناوی کۆمەڵەی یەکێتی شۆڕشگێڕیی نیشتمانیی کوردستان KYDGB) لێبنرێت، یان نموونە لینینییەکە(یەکێتی تێکۆشان لە پێناوی رزگارکردنی کار)دا، یاخود ئەو ناوەی نەیارەکانیان پێیان دەوتن(سوپای رزگاریی نەتەوەیی UKO).[2]**

**لێرەدا ئەگەر سەیری ناوی PKK بکەین تێبینی ئەوە دەکەین، کە خۆی وەك پارتێکی سیاسیی کرێکاریی بەرجەستە کردووە، واتە خەباتی چینایەتی وەك ئامرازێکی گرنگ دادەنێت، چونکە لە بنەڕەتەوە PKK لەسەر بنەمای دابەشکردنی مێژووی رزگاریخوازیی کورد بۆ سێ قۆناغ، کە هەر قۆناغێك رەوت و چینێکی کۆمەڵایەتیی رۆڵیان تێدا گێڕاوە، کاری لەسەر پێڕەوکردنی بیری چەپگەراییو بە نێوەند کردنی چینی کرێکاران کردووە، لەبەرئەوەی PKK بیروڕای وابوو مایەپوچبوونی چارەسەریی دەرەبەگێتیو نیوە بۆرژوازیی، بەتایبەت دووری بۆرژوای بچووك لە دەستەبەرکردنی هەر چارەسەرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ کێشەی کورد، وایکردووە چینی کرێکار لە مەسەلەی چارەسەری کێشەی نیشتمانیدا هێزی سەرکردایەتی حەتمی بێت و ئەویش ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەیە، کە ناکرێت تێپەڕێنرێت.[3] هەروەك PKK خۆی بە نوێنەری ئایدۆلۆژییو سیاسییو رێکخستنی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە باکووری کوردستان دەزانیو[4] لە خەباتی سیاسیدا پشتی بەو چینە دەبەست.[5] هەر بۆیە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، تێبینی ئەوەش دەکەین، کە زێتر ئەندامەکانی سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە بوون و زۆربەیان لە لادێو شارۆچکەکاندا بوون، واتە لە چینە زۆر پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵی کوردی بوون، ئەوانەی**

---

[1] حەسەن جودی: مێژوویێك، ل227، وعبدالفتاح علی یحیی البوتانی: حزب العمال الكردستانی، نشاته وتطوره، من كتاب: د.خلیل علی مراد واخرون: القضیة الكردیة وتاثیرها علی دول الجوار، 1994، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركیة، ص120. هێندێك دەڵێن دوو رۆژ وتووێژ كراوە(27–29/ت1978/2)و ناوەكەش پێشنیازی محەمەد قەرەسونگوڕ بووەو(23) كەسیش بوون، بڕوانە قصة تأسیس PKK كما یرویها الأعضاء المؤسسین http://www.PKKonline.com/arabic/index.php?sys=article&artID=83

[2] ئۆجەلان: داستانی ژیانەوە، ل85، و مظلوم دوغان: المقاومة.

[3] قضیة التحرر الوطنی الكردستانی وطریق الحل، مشروع برنامج جبهة التحریر الوطنیة الكردستانیة، من منشورات حزب العمال الكردستانی، بدون تاریخ، ص(135–136)، ص63.

[4] عبدالله اوج الان: الاصرار علی، ص38، و علی الغوار: حزب العمال الكردستانی ثورة الیسار الشرقی، مركز الشرق للدراسات المعاصرة، بدون مكان و سنة الطبع والمطبعة، ص34.

[5] رعد عبدالجلیل مصطفی: صراع الاستیعاب والانفصال، دراسة فی تجربة حزب العمال الكردستانی، فی كتاب مجموعة المؤلفین: الوحدة الوطنیة ومشكلة الاقلیات فی العالم الثالث، ط1، مطبعة التعلیم العالی، الموصل، 1989، مركز دراسات العالم الثالث، كلیة العلوم السیاسیة، جامعة بغداد، ص121، و حەسەن جودی: مێژوویێك، ل511.

هەستیان دەکرد، کە لە پەراوێزی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی‌و ئابووریی وڵاتەکەیانداو لێیەوە دوورن.[1]

ئەگەر سەیری ئەو قۆناغ‌و بارودۆخەش بکەین، کە PKK ی تێدا دروستبوو. دەبینین لە قۆناغێکدا دەرکەوت، کە رژێمی تورکیا رەوشی کۆمەڵایەتیی کوردی شێواند بوو، هەر لەوەی وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە رەفتاری لەگەڵدا دەکرد، تادەگاتە تێکدانی نەسیجی کۆمەڵایەتیی‌و داڕوخانی رەوشتی کۆمەڵایەتیی، لە رێگەی دروستکردنی خەڵکی بە کرێگیراوو دەسندەخۆرەوە. بۆیە سەرهەڵدانی PKK بڕێکجار وەك دەستێوەردانێك لە پێناوی چاکسازیی رەوشتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کورد لە باکووری کوردستاندا دەژمێردرێت، بەجۆرێك بەشێك بێت لە ئایدۆلۆژیای خەباتی سیاسیی.[2]

دەربارەی ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەم پارتە، تێبینی ئەوە دەکەین، کاتێك PKK لە نێو رەوتی چەپی تورکیدا سەریهەڵدا، لە کوردستانیش ئامادە نەبوو بچێتە ژێر هەژموونی چینی دەرەبەگ‌و ئاغاکانی کوردەوە، بە پێچەوانەوە زیاتر روویکردە چینی زەحمەتکێش‌و پاڵەو جوتیارو کرێکاران‌و رەنجبەران‌و ئاراستەیەکی چەپڕۆیانەشی بە بنەما وەرگرت.[3] بە دیاریکراویش پێڕەوی لە هزری سیاسیی مارکسیزم– لینینیزم کردو لە دیدو بۆچوونەکانیدا پشتی بە سۆسیالیزمی زانستی بەست،[4] چونکە دەرکەوتنی خەباتێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی بە هێزی مەرجدار کرد بوو بەم بنەما ئایدۆلۆژییەوە. هەر بۆیە ماوەی نێوانساڵانی (1973–1978) وەك قۆناغی کەڵەکەبوونی تیۆریی گەورە بەرەو خەباتێکی ئایدۆلۆژی روون دادەنرێت. ئەوەی لەو ماوەیەدا بەدیهاتووە بریتییە لە کۆکردنەوەی پێکەوەی هزری مارکسیزم– لینینیزم‌و واقیع.[5] هاوشانی ئەم هۆکارە خودییانە، زۆر فاکتەری بابەتی تر رۆڵیان لەوەدا هەبوو، کە PKK پێڕەوی تەرزێکی تایبەت بە چەپی شۆڕشگێڕیی بکات، لەوانە:

ئەو ماوە مێژووییەی PKK ی تێدا دەرکەوت، قۆناغێك بوو، کە بەشێکی زۆری بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلانی جیهان گەیشتبوونە سەربەخۆیی‌و سۆسیالیزم لەوپەڕی گەشەکردنیدا بوو، کە زۆربەیان خاوەن هزرێکی چەپی شۆڕشگێڕانە بوون‌و PKK ش لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە وەك گروپێکی بچووك، کاریگەر بوو بە تەڤگەرە ئازادیخوازو

---

[1] میخائیل م.جونتر: الاکراد، ص40، و ئالان پشدەری: ئەو پێشڤەچوونانەی لە ژێر رابەرایەتی PKK دا روودەدەن داخوازی مێژووەو کەس ناتوانێ رێ لە بەردەمیدا بگرێت، ر(ولات)، ژ(226)، دووشەممە(27 کانوونی دووەمی 1997).

[2] http://PKKonline.com/arabic/index.php?sys=article&artID=77.

[3] د.حامد محمود عیسى: القضیة الکردیة فی ترکیا، ط1، مکتبة مدبولی، القاهرة، 2002، ص283.

[4] مظلوم دوغان: المقاومة، وhttphttp://PKKonline.com/arabic/index.php?sys=article&artID=36.

[5] عبدالله اوجلان: مسالة الشخصیة فی کوردستان، خصائص المناضل الثوری وحیاة الحزب، مط(روج)، ص113.

شۆڕشگێڕەکانی جیهانو نێوچەکەو نێوخۆی تورکیاش، لەوانە تەڤگەرەکانی ڤێتنامو مۆزەمبیكو ئەریتریاو ئەنگۆلا، هەروەها شۆڕشی 1968ی فەرەنسا.[1] گرنگترین فاکتەری بابەتیی لای PKK لە مەڕ بە بنەما وەرگرتنی بیری چەپی شۆڕشگێڕیو بە دیاریکراویش هزری مارکسیزم- لینینیزم، دەشێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکدانەوەیەی، کە PKK بۆ مێژووی کوردی کرد بوو، کە بۆ سێ قۆناغ دابەشی دەکاتو وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە بۆچی هزریی چەپی شۆڕشگێڕیی بە بنەما وەرگرتووە؟ ئەویش بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

قۆناغی یەکەم- لە هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانیی تا کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانیی دەست پێدەکات، کە کۆتایی هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانییو قاجارییو کۆتایی راپەڕینە کلاسیکییە کوردییەکانە.

قۆناغی دووەم- لە سالّی(1945-1970) دەست پێدەکات، کە هێزە کلاسیکییە کوردییەکان دەبنە ئامرازی دەستی تورکیا، وەك درێژکراوەی بۆرژوای تورکیی، بێئەوەی بتوانن سەرکردایەتی جولاّنەوەی نەتەوایەتی کورد بکەن.

قۆناغی سێیەم- لە دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی دووەمەوە دەست پێدەکات تائێستە(مەبەست کاتی نوسینی ئەو بۆچوونەیە)، کە قۆناغێکی نوێیەو تێیدا باڵو تەوژمی هزریو ئایدۆلۆژی جیاواز دەرکەوتن، کە سێ گروپی کۆمەلاّیەتیی ئالاّکەیان هەڵگرت، ئەوانیش(دەرەبەگو نیوە بۆرژوا، بۆرژوای نێوەندو بازرگانان، چینی کرێکارو گروپەکانی جوتیارانو هەژارانو ڕووناکبیران).[2] PKK جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چینی سێیەم لە توانایدا هەیە جولاّنەوەیەکی رزگاریخوازی نیشتمانیی هاوچەرخ دروست بکات، بە پشت بەستن بە پێڕەوکردنی هزری مارکسیزم- لینینیزم، وەك ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بە خۆی.[3] لەهەمان کاتدا PKK دژایەتیکردنی سەرمایەداریی لە رۆژهەلاّتی نێوەڕاستو بەتایبەتیش لە کوردستاندا بە پێویست دەزانێت، چونکە بۆچوونیان وایە کۆنەپەرستیی تێدا جێگیر بووە، بۆیە لە ژێر سایەی سەرکردایەتییەکی بۆرژوا یان بۆرژوای نەتەوەیی شۆڕش بەرهەمی نابێت، تەنها بە سەرکردایەتیکردنی چینی کرێکار نەبێت. بەم پێیە بوونیاتنانی پرۆلیتاریای سەربەخۆ لە کوردستاندا بە پێویست دادەنێن. جگە لەوەی بڕوایان وایە پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕەکان رۆڵی پێشەنگیان گێڕاوە بۆ بلاّوکردنەوەی هزری رزگاریخوازیی

[1] عەبدوڵلّا ئۆجەلان: هەڵبژاردە، ل63، وحەسەن جودی: مێژوییێك، ل(61،62)، ونبیل الملحم: سەرۆكو گەل، ل38.

[2] قضية التحرر الوطنى الكردستانى وطريق الحل، ص(135-136).

[3] رعد عبدالجليل مصطفى: صراع، ص120.

**لە کوردستاندا.[1] هەروەك PKK سەرمایەداریی و هێزە غەوارەکان بە بەرپرسیار دەزانێت لە ئاست هەموو ئەو مەینەتییانەی بەسەر کورد دا هاتوون لە پاشکەوتنی هزریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیداو باوەڕیان وایە کارئاسانیان کردووە لە درز خستنە نێو جوڵانەوەکانی کوردستان و ڕێگر بوون لەبەردەم یەکبوونی هێزە شۆڕشگێڕەکانیدا.[2]**

**لەبەرئەوە PKK خۆی بە ئاراستەیەك لە چەپی مارکسیزم- لینینیزم دەزانێت، کە تایبەتە بە خۆی و جیای دەکاتەوە لەو ئاراستە چەپڕۆیانەی تر، کە ئەوانیش پێڕەوی لە هزری مارکسیزم- لینینیزم دەکەن. هەروەها خۆیشی جیا دەکاتەوە لە چەمکی سۆسیالیزمی سۆڤیەت و چین و هێندێك لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕەخنەیان لێدەگرێت، بەڵام لە نێو هەڵوێستێکی سۆسیالیستیانەو دوور لەوان دەبێت.[3] جیاوازییەکی تر ئەوەیە PKK وا دادەنێت بیری سۆسیالیزمی زانستی خۆیان لەسەر بنەمای پەرەسەندنی شۆڕشگێڕانەیە.[4] هاوکات PKK لە تەنیشت خەبات و ئامانجە چینایەتییەکەدا جەخت لەسەر خەبات و ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کوردیش دەکاتەوە، کە ئەمە خەسڵەتێکی دیاری جیاکردنەوەو تایبەتمەندی تەڤگەری PKK یە، لەبەرئەوە ئامانجی ئەوە بوو، کە کوردستانی سەربەخۆ لە ژێر سایەی هزری مارکسیزم- لینینیزمدا دابمەزرێنێت و گوندنشینان و چینی کرێکاران بتوانن مافە بنەڕەتییەکانیان بەدەست بهێنن.[5] دیسان ئەوەی جێگەی لەسەر ڕاوەستان و کۆڵینەوەیە، مەسەلەی پێڕەوکردنی هزری شۆڕشگێڕییە لای PKK. بێگومان ئەمەش پاڵنەری بابەتی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەتایبەت لەو ماوەیەدا بەهۆی کاریگەرییەکانی سەرمایەدارییەوە، تورکیا بە بارودۆخێکی شۆڕشگێڕیدا تێپەڕ دەبوو، ئەگەرچی دۆخی شۆڕشگێڕیی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر پێش و دوا دەکەوت، بەڵام بەردەوام لە پشکوتندا بوو. ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئەو کەسانەی دواتر PKK یان دامەزراند، هەبوو. هەروەها PKK بۆچوونی وابوو حکومەتی ئەو قۆناغەی تورکیا، حکومەتێکی کەمینەی تورکیی بەهێزە، کە لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمیی خۆرئاوادا هاوکارەو لە ڕێگەی پێڕەوکردنی ترس و تۆقاندنەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی گەل دەدات. بۆیە دەکرێت لە**

---

(1) مظلوم دوغان: المقاومة حياة، و بەیاننامەی لیژنەی نێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بەنێونیشانی(الی شعبنا الوطنی فی کردستان)، لە(1ی ئایاری 1980)، ئەرشیفی بنکەی(ژین) بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردیی، سلێمانی.

(2) المبادیء الاسیاسیة لحزب العمال الكردستانی، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(1)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆبووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

(3) Selahattın Çelık :Ağrı dağını taşmak, p40.

(4) کۆمین: کورتەیەك لە مێژووی، ل14، و قراءة سریعة فی التقریر السیاسی للمؤتمر الخامس، ر(وڵات)، ژ(53)، دووشەممە(1995/2/20)، وچاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووس(ماکارینکۆ قادیم) لە ڕۆژنامەی(تۆڤۆیل ڤرێما)ی روسی لەگەڵ ئۆجەلان، دەق لە ر(وڵات)، ژ(152)، پێنجشەممە(18ی نیسانی 1996).

(5) Metin Heper: The State and Kurds in Turkey, op.cit, p157.

**ڕێگەی پێڕەوکردنی بیری شۆڕشگێڕانەوە ڕووبەڕووی ببێتەوە.[1] بۆیە بە ئاشکرا لە چەندین بەیاننامەو بڵاوکراوەی خۆیاندا هێرشیان کردۆتە سەر کۆلۆنیالیزم،[2] بەڵام جەمیل بایك باس لەوە دەکات، کە هەر لە سەرەتاوە PKK تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕو رادیکاڵ بووە.[3]**

**سەرەڕای ئەوەی کاریگەربوونی خودی ئۆجەلان لە سەرەتاوە بە بیری سۆسیالیستیی و بە دیاریکراویش بیروباوەڕی چەپی شۆڕشگێڕیی، ئەویش لە ژێر کارایی هەردوو کتێبی(ڤلادیمێر لینین) بە نێونیشانەکانی(بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلان لە رۆژهەڵات)و(مافی بڕیاردانی چارەنوسی گەلان 1914) بووە، بەجۆرێك کردوونی بە بنەما بۆخۆیو لەوێوە تیۆریزەی بیری سیاسی PKK ی پێکردوون.[4] ئەمە جگە لەوەی لەڕووی تیۆرییەوە PKK چەمکی شۆڕشگێڕیی وەك ئامرازی گۆڕانکاریی وێنا دەکرد، چونکە بیروڕایان وابوو کۆمەڵگەی کوردیی لەو قۆناغەدا لە خراپترین قۆناغەکانی مێژووییدا بووەو پڕ بووە لە گرفتی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیی مەترسیدار، کە بە هیچ ئامرازێکی تر نەتوانرێت چارەسەر بکرێت، جگە لە شۆڕش. هاوکات نکوڵیکردنی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، بەجۆرێك لای هێزو دەسەڵاتدارە فەرمانڕەواکانی ئەو قۆناغەی تورکیا شتێك نەبووە بە نێوی کێشەی کوردو هەوڵی تواندنەوەیان لە بۆتەی نەتەوەیی خۆیاندا داوە.[5] بۆیە ئۆجەلان پێی وابوو گرتنەبەری ئامرازی وتووێژی دیموکراسیی لە چوارچێوەی دامەزراوەو دەزگەی شوێنکەوتەی هێزە کۆلۆنیالیزمییەکانو چوونە نێو کەشو هەوای ئەو جۆرە وتووێژە لە وڵاتێکدا، کە لە ژێر سایەی داگیرکارییو ستەمدا بژیو لە ژێر سایەی کوشتارگەو ئامرازی لە نێوبردنی هەموو بەهایەکی نەتەوە، هیچ نییە، جگە لە کات بەفیڕۆدانو گاڵتەجاڕیی. بۆیە تاکە دەرچە بریتییە لە نمونەی هزری شۆڕشگێڕیی.[6] چونکە خودی PKK وایدەبینی، کە تێکۆشانی رزگاریخوازیی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی شۆڕشگێڕیی هاوچەرخ، کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاریی جیهانیی.[7] لەلایەکی دیکەوە خودی بیری مارکسیزم-لینینیزم بۆخۆی بیرێکی شۆڕشگێڕانەیەو گرێدراوە بە چەمکی رزگاریخوازییەوە. بۆیە بە بنەماو ئایدۆلۆژیا وەرگرتنی لەلایەن PKK ەوە، جەختکردنەوە بوو لە مانا شۆڕشگێڕییو**

---

[1] ر. یورك اوغلو: ترکیا، ص42، و میخائیل م.جونتر: الاکراد، ص38.

[2] بەیاننامەی لیژنەی نێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بەنێونیشانی(الی شعبنا الوطنی فی کردستان).

[3] حەسەن جودی: مێژوویێك، ل217.

[4] علی الغوار: حزب العمال، ص5، و http://PKKonline.com/arabic/index.php?sys=article&artID=77.

[5] عبدالله اوجلان: مسالة الشخصية فی کوردستان، ص39.

[6] اوجلان: مسالة الشخصية، ص50.

[7] المبادیء الاساسیة لحزب العمال الکردستانی.

**رزگاریخوازییەکەی.[1] هەروەها خەباتی کۆمەڵایەتیی، کە چین‌و توێژی ستەمدیدە لە دژی گوشارو چەوساندنەوە پیادەی دەکەن، رێگە خۆشکەر دەبێت، بۆ پەرەسەندنی شۆڕشگێڕیی.[2]**

**بەڵام سەرباری ئەم پاڵنەرانە، دەشێت ئارەزووی پێڕەوکردنی چەمك‌و بیری شۆڕشگێڕانە لای PKK بۆ سەرچاوەکانی بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕیی ئەو تەڤگەرە بگێڕینەوەو ئاماژە بە کاریگەرییەکانی بەتایبەت لەسەر خودی ئۆجەلان بدەین، کە بەردەوام نیگای شۆڕشگێڕانەی لێوەرگرتوون، لەوانە: هزری شۆڕشگێڕیی ئایینی‌و ئیسلامیی،[3] بەشێوەیەك ئۆجەلان ئاماژەی بە نێوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی ئیسلام کردووەو دەبێژێت:"ئێمە رێز لە ئایینەکان دەگرین، ئایین بریتییە لە ئایدۆلۆجیای شۆڕش. بۆیە دەرچوون‌و دەرکەوتنی ئایین، بریتییە لە هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕیی.[4] ئا ئەمە بریتییە لە ئیسلام، کە شۆڕشێکی سیاسییەو رێگەی خۆشکرد بۆ لە دایکبوونی ژیارێکی مەزن".[5] هەر لەمبارەوە لە شوێنێکی تردا دەڵێت:"ئێمە لەگەڵ جەوهەری ئاییندایین بۆ شەڕو وەستانەوە لە دژی زوڵم‌و بۆ ئازادیی‌و یەکسانیی".[6] ئەگەرچی PKK زێتر لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ ئاییندا ئاشتبوویەوەو بایەخی بە تەوزیفکردنی ئایین لە چوارچێوەی خەباتی رزگاریخوازیی کورددا، بەڵام ئۆجەلان خۆی لە سەرەتاوەو بەرلەوەی بۆ خوێندن بچێتە ئەنقەرە، مسوڵمانێکی باوەڕدار بوو، تا ئەو رادەیەی بڕوای بەوە هەبوو لە رێگەی ئایینی ئیسلامەوە شۆڕشێکی ئایینی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کورد بەرپا بکات،[7] بەڵام بەهۆی کاریگەربوونی بە بیری سۆسیالیستیی‌و کارلێك کردن لەگەڵ رەوتە چەپەکانی ئەو قۆناغەی تورکیا دەستبەرداری بیرکردنەوەی ئایینیانەی خۆی بوو، بەڵام بەردەوام لە کتێب‌و بیروڕاو نوسینەکانیدا ئایین بە گشتیی‌و ئیسلام بەتایبەت‌و سیمبوڵەکانی بە سەرچاوەو پێشەنگ بۆ خۆی‌و خەباتەکەی‌و هەنگاوە سیاسییەکانی داناوەو بە گرنگییەوە ئاماژەی بۆ**

---

[1] ن.م، ص113.

[2] پێڕەوو پرۆگرامیPKK ، بەشی یەکەم، زنجیرەی دووەم، ر(وڵات)، ژ(109)، پێنج شەممە(16تشرینی دووەمی 1995).

[3] عبدالله اوج الان: اسلام‌و میهن دوستی، جامعە کردستان‌و طرح ترور من، ت(محمد رئوف مرادی)، چ2، مؤسسة چاپ‌و انتشارات دانشگاه تهران، 1383، ص(19-20).

[4] الدين والثقافة ومكانتهما فى تطور الانسانية فى الشرق الاوسط، مطبوعات ازادى، منشورات الحركة الشعبية، ص(122-123).

[5] د.عبدالفتاح على يحيى البوتانى: حزب العمال، م.س، ص121، وەمەکتەبی ناوەندی(پ.د.ك): PKKو رۆڵی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا، ل34.

[6] ئۆجەلان: داستانی، س.پ، ل(188-189)، وئۆجەلان: هەموو باش دەزانین عیبادەتی هەرە مەزن شەڕو جیهادە، ر(وڵات)، ژ(230)، پێنج شەممە(1997/4/13).

[7] عبدالله اوجلان: التاريخ مخفى فى يومنا ونحن مخفيون من بداية التاريخ، مطبعة(روناهى)، 2003، منشورات مدرسة مظلوم دوغان للكوادر، ص(74-75).

کردوون. ئەم کرانەوەیەی PKK زێتر  بە رووی ئیسلامیی سوننیدا بوو لە ساڵانی نەوەدەکان و دواتر، کە جەختی لە ناسنامەی ئیسلامییە سوونییەکەی کردەوە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ بەشێك لە کوردانی عەلەوییدا تووشی گرفتی کرد. ئەم کرانەوەیەش لە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەت و مامەڵانەی حکومەتی تورکیا بوو، کاتێك هێندێك ڕێ و شوێنی ئایینیی و تۆمەتی بێباوەڕیی لە دژی PKK گرتەبەر.[1]

لە کۆتاییدا سەرەڕای تێبینیکردنی گرتنەبەری ڕەوتی چەپی مارکسیزم– لینینیزم و هزری شۆڕشگێڕیی لەلایەن PKK ەوە، هاوکات تێبینی ئەوەش دەکەین، کە ئەم هزرە شۆڕشگێڕییە لای ئەم تەڤگەرە پشت ئەستورو بارگاوییە بە گرتنەبەری توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە، واتە بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی چەکداریی بە بنەمایەکی گرنگی هاوشانی خەباتە سیاسییەکە زانی و لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی سیاسیدا بەهۆی کارلێك کردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەدا کاری بۆ کرد.

[1] مارتن لایبزغ: الاسلام السیاسي بین الکرد، من کتاب مجموعة من الباحثین: الاثنیة والدولة، ص345.

# بەشی یەکەم

## (پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی نێوخۆییو دەرەوەی تورکیادا )

## باسی یەکەم- خەباتی چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان و کاریگەری لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا

### تەوەری یەکەم: هۆکاری راگەیاندنی خەباتی چەکداریی لای پارتی کرێکارانی کوردستان:

قۆناغی نێوان سالآنی (1973–1978)، بە قۆناغی چوارچێوەگرتنی ئایدۆلۆژیی PKK دادەنرێت،[1] چونکە لەم قۆناغەدا هەوڵی بێکاریگەر کردن و بەرکەنارکردنی هێزە نەیارەکانی دا، سەرەڕای ئەوەی هۆکاری لاوازی هەستی نەتەوایەتی و بڵاوبوونەوەی ناپاکی و بەکرێگیراوی و داردەستیکردن بۆ بێگانە لە نێوچە کوردییەکاندا هەبوو. دوای ئەوە ماوەی نێوان سالآنی(1978–1983) ئەو قۆناغەیە، کە PKK هەوڵی پارتیبوون، لە چوارچێوەی خەباتی سیاسییدا دەدات، بەشێوەیەك لە هەوڵی فراوانکردنی بنکەی جەماوەریی خۆیدا لە نێوچە کوردییەکاندا دەداو بە پلەی یەکەم زێتر تواناکانیان خستبووە سەر چالاکی سیاسیی.[2] سەرەڕای هۆکارە بابەتییەکان، بەڵام پێش ئەو دیرۆکەو دواتریش هێندێك رووداو و پێشهات هاتنە پێشەوە، کە PKK یان ناچار کرد پەنا بۆگرتنەبەری توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە ببات لە رێگەی بەکارهێنانی چەکەوە. جگە لەوەی دوای ئازادکردنی لە زیندان، ئۆجەلان بڕوای وابوو، کە شۆڕشی چەکداریی وەك پێویستییەك دەبێت بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاریی کاریگەر لە تورکیا.[3] بە دیاریکراویش روداوی کوشتنی(حەقی قەرار)ی یەکێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی گروپی ئاپۆچییەکان لە ساڵی 1977 دا، وایکرد ئەو گروپە لە گەڕەکی(ئۆنیس)ی باژێری دیاربەکر کۆببنەوەو بڕیار بدەن، کە پەنا بۆ پێڕەوکردنی زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕانە ببەن و[4] لەوێشەوە لەسەر لایەنی رێکخستن و دروستکردنی باس و خواسیان کرد. بێگومان ئەم پەنابردنەش لەو قۆناغەدا وەك کاردانەوەو ناچاریی وابوو، چونکە پێیان وابوو وا باشترە سەرەتا لە خەمی فراوانکردنی ئایدۆلۆژیاو بیری سیاسیی گروپەکەیاندا بن، نەك پەنا بردنە بەر چەك.[5] جەمیل بایك زێتر رۆشنایی دەخاتە سەر ئەمەو دەڵێت:"ئەگەر شەهیدکردنی حەقی قەرار نەبووایە، ئێمە ئەو هەنگاوەمان نەدەهاویشت، چونکە تا ڕوودانی ئەمە، ئێمە بە شێوازی سیاسیی کارو خەباتمان دەکرد. واتە ئامانجێکی وەهامان نەبوو، کە ئێمە خەباتی سەربازیی بەو شێوەیە پێش بخەین"، بەڵام هۆکاری پەنابردنە بەر چەك، جگە

---

(1) جمیل بایك: تاریخ حزب کارگران کردستان PKK، ج(اول)، چ1، چاپخانە(ازادی)، 2006، ل87، هەروەها بڕوانە (1978/11/27) پێچێکی مەزنە لە دیرۆکی کوردو مرۆڤایەتیدا، ر(وڵات)، ژ(42)، دووشەممە(28 تشرینی دووەمی 1994).

(2) برنامە واساسنامە کنگرە دهم PKK، ت(گروە فارسی اکادمی علوم اجتماعی عبدالله اوجالان)، چاپخانە(ازادی)، 2009، ل53، و(15ی تەباخ)، ئەو فیشەکەی مێژووی میللەتێکی گۆڕی، ر(وڵات)، ژ(82)، دووشەممە(14 ئابی 1995).

(3) Frank Bieszczat: Turkey and PKK from a Turkish Point of View, p2, look this link http://www.kentlaw.edu/perritt/courses/seminar/frank-bieszczat-final-Turkey-PKK-after-comments.htm.

(4) لە دایکبوونی PKK سەرلە نوێ ژیانەوەی گەلی کوردستانە، ر(وڵات)، ژ(112).

(5) نبیل الملحم: سەرۆك و گەل، ل51.

**لەوەی دۆخێکی ناچاری‌و کاردانەوە بوو، هاوکات بۆچوونیان وا بوو، بۆئەوەی زێتر گەشە بکەن‌و بچنە پێشەوە، پێویستییان بەچەك دەبێت، تا وەکو پارێزگاری لەو ڕێکخستن‌و خەباتە سیاسییەی ئەو قۆناغەیان بکەن، چونکە دامەزرێنەرو کەسایەتییە سەرەکییەکانیان کرابوونە ئامانجی تیرۆرکردن.[1] جگە لەوەی دەشتوانین ئەمە ناوبنێین هەنگاوی بەرگری لە خۆکردن لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەك‌و پەنابردنە بەر توندوتیژییەوە، بەڵام لە ساڵی 1978و ڕووداوی کوشتنی(خەلیل چاوغون)[2]ی کادرو ئەندامی PKK لەلایەن هۆزی سلێمانان بۆ ڕاوەستانەوە لە ڕووی جموجوڵی سیاسیی ئەو پارتە لەو نێوچەیە، ئیدی PKK خستە سەر بیری بایەخدان بە ڕێکخستنی چەکداریی‌و لێدانی ئەو چینە، چونکە دەرەبەگێتی بە ڕێگر دانراو پێیان وابوو لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکاریی تورکیادا یەکیان گرتووەو لێدانیشی بۆ بەخشینی هێزو بوێریی بوو بە خەڵك.[3] وێڕای ئەوەی، کە خودی ئۆجەلان وای دەبینی پێکهاتەی خێڵەکیی قۆرتە لە بەردەم یەکێتیی کورداندا.[4] بۆ ئەم مەبەستەش(محەمەد قەرە سونگوڕ)[5] ڕاسپێردرا، بۆئەوەی کار بۆ دروستکردنی ئەو ڕێکخستنە چەکدارییە بکات‌و دژ بە هۆزی سلێمانان بکەوێتە جەنگەوە.[6]**

**هەروەها ڕوداوی کۆمەڵکوژییەکەی مەرعەش، کە لە( 25 ی کانوونی یەکەمی 1978/12) دژی نێوچە کوردییە عەلەوی نشینەکان ڕوویدا، هاوکات لە نێوەڕۆکدا دژی جموجوڵ‌و چالاکی PKK ش بوو، چونکە سەرەتای چۆڵکردنی کوردستان بوو لە ڕێگەی گوشار خستنەسەر عەلەوییەکان، لەبەرئەوە ئەم ڕووداوە وردە وردە لاوازیکردن‌و لە نێوچەکانی خۆیان هەڵاتن. جگە لەوەی لە نێوچەکانی مەلاتیەو ئادیامان کوشتوبڕ کرا بوو.[7] هەر لەم ماوەیەداو بەدیاریکراوی لە ڕۆژی(1979/7/31)دا لە گوندی (قرباشی) PKK هەوڵی کوشتنی محەمەد جەلال بوجاقی**

---

(1) حەسەن جودی: مێژوویێك، ل(182–183).

(2) خەلیل چاوغون: ساڵی 1954 لە حەلوان لە خێزانێکی هەژار لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی‌و ئامادەیی لەو شارە خوێندووەو ناوەندیشی لە ئورفە. دواترو ساڵی 1971 ڕۆیشتۆتە پەیمانگەی خانەی مامۆستایان، بەڵام بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی نەیتوانیوە تەواوی بکات. لە سەرەتای پێکهێنانی گروپی ئایدۆلۆژی PKK ەوە پێوەندی کردووە. ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە جێگیرکردنی خەباتی سیاسیی ئەو پارتە لە نێوچەی حەلوان. لە ڕۆژی(1978/5/18) لەلایەن هۆزی سلێمانانەوە کوژراوە، بڕوانە فوزی سليمان: الشهيد خليل چاوغون لبنة صلبة فی مسيرة الاستقلال والحرية، ر(وڵات)، ژ(42)، الاثنين(تشرين الثانی 1994).

(3) شاهین دیرکی: 18 ايار يوم الشهادة والبطولة والمجد، جر(وطن شمس)، ع(12)، السبت(1996/5/25)، ویادی 19 ساڵەی دامەزراندنی PKK ، ر(وڵات)، ژ(ت)، پێنجشەممە(27 تشرینی دووەمی1997).

(4) Frank Bieszczat: Turkey and PKK from a Turkish Point of View, p2.

(5) محەمەد قەرە سونگوڕ: یەکێك لە دامەزرێنەرانی PKK بووەو ئەرکی ئامادەکاری خەباتی چەکداریی لە نێوچەی سیڤرەك‌و حەلوان خراوەتە ئەستۆ، لەگەڵ(ئیبراهیم بیلیگین)، یەکێك لە ئەندامانی پارتەکەی لە ڕۆژی(1983/5/2) لە جەنگی نێوخۆیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و لایەنەکانی نێو بەرەی جود لە چیای قەندیل کوژران، بڕوانە ر(وڵات)، ژ(ت)، (تشرینی دووەمی 1997).

(6) حەسەن جودی: مێژوویێك، ل(193–194).

(7) جميل بايك: تاريخ حزب، ل(158–159)، و بروسکەی ئۆجەلان بەبۆنەی 18هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی PKK، ر(وڵات)، ژ(210)، دووشەممە(2 کانوونی دووەمی 1996)، ویادی 19ساڵەی دامەزراندنی PKK، ر(وڵات)، ژ(ت)، پێنجشەممە(27 تشرینی دووەمی1997).

**سەرۆکی هۆزی بوجاقی داو تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، لەلایەکی تریشەوە هێندێك لە کادیرەکانی لە نموونەی شاهین دۆنمەز خۆیان رادەستی دەسەڵاتدارانی تورکیا کردەوە.[1] لە رۆژی(12ی ئەیلوولی 1980)دا گروپێکی سەربازیی کودەتایەکی چەکدارییان لە تورکیادا بەرپاکرد، کە جگە لەوەی هۆکارو پاڵنەرەکانی تەنگژەی ئابووریی و مەترسیی گەشەکردنی رەوتی چەپ و ئیسلامی سیاسیی لەو وڵاتەدا بوو، هاوکات گەشەکردنی جوڵانەوەی کورد بەگشتیی و PKK ش هۆکارێکی کاریگەر بوو.[2] لەو رووەوە لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە رۆژی(1981/10/22)دا هاتووە:" کە یەکێك لەسەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە تورکیا، کە چاوپێکەوتنی بۆ رۆژنامەی(دەیلی تەلەگراف) کردووەو دەقی چاوپێکەوتنەکەشیان لەگەڵ ئەم بەڵگەنامەیەدا هاوپێچ کردووە، ئاماژەی بەوە داوە، کە توانای ئەوەیان هەبووە لە ریزەکانی سوپادا راپەڕین و یاخیبوون بەرپا بکەن، یان لە نزیکترین کاتدا خۆپیشاندانی کوردان رێکبخەن لە تورکیاو پلانی ئەوەشیان هەبووەو ئومێدیان وا بووە بەو نزیکانە وەرچەرخان دروست بکەن و کۆتایی بەو بارودۆخ و چەوساندنەوە بێنن".[3]**

**دژی کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)، PKK بەیاننامەیەکی دەرکردو تێیدا هەڵوێستی خۆی لە بارەوە خستەڕوو، رایگەیاند:" ئەم کودەتا سەربازییە بە فیت و تەڵەکەی ئەمریکاو ناتۆ بۆ لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی و سەربەخۆیی لە کوردستان و هێزە چەپڕۆکانی تورکیا جێبەجێ کراوە". هەروەها باس لە ئامانجی پشت کودەتاکەش دەکات و تێیدا هاتووە:"مەبەست لە کودەتاکە بریتییە لە رێکخستنەوەی بارودۆخ لە تورکیا، لە رێگەی لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی لە کوردستان، بە شێوەیەك دژی حزبمان(پارتی کرێکارانی کوردستان)، کە ترسێکی گەورەی بۆ تورکیاو کۆلۆنیالیزمی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروستکردووە، بۆیە ئامانجیان لە نێوبردنی تێکۆشانمان و جوڵانەوەی پێشکەوتووخوازیی چەپڕۆیی تورکیایە...".[4]**

**لە بەڵگەنامەیەکی تری نهێنی بەشی دەزگەی باشووری ئەوروپای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە رۆژی(1981/2/19)دا هۆکاریی و پشتیوانی رۆژئاوا بۆ کودەتاکە روونکراوەتەوەو تێیدا**

---

[1] حەسەن جودی: مێژوویێك، س.پ، ل(255–256). لە شوێنێکی تردا(7/20) هاتووە. بڕوانە هەڤاڵ جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل289.

[2] د.طلال یونس الجلیلی: صعود التیار الاسلامی فی ترکیا، رسالة دکتوراة غیر منشورة، کلیة التربیة، جامعة الموصل، 1999، ص(131، 137)، و ش.کانی دەوکی: کودەتای 12ی ئەیلوولی 1980 تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟ ر(وڵات)، ژ(316)، پێنج شەممە(1998/8/17). هێندێك سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن، کە کودەتاچییەکان ترسی ئەوەیان هەبووە ناسەقامگیریی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ببێتە هۆی ئەوەی لەلایەن ئەفسەرانی بچووکی نێو سوپاوە کودەتای سەربازیی بکەن و لە کۆنترۆڵی فەرماندە سەربازییەکان دەربچێت، بڕوانە فیروز احمد، تدخل العسکریین، ص204.

[3] نامەی کونسوڵ(R J Rawlinson) لە بەشی باشووری ئەوروپا لە ئەنقەرە، لە دیرۆکی(1981/10/22)، ئەرشیفی( The National Archives, London, Richmond, Surrey)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(2) لە پاشکۆ.

[4] بەیاننامەی نوێنەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەیروتی پێتەختی لوبنان بەنێونیشانی(الی شعوب الشرق الاوسط)، لە(1980/9/12)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(3)، ئەرشیفی (بنکەی ژین بۆبووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

ئاماژە بەوە کراوە، کە :"بە هۆی ئەندامبوونی تورکیا لە ناتۆ، هەر گۆڕانکارییەك لە سیستێمی سیاسیی تورکیادا بێتە ئاراوە، کاریگەری لەسەر ئەو نێوچە نەوتییە ستراتیژییانەی، کە کەوتوونەتە نێو بەرژەوەندییەکانی رۆژئاواوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبێت". هەر لەو بەڵگەنامەیەدا ئەوە خراوەتەڕوو:"تورکیا ئێستا دووچاری قەیرانی تیرۆرو ئابووریی و سیاسیی بۆتەوە لە چاو ئەندامانی تری ناتۆداو کێشەی کورد لە تورکیا جێگەی بایەخ نییە لە چاو کێشەی کورد لە عێراق و ئێران".[1] بۆیە کودەتاکە PKK ی خستە سەر بیری ئەوەی تورکیا بەرەو دەرەوە جێبهێڵن، ئەویش بە دوو قۆناغ بوو:

قۆناغی یەکەم– کشانەوەی رێژەیی، پێشتر لە ساڵی 1979 ەوە دەستیپێکرد بوو، کە زێتر ئۆجەلان و چەند هاوڕێیەکی بەرەو سوریا رۆیشتن.

قۆناغی دووەم– کشانەوەی گشتیی و پێویست، کە لەگەڵ هاتنی حکومەتی کودەتاکەدا بوو، چونکە هێرش و گوشاری توندی کردە سەر سەرکردایەتی PKK. ئەم جێهێشتن و کۆچکردنەش لەلایەك کشانەوەو کۆچی ناچاری بوو لەسەر بنەمای بەرخودان و شۆڕش و لەلایەکی تریشەوە وەك کرانەوەی PKK بەڕووی دەرەوەدا وێنا کرا.[2] لەمەشدا پەنا بۆ سوریا برا، دوای جێهێشتنی تورکیا، بەهۆی بوونی گروپ و رێکخراوە چەپە رزگاریخوازە شۆڕشگێڕە فەلەستینییەکان[3]

دوای گیرسانەوە لە سوریاو پاشماوەیەك PKK یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە رۆژانی(15–1981/7/16) گرێداو تێیدا بڕیاری لەسەر گەڕانەوە بۆ نێو تورکیاو باکووری کوردستان، بەمەبەستی بونیاتنانەوەی رێکخستنی چەکداریی دا.[4] ئەوەی جێگەی تێبینی و لەسەر راوەستانە، لە کاتی گەڕانەوەدا PKK زێتر باژێرە گەورەکانی کردە ئامانج و دەستنیشانی کردن، ئەمەش لەبەرئەوە بوو، کە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بەتایبەت ئەو باژێرە کوردییانەی دراوسێی باژێرە تورکییەکان بوون لە نموونەی (عەنتاب) پێشکەوتووتر بوون. هەروەها بۆئەوەی نەکەونە داوی دەرەبەگەکانەوە. دیسان بۆ ئەوەش بوو، کە کادیری پێشکەوتووخوازو رۆشنبیر بهێننە نێو رێکخستنەکانیانەوەو پشتیان پێببەستن.[5] کاتێکیش PKK لە مانگی (8ی 1982)دا دووەمین کۆنگرەی خۆی بەست. تێیدا مەسەلەی

---

(1) نامەی کونسوڵ(R J A Martin) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە دیرۆکی(1981/2/19)، ئەرشیفی( The National Archives, London, Richmond, Surrey)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(4) لە پاشکۆ.

(2) سعد ناجی جواد: دراسات فی المسالة القومیة الکردیة، ص34.

(3) میخائیل م.جونتر: الاکراد، ص41.

(4) رعد عبدالجلیل مصطفی: صراع، ص116.

(5) لە دایکبوونی PKK، ر(وڵات)، ژ(112).

**دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لەسەر بنەمای جەنگی گەریلایی خستە بەر باس.[1] هەروەها بڕیاری ناردنەوەو ئاراستەکردنی ژمارەیەك گروپی چەکداریی بۆ باکووری کوردستان دەرکرد، کە ژمارەیان (350) چەکدار بوو.[2] ساڵانی نێوان (1982-1984) وەك قۆناغێکی پێشوەختە بۆ پشکنین و ناسینی جوگرافیای کوردستان و دروستکردنی پێوەندی لە نێوان خەڵك و شۆڕشدا وەك خۆئامادەکردن بۆ جەنگی گەریلایی تەرخانکرا.[3] بۆ ئەم مەبەستەش بە گوێرەی تاکتیکی PKK نێوچەی بۆتان بە گونجاو زانرا بۆ دەستپێکردنی جەنگی چەکداریی، چونکە بە پێی جوگرافیای ئەم نێوچەیە بۆ جەنگی درێژخایەنی گەریلایی گونجاو بوو، لەبەرئەوەی بۆتان سێگۆشەیەکی سنووری بوو لە نێوان عێراق و سوریا و تورکیادا، کە نێوچەکانی شیرناخ و سلۆپی و ئەروهو بەرواری لە خۆدەگرت و بەگوێرەی ئەو نێوچەیەی PKK دیاریکرد بوو، تا نێوچەی هەکاری درێژ دەبۆوە.[4]**

**سەرەڕای بڕیاری دەستپێکردن و ئامادەسازیی و گەڕانەوەی ژمارەیەك گروپی چەکدار، بەڵام ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی دواکەوت،[5] تا سەرکردایەتی PKK لە نێوچەی لۆلان لە کۆبونەوەیەکدا ڕۆژی (15ی ئابی 1984) دیاری دەکەن و بە کرداریش لەو دیرۆکەدا لە نێوچەکانی(شەمدینان، ئەروهو شیرناخ) لە چوارچێوەی جەنگی گەریلاییدا بەشێوەی هێرشبردن بەسەر سێ گروپی (30 چەکدار)و لە ژێر ڕابەرایەتی مەعسوم قۆرقماز (عەگید)دا دابەشکران و[6] خەباتی چەکداریی دەستپێکرد.[7] سەبارەت بەم دیرۆکەش بۆچوونێکی تر هەیە، باس لەوە دەکات، سەرەتا (14ی ئاب) دیاری کراوە، بەهۆی ئەوەی ئەو دیرۆکە یادەوەری خەباتی نێو زیندانی سەرکردەو ئەندامەکانی PKK بوو، کە پێکهاتوون لە هەریەکە**

---

(1) PKK PROGRAMI VE TÜZÜĞÜ, PKK Olağanüstü 7. Komgresı. 17 Ocak 2000, p16.

(2) عبدالله اوجلان: مسيرة روما، ط1، 2002، منشورات، صوت كردستان، السلسلة العربية (5)، ص112.

(3) ر(وڵات)، ژ(ت)، (26 تشرینی دووەمی1996).

(4) Selahattın Çelık: Ağrı dağını taşmak, p64.

(5) ئۆجەلان دەڵێ بڕیار بوو ساڵی 1982 دەست پێبکەین، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێندێك کەس نەیانتوانی بەئەرکی خۆیان لەو دیرۆکەدا هەستن و لەولاشەوە بوونی جەنگی عێراق– ئێران، ئیدی PKK کارەکەی دواخستووە، بڕوانە عبدالله اوجلان: خارطة الطريق، قضايا الدمقرطة فى تركيا، نماذج الحل فى كردستان، ت(زاخو شيار)، مط(ازادى)، 2012، ص100.

(6) مەعسوم قۆرقماز(عەگید): لە ساڵی 1956 لە نێوچەی باتمان لە دایکبووەو لە ساڵی 1976 لە ڕێگەی مەزلۆم دۆغانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ هێڵی شۆڕشگێڕیی پەیدا کردووە. فەرماندەیەتی و سەرپەرشتی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK ی لە (15ی ئابی 1984)دا کردووە. لە ڕۆژی(1986/3/28) لە چیای گابار بەدەستی سوپای تورکیا کوژراوە، بڕوانە ش.عاکف: هەفتەی قارەمانێتی، بانگەوازی ویژدانە، دەنگی مرۆڤایەتی و شۆڕش و ژیانە، ر(وڵات)، ژ(146)، پێنج شەممە(28ی ئاداری 1996).

(7) حەسەن جودی: مێژوویێك، ل328، وصبرية احمد لافى: الاكراد فى تركيا، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، جامعة المستنصرية، سلسلة الدراسات التركية(22)، 1985، ص119.

**له (کەمال پیر، محەمەد خەیری دورموش، عاکیف یەڵماز، عەلی چیچەك)،[1] بەڵام بەهۆی کەمی کاتو پێڕانەگەیشتنی، رۆژێك دواخراوە بۆ (15ی ئاب).[2] پرۆسەکەش ناونرا بوو (بتەقێنەو رابکە).[3] لێرەدا گرنگە بپرسین بۆچی لەو دیرۆکەو لەلایەکی تریشەوە سەرەتا ئەو نێوچانە دەستنیشانکران، کە PKK یەکەم چالاکی چەکداریی تێدا رابگەیەنێت؟ لە راستیدا هۆکاری خودیی و بابەتی بوونیان هەبوو، ئەوانەی خودیی بوون، جگە لە کوشتنی حەقی قەرارو خەلیل چاوغون، کە PKK ی ناچارکرد بیر لە پەنابردن بۆ توندوتیژیی چەکداریی بکاتەوە، هاوکات بزوتنەوەکەشیان مەترسیی لە نێوچوونی لەسەر بوو.[4] ئەمە جگە لەوەی بیری مارکسیزم- لینینیزم، کە PKK وەك ئایدۆلۆژیای خۆی بە بنەما وەریگرتبوو، لە نێوەڕۆکدا بڕوای بە چارەسەری شۆڕشگێڕانەو لەو چوارچێوەیەشدا بەکارهێنانی توندوتیژیی و پەنابردن بۆچەك هەبوو. لەمبارەوە (محەمەد خەیری دورموش)، کاتێك لەبەردەم دادگەی حکومەتی تورکیا راوەستا بوو، لە کاتی دادگەییکردندا بەئاشکرا بە داوەرەکەی وت:"بزوتنەوەکەمان وەك پرینسیپ، توندوتیژیی شۆڕشگێڕانەی قەبوڵکرد، کە لەگەڵ بیری مارکسیزم- لینینزمدا دژ نییە. یەکێك لە مەرجە تایبەتییەکانی سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازیی نیشتمانی، بریتییە لە بوونی رێکخستنێکی بەهێزو بونیاتنانی بەرەیەك، یان گرتنەبەری خەباتی چەکداری دوورمەودا".[5]**

**هاوکات PKK هەر لە سەرەتاوە بە هزری توندوتیژیی چەکدارانەی گروپە چەپەکانی وەك(سوپای رزگاریی میللیی)ی دەنیز گەزمیشو(بەرەی رزگاریی میللیی)ی ماهیر چایان کاریگەر بوو، چونکە ئەمانە یەکەم گروپ بوون، کە لێدانی چەکدارانەیان ئاراستەی حکومەتی تورکیا کرد.[6] هەرچی هۆکارە بابەتییەکانیشە خۆی دەبینێتەوە، لە:**

---

(1) هەریەکە لە (کەمال پیر، محەمەد خەیری دورموش، عاکیف یەڵماز، عەلی چیچەك) ماوەی(60-66) رۆژ لە زینداندا مانیان لە خواردنو خواردنەوە گرتو لە رۆژی(14ی تەموزی 1982) بەو هۆیەوە هەر چواریان گیانیان لە دەستدا، بڕوانە ر(وڵات)، ژ(ت)، (26 تشرینی دووەمی 1996)، وفوزی سلیمان: مقاومات السجون تراث شعبی کردستان الغنی، جر(وطن شمس)، ع(13)، السبت،(1996/6/8).

(2) حەسەن جودی: مێژوویێك، ل(328-329، 351).

(3) د.ابراهیم الداقوقی: اکراد ترکیا، ص199.

(4) گولستان گوربای: تطور الحرکة القومیة الکردیة فی ترکیا منذ ثمانینات القرن العشرین، فی کتاب: هنری بارکی واخرون: القضیة الکردیة فی ترکیا، ص64، رعد عبدالجلیل: صراع، ص122، ئۆجەلان: هەڵبژاردە، ل(116، 120).

(5) نص محاکمة محمد خیری دورموش واصدقائه ماخوذ من کتاب مظلوم دوغان: المقاومة.

(6) اوجلان: مسالة الشخصیة، ص56، و احمد شمیم: ماساة الیسار الترکی، من کتاب: نوبار هوفیسبیان واخرون: ترکیا بین الصفوة البیروقراطیة والحکم العسکری، ص171.

**یەکەم- نکوڵیکردنی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد:**

لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، نەك بەتەنها نکوڵی لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد کردووە، بەڵکو نکوڵی لە بوونی کورد وەك نەتەوەو ئیتنییەکی جیاواز لە نەتەوەی تورك کردووە، تەنانەت هەوڵی تواندنەوەشی داوە، لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستدا.[1] ئەم جۆرە نکوڵیکردنە لە تێڕوانینی بیری کەمالیزمەوە بۆ چەمکی نەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێك پێناسەی نەتەوە بەم جۆرە دەکات، کە:" کۆمەڵێك لە هاوڵاتیانن، بێ گوێدانە ناسنامەی ئیتنییان، لە راڤە یاساییەکەشیدا، نکوڵی لە بوونو پارێزگاریی کەمینەی ئیتنیی دەکات".[2] ئەم جۆرە تێڕوانینە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی ئاخافتن دەربارەی جیاوازیی روناکبیریی بە هەڕەشە لەسەر یەکێتی رووناکبیریی و نەتەوەیی دادەنێت. بەوەش هەر گوزارشتکردنێك لە ناسنامەی کوردیی قەدەغە کردووە. تەنانەت رێگە نادرێت ناو بە مانا نەتەوایەتییە کوردییەکەی لە تورکیا لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیدا بەکاربهێنرێت.[3]

گرفتی گەورەی ئەم نکوڵیکردنە، سەرباری ئەوەی لە لێکدانەوەی بیری کەمالیزمەوە بۆ نەتەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوکات دەسەڵاتدارانی تورکیا بە کردەوەو لە چوارچێوەی دەستوورو یاساشدا لە ژیانی سیاسیی و فەرمانڕەواییدا تیۆریزەیان کردووەو دەستوورە جیاوازەکانی تورکیا وەك کەمینەی نەتەوایەتیش ناوی نەتەوەی کوردیان نەهێناوەو نکوڵی لێدەکەن. تەنانەت بەگوێرەی مادە یاساییەکانی نێو ئەو دەستورانە رێگریی و هەڕەشە لە پارتە سیاسییەکانی نێو ئەو وڵاتەش دەکرێت، کە بیانەوێت، پرسی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی مافە سیاسییەکانی کەمینە ئیتنی و نەتەوایەتییەکان لە پێڕەوو پرۆگرامیاندا جێگیر بکەن. بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین، کە هیچ پارتێکی سیاسیی ئامادە نییە، دان بە PKK دا بنێت، چونکە لای ئەوان لە هیچ روویەکەوە مۆڵەتی یاسایی نییە.[4] لێرەوە چەند نموونەیەکی مادە دەستورییەکانی تورکیا دەخەینە ڕوو:

لە دەستووری ساڵی 1961، مادەی (3) دەڵێت:" دەوڵەتی تورکیا بەخاك و نەتەوەوە یەکپارچەیەو شایستەی پارچە پارچە کردن نییە". هەروەها مادەی (75):"پێڕەوو پرۆگرام و چالاکی پارتە سیاسییەکان، پێویستە لەگەڵ بنەماکانی یەکپارچەیی دەوڵەت و نەتەوەیی

(1) میخائیل م.جونتر: الاکراد، ص38.

(2) گولستان گورباى: تطور الحركة، ص39.

(3) اوجلان: مسيرة روما، ص31، د.ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ص186.

(4) اندرو فنكل وليم هيل: السياسة واجراءتها فى الانتخابات التركية العامة عام 1987، ماخوذ من اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا، المجتمع والدولة، ت(محمد الدورى وعدنان مصطفى)، ط1، دار الحكمة، بغداد، 2002،ص140، وگولستان گورباى: تطور، م.س، ص(40-42).

**تورکیادا کۆك بن".[1] هەرچی مادەکانی (80– 90)، کە دەربارەی پارتە سیاسییەکانەو لە تەمووزی 1965دا بڕیاری لەسەر دراوەو پەسەند کراوە. دروستکردنی ئەو جۆرە پارتە سیاسیانەی قەدەغە کردووە، کە جەخت لەسەر بوونی فرە نەتەوە لەوڵاتدا بکەنەوە، یان هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی کەمینەکانی نێو وڵاتەکەیان بدەن، یان خەبات لە پێناو وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی نێوچەیەکی دیاریکراودا بکەن.**

**لە پێشەکی دەستووری 1982 دا هاتووە:"هەموو هاوڵاتییەکی تورك، مافی بەدەستهێنانی ژیانی هەیە لە بوارەکانی کولتووریی و نەتەوەیی و پێشکەوتن و بیناکردنی یاساو گەشەپێدانی لایەنی مادی و رۆحیی خۆیدا". لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە لە دەسپێکەوە جەخت لە رەگەزی تورکی کراوەتەوەو رەگەزەکانی تر فەرامۆشکراوەو تەنانەت ناسنامەشیان بە ئەنقەست لە بیر کراوە، ئەمەش تەنها ئەوە دەخاتەڕوو، کە جگە لە رەگەزی تورکیی، نەتەوەو رەگەزی دیکە لە تورکیادا بوونی نییە. دیسان ئاماژەیەکە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و ئیتنیی هەموو ئەوانیتری کوردو لازو چەرکەس و ئەرمەن و کورتکردنەوەی بە تەنها لە رەگەزی تورکییدا. هەروەها مادەی (26) دەڵێت:"لە کاتی قسەکردن یان نوسین و چاپکردنی بیرو بۆچوونتان، ناکرێت ئەو زمانە بەکار بێت، کە بەیاسا قەدەغە کراوە". بەگوێرەی مادەی(28):"نابێت هیچ نوسینێك بەزمانی نەتەوە قەدەغەکراوەکان چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە".[2] هاوکات مادەی (42)ش ئاماژە دەکات بەوەی ، کە:"جگە لە زمانی تورکیی هیچ جۆرە زمانێکی تر بۆی نییە، لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت و وانەی پیێ بوترێتەوە وەك زمانی دایك".**

**هەروەها یاسای ژ (2932)ی رۆژی (1993/10/22)ی بەدوادا هات بۆ بەهێزکردنی ئەو مادە دەستووریانەی تایبەت بەزمانی کوردی بوون، کە دەڵێت:"بە تەواوی گوزارشتکردن یان بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوون بە هەر زمانێك، جگە لە زمانی فەرمیی و سەرەکیی دەوڵەت، کە تورکیا دانیپێدا ناوە قەدەغەیە". هەر بە گوێرەی یاساکە"زمانی دایکی هاوڵاتیانی تورکیا بریتییە لە زمانی تورکی و بەکارهێنانی هەر زمانێکی تری ناتورکی وەك زمانی دایك قەدەغە دەکات".[3] لە هەمان کاتدا مادەی (68) لە دەستووری 1982 دەبێژێت:"پێڕەوو پرۆگرامی پارتە سیاسییەکان نابێت ناکۆك بن لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵەت و وڵات و نەتەوەدا". لەگەڵیشیدا لە مادەی (70) هاتووە:"هەموو تورکێك مافی ئەوەی هەیە کارمەندی دەوڵەت**

---

[1] م.ئە. حەسرەتیان: یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد لە سەردەمی نوێدا، و.(د.دلێر ئەحمەد)، چ1، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، 2007، ژمارە(6)، ل(78،88).

[2] میخائیل م.جونتر: تقالید السلطة المطلقة، ت(سعاد ابراهیم خضر)، م(شؤون ترکیة)، ع(4)، کانون الاول 1992، مرکز الدراسات الاستراتیجیة والبحوث والتوثیق، ص23.

[3] ن.م.

**بێت". سەرەڕای مادەی (76) کەتێیدا ئەوە دەخاتەڕوو :"هەر تورکێك تەمەنی گەیشتە (30) ساڵ دەتوانێت خۆی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێرێت". دواجار مادەی (132) دەڵێت:"لە حاڵەتی کارو کردەوەی توندتیژیدا، کە هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی یەکپارچەیی، ئەوا ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت دۆخی ئاوارتە رابگەیەنێت".[1]**

**دووەم- پێڕەوکردنی توندوتیژیی دژی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە:**

**جگە لەوەی بە یاساو دەستوور تورکیا نکوڵی لە پرسی کورد دەکرد، هاوکات دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە شێوازی توندوتیژییان بۆ سەرکوتکردنو نکوڵیکردنی نەتەوەیی کورد دەگرتەبەر، بەتایبەتیش دوای کودەتاکەی (12ی ئەیلوولی 1980) سیاسەتی لە نێوبردنو چەوساندنەوەی فیزیکیو رۆحیی،[2] چ لە دەرەوەو لە نێو کۆمەڵگەی کوردییو نێوچە کوردنشینەکانو چ لە نێو زیندانەکانیشیاندا گیرایەبەر.[3] هەڕەشەکانی(کەنعان ئێڤرن)[4]ی سوپا سالاری سوپاو سەرانی کودەتاکە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەم ڕووەوە، کاتێك لە رۆژی(1981/11/19) لە لێدوانێکیدا بۆگۆڤاری(دێر شپیگڵ)ی ئەڵمانی رایگەیاند:" راستە لە تورکیادا کورد هەیە، بەڵام رێگەیان پێنادرێت وڵات دابەش بکەنو ناهێڵین شتێکیان لە ئێمە چنگ بکەوێتو هەرچی لە تواناماندا بێ دەیکەین بۆ لە بنەوە دەرهێنانی ئەم مەسەلەیە".[5]**

**ئەم توندوتیژییە لەلایەك لەوەوە سەرچاوەی گرت بوو، کە دەسەڵاتدارانی تورکیا کۆمەڵگەی تورکییان لەسەر بنەمای ئیتنی دابەشدەکرد، بە پێڕەوکردنی چەمکی(نێوەندو دەرەوە یان نێوەندو پەراوێز)،[6] ئەمە وایکرد بوو تاڕادەیەکی زۆر رەگەزی تورکیی خۆی لە**

---

[1] م.ا.حسرتیان و م.س.لازاریف و خ.مگوی: کردستان معاصر، ت(کامران امین افه)، مسائل جنبش کرد، کتبانمای دل اباد، ص47، و م.ئەی. حەسرەتیان: یاسا دەستوورییەکانی، ل(108-113).

[2] اوجلان: خارطة الطريق، م.س، ص100.

[3] جون بلوك وهارڤی موريس: لا اصدقاء سوى الجبال، التاريخ الماساوى الكورد، ت(حكيم عبدالله)، ط1، مط(هاوار)، دهوك، 2009، ص200.

[4] کەنعان ئێڤرن: لە(17ی تەمموزی 1918 لە هەرێمی مانیسا لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی تەواو کردووەو چۆتە قوتابخانەی جەنگیو وەك ئەفسەر لە پۆلی تۆپ هاوێژ ساڵی 1938 دەرچووە. لە ساڵی 1949 ئەکادیمیای وشکانی بە پلەی ئەفسەر روکن تەواو کردووە. سەرۆکایەتی سوپا سالاریی تورکیای گرتۆتە دەستو سەرکردایەتی کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)ی کردووەو دواتر وەك سەرۆك کۆماری تورکیا لە (1982/11/9- 1989/11/9) کاری کردووە، بڕوانە د.حامد محمد طة السويدانى: قضية حزب العمال الكردستانى واثرها على العلاقات التركية- الروسية(1984-1999)، مج(دراسات اقليمية)، ع(29)، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، 2013، ص241.

[5] د.جبار قادر: قضايا كردية معاصرة، ص201.

[6] مەبەست لە چەمکی(ناوەندو دەرەوە یان نێوەندو پەراوێز) بریتییە لەو تێڕوانینە رەگەزپەرستییەی، کە نەتەوەی سەردەست بە نەتەوەی رەسەن دەزانێتو نەتەوەکانی تر، کە لەگەڵیدا دەژین وەك غەوارەو نەتەوەی خزمەتکار دەبینن، بێگومان ئەمەش پێوەندییەکی پتەوی بەتێزی راسیزم بۆمێژووەوە هەیە، کە هەریەکە لە نازیزمی ئەڵمانیو فاشیزمی ئیتالیو کەمالیزمی تورکی رۆڵیان لە بەرجەستە کردنیدا هەبووە، بڕوانە عقيل سعيد محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسيات، الدوحة- قطر، 2012، ص6.

**رووبەڕووبوونەوەی هەریەکە لە ڕەگەزەکانی تری(کوردو ئەرمەن و عەرەب)دا ببینێتەوە.[1] لەلایەکی ترەوە بەهۆی باڵادەستیی و هەژموونی سەربازیی(کە خۆی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا دەبینێتەوە)، بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی لەو وڵاتەدا، بەشێوەیەك لای دەسەڵاتی سەربازیی مەسەلەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتیی و مەترسییەکی چاوەڕوان کراو بوو، سەبارەت بە بنەمای(یەکێتیی گەل و خاك و نەتەوە شایانی پەرتبوون نییە). لەبەرئەوە پرسی کورد وەك پرسی جوداخوازیی لە قەڵەم دەدا. بۆیە تا قۆناغەکانی دواتر ڕێگەو شێوازی بنەڕەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەسەلەی کورد بەگشتیی و PKK دا بەتایبەت لەلایەن تورکیاوە بریتیی بوو لە پێڕەوکردنی توندوتیژیی لە چوارچێوەی سیاسەت و چارەسەری ئاسایشیی و سەربازییدا، بەشێوەیەك بنەمای سیاسەتی تورکیای بەرامبەر PKK پێکهێناوە.[2] بۆیە پێڕەوکردنی زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلامارو مەترسی پێویست بوو، کە وەکو سەرەتایەکیش خرایە نەخشەی کاری ڕۆژانەی PKK وە.[3]**

**سێیەم- جیاوازیکردن لە ڕووی گەشە پێدانی ئابوورییەوە:**

**ئابووریی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەکردنی نەتەوەو هۆشیاریی نەتەوایەتیدا. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا ئەمەشیان وەك چەك و ئامرازێك دژ بە کوردو بەتایبەتیش PKK بەکاردەهێنا لەو قۆناغەداو جیاوازییان لە نێوان پێکهاتە ئیتنییەکانی نێو وڵاتەکەیاندا دەکرد، بەجۆرێك زۆربەی کورد، کە لە باکووری کوردستاندا بوون لە ڕووی گەشەپێدانی ئابوورییەوە بێبەش بوون، لەکاتێکدا نێوچە تورك نشینەکان سودمەند بوون. سەرەڕای ئەو هۆکارە بابەتییانەی ئاماژەمان پێکردن، هۆکاری تریش بوونیان هەبوو، بەتایبەتی زەمینەو ژینگەو ئەو قۆناغە مێژووییەی تورکیای لەوکاتەدا پێدا تێپەڕ دەبوو، لە ساڵانی شەستەکان بەدواوە، قۆناغێك بوو، کە توندوتیژیی و ململانێی سیاسیی بەگشتیی و توندوتیژیی و ململانێی چەکداریی بەتایبەت لە نێو کۆمەڵگەی تورکیی و بەدیاریکراویش لە نێوان ڕەوتی ڕاستڕۆو چەپڕۆی سیاسیی تورکیادا، یاخود چ لە نێو ڕەوت و ڕێکخستن و ڕێکخراوە چەپە تورك و کوردییەکاندا، یەکێك لە خەسڵەت و سیما دیارەکانی ژیانی سیاسیی ئەو قۆناغەی مێژووی هاوچەرخی تورکیا بوو.[4] واتە ئەگەر لەلایەکەوە ململانێ سیاسییەکان و قۆناغە مێژووییەکە ڕۆڵیان هەبوو بێت، ئەوا دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی تورکیش لەلایەکی ترەوە لەسەر بنەمای ڕەگەزو نەتەوەی جیاوازو لەسەر بنەمای چینایەتی، دیسان ڕۆڵیان لە**

---

[1] رعد عبدالجليل مصطفى خليل: العنف السياسي فى تركيا، دراسة فى الاسباب والمظاهر، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، سلسلة الدراسات التركية، رقم(3)، ص6.

[2] گولستان گوربای: تطور الحركة القومية، من هنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ص(40،45).

[3] 1978/11/27، پێچێکی مەزنە.

[4] رعد عبدالجليل مصطفى: العنف السياسى، ص13, و د.طلال يونس الجليلي: صعود التيار الاسلامى، ص131.

بەرهەمهێنانی توندوتیژییدا هەبوو. ئەمەش پاڵنەر بوو بۆئەوەی کارایی لەسەر PKK دابنێت رووەو پەنابردن بۆ توندوتیژیی چەکداریی، چونکە زیاتر چینە سەردەستەکانی وەك شێخ‌و دەرەبەگ‌و ئاغاو زۆرێك لە پیاوانی ئاینی لەگەڵ دەوڵەتدا بوون‌و لەولاشەوە چینە زەحمەتکێشەکانی وەك کرێکارو رەنجبەرو پاڵەو خاوەن پیشە بچووکەکان لەگەڵ رەوت‌و رێکخراوە چەپەکاندا بوون‌و بەشێکی گەورەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی PKK یان پێکدەهێنا.

هەر لە درێژەی هۆکارە بابەتییەکاندا، دوای کودەتاکەی(12ی ئەیلوولی 1980)و پەنابردنی زۆربەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕە چەپە نهێنییەکان بۆ نێوچە کوردییەکان‌و گواستنەوەی چالاکییان، کاریگەری هەبوو لەوەدا، کە PKK وەك چەپێکی خاوەن تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە دەربکەوێت‌و پشت بە خەباتی چەکداریی ببەستێت‌و توندوتیژیی بەکاربهێنێت، چونکە ئەو بزوتنەوەو گروپانە، جگە لەوەی بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لە پێش چاوی دەسەڵاتدارانی تورکیا بەرەو نێوچە کوردییەکان رۆیشتن، هاوکات لە پێناوی هەماهەنگی خەباتیش بوو لەگەڵ جوڵانەوەی کوردیدا، بەتایبەت کە ئەمانیش شێوازی خەباتی چەکدارییان وەك شێوازی تێکۆشانی دیموکراسیی گرتەبەر. لەو بزوتنەوەو گروپانەش(حزبی شیوعی شۆڕشگێڕیی تورکیی(Turk Dwvrmici Komunit Partisi-TDKP بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی Dev-solو...تاد) بوون.[1] هەروەها باس لە هۆکاری نێوخۆیی تورکیاش دەکرێت، بەوەی کە هێزی شاراوەی خاوەن هەژموون‌و دەسەڵاتی راستەقینە هەیە، بەتایبەت لە فەرمانگەی جەنگیی تایبەت، کە پاڵ بە بارودۆخەکانەوە دەنێت بەرەو قەیران‌و هەموو تەقەلایەك دەدات بە ڕووی جوڵانەوەی کوردیدا، بۆئەوەی PKK پەنا بباتە بەر چەك‌و توندوتیژیی چەکداریی. هاوکات داخستنی هەموو کەناڵە دیموکراسییەکان بە ڕووی چارەسەرکردنی پرسی کورد دا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی تورکیاوە، لە دۆخێکی وادا چەك‌و توندوتیژیی دەبێتە تەنها شێوەیەکی خۆ بەرجەستە کردن، چونکە چارەسەری سیاسیی نائامادەیە.[2]

دواجار بەشێکی تری هۆکارەکان پێوەندی بە چەمکی شۆڕش‌و ململانێ‌و توندوتیژییەوە هەبوو، چونکە ئەگەر شەڕ بریتیی بێت لە یەکێك لە دیاردەکانی ململانێی دەرەکیی توندوتیژ، ئەوا شۆڕش دەکەوێتە لوتکەی شێوەکانی ململانێی ناوەکییەوە، کە بەتوندوتیژیی جیادەکرێتەوە. لەبەرئەوە لە زاراوە نێودەوڵەتییەکاندا شۆڕش کارێکە لە کارەکانی توندوتیژیی، کە شێوەی ململانێی چەکداریی وەردەگرێت، بەجۆرێك لایەنێك بەڕووی حکومەتەکەیاندا پێی هەڵدەستن‌و لە یاساکانی دەچنە دەرەوە. لە زۆربەی کاتەکانیشدا

---

[1] د.ابراهیم الداقوقی: اکراد ترکیا، ص189.

[2] د.جبار قادر: قضایا کردیة معاصرة، ص179، و کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ1، چا(روون)، سلێمانی، سلێمانی، 2011،، ل207، و علی الغوار: حزب العمال، ص65.

چینێکی میللیی یان نێوچەیەك لە هەرێمێکی دەوڵەت ئەنجامی دەدەن، کە دەخوازن لە گوێڕایەڵیی حکومەتەکەیان رزگاریان ببێت.[1] لە فەرهەنگی سیاسیدا چەمکی شۆڕش بە مانای :"گۆڕانکاریی کتوپڕو رەگوو ریشەیی دێت، لە بارودۆخی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیدا بە کۆتاییهێنان بەفەرمانڕەوایی‌و سیستێمی کۆمەڵایەتی و یاسایی ئەو فەرمانڕەواییە بەشێوەی توندوتیژیی‌و هێندێك کاتیش بێ توندوتیژیی‌و رای جیاوازی لەسەرە چەمکەکە.[2] لە بنەڕەتیشدا خەباتی چەکداریی شێوەیەکە لە شێوەکانی ململانێی نێوخۆیی، بەڵام PKK وەك شێوەیەکی بنەڕەتی خەبات بە بنەما وەریگرتووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە پشتی بە چەمکی شۆڕش بەست بوو، ئەویش پشتی بەستووە بە توندوتیژیی وەك تاکتیکی بنەڕەتیی.

**تەوەری دووەم- شێوازو قۆناغ‌و ئامانجەکانی راگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK:**

کاتێك PKK خەباتی چەکداریی راگەیاند، زیاتر لەسەر شێوازی(جەنگی پارتیزانی) یاخود جەنگی گەریلایی بوو،[3] نەك جەنگی بەرەیی. بێگومان ئەمەش لەلایەك پێوەندیی بە نابەرابەری هێزی هەردوولاوە هەبوو، بەشێوەیەك سوپای تورکیا بە قەبارە زۆرو گەورەو خاوەنی چەکی پێشکەوتوویی سەربازیی‌و لەلایەکی ترەوە هێزی چەکداریی PKK کەم‌و دیاریکراوو چەکی پێشکەوتووی ئەوتۆشیان پێنەبوو. PKK بە چەند قۆناغێك دەستی بەخەباتی چەکداریی کرد. وەك قۆناغی سەرەتایی، کە زیاتر خۆی لە پڕوپاگەندەی چەکداریدا دەبینییەوە، تێیدا پشت بەرێسایەکی دیاریکراوو جێگیر نەدەبەستراو گروپی چەکدار هەڵدەستان بە جوڵەو ئاراستەکردنی لێدان لە نێوەندێکدا، کە ترس‌و ملکەچی زاڵبوو بەسەریدا. ئامانجیش لێی نەهێشتنی ترس‌و دروستکردنی بوێریی‌و کردنەوەی کەناڵی پێوەندیی بوو لەگەڵ میللەتدا.

قۆناغی دووەم، بریتیی بوو لە پێڕەوکردنی توندوتیژیی تاکەکەسیی، کە خۆی لە کردەی کوشتن‌و بەسزا گەیاندنی ئەو خەڵکانەدا دەبینییەوە، کە PKK وەك خەڵکی ناپاك‌و بەکرێگیراو لە قەڵەمی دەدان. ئەم توندوتیژییە تاکەکەسییە لە قۆناغی خەباتی ئایدۆلۆژییەوە تا پێکهێنانی گروپە چەکدارییەکان دەگرتەوە. ئەمەش بە ئامانجی گەمارۆدانی ئەو ترس‌و تیرۆرەی، کە ئامانج لێی پارچە پارچە کردن‌و لەبەر یەك هەڵوەشاندنی PKK بوو. قۆناغی سێیەمیش، قۆناغی کۆچکردن‌و جێهێشتنی تورکیای دەگرتەوە لەلایەن PKK ەوە بۆ سوریا و لەوێشەوە نیشتەجێبوونیان لە لوبنان‌و کردنەوەی سەربازگەی راهێنانی گەریلایی‌و

[1] د.عبدالرحمن خليفة: ايدولوجية الصراع السياسي، دراسة فى نظرية القوة، دار المعرفة الجامعية، مصر، 1999، ص(249–250).

[2] د.عبدالوهاب الكيالى واخرون: موسوعة السياسية، ج1، تنكوبرس الحديثة، شرك المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت– لبنان، 1985، ص870 .

[3] جەنگی پارتیزانی یان گەریلایی بە شێوازێکی پێشکەوتووی شەڕ دادەنرێت، بەجۆرێك لە نێوان دوو هێزی ناهاوسەنگ روودەدات، کە لایەنێکیان بەهێزێکی بچووك‌و توانایەکی زۆر کەمەوە، روبەڕووی هێزێك دەبێتەوە، کە لە ڕووی چەکداریی‌و تەکنەلۆژییەوە خاوەن توانایەکی زۆرە، بڕوانە رێبوار: بۆچی PKK جەنگی پارتیزانی هەڵبژارد؟ ر(وڵات)، ژ(92)، دووشەممە(1995/9/18).

ئامادەکردنی گروپی چەکداریی.[1] هەرچی قۆناغی چوارەمیشە، لە دیرۆکی راگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK لە (15ی ئابی 1984) تا قۆناغەکانی دواتر دەگرێتەوە.[2]

PKK ئامانجی زۆری لە راگەیاندنی خەباتی چەکداریی لەو دیرۆکەدا هەبوو، چونکە ویستی پەیامێك بگەیەنێتە دەوڵەتی تورکیا، کە سەرەڕای هەموو سیاسەتەکانی گرتن‌و زیندانیکردن‌و ئەشکەنجەدان‌و لە سێدارەدان‌و کوشتنی سەرکردەو ئەندام‌و کادرەکانیان بوونیان ماوەو تەنانەت توانای مەیدانخوازیی چەکداریشیان هەیە. لە راستیشدا ئەم هەنگاوە شتێکی کتوپڕو پێشبینی نەکراو بوو لای تورکیا، چونکە چ لە باکووری کوردستان‌و چ لە نێوچەکانی تری تورکیاشدا زۆربەی رێکخراوە چەپەکان بەهۆی کاریگەرییەکانی ئەو سیاسەتانەی دوای کودەتاکەی(12ی ئەیلوولی 1980) گیرابوونە بەر تورکیایان جێهێشتبوو، هەروەها زەبری گەورەشیان بەرکەوتبوو، جگە لەوەی میللەتیش باوەڕی بە زۆربەی رێکخراوەکانی تر نەما بوو.[3] لەو ماوەیەشدا هیچ شۆڕش‌و راپەڕینێکی چەکداریی روونەدا، بەڵام PKK توانی ئەو بێدەنگییە تێکبشکێنێت. تەنانەت تورکیا لەو قۆناغەدا ئەو پارتەی وەك گروپێکی بچووکی چەکداریی بێ رۆڵ‌و کاریگەری دەناساند، کە هیچ پشتگیرییەکی جەماوەری نییەو ئامادەش نەبوو لە بەرامبەریاندا چەمکی شەڕیش بەکاربێنێت. هاوکات جوڵانەوەی کورد لەو قۆناغەدا لە دۆخێکی لاوازیدا بوو، سەرەڕای ئەو دابەشبوونەی لە جەستەی جوڵانەوەکەدا هەبوون‌و خەڵکی کوردستانیش نائومێدو نیگەران بوون.[4] بۆیە ئامانجەکانی راگەیاندنی خەباتی چەکداریی بریتیی بوو لە خستنەگەڕی توانای شۆڕشگێڕیی‌و تەیارکردنی نەتەوە لە ڕووی سیاسیی‌و سەربازی لەسەر بنەمای لە نێوبردنی سەرمایەداریی‌و دواتر سەربەخۆیی کوردستان‌و رزگاربوون لە ژێر دەستەیی. لەهەمان کاتدا نەهێشتنی دەسەڵاتی داگیرکاریی لە کوردستان لە ڕووی سەربازیی‌و سیاسیی‌و ئابووریی‌و کولتوریی‌و کۆمەڵایەتییەوەو جوڵاندنی ئەو توانا شۆڕشگێڕییەی، کەلای ئەندام‌و کادیرانی PKK هەبوو.[5]

**تەوەری سێیەم- بایەخ‌و دەرئەنجامەکانی خەباتی چەکداریی:**

راگەیاندنی خەباتی چەکداریی لەلایەن PKK ەوە لە (15ی ئابی 1984)و بەو چالاکیە چەکدارییانە چەند بایەخ‌و گرنگییەکی هەبوو، لەوانە: لەو دیرۆکە بەدواوە PKK لە قۆناغی پڕوپاگەندەی چەکدارییەوە پێی نایە قۆناغی گەریلاییەوە(ئەگەرچی دواترو لە هەندێك دۆخدا گەڕایەوە سەر پێڕەوکردنی پڕوپاگەندەی چەکداریی)، چونکە لە قۆناغەکانی دواتردا

---

(1) درر الکلام، ص38.

(2) PKK PROGRAMI VE TÜZÜĞÜ, PKK Olağanüstü 7. Kongresı. 17 October 2000, p16.

(3) هەڤاڵ جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل475، و د.حامد محمود عیسی: القضیة، ص282.

(4) کرستینا کۆیڤونەن: جەنگی شاراوە، ل206، و د.ابراهیم الداقوقی: اکراد ترکیا، ص198، و حەسەن جودی: مێژوویێك، ل352.

(5) انطلاقة 15ی اب دشنت التاریخ المعاصر وصفق ضمانة النصر، جریدة(ولات)، ع(27)، السنة الثانیة، الاثنین(1994/8/18).

خۆئامادەکردنی چەکداریی فراوانتر بوو.[1] جگە لەوەی کاریگەریی هەبوو لەسەر رەواندنەوەی ترس لە دەسەڵاتی سیاسییو سەربازیی تورکیاو ژیاندنەوەی ئومێدی رزگاریی بوو، بەتایبەتیش دوای کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)، کە باڵی بەسەر لایەنی دەروونی خەڵکو بزوتنەوەی چەپی تورکیاو نەیارەکانی دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەدا کێشا بوو، بۆیە ئەو ترسەی شکاندو سەرەتایەك بوو بۆ گواستنەوەی بوێریی بۆ نێو خەڵك. وەك ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت:"دیواری ترسی روخاندو چاوی خەڵکی کوردستانی کردەوە".[2] هەروەها کاریگەریی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا هەبوو، چونکە PKK بە ئامادەکارییو رێکخستنو ئیرادەوە بڕیاری جەنگی چەکداریی راگەیاند، چونکە ئەو رووداوە تەنها دوورایییەکی چەکدارییو سەربازیی نەبوو، هێندەی سیاسییو ئایدۆلۆژییو رێکخستنیش بوو.[3] بۆیە لەو دیرۆکە بە دواوە تورکیا لەسەر ئاستی نێوخۆییو دەرەکیی حساباتی وردتری بۆ پرسی کورد بە گشتییو PKK بەتایبەت دەکرد. سەرەڕای ئەوەی کاریگەریی لەسەر لایەنی سەربازیی تورکیا هەبوو، چونکە(کەنعان ئێڤرن) کاتێك سەردانی شەمدینانی کرد، لەوێ وتارێکی پێشکەشکردو سوپای حەوتەم، کە لە ویلایەتی دیاربەکر لە کاتی جاڕدانی ئەحکامی عورفییەوە ساڵی 1983 جێگیر کرا بوون، دەستی بەپرۆسەی کێوماڵکردنی فراوان بە دوای چەکدارانی PKK لە نێوچە شاخاوییەکانی سێگۆشەی(هەکاری، سیرت، ماردین)دا کرد.[4] لەسەر ئاستی پێوەندیی هەرێمییو سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کاریگەریی گەورەی هەبوو، چونکە لێرەوە زیاتر تورکیای هاندا، کە پێوەندییە سیاسییو سەربازییو دۆستانەییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی نێوچەکە بە گشتییو عێراقو ئێرانو سوریا بەتایبەت لە چوارچێوەی پێوەندییە هەرێمییەکاندا پتەوتر بکات بۆ روبەڕووبوونەوەی مەترسیی چەکداریی PKK.

لەلایەکی ترەوە لەو دیرۆکەوە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسییو چەکداریی PKK دەستیپێکرد، چونکە دواتر هێزی رزگاریی کوردستان(HRK)ی راگەیاندو لە نەورۆزی 1985 یشدا بەرەی نیشتمانیی رزگاریی کوردستان(ERNK)ی دامەزراند.[5] ئەگەرچی وەك بەرەیەکی میللییو مەدەنییو ئامرازێکی پڕوپاگەندەیی ناسرا، بە ئامانجی یەکخستنو کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی بنەماو هزری سیاسی PKK یان قبوڵ بوو، بەڵام هاوکاریی چالاکییە چەکدارییەکانی دەکرد.[6] هەروەها مەعسوم قورقماز(عەگید)یش یەکەم فەرماندەی ئەو بەرەیە بوو. لە رووی ئابوورییەوە ساڵانە زیانی نزیکەی(8) ملیار دۆلاری لە تورکیا دەدا، کە ئەو وڵاتە

---

[1] هەڤاڵ جومعە: مێژووی، ل(478-479).

[2] هەنگاوی(15ی ئاب) لە بۆچوونە جیاوازەکاندا، ر(وڵات)، ژ(29)، دووشەممە(1994/8/29)، و 15ی تەباخ.

[3] حەسەن جودی: مێژوویێك، ل(354-355).

[4] د.ابراهیم الداقوقی: اکراد، ص199.

[5] میخائیل م.جونتر: الاکراد، ص(56-57)، وهەڤاڵ جومعە: مێژووی، ل477.

[6] سعد ناجی جواد: دراسات، ص35.

**ئەو بڕە پارەیەی  بە سەر گوندپارێزان و پۆلیس و سیخوڕەکانی لە باشووری کوردستان دابەش دەکرد، جگە لە قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی تر، کە لە نێوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بوون.[1] سەرەڕای خەرجی سوپا و جەنگەکانی دژی PKK.[2]**

**بەڵام سەرباری ئەو بایەخ و گرنگییانەی خەباتی چەکداریی PKK هەیبوو، هاوکات لە کەموکوڕیش بەدەر نەبوو، لەوانە: مەبەستی سەرەکی PKK لە سەرەتای ڕاگەیاندن و ئەنجامدانی خەباتی چەکدارییەوە لە (15ی ئابی 1984) زیاتر ناردنی پەیامێکی مەیدانخوازیی بوو بۆ دەسەڵاتی سەربازیی تورکیا دوای کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980)، بەهۆی ئەو سیاسەتە توندوتیژەی دەرهەق بە کورد بەگشتیی و بەرامبەر ئەندام و سەرکردە و کادرانی ئەو پارتە گرتبوویانە بەر لە باکووری کوردستان لە گرتن و ڕاوەدونانەوە تا دەگاتە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و کوشتن و لە سێدارەدان، چونکە جەمیل بایك(هەڤاڵ جومعە) باس لەوە دەکات، بە ڕاگەیاندنی(15ی ئاب)، خەڵکی نێوچەی بۆتان دەرکەوتن و ئامادەبوون بەشداری لەو خەباتە چەکدارییەدا بکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەرنامەی PKK بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو ڕەوش و دەرئەنجامە، دواجار وەڵام نەدانەوەی خەڵك و گێڕانەوەیان بۆ ماڵەکانی خۆیان، وایکرد زیانێکی گەورە لە خەباتی سیاسیی و چەکداریی PKK لەو قۆناغەدا بکەوێت، چونکە کاتێك PKK دەستبەرداری ئەو خەڵکە بوو، بە ئاراستەیەکی پێچەوانە تورکیا سودی لێبینین و هەر ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی سیستێمی گوندپارێزاندا ڕێکیخستن، کە ئەرکی سەرەکیشیان ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی PKK بوو. لەمبارەوە نموونەی گوندی (ئۆسیان) دێنێتەوە، کە پێشتر شوێنی حەوانەوەی کادرەکانیان بووە، بەڵام دوای ئەوە زۆربەی خەڵکەکەی بوونەتە گوندپارێز.[3] هەروەها کاتێك کۆبوونەوە کراوە بۆ قسەکردن و تاوتوێکردنی ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی لە (15ی ئابی 1984) تەنها قسە لەسەر ئەو قۆناغە کراوە، نەك قۆناغی دوای ڕاگەیاندن و دەرئەنجامەکانی، چونکە پێیان وابوو لەو دیرۆکەدا دەستپێشخەری سیاسیی و چەکداریی لە دەستیاندا بووە و توانای ئەوەیان هەبوو شەڕ و دەرئەنجامەکانی بە قازانجی خەباتی سیاسیی خۆیان و پرسی کورد بەکاربێنن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە.[4] هەروەها پشت بەستنی یەکە چەکدارییەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتیی و پێچەوانەی بنەماکانی خەباتی چەکداریی و مانەوەی زۆر لە گوندەکان و جێگیر نەبوون لە دەوروبەریان، بەتایبەت لە کاتی**

---

(1) د.حامد محمد طه السويداني: قضية حزب العمال الكردستاني واثرها على العلاقات التركية– الروسية(1984–1999)، مج(دراسات اقليمية)، ع(29)، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، 2013، ص226.

(2) CINK SARACOGLU: KURDS OF MODERN TURKEY, Migration,Neoliberalism and Exclusion in Turkish Socity, I.B.T AURIS Publishers, LONDON. NEW YORK, TURAIS ACACEMIC, p92.

(3) هەڤاڵ جومعە: مێژووی، ل478.

(4) هـ.س، ل479.

**شەودا لەسەر شێوەی یەکەی بچووکی چەکداریی پێکهاتوو لە (3–5 چەکدار).[1] هەروەها جوڵانو جموجوڵی گروپە بچووکە چەکدارییەکان بە شێوەی ئاشکراو کەوتنە نێو نەخشەی سەربازیی تورکیاوە. جگە لەوەی هەڵنەسەنگاندنی باری جوگرافیای نێوچە کوردنشینەکانو ئەو شوێنانەی چالاکی چەکداریی تێدا ئەنجام دەدراو جوڵە نەکردن بە گوێرەی ڕێساکانی خەباتی چەکداریی بەشێوەیەکی باشترو هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ خەڵکی گوندەکاندا، بەجۆرێك پێڕەویکردنی لە بنەمای(یان نانمان دەدەنیّ، یان روبەڕووتان دەبینەوە).[2] سەرەڕای ئەوەی زیان گەیاندن بە هێزی گەریلایی PKK بەهۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری گەریلاو سەرکردەو فەرماندە گەریلاییەکانیان لە جەنگەکاندا، لە ڕاگەیاندنی خەباتی چەکدارییەوە، سەرەڕای کوژرانی هەزاران هاوڵاتیی کوردو تورکو جەندرمەو سەربازانی سوپای تورکیا، کە کاریگەری هەبوو لەسەر هێزی مرۆیی لە هەردوولا.[3]**

[1] درر الکلام، ص38.

[2] ن.م، ص39.

[3] بۆ زانینی وردەکاریی ژمارەی قوربانیانی جەنگی نێوان PKK و دەوڵەتی تورکیا بڕوانە خشتەی ژ(1)، لە پاشکۆی هێڵکارییو خشتەکان.

## باسی دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی نێوخۆیی تورکیادا

### تەوەری یەکەم- سیاسەتی ئاسایشیی و سەربازیی

لە سەرەتای دەرکەوتن و جموجوڵی PKK وەك گروپێکی ئایدۆلۆژیی لە ساڵانی حەفتاکانەوە، جێگەی سەرنجی حکومەتی تورکیا بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو قۆناغەدا زۆر نهێنی بوون، هاوکات بەهۆی بوونی گروپی تری سیاسی چەپ و توندبوونەوەی ململانێی سیاسیی لە نێوان ڕەوتی چەپ و ڕاستڕۆی تورکیا، کەمتر توانیبوویان چاودێریان بکەن.

دواتر بەهۆی فراوانبوونی چالاکی سیاسییانەوە و بەهۆی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بارودۆخی نێوخۆیی لە تورکیا، وەك دەسپێکی سیاسەتی ئاسایشیی وردە وردە دەسەڵاتی سیاسیی لەو وڵاتە، کەوتە چاودێریکردن و هەوڵی خۆخزاندنە نێویانەوە، کە دەشێت وەك دەسپێکی سیاسەتی نێوخۆیی تورکیا دەرهەق بە PKK ی تۆمار بکەین، بەتایبەت هەوڵی ناردنی کەسانی سیخوڕ. هەروەك ئەو پارتە خۆیان ئاماژە بە بوونی کەسانی سیخوڕی سەر بە دەوڵەت لە ریزەکانیاندا لە نموونەی (عەبدوڕەحمان و پیلۆت[1] و فاتیمە یاخود کەسیرە یەڵدرم، شاهین دونمەز، محەمەد شەنەر،...تاد) دەکەن و ئەو تۆمەتە دەخەنە پاڵیان، کە دواتر دووەمیان دەبێتە هاوژینی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتەکە. بە دیاریکراویش بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانەی لە نێوان ئۆجەلان و کەسیرەدا هەبووە، سەرباری ئەوەش سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە بنەماڵەکەی کەسیرە سەر بە دەوڵەت بوون و لە شۆڕشی دێرسیمدا هاریکاریی دەوڵەتیان کردووە، بەڵام گوایە بۆ سود وەرگرتن لە پێگەی بنەماڵەکەی و ژنبوونی خۆی بێدەنگ بوون لە ئاستیدا.[2] بەڵام زیاتر سیاسەتی فەرمی تورکیا دەرهەق بە PKK دوای ڕاگەیاندن و دامەزراندنی پارتەکە بوو لە ساڵی 1978 بە دواوە، چونکە هەوڵی کوشتنی فایەق بوجاقی سەرۆك هۆزی بوجاق لە نێوچەی سیڤرەك، کە دۆستی دەوڵەتی تورکیا بوو، حکومەتی بە ئاگاهێنایەوە لە بوونی وەها گروپ و پارتێکی سیاسیی. دواتریش تورکیا کۆمەڵکوژی عەلەوییەکانی لە(25 کانوونی یەکەمی 1978) لە مەرعەش جێبەجێکرد. بۆیە یەکەمین

---

[1] پیلوت: ناوی نەجاتی کایایەو نازناوەکەی(پیلوت)ە، واتە فڕۆکەوان لەبەرئەوەی پیشەی فڕۆکەوان بووە. یەکێك لە سیخوڕانی نێو گروپی ئاپۆچییەکان بوو، کە دواتر بەهۆی سەرنەگرتنی ئیشەکەی و هێندێك هۆکاری تر بە ڕووداوی تێکشکانی فڕۆکە گیانی لە دەستدا، بڕوانە عبدالله اوجالان: زبان وعمل انقلاب، ص57.

[2] بەشێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری PKK لەوانە جەمیل بایك و محەمەد خەیری دورموش بەئاشکرا باسیان لە سیخوڕ بوونی کەسیرەو هەڵسوکەوتی نەشیاوو ڕێز نەگرتنی بەرامبەر ئۆجەلان کردووەو هەوڵدان بۆ کوشتنی کەسیرە بە نهێنی و بێئەوەی ئۆجەلان بزانێت کراوە، بەڵام دواتر زانیویەتی ڕازی نەبووە بیکوژن، بڕوانە هەڤال جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل(146-147، 200-202)،، هەروەها بڕوانە هەڤپەیڤینی میراز باران لەگەڵ ساکینە چانسز ڕۆژی(2/ت2004/1)، لە ر(ڕووداو)، ژ(245)، دووشەممە(2013/1/21) دووبارە بڵاوکراوەتەوە. ساڵی 1976 هاوسەرگیریی لەگەڵ ئۆجەلاندا کردووەو تەڵاق ڕووینەداوە لە نێوانیاندا، بەڵکو لێکدابڕان ڕوویداوەو لە (1988/9/2) کەسیرەو حسێن یڵدرم لە PKK جیابوونەتەوە. بڕوانە د. احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة الترکیة، والواقع والمستقبل، ط1، دار زهران للنشر والتوزیع، عمان، 2010، ص269 و میخائیل م. جونتر: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص47.

**سیاسەتی فەرمیی لە چوارچێوەی ڕێ و شوێنی ئاسایشییدا دژ بە PKK بریتیی بوو لە ئەنجامدانی کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980) لەلایەن ژمارەیەك ئەفسەری پلە بەرزی نێو سوپای تورکیا، چونکە هەر زوو بە دیاریکراویش لە سەرەتای ئەو ساڵەوە بەرپرسە باڵا سەربازییەکان، سێ ئاگادارکردنەوەیان ئاراستەی حکومەتەکەی سلێمان دیمێریل[1] کرد، بۆ تاوتوێکردن و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پشێویی و ئاڵۆزیانەی ڕەوشی نێوخۆی تورکیای گرتبۆوە،[2] چونکە لە بنەڕەتدا هۆکاری کودەتاکە بریتی بوو لەوەی مەترسیی گەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لەسەر سیستێمی سیاسیی و لایسێتی دەوڵەت. بەتایبەت دوای بەڕێوەچوونی مەراسیمی ڕۆژی قودس، لەلایەن پارتی سەلامەتی نیشتمانییەوە بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان.[3] بە بەشداری زیاتر لە (100)هەزار کەس، کە تێیدا دروشمی ڕزگارکردنی قودس و هێرشکردنە سەر سیستێمی عەلمانیی و داواکردنی رووخاندنی و جێگرتنەوەی بە دەوڵەتی ئیسلامیی بەرز کرابوویەوە.[4] لە کۆنگرەی چوارەمیشدا لە(15ی تشرینی یەکەمی 1978) هوتافی(یان ئیسلام یان مەرگ)یان بەرز کردەوە، جگە لە لێدوانەکانی نەجمەدین ئەربەکان لە ڕۆژی(12ی حوزەیرانی 1979) دا.[5]**

---

(1) سلێمان دیمێریل: لە (1924/10/6) لە گوندی(ئیسلام کوی) لە دایکبووەو ئەندازیاری خوێندووەو ساڵی 1954 بۆتە بەڕێوەبەری گشتی یەکێك لە دامەزراوەکانی تایبەت بە ئاوو بەنداوەکان و نازناوی(پاشای بەنداوەکان)ی بەسەردا بڕاوە. لە ساڵی 1964 وەك سەرۆکی پارتی عەدالەت هەڵبژێردراوە دوای جەنراڵ جوموسبالا. دوای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری 1965 نزیکەی (240) کورسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنا حکومەتی لە ئەندامانی پارتەکەی پێکهێناو زێتر تەرکیزی لەسەر دژایەتیکردنی شیوعییەت بوو، لە سیاسەتی دەرەوەشدا نەرم بوو . دیمێریل توانی جارێکی تر درێژە بە فەرمانڕەوایی بداتەوە، پاش هەڵبژاردنی 1969، بەڵام لە ساڵی 1970 حکومەتەکەی دەستی لەکار کێشایەوە. ساڵی 1977 دیسان پارتەکەی دیمێریل توانی ژمارەیەکی گەورەی کورسییەکانی پەرلەمان بباتەوە لە هەڵبژاردنداو حکومەتی ئیئتلافی دروست بکات. بەهۆی کودەتای 1980 ەوە لە کاری سیاسی دوورخرایەوەو دوای لێبوردنی گشتی پارتی ڕێگەی ڕاستی دامەزراند. لە(1993/5/16) پاش مردنی ئۆزال وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێر دراو لە(1996/5/18) هەوڵی تیرۆرکردنی درا، بڕوانە د.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: الصراع بين اليمين واليسار فی ترکيا وانعكاساتها على سياستها الخارجية، مج(كلية التربية الاساسية)، ع(71)، 2011، ص52.

(2) د.ابراهيم خليل و د.خليل على: ايران وترکيا، م.س، ص302، ود.ياسر احمد حسن: ترکيا البحث عن المستقبل، ط1، دار المصرية اللبنانية، 2006، ص(79–80)، و د.ابراهيم الداقوقی: اكراد ترکيا، م.س، ص188.

(3) نەجمەدین ئەربەکان: ساڵی 1926 لە شاری سینوب لە دایکبووە. کۆلیژی ئەندازیاری کیمیاوی ساڵی 1948 تەواوکردووەو بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەڵمانیا بەدەستهێناوەو بۆتە مامۆستا لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە. پاشان بۆتە ئەندازیار لە کارگەیەکی زرێپۆش. وەك ئەندام پەرلەمانێکی سەربەخۆی شاری قۆنیە خۆی کاندید کردووە. پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی لەحکومەتە ئیئتلافیەکەی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری لە ساڵی 1974 گرتۆتە دەست و ئینتیمای بۆ ڕێبازی نەقشبەندی هەبووە. لە 1996–1997 گەیشتۆتە سەرۆکایەتی حکومەت و لە ڕۆژی(2011/2/27) لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەنقەرە لە تەمەنی 84 ساڵیدا مردووە، بڕوانە د.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: الصراع بين اليمين واليسار فی ترکيا، م.س، ص(50–51).

(4) د.طلال يونس الجليلی: صعود التيار الاسلامی فی ترکيا، اطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل، 2007، ص(136–137)، و د.حامد محمود عيسى: القضية الكردية فی ترکيا، م.س، ص276.

(5) ماجید محی عەبدولعەباس: ڕۆڵی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا(1960– 1980)، لە کتێبی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامیی لە تورکیا(1946–2012)، و.(بەرزان مەلا تەها)، چ1، چاپخانەی(کارۆ)، سلێمانی، 2013، ل101.

هەروەها مەترسیی گەشەکردنی رەوتی چەپ لە تورکیاو بڵاوبوونەوەی تیۆری سیاسییو توندوتیژیی بەهۆی پێکدادانی چەکدارییی لە شەقامەکاندا لەگەڵ رەوتی راستڕۆی ئەو وڵاتەو شلۆقبوونی سیستێمی سیاسیی،[1] بەتایبەت دوای دزەکردنی دەزگەی سیخوڕیی تورکیا بۆ نێو رێکخراوە چەپەکان هەست بەو مەترسییە کرا. هەروەها ترسی ئەمریکاش لە دروستبوونی مەترسیی لەسەر سیستێمی سەرمایەدارییی لە تورکیا، بەهۆی گەشەکردنی رەوتو رێکخراوە چەپەکانی ئەو وڵاتە. جگە لە رووخانو کۆتایی هاتنی سیستێمی شاهەنشایی پەهلەوی لە ئێرانی هاوپەیمانیداو هاتنە ناوەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەو قۆناغە بۆ ئەفغانستانو بەهێزبوونی بەرەی سۆسیالیستیی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.[2] سەرباری ئەوەی مەترسیی گەشەکردنی جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد بە گشتییو بەتایبەت PKK لە ئارادا بوو، لەبەرئەوەی کودەتاکە زیاتر دژی PKK بوو، چونکە لە قۆناغی پشکوتنو گەشەکردنی سیاسیی سەرەتادا بوونو بە کرداریش بەهۆی ئەو کودەتایەوەو رێو شوێنی سەرانی کودەتاکە ژمارەیەکی زۆر کادرە باشەکانی لەدەستدا،[3] بەجۆرێك بەیاننامەی یەکی سوپا، دوای کودەتاکە بە روونی باس لە مەترسی ئەو پارتە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دەکاتو تێیدا هاتووە:"دەوڵەتو دامودەزگەکانی لە کارکردن وەستاون. پەیکەری دەستوریی پڕە لە دژیەکی، هەروەك پارتە سیاسییەکان چون یەکنین لە هەڵوێستیانو ئاتاجیان بە گۆڕانی پێویست هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات. ئاکامی هەموو ئەو فاکتەرانە، هێزە کوردییەکان چالاکیان زۆر بووە. ژیانو موڵكوماڵی هاووڵاتیان لە ئاسایشدا نین. هێرشەکان بۆ سەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە وەك قوتابخانەو زانکۆو دەزگەکانی داوەرییو رێکخراوەکانی کرێکارانو جگە لەوانیش، وڵات بەرەو جیابوونەوەو جەنگی نێوخۆیی دەبەن...". بەیاننامەکە هۆکاری کودەتاکە بۆ ناچاربوونی سوپا لە پێناو پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتو مافو ئازادی گەلی تورکیاو گرەنتی ژیانی خەڵكو...تاد، پاساو دەدات.[4]

بۆیە لەبەر ئەم هۆکارانە کاتژمێر(4.15)ی بەرەبەیانی رۆژی هەینی(12ی ئەیلوولی 1980) بە سەرکردایەتی سوپا سالار کەنعان ئێڤرن، سوپا کودەتایەکی سەربازی

---

[1] عايشة جاغلار: الذئاب الرمادية كتعبير مجازي، ماخوذ من اندرو فنكل ونوكهت سيرمان: تركيا المجتمع والدولة، م.س، ص106، ود.احمد عبدالعزيز محمود: تركيا في القرن العشرين، دراسة جغرافية سياسية، ط1، مط(رۆژهەڵات)، اربيل، 2011، ص(95–96، 102).

[2] رژێمی 12ی ئەیلوول 14ساڵە تورکیا بەرەو هەڵدێر دەبات، ر(وڵات)، ژ(31)، دووشەممە(1994/9/12)، و سالار اوسي: تركيا وامريكا، ص24.

[3] Selahattın Çelık: Ağrı dağını taşmak, Çağdaş Kürt halk direnişi, p47.

[4] عقيل سعيد محفوض: جدليات المجتمع والدولة في تركيا، المؤسسة العسكرية والسياسة العامة، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2013، ص50.

**ئەنجامداو[1] کۆتایی بە حکومەتەکەی دەمیرەل هێناو هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانو پیران هەڵوەشێنرایەوەو زۆربەی سەرکردە سیاسییە چەپو ئیسلامییەکانیش دەستگیرو زیندانیکران.[2]**

**هاوکات لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسایشییو سەربازیی تورکیادا چەندین سەرکردەو ئەندامو کادری PKK دەستگیرکرانو خرانە زیندانەکانەوەو ژمارەیەکیشیان بە دارا کرانو ئەم سیاسەتە تا قۆناغەکانی کۆتایی ململانێی نێوانیان بەردەوام بوو.[3] بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا:"دادگەی سەربازیی دیاربەکر لە ڕۆژی (1981/8/13) نزیکەی (447) کەسی بە تۆمەتی جوداخوازیی کوردیی دادگەیی کردووە، کە سەر بە PKK بوون، کە پارتێکی خاوەن پێگەی جەماوەرییەو بە(ئاپۆچییەکان) دەناسرێنو لە دوو توێی (207) لاپەڕەدا جگە لە تۆمەتی تیرۆرو جوداخوازییو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی مارکسیزم-لینینیزم، تۆمەتی دزیو ڕفاندنیشیان خراوەتە پاڵو لەلایەنو سوپاوە سزا دەدران. لەو ژمارەیە نزیکەی (117)یان سزای مردنو لە قەنارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، کە (20)کەسیان تەمەنیان لە (18) ساڵ کەمتر بووە". هەر لەو بەڵگەنامەدا هاتووە، کە" نزیکەی (5100)کەس بە تۆمەتی ئەندام بوونو پێوەندی بە PKK تۆمەتبارکراونو (53) لەو دەستگیرکراوانە لە بارودۆخێکی جەستەیی خراپدا بوون. هەروەها سزای لە سێدارەدان لە مانگی (1980/12)ەوە دەستپێکردووە بە یاسای سەربازیی لەلایەن کودەتاچییەکانەوە (385) کەس بە قەنارەدا کران.[4] لەلایەکی ترەوە ئامانجی زیندانیکردن لای کودەتاچییەکان جگە لە ڕووبەڕووکردنەوەیان بە سزای بە دارا کردن، هاوکات شێواندنی وێنەی گەلی کورد بوو لە دەرەوە، دوای دادگەییکردنێکی ڕووکەشییانە بە نێوی دیموکراسییەوە.[5] لە ڕاستیدا سیاسەتی ئاسایشییو سەربازیی تورکیا دەرهەق بە PKK زیاتر دوای دەستپێکردنو ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی ئەو پارتە دەرکەوتو فراوان بوو، بەجۆرێك چەندین شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتو**

---

(1) د.ابراهيم خليل احمد: الاحزاب السياسية فى تركيا، من كتاب: د.خليل على مراد و د.ابراهيم خليل العلاف: تركيا المعاصرة، ص183، باران کایا: کودەتا سەربازییەکان(50)ساڵ تورکیایان بەرەو دواوە برد، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(2)، ئەیلوولی 2005، ل122.

(2) حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، ل116. هەروەها بۆ زانیاریی زێتر دەربارەی پەیکەریی نمونەیی هێزە چەکدارەکانی تورکیاو پێگەی دامەزراوەی سەربازیی لە ڕێکخستنی ئاسایشیی نەتەوەییو سیستێمی سیاسییو سێکوچکەی سیاسەتی تورکیاو ئاستەکانی شایستەیی بۆ دەستوەردان لە سیاسەتی گشتیدا، بڕوانە وێنەی هێڵکاریی ژ(1، 2، 3، 4)، لە پاشکۆی هێڵکارییو خشتەکان.

(3) كمال شاهين: مسيرة اكراد سوريا مع حزب العمال الكردستانى، ص38، و د.ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ص191، و مستەفا ابراهيم: رابونى، ل251.

(4) نامەی کونسوڵ(R J A Golland) لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ لە دیرۆکی(1981/4/23)، تایبەت بە بارودۆخی نێوخۆیی تورکیا، نهێنی، ئەرشیفی بەڵگەنامەیی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا( The National Archives, London, Richmond, Surrey)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(5) لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان.

(5) د.محمد صالح گابورى: فى سبيل تحرير وتوحيد كردستان، ط1، مط(قەشەنگ)، السليمانية، 2001، ص74.

مەترسی گەورەش لێرەدا ئەوە بوو، کە ئەم سیاسەتانە پێشوەخت شەقڵێکی دەستووریی و یاسایی لە خۆگرت بوو، بەتایبەت لە دەستووری (1982) زۆر مادەو بەندو بڕگەی یاسایی داڕێژران، هەر لە قەدەغەکردنی زمانی کوردیی، کە پێشتر زیاتر بڕیارەکان کارگێڕیی بوون، تادەگاتە ڕاگواستن و سەپاندنی دۆخی ئاوارتە (حالة الطواريء)و...تاد.[1] سەبارەت بە سیاسەتی گرتن و زیندانیکردنی ئەندام و سەرکردەی ڕێکخستن و پارتە چەپەکان و PKK ش، هەندێك بۆچوونیان وایە، کە ئەم سیاسەتە، جگە لەلایەنە نەرێنییەکەی، بەڵام بە گشتی لایەنی ئەرێنی ئەوە بووە، کە ژمارەی ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی ئامانجی سیاسییان لە پشتەوە بوو، بە ڕێژەی(90٪) دابەزی بوو.[2] بەتایبەتیش سوودی بۆ PKK ئەوە بوو، کە بە هۆی ڕەفتاری توندوتیژیی سەرانی کودەتاو سوپاوە زۆربەی گروپە چەپەکان وردو خاش بوون، چونکە وەك PKK نەیانتوانی بوو پێشوەخت زۆربەیان هەڵبێن و تورکیا جێبهێڵن و بەشێکی زۆریان دەستگیرکران و لە نێوبران.[3]

**شێوازەکانی سیاسەتی ئاسایشیی و سەربازیی**

**یەکەم- پێکهێنانی گوندپارێزان:**

هەر ساڵێك پاش ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK و لە ساڵی 1985 دا بۆ یارمەتیدانی سوپاو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ئەو پارتە، تورکیا دەستیکرد بە دامەزراندنی سیستێمی گوندپارێزان.[4] ئەم سیستێمەش لە بنەڕەتدا پشتی بە یاسای گوندیی ژمارە (442)ی ساڵی (1924)و مادەی (74) بەستووە، کە بووەتە بناغەیەك بۆ یاسای ژمارە (3175)ی (26ی ئازاری 1985). هاوکات ئەرکەکانی سیستێمی گوندپارێزان بریتیی بوو لە: ئامادەباشیی بۆ جێبەجێکردنی هەر کارێکی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی PKKو فشار خستنە سەر خەڵکانی مەدەنیی و ئەو کەسانەی هاوسۆزی ئەو پارتەن. لەگەڵ چاودێریکردنی جموجوڵی هاووڵاتیان، ئەگەر پێوەندییان بە PKK ەوە هەبوو، یان پەنای چەکدارەکانیان دابێت، یاخود یارمەتییان پێشکەشکرد بن، یان یارمەتی بریندارو پێکراوانیان دابن، بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکانەوە. هەروەها ناچارکردنی خەڵك لە هێندێك کاتدا، بۆکارکردن لەم سیستێمەدا لە ژێر فشاری ئاسایشیی و ئەشکەنجەدانی توندو بەردەوامداو دروستکردنی سیستێمی بەرگریی لۆکاڵی دژی PKK.[5]

---

[1] د.جبار قادر: قضايا كردية معاصرة، ص177.

[2] ئێریك جەی .زوچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و.لەئینگلیزییەوە(د.یاسین سەردەشتی)، چ1، چاپخانەی(سیڤا)، سلێمانی، 2009، ل445.

[3] Frank Bieszczat: Turkey and PKK from a Turkish Point of View, p3, Available at link http://www.kentlaw.edu/perritt/courses/seminar/frank-bieszczat-final-Turkey-PKK-after-comments.htm.

[4] عەبدوڵڵا ئۆجەلان: داستانی ژیانەوە، ل(200–201)، ومیر قاسم مۆمنی: بارودۆخی، ل52.

[5] د.عقيل محفوض: تركيا والاكراد، كيف تتعامل تركيا مع القضية الكردية، ص34، ومستەفا ئیبراهیم: ڕابوونی، ل255.

**لە ماوەکانی دواتردا ژمارەی ئەم گوندپارێزانە زیادیکردو گەیشتە (75-80) هەزار کەسو لە ژێر سەرپەرشتی دامەزراوەی سەربازییو ئاسایشیدا کاریان دەکردو موچەو قەرەبووی گەورەیان پێدەدرا، کە ساڵانە زیاتر لە (1.2)ملیار دۆلار بوو.[1] دەشێت ئاماژەش بەوە بکەین، کە هێندێکیان ناچار کرا بوون، چونکە ئەگەر قبوڵیان نەکردایە، ئەوا لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە هاوکارییو پاڵپشتیکردنی PKK تۆمەتبار دەکران، ئەگەرچی ئەمە پاساو نەبوو بۆ چوونە نێو ئەو سیستێمی گوندپارێزانەوە.[2]**

**دووەم- راگەیاندنی دۆخی ئاوارتە (حالة الطوارئ)و ئەحکامی عورفیی:**

**ئەگەرچی تۆرگۆت ئۆزال[3] پاش وەرگرتنی دەسەڵاتو بە دیاریکراوی لە ساڵی 1986 هێندێك ئەحکامی عورفی هەڵوەشاندەوە، کەچی لە (6)شەش پارێزگەی کوردیدا بە جێبەجێکراوی هێشتییەوە، ئەوانیش (هەکاری، سیرت، ماردین، دیاربەکر، بەتلیس، موش) بوون، بەڵام دواترو بە پێی بڕیاری ژمارە (413)ی(1987/11/18) ژمارەی ئەو پارێزگەیانە گەیشتنە (11)پارێزگەو ئەمانەی تریشی لە خۆگرت (وان، بینگوڵ، ئادیامان، ئەلعەزیز، دەرسیم)و دۆخی ئاوارتەشی تێدا راگەیەنرا. هەروەها (6) شەش پارێزگاکەی سەرەتا یەك پارێزگەی لێپێکهێنراو ناوی لێنرا (پارێزگەی نێوچەی ئەحکامی عورفیی)و (خەیری قۆزاقچی ئۆغلو) کرایە پارێزگاریو دەسەڵاتی کارگێڕیی لە ڕووی پشکنینو راگواستنی دانیشتوانەکەی لە چوارچێوەی نێوچەکانو دەرەوەیان بە شێوەی کاتییو هەمیشەیی پێبەخشرا.[4] هەروەها ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ سەرۆکی تورکیا پاش پرسو راکردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، دۆخی ئاوارتەیان لە هەرێمێك یان زیاتر بۆ ماوەیەك رادەگەیاند، بەجۆرێك لە شەش**

---

[1] بۆ زانینی وردەکاریی ژمارەی گوندپارێزان بەگوێرەی شارو نێوچە کوردییەکان، بڕوانە خشتەی ژ(2)، لە پاشکۆی هێڵکارییو خشتەکان.

[2] بەلما ئاقچوورا: فیلمە کوردییەکەی دەوڵەت(راپۆرتەکانی سەبارەت بە کورد لە ساڵی 1925-2007)، و(ئەردەڵان گۆران)، چ1، چاپخانەی(خانی)، دهوك، 2010، دەزگای موکریانی، ل363.

[3] تۆرگۆت ئۆزال: لە ساڵی 1927 لە ئەستەمبوڵ لە دایکبووە. وەك ئەندازیار لە فەرمانگەی توێژینەوە لە نێوان ساڵانی(1950-1951) کاریکردووە. بۆ خوێندنی ئابووریی گەشتیی کردووە بۆ ئەمەریکاو دوای گەڕانەوەی بووە بە راوێژکارو ساڵی 1958 بۆتە سکرتێری پلان دانانو ساڵی 1966 پۆستی راوێژکاری تایبەتی هونەری سەرۆکایەتی وەزیرانی گرتۆتە دەستو لە ساڵی 1977 بۆتە سەرۆکی سەندیکای کارگەی(مصنعی) پیشەسازییە کانزاییەکان. لە ساڵی 1980 بۆتە بریکاری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری ئابووریی. ساڵی 1983 (پارتی نیشتیمانی دایك)ی دامەزراندووەو ساڵانی(1983-1989) سەرۆك وەزیران بووە، پاشان (1989-1993) سەرۆك کۆماری توکیا بووە تا مردنی لە ساڵی 1993، بڕوانە د.حامد محمد طة السویدانی: قضیة حزب العمال الکردستانی واثرها علی العلاقات الترکیة- الروسیة(1984-1999)، ص(242-243).

[4] بە گوێرەی سەرچاوەکان لە کۆی (525)هەزار هاوڵاتی بە سەربازگیراوی تورکیا، کە خزمەتی سەربازییان بەجێهێناوە، خەمڵێنراوە، کە ڕێژەی (40٪) یان بەشێکی ئەو خزمەتەیان لە نێوچەی ئاوارتەدا بەجێهێناوە، بەجۆرێك بە ژمارە دەکاتە نزیکەی (200) دوو سەد هەزار سەرباز. هاوکات بەشێك لەو ژمارەیە شێوازی خزمەتە سەربازییەکەشی بەشێوەی بەشداریکردنیان بووە لە پرۆسە سەربازییەکان دژی چەکدارانی PKK یان ئەو خەڵکانەی، کە گومانیان لێکردوون پێوەندییان بەوانەوە هەبوو بێت، بڕوانە د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص25.

مانگ زیاتر نەبێت، بەڵام بە کرداریی ئەنجومەنی وەزیران دۆخی ئاوارتەی لە نێوچە کوردییەکان لە ساڵی (1988)ەوە هەموو (4-6)مانگێك رادەگەیاند[1] و ماوەکەشیان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە درێژ دەکردەوە.[2]

**سێیەم- گرتنەبەری ڕێو شوێنی کارگێڕیی:**

لە هێندێك دۆخدا تورکیا پەنای بۆ ڕێو شوێنە کارگێڕییەکان دەبرد بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی PKK. بەتایبەتیش کاتێك دۆخی ئاوارتەی لە نێوچە کوردییەکاندا ڕاگەیاندو ئەحکامی عورفی تێدا جێبەجێکرد. لە هێندێك دۆخدا فەرمانڕەوای سەربازیی بۆ دادەنان، جگە لەوەی دەسەڵاتی کارگێڕیی زۆریشی پێدەبەخشین. بەتایبەت لەو قۆناغەداو لە (1990/5/2) دوو ڕێو شوێنی مەترسیدار گیرایە بەر، یەکەمیان: بریتی بوو لە گۆڕینی هەردوو قەزای شیرناخ و باتمان بۆ دوو پارێزگە، کەسەر بە ئەحکامی عورفی بن.دووەمیان: هێندێك بڕیاری کارگێڕیی دەرکرا، کە دەسەڵاتی کاتیی فراوان درایە پارێزگارانی نێوچەی ئەحکامی عورفی، بەشێوەیەك هەردوو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و داوەرییان لە نێوچەکانیاندا پێبەخشرا، کە ڕۆژنامەکانی تورکیا بەم هۆیەوە ناویان لێنا بوون (سۆپەر پارێزگار). لەوبارەوە بڕگەی (غ)ی مادەی (4)ی بڕیاری (413)ی کارگێڕیی دەقەکەی بەم شێوەیە هاتبوو:"پارێزگار مافی داواکردنی گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی هەیە، کە لە وەزیفەکانیاندا مایەی مەترسین لەسەر ئاسایش و یاسای گشتیی لەو ناوچانەی، کە لە چوارچێوەی ئەحکامی عورفیدان، یان لە دەرەوەیدان. بە شێوەی هەمیشەیی و کاتیی لەسەر فەرمانگە پێوەندیدارەکانە ئەم داواکارییە یەکسەریی جێبەجێ بکەن". دواتریش ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری (424)ی دەرکرد، بە گوێرەی بڕیارەکە دەستکاری بڕگەی (غ) بەشێوەیەك کرد، کە پارێزگاری نێوچەی ئەحکامی عورفی دەستکراوە کرد و مافی (ئەشکەنجەدانی خەڵك یان ئەو کەسانەی هەبێت، کە یارمەتی و پەنای چەکدارانی PKK دەدەن. هەروەها بە ڕاگواستنیشیان لە نێوچەکانی خۆیانەوە بۆ نێوچەکانی تری پارێزگەکانی نێوچەی ئەحکامی عورفی یان بۆ دەرەوەیان، بە گوێرەی پێویستیی و داواکاری ئاسایش و سیستێمی گشتیی). سەرەڕای ئەوەی ئەو مادەیە مافی پێکهێنانی دادگەی تایبەتی ئاسایشی دەوڵەتیشی بەخشیبوو.[3]

---

[1] تطورات المسالة الكردية فى تركيا، م(شؤون تركية)، ع(3)، تشرين الثانى 1993، ص(21-22).

[2] كرستينا كۆيڤۆنەن: جەنگی شاراوە، ل280، و الاكراد فى تركيا، النمط الجديد للمواجهة، م(شؤون تركية)، ع(1)، ايلول 1992، ص9.

[3] د.ابراهيم الداقوقى: اكراد تركيا، ص223.

## چوارەم- پێکهێنانی تۆڕی سیخوڕیی و ئەنجامدانی کردەی تایبەت:

شێوازێکی تر لە سیاسەتە ئاسایشیی و سەربازییەکانی تورکیا دەرهەق بە PKK، بریتی بوو لە پێکهێنان و دروستکردنی تۆڕی سیخوڕیی و ئەنجامدانی چالاکیی تایبەت، کە دوو ئاستی لە خۆگرتبوو: یەکەمیان: هەوڵی راستەوخۆو تایبەت بۆ پەیگیرییکردنی چالاکی PKK و رێکخراوە شوێنکەوتەو نزیکەکانی لە تورکیاو رێکخراوە کوردیی و ناکوردییەکانی تری هاوکاریی ئەو پارتە لە وڵاتانی دراوسێ و نێوچەکانی تر، لە رێگەی کۆکردنەوەی زانیاری لە پێناوی ئەنجامدانی کردەی تایبەت لە دژیی. دووەمیان: ئەنجامدانی چالاکی سیخوڕیی بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە ئاسایشییەکانی تر، ئیتر لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی بێت لەگەڵ ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا یان هاریکاریی ئاسایشی لەگەڵ ئیسرائیل یان رێکەوتننامەی ئاسایشیی لەگەڵ ژمارەیەك لە دەوڵەتانی پێوەندیدارو خاوەن کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد لە تورکیادا، وەك (ئێران، عێراق، سوریا، روسیا، ئەرمینیا، یۆنان، بولگاریا). ئەم ئاستەش زیاتر (گۆڕینەوەی زانیاریی و چاودێریی و دیسپلینی کارو رەفتارو تەوقدانی چالاکی رێکخستن و میدیایی و پڕوپاگەندەیی و بە سەربازگرتن و راهێنان و هاوکاریی و گواستنەوەی خەڵك و کۆمەك کردنی دارایی و جگە لەوانیش) دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەنجامدانی کردەی هاوبەش دژی ئامانجە دیاریکراوەکان. لەم پێناوەشدا ئامرازەکانی پاکتاوکردن و تیرۆرکردنی ژمارەیەکی گەورە لە سەرکردەکانی PKK و پشتیوانانیان لە خەڵکانی تورك، بەتایبەت توێژی رووناکبیرو چالاکوانانی مافپەروەرو نوسەران بە شێوازی جۆراوجۆر گیرایە بەر. بۆ ئەمەش پاداشت دەدرایە هەموو ئەو کەسانەی لە دەزگەی ئاسایشدا کاریان دەکرد، بەتایبەت ئەو کەسانەی لە نێوچە کوردیەکاندا بوون.(1)

## پێنجەم- مینڕێژکردنی نێوچە کوردیی و سنورییەکان:

بۆ روبەڕووبوونەوەی PKK، تورکیا مینڕێژی نێوچە سنورییەکان و ئەو نێوچە کوردییانەی، کە چەکدارانی ئەو پارتە هاتوچۆیان تێدا دەکرد، بەتایبەت (رێڕەوە شاخاوییەکان، رێگەکان، مێرگەکان، دۆڵ و زەوی کشتوکاڵیی و دەوروبەری کۆمەڵگە نیشتەجێییەکان و گوندەکان، دەوروبەری ئەو نێوچە سەربازییانەی سوپای تورکیاو بارەگە ئاسایشییەکان). بێگومان ئەم مینڕێژکردنەش لە کاتی خۆیدا گرفتی گەورەی لەسەر ئاستی پێوەندیی و جوڵەو گەشەکردن و هاتوچۆ لەو شوێنانە دروستکرد. جگە لەوەی بووە لەمپەر لەبەردەم فراوانبوونی پێوەندیی و کارلێك لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و سەری کێشا بۆ دروستبوونی قەیرانی کۆمەڵایەتیی و مرۆیی، لە میانەی مردن و بریندار بوونی ئەو کەسانەی لە نێوچە مینڕێژکراوەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. سەرباری ئەوەی رێگرێکی سەرەکی تری بەردەم

---

(1) د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص(28–30).

گەڕانەوەی دانیشتووان بوو بۆ نێوچەکانیان، کە پێشتر بە هێزی سەربازی راگوێزرا بوون لێی‌و نێوچەکانیان مینرێژکرد بوو.[1]

**شەشەم- پرۆژە یاسای لە نێوبردنی تیرۆر:**

مەترسیدارترین سیاسەتی تورکیا لەو قۆناغەدا دەرهەق بە PKK گرتیەبەر، بریتی بوو لە مەسەلەی بە تیرۆر ناساندنی کارو چالاکی ئەو پارتە لە چوارچێوەی پرۆژە یاسای لە نێو بردنی تیرۆر بە ژمارە(3713)ی دیرۆکی(1991/4/12)، چونکە لەو دیرۆکەوە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پرۆسە سەربازیی‌و ئاسایشیی‌و سیاسییەکانی تورکیا دژی رێکخراوە کوردیی‌و تورکییە بەرهەڵستکارەکان پێکهێنا، کە بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەژماری دەکردن.

مادەی(یەك)ی یاساکە پێناسەی تیرۆری بەمجۆرە کردووە:"هەر کارێکە، کە لەلایەن کەسێك، یان زیاترەوە ئەنجام بدرێت‌و ئینتیمای بۆ رێکخراوێك هەبێت‌و ئامانجی گۆڕینی سروشتی دەوڵەت‌و سیستێمی سیاسیی‌و یاسایی‌و کۆمەڵایەتیی‌و عەلمانیی‌و ئابووریی بێت، کە لە دەستووردا دەقی لەسەر هاتووە. هەروەها زیان بە یەکێتی دەوڵەت بگەیەنێت، کە خاك‌و گەلەکەی شایانی پارچە پارچە بوون نییە، هەروەك دەوڵەت‌و سیستێمە کۆمارییەکەی بخاتە مەترسییەوەو دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز بکات، یاخود تێکیبشکێنێت یان دەستی بەسەردا بگرێت‌و ماف‌و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە نێو ببات یاخود کەموکوڕی لەسەر ئاسایشی نێوخۆو دەرەوەی دەوڵەت یان سیستێمی گشتی یان تەندروستی گشتیی دروست بکات، لە رێگەی فشار یان هێزو توندوتیژیی یان تیرۆرو ترساندن، یاخود سەرکوتکردن‌و هەڕەشەوە بێت". لە مادەی(دوو)شدا هاتووە:"تۆمەتبارکردنی ئەو کەسانەی ئەندامن لە رێکخراوێکی تیرۆریستی بەبێ ئەنجامدانی تاوانێکی توندوتیژیی مەترسیدار. ئەوەش ئەگەر هاتوو چالاکی رێکخراوەکەو ئەو کەسانەی ئینتیمایان بۆی هەیە چووە خانەی مادەی(یەك)ی یاساکەوە. بۆیە تۆمەتبار دەکرێن، بەوەی ئەندامن لە رێکخراوێکی تیرۆریستیدا، ئەگەر کردارگەلێکیان بە نێوی ئەو رێکخراوەوە ئەنجامدا".[2] مادەی(8)ش دەڵێت:"پڕوپاگەندەی زارەکی یان نوسراو یاخود

---

[1] زانیاری وورد دەربارەی رێژەو جۆرو نەخشەی دابەشبوونی مین لە نێوچە کوردییەکان‌و جگە لەوانیش لە بەردەستدا نییە، بەڵام بە گوێرەی هێندێك سەرچاوەی پشت پێبەستراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، نزیکەی (2.97) ملیۆن مینی زەوی‌و دژە مرۆڤ لە تورکیادا هەیە، بەجۆرێك تورکیا (920) هەزار مینی زەمینی لە (15)نێوچەدا چاندووە، کە پێی وابووە PKK تێیاندا چالاکی چەکداریی ئەنجام دەدات، نێوچەکانیش بریتین لە(ئەردەڵان، دوغۆ بایەزید، باتمان، گازی عەنتاب، هەکاری، ئەسکەندەرونە، کاغیزمان، کارس، ماردین، سیرت، شانلی ئورفا، شیرناخ، دەرسیمو وان). لە نێوچەی بینگۆڵ‌و بەتلیس‌و لە (746) نێوچەی تر گومان دەکرێت مینی تێدا چێنرا بێت. هەروەك (4)هەزار گوندیش لە رێگەی پرۆسە سەربازییەکانەوە مینرێژ کراوە. بە درێژایی ساڵانی جەنگی تورکیا لەگەڵ PKK مینی دژە مرۆڤ لە تەنیشت مەبەستە سەربازییەکانەوە لە راگواستنی زۆرەملێ‌و چۆڵکردن‌و سوتاندنیاندا بەکارهێنراوە، بڕوانە د.عقیل سعيد محفوض: تركيا والاكراد، ص(54-56).

[2] د.عقيل سعيد محفوض: تركيا والاكراد، ص(22-23).

**گردبوونەوەو خۆپیشاندان، کە ئامانج لێی زیانگەیاند بێت بە یەکێتی خاكو قەوارەی کۆماری تورکیا، بە چاوپۆشین لە ئامرازو مەبەستەکانی پشت ئەو چالاکییانە بە تەواوی رێگە پێنەدراوە".[1]**

**گرفتی گەورەی ئەم پرۆژە یاسایە ئەوە بوو، جگە لە ناوخۆی تورکیا، کاریگەری کردە سەر چالاکیی‌و خەباتی سیاسیی‌و مەدەنییانەی PKK بەتایبەت لە دەرەوەو وردە وردە هێندێك حکومەتی ئەوروپیی کەوتنە بەرتەسك کردنەوەی چالاکیی PKK دواتریش قەدەغەکردنی لەولاتەکانیاندا لەوانە ئەڵمانیا، بەهۆی ئەو کردەوانەی دژ بە کونسوڵخانەو چەند نوسینگەیەکی گەشتیاریی‌و چێشتخانەی تورکەکان لەو ولاتە ئەنجامدران.[2] جگە لەوەی یاساکە هەموو ئەو هەوڵە مەدەنی‌و دیموکراسییانەشی دەگرتەوە وەك(خۆپیشاندان، بلاوکردنەوەو چاپەمەنی، کۆڕو کۆبوونەوەی ناڕەزایی).[3]**

### حەوتەم- پێڕەوکردنی جەنگی توندی نزمە ئاست:

**مەترسیدارترین سیاسەت، کە تورکیا گرتییە بەر بریتی بوو لە جەنگی توندی نزمە ئاست بە هەموو میتۆدو شێوازەکانییەوە، ئەمەش لە بنەڕەتدا ستراتیژێکە، کە تێیدا جەنگ وەك جەنگ نابێت دەربکەوێت، بەڵکو ئەوەی بەکاردەهێنرێت بۆ بەزاندنی دوژمن لە ململانێییەکی چەکدارانە، نەك بۆ تواندنەوەی کەمینەیەك. ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە"ئەگەر نەتوانی بە ڕێگەیەکی ئاسایی ماسییەکە راو بکەیت، ئەوا دەریاکە وشك بکە". ئەوەش مانای داخستنی هەموو کەناڵەکانی دابینکردنی پێویستییەکان بوو بۆ گەریلا لە ڕێگەی راگواستنی ئەو دانیشتووانە لۆکاڵییەوە، کە پشتیوانییان دەکەن. ئەم سیاسەتەش لە سالانی نەوەدەکانەوە دژ بە PKK پێڕەوکراو زۆربەی ئاستەکانی گرتەوەو میتۆدەکانیشی جۆراو جۆر بوون.[4]**

### تەوەری دووەم- سیاسەتی دیموگرافیی‌و کۆمەلایەتیی

**تورکیا لە ڕووی کۆمەلایەتی‌و دیموگرافییەوە لەسەر چەند ئاستێك هەنگاوی نا. جارێك بەگشتیی هەوڵیدا دووبارە بونیادی کۆمەلایەتیی‌و ئیتنی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاوێتەکردنی گشتیدا دابڕێژێتەوە، بە ئامانجی تواندنەوەی سەرجەم پێکهاتەو ناسنامەو زمانەکان‌و جگە لەوانیش، لە چوارچێوەی یەك ناسنامەو یەك زمانی تورکییدا، ئەویش بە دوو ئاست: یەکەمیان: ئاستێکی بنەڕەتی بوو، کە کورد بەشێك بوو لە ئامانجەکان، لە میانەی پشت بەستن بە سیاسەتی هاوشێوەو ئاوێتەکردن لە ناسنامەی رووناکبیریی‌و ئیتنی تورکیدا، لەگەڵ**

---

(1) میخائیل م جونتر: تقالید السلطة المطلقة، م(شؤون ترکیة)، ع(8)، 2000، ص23.

(2) محمد عامر دێرشەوی: سیاسة المانیا تجاه الاجانب، الکورد وتنظیماتهم السیاسیة فی المانیا، ط1، مط(جامعة صلاح الدین)، اربیل، 1998، ل64.

(3) کریستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە، ل195.

(4) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم چەمکەو میتۆدو شێوازو چۆنێتی جێبەجێکردنی لەلایەن تورکیاوە بروانە هەمان سەرچاوە، ل(433-443).

سیاسەتەکانی کۆچ پێکردن و ڕاگواستنی نێوخۆیی بۆ نێو تورکیاو دەرەوە. دووەمیان: لە ڕێگەی کاری ئاسایشیی و تەوقدانەوە، مەبەستیشی کۆنترۆڵکردنی ژینگەی جوڵانەوەی کورد بوو، بە چەند شێوەیەك، لەوانە ڕاگواستنی زۆرەملێ یان دروستکردنی کۆمەڵگەی زۆرەملێ و دووبارە نیشتەجێکردنەوە لە نێوچەگەلێکی دیاریکراوی نێوخۆی هەرێمە کوردییەکاندا.[1] لە ساڵی(1994)یشەوە تورکیا ستراتیژێکی نوێی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (PKK) ڕاگەیاند، کە بریتی بوو لە(چۆڵکردنی زۆرەملێ و سوتاندنی گوندەکان)، کە هاوکاری ئەو پارتەیان دەکرد، بەمەش زیانێکی گەورە بە خەڵکی مەدەنی کەوت، سەرەڕای ئاوارە بوونی زۆربەیان بۆ شارە تورکییەکان.[2] دیارترینی شێوازەکانی سیاسەتی دیموگرافیی و کۆمەڵاتیی:

**یەکەم- ڕاگواستن و کۆچ پێکردنی زۆرەملێ:**

ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی تورکیا لە مانگی(1983/5)یاسای نیشتەجێکردنی نەتەوەیی (میللی اسکان یاساسی) پیادە کرد، کە بە گوێرەی ئەم یاسایە دەسەڵاتدارانی تورکیا بە بیانووی ئاسایشیی نەتەوەیی، دانیشتووانە کوردەکانیان لە نێوچەیەکەوە بۆنێوچەیەکی تر ڕادەگواست، بەتایبەت بۆ نێوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا. واتە بۆ ئەو ناوچانەی دانیشتووانەکەی چڕ بوون. لەگەڵ چۆڵکردنی گوندو باخ و بێستانی کوردو سوتاندنیان، بە مەبەستی پاکردنەوەی نێوچەکە لە چەکدارانی PKK.[3]

ئەم سیاسەتە لە قۆناغەکانی تردا درێژەی هەبوو. زیاتریش لەو ناوچانە جێبەجێ دەکرا، کە شوێنی نفوزو چالاکی PKK بوون. وەك نێوچەکانی(هەکاری، سیرت، ماردین). لە جێگەی ئەمانەش، نێوچەی سەربازیی بەرپا دەکرد، بەمەبەستی وشك کردنی سەرچاوەی کۆمەکی لۆجیستی ئەو پارتەو کۆنترۆڵکردنی دانیشتووانی ئەو نێوچانە لە ژێر دەسەڵاتی سوپاو دەوڵەتدا بە ئامانجی چاودێریکردنیان.[4]بۆ نموونە لە نێوچەی ئاگری لە کۆی(588) گوند، (375)گوندو لە موش لە کۆی(363)گوند، نزیکەی(289) گوندو لە بەدلیس لە کۆی(273) گوند، نزیکەی(229) گوندو لە شاری وانیش (426) گوند ڕاگوێزران.[5] لەمبارەوە(عیسمەت کۆیلۆغلو)ی وەزیری بەرپرسی مافی مرۆڤی تورکیا لە بارەی ڕەفتاری حکومەت لە تونجەلی(دێرسیم) دەبێژێت:"ئەم غافڵکوژییە لە تونجەلی، غافڵکوژی حکومەتییە، ئەوە حکومەتە گوندان چۆڵ دەکاو ئاگریان تێبەر دەدا. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات دوو ملیۆن کەس لە ماڵ و حاڵ بوون، ئەم گوندییانەی ڕاگوێزراون، دەبێ خۆردو خۆراك و پەسێویان

(1) د.عقيل سعيد محفوض: تركيا والاكراد، ص(30-31).

(2) د.نوال عبدالجبار سلطان الطائي: المتغيرات السياسة التركية تجاه المشكلة الكردية(1999-2006)، م(دراسات اقليمية)، ع(7)، كانون الثاني 2007، سنة(4)، جامعة الموصل، ص114.

(3) د.ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا، ص211.

(4) گولستان گورباي: تطور الحركة، ص(49-51).

(5) م.ا.حسرتيان و م.س.لازاريف و خ.مگوي: كردستان معاصر، ت(كامران امين افه)، ص(48-49).

**بۆ دابین بکرێت".[1] ساڵی(1990)ەوە زۆر دەگونجا گوندەکانی باکووری کوردستان چۆڵ بکرێن، لەبەرئەوەی ئەو گوندانەی لە PKK ەوە نزیك بوون، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە حەشارگەی خواردن و تەقەمەنیان تێدا دەدۆزرایەوەو ئەوانەش، کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا هاوکاری لۆجیستیی ئەو پارتە بکەن. هەروەها ئەو گوندانەی دیکەش، کە لە نێوچەی چالاکییەکانی PKK ەوە نزیك بوون، لەگەڵ گوندەکانی نزیك سنوورەکان، جگە لەو گوندانەی پێوەندیکردنیان بە سیستێمی گوندپارێزانەوە رەتکرد بۆوە.[2] لە نێوان ساڵانی(1992-1994)یشدا راگواستنی گوندنشینەکان درێژەی هەبوو، بەجۆرێك لە کۆی(3160) نێوچە، کە(820)یان گوند بوون، بە ناچاریی چۆڵکراون.[3]**

**دووەم- پتەوکردن و بەهێزکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتیی و خێڵەکیی و هۆزگەراییەکان:**

**لە کۆنەوە تورکیا بایەخی بە بونیادی کۆمەڵایەتیی و خێڵەکیی و هۆزگەرایی داوە، ئەمەش لە ستراتیژییەتی مێژوویی دەوڵەتی عوسمانییەوە سەرچاوەی گرت بوو، بەڵام تورکیا هێندێك پێشکەوتنی نوێی تێدا ئەنجامدا. بەتایبەتیش کاری لەسەر دابەشکردن و پەرتەوازەکردنیان دەکرد، بۆئەوەی بتوانێت لە هەر کاتێکی پێویستدا دەستیان تێوەر بدات و لە پێناوی مەبەست و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاریان بهێنێت. تورکیا زیاتر کاری لەسەر هێشتنەوەی بونیادی کلاسیکی کۆمەڵایەتیی کورد دەکرد بۆ روبەڕوبوونەوەی بونیادی نوێی PKK، بۆئەوەی روبەڕووی مەیدانخوازیی و گرفتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی ببنەوە، بە ئامانجی پەککخستنی جوڵە و کارو چالاکی ئەو پارتە لە نێو خەڵکیدا.[4] هەروەها تورکیا بایەخی زۆری بە وروژاندنی خولیای مەزهەبی و هۆزگەرایی و دەرخستنی جیاوازیی زمانەوانی لە نێو کورددا داوە، بە ئامانجی دروستکردنی رێگریی لە بەردەم سیاسەتەکانی PKK و کەمکردنەوەی شوێنکەوتنی کورد دا.[5]**

**سێیەم- بە کارهێنانی ئایین و جیاوازییە مەزهەبییەکان لە فەزای کۆمەڵایەتیدا:**

**تورکیا پێکهاتەیەکی ئیتنی و ئایینی فرەی هەیەو ئاراستەی چالاکی رووەو پێکهاتنی ئیتنی(تورك، کورد) و ئایینی و مەزهەبی(سوننە، عەلەویی) بەخۆوە دەبینێت. تورکیا بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەم پێکهاتانەدا دەکات، کە لە بەرژەوەندیی خۆی بێت، بەتایبەت دژی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد. بۆ نموونە کاری لەسەر زۆرکردنی جەمسەرگیریی نەتەوایەتی لە**

---

[1] جاناتان رەندل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و(سەلاحەدین ئاشتی)، چ1، 2007، ل386.

[2] کریستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە، ل304.

[3] بۆ زانیاری زێتر لە سەر ژمارەو داتای گوندە راگوێزراوەکان، بڕوانە کرستینا کۆڤۆنەن: جەنگی شاراوە، ل(313-314).

[4] د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص40.

[5] محمد نورالدین: مدخل الی الحرکة الاسلامیة فی ترکیا، ط1، دار النهار، بیروت، 1997، ص53.

نێوان کوردانی سوننیی‌و کوردانی عەلەوییدا دەکرد.[1] ئەگەرچی لە بنەڕەتدا کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980) دژی جوڵانەوەی کورد، بەتایبەت PKK و ڕەوتی چەپ‌و هەڵکشانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی بوو، بەڵام تورکیا لە بری گەڕانەوە بۆعەلمانییەتی توندی سەردەمی مستەفا کەمال،[2] بەپێچەوانەوە کاری لەسەر پەرەپێدانی تێکەڵەیەك لە ئیسلامیی سوننی پارێزگارو دەمارگیریی نەتەوایەتیی تورکیی‌و ڕێگەی بە دامەزراوە ئیسلامییەکان دا، بە مەرجێك لە چوارچێوەی فەرمیی دەوڵەتدا بمێننەوە.[3] ئەمانەش بە ئامانجی ڕووبەڕووبونەوەی ئەوانەی لە پێشەوە ناومان هێنان، بە دیاریکراویش ڕەوتی چەپ، کە PKK ش هەم وەك کوردو هەم وەك ڕێکخراوێکی چەپی مارکسیزم- لینینیزم دەکەوتە ئەو خانەیەوەو تورکیا وەك ڕەوت‌و پارتێکی بێدین ناوی دەبرد. لە بنەڕەتدا ئەمە پێی دەوترێت پێشنیازی ئیسلامیی- تورکی یان تورکی- تورکی(Turk-Islam Sentezi). بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی PKK هەستان بە جێبەجێکردنی لە باکووری کوردستان لە ڕێگەی دامەزراندنی بەشی ئامۆژگاریی لە سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی لە ساڵی 1981، بۆ کارکردن دژی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لەوکاتەوەو چەندین کۆنگرەو کۆڕو کۆبوونەوەیان لە نێوچە کوردییەکاندا ڕێکخست بۆ شیکردنەوەی مەترسییەکانی ئەو پارتەو ئایدۆلۆژیای مارکسیزمییەکەی.

تورکیا بۆ دژایەتیکردنی زیاتری PKK و بەتایبەتیش(پارتی ڕەفاه) بایەخی زیاتری بە عەلەوییەکان دا، بۆئەوەی نەهێڵێت نزیك ببنەوە لێیان، بە دیاریکراویش لە PKK.[4] هەر لەم چوارچێوەیەداو پێشتر کاتێك تورکیا بینی هاندانی ڕێکخراوە ئایینییەکان فاکتەرێکی بەهێزی تەوقدانی جوڵانەوەی کوردو ڕەوتی چەپە، ڕێکخراوێکی ئیسلامیی بە نێوی(حزبوڵڵای تورکیی) دامەزراند[5] و دواتریش(حزبوڵڵای کوردیی)، ئەمەی دواییان زیاتر بایەخی پێدرا، لەبەرئەوەی

---

[1] د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص42.

[2] مستەفا کەمال: ساڵی 1880 لەشاری سلانیك(دۆنمە) لەدایکبووە. باوکی نێوی عەلی ڕەزا ئەفەندی‌و دایکیشی نێوی زوبەیدە بووە. لەتەمەنی 18 ساڵیدا چۆتە قوتابخانەی جەنگی‌و قوتابیەکی زرنگ بووە. لە شەڕکردن دژی سوپاکانی یۆنان‌و فەرەنساو بەریتانیا نێوبانگی دەرکردووەو کۆتایی بە دەوڵەتی ئیسلامی هێناو نازناوی ئەتاتورك(باوکی تورکان)ی بە سەردا بڕاوە، بڕوانە د.خالد عبدالوهاب عبدالرزاق: صراع بين اليمين واليسار فی ترکیا وانعکاسات الصراع علی سیاستها الخارجیة، مج(کلیة التربیة الاساسیة)، ع(71)، 2011، ص49.

[3] د.سيار الجميل: العرب والاتراك، الانبعاث والتحديث من العثمنة الی العلمنة، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1997، ص332.

[4] مارتن ڤان برونەسن: طرق الكرد، ص(66-67).

[5] چاودێران پێیانوایە ئەم ڕێکخراوە لە نێو وەزارەتی نێوخۆدا بووە، کاتێك ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (NATO) لە ساڵی 1950 ڕێکخراوەکانی (Gladeo) دامەزراندووە، کە سەر بەدەزگەی سیخوڕیی ئەمریکا(CIA) بوون لەو دەوڵەتانەی لە ژێر چەتری ناتۆدا بوون، بۆ لە نێوبردنی شیوعیەت لە سەردەمی جەنگی ساردا. لەمبارەوە بولەند ئەجەوید ئاماژە بەبوونی لقێکی CIA لە فێرگەی ڕاهێنانی سەربازیی لە ساڵی 1974 دەکات، بە پشت بەستن بە پرۆتۆکۆلی ئاسایشی ئیمزاکراوی نێوان ئەمریکاو تورکیا لە ماوەی ساڵانی پەنجاکانەوە، بۆ زانیاری زێتر بڕوانە د.ابراهيم الداقوقی: اکراد، ص299، و هيئة التحرير: عصابات الكونترا گريلا التركية، (ولات)، ع(30)، الحلقة الاولی، الاثنين(1994/9/5).

بونیادێکی ئیتنیی هەبوو، زۆربەی ئەندامەکانیشی کورد بوون.[1] بەشی هەرە زۆری ئەم ڕێکخراوانە دژی ڕەوتی چەپو PKK بوون.[2] تورکیا دنەی ئەم ڕێکخراوەی دەدا بۆ کوشتنو ئازاردانی هەموو ئەوانەی گومانیان لەسەر بووایە، کە ئەندامی PKK یان دۆستایەتییان دەکەن، تەنانەت خەڵکی ئاساییش بوون، لە کاتێکدا سوپا خۆی بە پارێزەری عەلمانییەت دەزانی.[3] ئەم ڕێکخراوە دواتر دووبەرەکی تێکەوتو بوون بە دوو بەشەوە، یەکێکیان بە نێوی(مەنزیل)، کە(حسێن وەلی ئۆغلو)سەرکردایەتیی دەکردنو بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کاریگەر بوونو ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو.[4] ئەوی تریان بە (عەلەم)ناسراو سەر بە دەزگەی سیخوڕیی تورکیا بوونو ئامانجیان دژایەتیکردنی PKK بوو.[5] ئەم ڕێکخراوە ژمارەیەك چالاکوانی کوردو نوسەرانو ڕۆژنامەنووسانی نەیاری حکومەتی تیرۆرکرد، جگە لە کاری توندوتیژیی بەرفراوان. دواجار چەند پارتێکی دیکەی ئیسلامیی هەبوو، کە زیاتر دژایەتی ڕەوتی چەپی لە تورکیا دەکرد.[6]

---

(1) د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص47.

(2) بۆ زانینی وردەکاریی ڕێکخراوە ئاینیو ئیسلامییەکانی تورکیا، کە دژی ڕەوتی چەپو PKK بوون، بڕوانە خشتەی ژ(2)، لە پاشکۆی هێڵکارییو خشتەکان.

(3) جاناتان ڕەندل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و(سەلاحەدین ئاشتی)، چ1، 2007، ل384.

(4) م.هاکان یاووز: سکولاریسم و دموکراسی اسلامی در ترکیه، ت(احمد عزیزی)، تهران، 1389، ص289.

(5) کریستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی، ل291.

(6) د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص49، وحول الثورة الکردستانیة، جر(وطن شمس)، ع(11)، السبت(1996/5/11).

**تەوەری سێیەم- سیاسەتی ئابووریی**

گرتنەبەری سیاسەتی ئابووریی لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە لە دوو خاڵەوە سەرچاوەی گرتبوو: یەکەمیان: گۆڕینی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئامرازەکانی ئاسایشیی و سەربازییەوە بۆ ئامرازی ئابووریی و نەهێشتنی جیاوازیی ئاستی بژێوی واتە نزیك کردنەوەی ئابووریی. بەتایبەت ئۆزال تا کۆتایی هەشتاکان ئومێدی بەوە هەبوو لە ڕێگەی گەشەپێدانی ئابووریی نێوچە کوردنشینەکان چارەسەری پرسی کورد بکرێت.[1] دووەمیان: قەناعەتی دەوڵەت بەوەی، لاوازی ئاستی گەشەکردنی ئابووریی، هۆکاری پێکهێنانی ژینگەیەکی گونجاوە بەرەو بژاری رادیکاڵی و بەتایبەتیش رووکردنە PKK.[2] ئەگەرچی هێندێکی تر پێیان وابوو، سیاسەتی کرانەوەی ئابووریی لەلایەن ئۆزالەوە بە ڕووی نێوچە کوردییەکاندا دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بوو، کە لە سەردەمی ئەودا لە چینی بیرۆکراسیی و سوپاوە لە بەرژەوەندی دەستەبژێری وەزیفیی، کە زۆرینەیان خاوەنی کارو پیشەسازیی بوون رووی‌دا بوو.[3]

لەم چوارچێوە ئابوورییەدا تورکیا پرۆژەی گەشەپێدانی ئابووریی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP)ی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەگەرچی خۆی بڕیار بوو لە ساڵانی حەفتاکاندا دەستپێبکات لە بارەی مەسەلەکانی وزەو ئاو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ پرۆژەیەکی گەشەپێدانی فراوانی ئەو نێوچەیە.[4] بە کرداریش لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەست پێکرا. بە گوێرەی پرۆژەکە بڕیار بوو (22) بەنداوو(19) وێستگە یان دامەزراوەی وزەی ئاویی و ئاودێریی لەسەر(1.82) ملیار هێکتار زەوی کشتوکاڵی بە تێچوونی خەمڵێنراوی(32) ملیار دۆلاری ئەمریکی لەسەر هەردوو رووباری دیجلەو فورات و لە پارێزگەکانی(ئادیامان، باتمان، سیرت، دیاربەکر، کلیس، گازی عەنتاب، ماردین، شانلی ئورفا، شیرناخ) بونیات بنرێت.[5] ئامانجی تورکیا لەم پرۆژەیە چەند لەلایەنێك بوو، بەگشتی پەرەپێدانی بونیادی بەرهەمهێنان و کارکردن و سنووردانان بۆ بێکاریی و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاکەکەس لە نێوچەکەدا، لە ڕێگەی پەرەپێدانی بونیادی ئابوورییەوە. هەروەها باشترکردنی ئاستی کرێکاران و پەرەپێدانی

---

[1] مستەفا ئیبراهیم: رابوونی، ل(254-255).

[2] د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص50.

[3] گولستان گوربای: تطور، ص46.

[4] GAP: ئەم پرۆژەیە زۆر لایەنی دەگرتەوە لەوانە: بەرهەمهێنانی وزە، دروستکردنی بەنداو، راکێشانی کەناڵی ئاودێریی، بەرپاکردنی پرۆژەی کشتوکاڵی و بەیتەریی و پیشەسازیی کشتوکاڵیی و ئاژەڵداریی، چرکردنەی دارستانەکان، پەروەردەکردنی ماسی، چاکردنی ڕێگەو فرۆکەخانەکان، هاندانی وەبەرهێنان، پەرەپێدانی نێوچە سنوورییەکان، لابردنی مین...تاد، بڕوانە د.عقیل سعید محفوض: ترکیا والاکراد، ص(50-52).

[5] رازاو محەمەد: زانیاری سەرەتایی سەبارەت بەپرۆژەی باشووری رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا GAP، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(1)، مایسی 2005، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ل83.

دەرامەتی مرۆیی. جگە لەوەی دەبووە هۆی دروستکردنی نێوچەیەك بۆ راکێشانی دانیشتووانو سووککردنی گوشاری کۆچکردن لەسەر ناوەندی شارە گەورەکانو ئاستی بەشداریی نێوچەکە لە چالاکی ئابووریی وڵات زێتر دەکردو سنوورێکی بۆ جیاوازییە چینایەتیی و هەرێمیی و نێوچەیی و ئیتنییەکان دادەنا.[1] دەبووە هۆی بایەخدانی زێتریش بە کەرتی گەشتیاریی و راکیشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ تورکیا. هەروەك لەلایەکی دیکەوە حەوزی دیجلەو فوراتی پێکەوە گرێدەدا.[2]

ئەگەر سەیری بکەین، وا دەزانین بە کرداریی پرۆژەکە لە پێناوی پەرەپێدانی لایەنی ئابووریی نێوچە کوردییەکاندایە، بەڵام بە ووردبوونەوەی زیاتر دەگەینە ئەوەی ئامانج لێی لێدانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد بە گشتی و PKK بەتایبەت بوو، چونکە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، حکومەتی تورکیا ویستی لە رێگەی گەشەپێدانی ئابووریی ئەو نێوچانەوە وەك ئامرازێك رێو شوێنە ئابوورییەکان لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکاربێنێت و سنوورێك بۆ گەشەکردنی چالاکی PKK دابنێت و پرسی کورد بە دیوێکی تردا چارەسەر بکات، نەك وەك ئەوەی چارەسەری راستەقینە بێت، بەڵکو لە بری ئامرازو رێگە چارەی سەربازیی، سوود لە رێگەچارەی ئابووریی وەربگرێت. ئەگینا لە زۆر لایەنی ترەوە پرۆژەکە بە زیان بۆ سەر پرسی کورد بە گشتیی و بە دیاریکراویش PKK کەوتەوە، لە ڕووی سیاسییەوە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی تورکیا لەو پرۆژەیە، ئاوێتەکردنی کوردو بە تورك کردنیان بوو. هەروەها بەرەنگاربوونەوەو لە نێوبردنی بیری سەربەخۆخوازیی PKK بوو، لە رێگەی هاندانی دانیشتووانی ئەو نێوچەیەوەو کپکردنەوەی ناڕەزاییەکانیان.[3] هەروەها ئامانجێکی تری پرۆژەکە پێڕەوکردنی میتۆدی تواندنەوەو سڕینەوەی مێژووی نەتەوە ناتورکەکان بە گشتیی و بە دیاریکراوی کورد بوو، چونکە بەهۆی بەنداوە گەورەکانیانەوە ئامرازێکی سوود بەخشی ئەو ستراتیژەی دابینکرد، لەبەرئەوەی شوێنەوارە دێرینەکان کەوتنە ژێر ئاو، لەوانە (حەسەن کێف). تەنانەت لە کۆی (643)گوند نزیکەی (38) گوند نقوم بوون. لە ڕووی ئابوورییشەوە تورکیا دەیویست کۆنترۆڵی سامانی ئابووریی باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بوو بە قازانجی نێوچەکانی تر بکات، چونکە لە هەرێمی گاپدا رێژەی(8٪)ی خێزانە جوتیارەکان خاوەنی (50٪)ی زەوییە کشتوکاڵییەکان بوونو رێژەی (41٪)ی خێزانەکانی تر خاوەنی (10 بۆ 50٪)ی زەوییەکان بوون. رێژەی (38٪)ی خێزانەکانی تر بێ زەوی بوون.[4] هەروەها بە

---

(1) علی احسان باغیش: اشكالية المياه واثارها فی العلاقات التركية العربية، الورقة الاولى، ماخوذ من اورهان كولوغلو واخرون: العلاقات العربية التركية، حوار مستقبلی، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1995، ص166.

(2) د.عبدالجبار مصطفى: گاب والاكراد، من كتاب: د.خليل علی مراد واخرون: القضية الكردية وتاثيرها علی دول الجوار، ص174.

(3) د.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية فی السياسة السورية تجاه تركيا، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2000، ص164.

(4) کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی، ل(246،252).

**کرداریی تورکیا نەیدەویست بایەخ بە مەسەلەی وەبەرهێنان لە نێوچەکەدا بدات، چونکە ئەو ئەلەتریکەی زادەی ئەم پرۆژەیە بوو، دەدرایە رۆژئاوای تورکیاو بەشە تورکییەکە.[1] سەرباری ئەوەی حکومەت کاری تەواوی نەدەکرد، تاوەکو دانیشتووانە خۆماڵییەکە لە میتۆدە نوێیەکانی کشتوکاڵ، کە پێویست بوو بەر لە ئاودێریی، ئاگادار بکرێنەوە. لەلایەکی دیکەوە لە نێوچەکەدا کۆمپانیای کشتوکاڵیی یان رێکخراوگەلێك بۆ فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان نەبوو. هەر بۆیە زەحمەت بوو جوتیاری بچووكو خەڵکە بێ زەوییەکان بتوانن سوود لە پرۆژەکە وەر بگرن. جگە لە وێرانکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەگەڵ کارگەو دوکانی پیشەگەرەکان لە شارەکاندا، کە دەگونجێت ئەمە هەوڵێکی بە ئەنقەست بوو بێت، بۆ کەمکردنەوەی توانای ئابووریی نێوچەکە، بەوەش بێکاریی زێدەتر دەکرد، بەهۆی پشتبەستن بە خەڵکە راگوێزراوەکە. لێرەشەوە حکومەتی زیاتر دەستکراوە کرد، کە زەمینەی دامەزراندنی خەڵکە بێکارەکە لە سیستێمی گوندپارێزاندا برەخسێنێت.[2]**

**ئەم پرۆژەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەرهاویشتەی خراپی دەبوو، چونکە گۆڕانکاریی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی زۆری دروست دەکردو[3] بونیادی کۆمەڵایەتیی سوونەتی گوندەکانی وێران دەکرد، کە لەسەر بنەمای خێزانو خێڵو پێوەندییە خێڵەکیی و خوێنییەکان دامەزرا بوو. ئەمەش دەبووە هۆی ریشەکێشکردنی دانیشتووانە گوندنشینەکانو رێی بۆ ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتیی خۆش دەکرد.[4] هاوکات بەهۆی پرۆژەکەوە تاساڵی 1994 نزیکەی (5) پێنج هەزار کەس لە خەڵکی گوندە بچووكو هەژار نشینەکان، کە لە هەرێمی ئورفەدا دەژیان دوورخرانەوەو زەوییەکانیان ژێرئاو کەوت، بەهۆی ئەو دەریاچە دەستکردەی، بە رووبەری (940کم$^2$)دروست دەکرا. هەروەك نزیکەی (25) هەزار خەڵکی کورد لە نێوچەی بەنداوی(گیپان)[5] راگوێزران، لەگەڵ نزیکەی (17) هەزار لە نێوچەی بەنداوی (کەرەکایا)[6]، سەرەڕای نزیکەی(117)گوند لە نێوچەی شانلی ئورفە. نزیکەی (20)هەزاریش لە نێوچەی**

---

(1) صلاح سعدالله: المسالة الكردية فى تركيا، م.س، ص53.

(2) کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە، س.پ، ل247.

(3) د.عبدالجبار مصطفى: گاب والاكراد، ماخوذ خليل على مراد واخرون: القضية الكردية وتاثيرها على، م.س، ص(174–176).

(4) کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە، س.پ، ل247.

(5) بەنداوی گیپان: دەکەوێتە باکووری رووباری فوراتەوە لە کۆتایی ئاوەڕێی ئاوەکە لای گەرووی گیپان لە نێوەڕاستی هەرێمی ئەلازیغ. کۆتایی بەیەك گەیشتنی هەردوو لقی رووباری فورات(فورات صو، مۆراد صو)، نزیکەی(10کم) لای گوندی گیپانە. لەە یاڵێ 1936 ەوە کۆڵینەوەی پەیگیریی تێیدا دەستپێکردووە. ئەم بەنداوە توانای گەنجینە کردنی نزیکەی(900) هەزار هێکتار زەوی هەیە لە رێگەی راکێشانی ئاو بە نەفەقو کەناڵی ئاویی لە رێگەی(240–277کم)ەوە. بروانە صبرية احمد لافى: السياسة المائية فى العراق، معهد الدراسات الاسيوية والافريقية، بغداد، 1984، ص37.

(6) بەنداوی کەرەکایا: نزیکەی(166کم)دوای بەنداوی گیپانە لە پارێزگەی دیاربەکر. درێژییەکەی(134کم)ە. قۆناغی دووەمی پرۆژەی گاپ دوای بەنداوی گیپان پێکدەهێنێتو چوارەم بەنداوە لە جیهاندا لە رووی ووزەو بەرهەمهێنانی هێزی کارەباییدا. بروانە صبرية احمد لافى: السياسة المائية فى العراق، ص(36–38).

گەنجینەی(قەرە بابا)و نزیکەی(50) هەزاری تر لە نێوچەی بەربەستی دەریاچەی ئەتاتورک.[1] لە ڕووی تەندروستیشەوە پرۆژەکە کاریگەریی خراپی هەبوو بەهۆی کەمتەرخەمی تورکیا لە دابینکردنی پزیشکی پێویست لە نێوچە کوردییەکان، بەشێوەیەك بە (15) نێوچە تەنها یەك پزیشکیان بەرکەوتووە.[2] سەرباری نزمی ئاستی تەندروستییو بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکانی وەك(گرانەتاو سیلو مەلاریا)، بەجۆرێك ئاستی تەندروستی ئەو نێوچانە بە بەراورد بە ئاستی نێوەنجی تورکیا نزمترە. بۆ نموونە نەخۆشی گرانەتا لە ئامەد لە ماوەی نێوان ساڵانی (1990–1996) لە نزیکەی(2.905) بۆ نزیکەی(10.253) کەس زیادی کردووە. جگە لەوەی بایەخپێدانی تەندروستیی خۆپارێزیی، وەك کوتانو بایەخپێدانی دایکایەتی، بە شێوەیەکی کرداریی لە هەرێمی حاڵەتی ئاوارتەدا بونی نییە. بنکە تەندروستییەکانیش داخراو بوونو بۆ مەبەستی سەربازیی بەکاردەهێنران. بۆ نموونە لە ساڵی 1997 لە کۆی(112) بنکەی تەندورستی بچووك، تەنیا (14) بنکەیان بەکار بوون. لە هەمان کاتدا سانسۆری سەربازییو ئاسایشی لەسەر نەخۆش هەبوو، بەتایبەت کاتێك خەڵکی بریندار بۆ نەخۆشخانەیەك دەبرا، یەکەمجار لەلایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکراو هێندێك جار بە ئەنقەستو بۆئەوەی چارەسەری نەخۆشەکە لەلایەن پزیشکەوە دوا بکەوێت، یان ڕێگریان لێبکەن، ئەگەر بهاتبا وا بیریان بکردایەتەوە، نەخۆشەکە هاوسۆزی بۆ PKK هەیە. سەرەڕای ئەوەی کارتی سەوزو تکتی سەردانی نەخۆش پێوەست دەکرا بە پۆلیسەوە.[3] لەلایەکی دیکەشەوە چارەسەرکردنی ئەندامو هەوادارانی PKK بە تەواوی قەدەغە کرابوو. بۆ نموونە لە مانگی(9/1991) دادگەی ئاسایشی دەوڵەت لە ئامەد پەرستارێکی بە ناوی(یەڵدز ئەڵپ دۆغان) بە (12.5) ساڵو نیو زیندانیکردن، بە تاوانی پێدانی هاوکاریی پزیشکیی بە چەکدارانی ئەو پارتە لە مەڵبەندی شیرناخ حکومدا.[4]

هەروەها سانسۆریی میدیایی، چ لەسەر ڕەوشی تەندروستیی نێوچە کوردییەکان، بەتایبەت حکومەت بڕیاری ژ(430)ی دەرکرد، بە گوێرەی بڕیارەکە خود سانسۆریی بەسەر هەموو ئەو هەواڵانەدا سەپاند، کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە ڕەوانە دەکران. هەروەها وەزارەتی نێوخۆ بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی قەدەغە دەکرد، وەك بەدپیشاندانی ڕووداوەکانی نێوچەکە. تەنانەت ڕێگە بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش نەدەدرا ڕوماڵی ڕەوشی تەندروستی لە نێوچەکانی حاڵەتی ئاوارتەدا بکەنو ڕاپۆرتو ئاماری باوەڕ پێکراو بڵاوبکەنەوە.[5] هەروەها چ

---

[1] د.عبدالجبار مصطفى: گاب والاکراد، ص(174–176).

[2] بۆ زانینی وردەکاریی بڕوانە حسین ذنون البیاتي: الخدمات الصحیة، ص263

[3] کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی شاراوە، ل(350، 356، 423).

[4] هـ.س، ل352.

[5] هـ.س، ل(271–272، 407).

سانسۆری میدیایی بێت، بەتایبەت کاتی گەیشتنی ئۆجەلان بۆ رۆمای پێتەختی ئیتالیاو ماوەی مانەوەی لە مانگی(1998/10)، کە سەرنجی ماسمیدیای رۆژئاوای بۆ کێشەی کورد راکێشا. لەو ماوەیەدا تەنیا رەوشە تێپەڕەکەی نێوبراوو PKKی شرۆڤە دەکرد، بێئەوەی زانیاری فرە سەبارەت بە پێشینەی کێشەی کورد پێشکەش بکات. چ دوای دەستگیرکردنەکەشی، کە لە شارە کوردییەکاندا خۆپیشاندان هەبوو. تورکیا سانسۆریی خستبووە سەر رۆژنامەوانانی بیانی، بەجۆرێك پاسەوانی دەخستە شوێن ئەوانەیان، کە سەردانی ئەو نێوچانەیان دەکرد. بۆیە خەڵکی نەیدەوێرا قسەیان لەگەڵدا بکات.[1]

**تەوەری چوارەم- کرانەوەی سیاسیی**

ئەگەرچی لە کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)ەوە تاوەکو دەستگیرکردنی ئۆجەلان زیاتر تورکیا پشتی بە رێگە چارە سەربازیی‌و ئاسایشییەکان بەستبوو بۆ روبەڕووبوونەوەی PKK، بەڵام لە سالآنی نەوەدەکان، بەهۆی هاتنە پێشەوەی بارودۆخی نوێ لە جیهان‌و نێوچەکە، گۆڕانکاریی بەرامبەر پرسی کورد هاتەئاراوەو تێڕوانینی جیاواز بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا دروستبوو،[2] بەشێوەیەك دوو ئاراستە دەرکەوت:

ئاراستەی یەکەم– تورکیای هاندەدا بۆئەوەی ببێتە ئەندامی تەواو لە کۆمەڵەی ئابووریی ئەوروپا، بەو پێیەی ئەندام بوو لە سیستێمی ئەوروپیی لە رێگەی کۆنگرەی هاریکاریی‌و ئاسایشی لە ئەوروپاو دامەزراوەی تری نموونەی ئەنجومەنی ئەوروپیی. ئەمەش پاڵی پێوە دەنا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە گوێرەی پێوەرە جیهانییەکانی وەرگیراو لە بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ یان بە گوێرەی ئەو بڕیارو پرێنسیپانەی پەیوەست بوون بە مافی کەمینەکانەوە، کە زیاتر ئۆزال لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا بوو.

ئاراستەی دووەم– زیاتر لەگەڵ خولیای نەتەوایەتی توندڕۆدا بوون. بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە لە ژێر رۆشنایی پرێنسیپی نەتەوایەتی تورکی هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی کورددا بکرێت، کە بە جیابوونەوە یان فیدراڵی رازی نابێت. تەنانەت دان بە مافی کەمینەی نەتەوایەتیدا نانێت‌و پێی رازی نییە، جگە لەوەی لەگەڵ پێدانی هیچ دەرفەتێکی سیاسیی‌و ئاشتییانەدا نەبوون بۆ چارەسەری پرسی کوردو زیاتریش دامەزراوەی سەربازیی‌و زۆربەی رەوتە راستڕۆو چەپڕۆو ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەم ئاراستەیەدا بوون.[3] بەڵام لەم قۆناغەدا ئاراستەی یەکەم زیاتر هاتەپێشەوە، سەرەتای کرانەوەی سیاسەتی تورکیاش بە ڕووی پرسی کوردو PKK دا، هێندێك لێدوانی رۆژنامەوانیی بوو، کە تێیدا جەخت لەسەر چارەسەرکردنی

---

[1] هـ.س، ل(428–429).

[2] هـ.س، ل210.

[3] میشال نوفال: عودة ترکیا الی الشرق، الاتجاهات الجدیدة للسیاسة الترکیة، ط1، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بیروت، 2010، ص28، و ارام محمد علی: حزب العمال، م.س، ص(5–6).

کێشەی کورد بە ڕێگە چارەی ئاشتییانەو بە شێوازی وتووێژ کرایەوە.[1] دەسپێکی کرداری ئەم کرانەوەیەش هێندێك چاکسازیی بوو، لەوانە: پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای زمانە لۆکاڵییەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی باڵای تورکیا لە ڕۆژی (1991/4/4) بۆ داڕشتن‌و دواتریش ئاراستەکردنی بۆ پەرلەمان بەمەبەستی ئیمزا لەسەرکردنی، کە دەقەکەی بەم شێوە هاتبوو:"هاوڵاتیان دەتوانن بە زمانێکی تر جگە لە زمانی تورکی قسە بکەن‌و گۆرانی‌و کاسێتی پێ تۆمار بکەن، بەڵام زمانی تورکیی وەك زمانی فەرمیی لە مامەڵە فەرمییەکان‌و خوێندن‌و فێرکردندا دەمێنێتەوە".[2] هەروەها پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای لە نێوبردنی تیرۆر، کە تێیدا بڕیار لە هەڵوەشانەوەی ماددەکانی (140، 142، 163)ی لە یاسای سزادانی تورکیی دەدات، کە کۆتوبەندیان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین‌و پێکهێنانی پارتی سیاسیی ئایینی‌و شیوعیی دادەنا.[3] جگە لە هەڵوەشاندنەوەی یاسای ناپاکی نیشتمانیی، کە کوردانی تۆمەتبار دەکرد، بەهۆی داواکردنی مافی نەتەوایەتییەوە، بە هەوڵدان بۆ دابەشکردنی وڵات‌و ناپاکی نیشتمانیی دەخستە ئەستۆیان.[4] لەلایەکی ترەوە حکومەت هەستا بە ئازادکردنی نزیکەی زیاتر (40)هەزار دەستگیرکراو لە ڕێگەی بڕیاردان لە یاسای لێبوردنی گشتی مەرجدارەوە لە ڕۆژی (3ی کانوونی دووەمی 1992)، کە سێیەکیان کورد بوون، لەگەڵ جێبەجێبەکردنی سزای لە قەنارەدان لە ڕۆژی (1991/4/8)ەوە.[5] ئامانجی تورکیا خۆگونجاندن بوو لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیانەی لەسەر ئاستی جیهانیی‌و هەرێمیی هاتبوونە ئاراو پێوەندییان بە پێگەی هەرێمییەوە هەبوو، وەك گۆڕانگارییە جیۆ-ستراتیژییەکانی دوای جەنگی سارد‌و دەرهاویشتەکانی جەنگی دووەمی کەنداوو پەرەسەندنی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان‌و دۆسییەی بوون بە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا.[6]

ئۆزال لە ڕێگەی دوو هەنگاوەوە پرۆژەی کرانەوەی خۆی بۆ دەستپێکردنی وتووێژ لەگەڵ PKK بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانە پێشنیاز کرد: یەکەمیان: بە نامەرکەزیکردنی تورکیا لەسەر شێوەی چەند هەرێمێکی فیدراڵیی،[7] کە تێیدا دەسەڵاتی نێوخۆیی بگەڕێتەوە بۆ نوێنەرە کوردەکان. دووەمیان: دەرکردنی لێبوردنێکی مەرجدار بۆ

---

[1] د.ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا، ص(229-230).

[2] کرستینا کۆیڤۆنەن: جەنگی، ل210، و د.ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا، ص231.

[3] د.ابراهيم خليل العلاف: تركيا بين حزب العمال الكردستاني وقوات المطرقة، من كتاب: د.خليل على مراد واخرون: القضية الكردية، ص141.

[4] د.حامد محمود عيسى: القضية الكردية فى تركيا، ص316.

[5] بانوراما شاملة حول تركيا عام 1992، م(شؤون تركية)، ع(5)، (كانون الثانى1993)، ص39، و د.ابراهيم الداقوقي: اكراد تركيا، ص232، و د.ابراهيم خليل العلاف: تركيا بين، ص142.

[6] ميشال نوفال: عودة تركيا الى الشرق، ص27، و د.ابراهيم خليل العلاف: تركيا بين، ص(142-143).

[7] هێندێك لە سەرچاوەکان ئەم پرسی فیدراڵیزمە بە بیرۆکەی ئەمریکا دەزانن‌و لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانییەوە ئاراستەی ئۆزال کراوەو دواتریش ئۆزال ئاراستەی ئۆجەلانی کردووە، لە بەرامبەر دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکداریی، بڕوانە المسالة الكردية، الامل والخيبات، م(شؤون تركية) ع(8)، صيف 1993، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، ص35.

**ماوەی (5)ساڵ، کە نابێتە لێبوردنێکی کۆتایی، تاوەکو PKK تاسەر واز لە زەبرو زەنگ دەهێنێت، بەڵام ڕێگەیان پێدەدرێت چالاکی میللیی ئەنجام بدەن.[1] سەبارەت بە PKK دوای ئەو بارودۆخە نوێیانەی هاتبوونە ئاراوە، چاوێکی بە ستراتیژی خەباتی سیاسیی و چەکداریی خۆیدا گێڕایەوەو مەسەلەی ئاگربەستو وتووێژی وەك جۆرێك لە تاکتیکو دواتریش بەشێك لە ستراتیژی خەبات وێنا کرد.[2] ئەوە بوو لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی.ن.ك)ەوە،[3] ئۆجەلان پەیامێکی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی تورکیا کرد، کە تێیدا ئامادەیی PKK ی بۆ ڕاگرتنی پرۆسەی چەکداریی و ئاگربەستی دوو لایەنەو زەمینەسازی بۆ ووتووێژو چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد، خستەڕوو.[4] بە کرداریش وەك وەڵامدانەوەی بانگەوازەکەی پەرلەمانی ئەوروپا، کە لە(1992/12/1) ئاراستەی لیژنەی کوردستان لە پاریس کرا بوو. ئاگربەستی یەکلایەنەی لە ڕۆژی(20/3–1993/4/15) ڕاگەیاند.[5] چونکە لەلایەك ئەم دەستپێشخەرییەی ئۆزال لای PKK گرنگ بوو، لەبەرئەوەی بەشتێکی بێ پێشینەی لە قەڵەمداو[6] بۆ یەکەم جار بوو لە تورکیا گوزارشت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگە چارەی ئاشتییانەو وتووێژ لە چوارچێوەی سیستێمی فیدراڵیدا بخرێتەڕوو، لە کاتێکدا هیچ دامودەزگەیەکی تری تورکیا دانی بە بوونی ئەو کێشەیەدا نەدەنا.[7] لە لایەکی تریشەوە PKK ویستی ئاشتیخوازیی خۆی لە بەرامبەر ڕای گشتی جیهانیدا بیسەلمێنێت،[8] بەڵام ئەم هەوڵی**

---

(1) حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، ل(132–133).

(2) httphttp://PKKonline.com/arabic/index.php?sys=article&artID=36.

(3) باس لەوە دەکرێت، کە گوایە لەوماوەیەدا تاڵەبانی خۆشی پرۆژەیەکی ئاشتەوایی بۆ تورکیاو PKK دەست پێکردووە. بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕۆژی(2ی نیسانی 1993)گەیشتووەتە ئەنقەرەو لە ڕۆژی(1993/4/4) چاوی بەئۆزال کەوتووەو دواتریش دیمێریل، بڕوانە الوقائع السياسية، م(شؤون تركية)، ع(8)، ص78، و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ر(ولآت)، ژ(1)، پێنج شەممە(1993/5/20).

(4) خاڵەکانی نێو پەیامەکەی ئۆجەلان پێکهاتبوون لە : ئەلف– تیرۆر بەهەموو شێوەکانیەوە ریسواو سەرکۆنە دەکات. بێ– ئامادەیی بۆ ڕاگرتنی پرۆسە چەکدارییەکانو وازهێنان لە توندوتیژیی چەکداریی و ڕەخساندنی دەرفەتی دانوستان بەڕێگە چارەیەك دادەنێت لە جیاتی توندوتیژیی و کوشتار لە نێوان کوردو تورکدا. تێ– بە ڕێگە چارەی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان قایل دەبێت. جیم– سازکردنی ووتووێژ لەگەڵ پارتەکەیدا بە مەرج دانانێت، لە جیاتی ئەوە ڕەزامەندی خۆی نیشاندەدا لە نێوان حکومەتو نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا بێت. حێ– ڕژدبوونی خۆی رادەگەیەنێت لە مەڕ پاراستنی یەکپارچەیی کۆماری تورکیاو پتەوکردنی برایەتی مێژوویی هەردوو گەلی تورکو کورد. خێ– جوداخوازیی و بزاڤە جوداخوازییەکان ڕەتدەکاتەوەو بە دیموکراسیی و مافی مرۆڤو مافە ڕۆشنبیریی و کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی قەوارەی یەکگرتوویی تورکیادا قایل دەبێت. دال– بە پێڕەوکردنی چالاکی سیاسیی لە سایەی دیموکراسیی و یاسادا قایل دەبێت. بڕوانە د.عبدالفتاح يحيى على البوتاني: حزب العمال، ص(129–130).

(5) مقابلة مع جميل بايق، قائد مقر المركزی وعضو المكتب السياسی، ر(ولآت)، ژ(سفر)، مايسی 1993.

(6) اوجالان: خارطة الطريق، ص102.

(7) حەسەن جودی: مێژوویێك، ل(449–450).

(8) مقابلة مع جميل بايق.

کرانەوەیە شکستیهێناو سەری نەگرت، بەهۆی مل نەدانی سوپا بۆ پرۆژەکەی ئۆزال و مردنی ناوەختو تەمومژاوی و گوماناویی. هەروەها گوللەبارانکردنی زیاتر لە (30) ئەفسەرو سەربازیی تورك لەلایەن سەرکردەیەکی جیابۆوەی PKK ەوە.[1] جگە لە دووری روانینی هەردوولا بۆ کێشەی کورد، بەجۆرێك لای PKK پێدانی مافی روناکبیریی و مرۆیی، سەرەتایەك دەبوو بۆ مافی سیاسیی و نەتەوەیی. لای تورکیاش لە ڕووی سیاسیی و دەستوورییەوە نکوڵیکردن هەبوو. سەرباری نەبوونی ستراتیژێکی روون و ئاشکرا لای تورکیا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کوردو بوونی رای جیاواز، سەرباری ئەوەی ئاگربەستەکەی ئۆجەلانیان بەشتێکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو زانی.[2]

سەرەڕای ئەوانە PKK هۆکاری شکستهێنانی ئەو دەرفەتەی بۆ تێنەگەیشتنی خێرای مەسەلەکان لە نێو ریزی پارتەکەیدا گێڕایەوە، بەجۆرێك لە نێو هێندێك لە کادیرەکانی سەرکردایەتیدا لەو هەنگاوە حاڵی نەبوون. ئەگەر سەیری لایەنی تورکیاش بکەین، تیبینی ئەوە دەکەین، کە تەنها لە ئۆزال پێك نەهات بوو، تاوەکو بڕیاری کۆتایی لە چارەسەرکردنی پرسی کورد بە رێگە چارەی ئاشتییانە بدات، بەڵکو بەرەی نەیاری پرۆژەکەی و هەوڵی کرانەوە بەهێزتر بوون، کە پێکهاتبوون لە سوپاو سلێمان دیمێریلی سەرۆك وەزیران و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و پارتە نەتەوەییەکەی(ئەردال ئینۆنۆ) بەنێوی پارتی گەلی دیموکراتی سۆسیالیستیی.[3] سەرەڕای ئەوەی کە لەلایەن زۆر دەزگەی باڵای حکومەتەوە دەستپێشخەریی و ئاگربەستە یەکلایەنەکەی PKK وەك لاوازیی و کێشەی نێوخۆیی نێو ئەو پارتە لە قەڵەم دراو قبوڵیان نەکرد، بەتایبەت لەسەر زاری(عیسمەت سیزگین)ی وەزیری نێوخۆی تورکیا.[4] ئەگەرچی دواترو لە سەردەمی هاتنە سەرکاری پارتی رەفاهدا، ئەربەکان رایگەیاند:" کورد برامانەو کێشەکەشیان لە چوارچێوەی برایەتی ئیسلامیدا چارەسەر دەکەین".[5] ئۆجەلانیش بە هاتنەسەرکاریی ئەوان نامەیەکی ئاراستەی نێوبراو کردو تێیدا ئامادەیی PKK ی خستەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە هەمان رێگەی ئەربەکان و داوای کرد، لانیکەم کوردیش وەك نەتەوە مسوڵمانەکانی چیچانستان و بۆسنیا هەژمار بکەن، وەك چۆن تورکیا لە چوارچێوەی برایەتی ئیسلامیدا بەرگریان لێدەکات، ئاواش لە کورد بڕوانن،[6] بەڵام بێسود بوو، چونکە نە ئەربەکان و پارتەکەی جدی بوون لە چارەسەرکردنی

---

[1] مقابلة اوجلان مع اذاعة BBC، ر(ولات)، ژ(1)، و حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی، ل133، بانوراما، ص39.

[2] المسالة الكردية، الامل، ص(28-29).

[3] ن.م، ص28.

[4] مقابلة مع جميل بايق.

[5] د.حامد محمود عيسى: القضية الكردية فى تركيا، ص319.

[6] نامەیەکی کراوە لە سەرۆکی نەتەوەیی(عەبدوڵا ئۆجەلان)ەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا نەجمەدین ئەربەکان، ر(ولات)، ژ(188)، دووشەممە(26ی ئابی 1996).

**پرسی کورد لە چوارچێوەی برایەتی ئیسلامیدا، نە سوپاو نە لایەنەکانی تریش ئەوەیان قەبوڵ دەکرد. هاوکات لە قۆناغەکانی دواتریشدا دیسان PKK بانگەوازی ئاراستەی رای جیهانیی و یەکێتی ئەوروپاو زۆر لایەن و کەسایەتی جیهانی تر لە هەموو نەتەوەکان کرد بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد لەوانە(پاپا یوحەننا پۆڵسی دووەم، ماسیمۆ دالیمای سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی ئیتالیا، جەلال تاڵەبانی، یاسر عەرەفات...،تاد).[1] بەتایبەتیش ئۆجەلان پرۆژەیەکی چارەسەری(7) خاڵی لە رۆمای پێتەختی ئیتالیا خستەڕوو،[2] بەڵام دیسان بێسود بوو، چونکە پێشوەخت تورکیا بە هاوکاری دەزگە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاو زۆر وڵاتی تر پلانیان بۆ دەستگیرکردنی ئۆجەلان داڕشتبوو. بەتایبەتیش دوای پێکهێنانی حکومەتی کەمینە لەلایەن بولەنت ئەجەویدەوە[3] لە رۆژی(1998/12/2) زیاتر سوپا رۆڵی لە ژیانی سیاسیی تورکیادا گێڕاو دژایەتیکردنی ئیسلامیی سیاسیی، کە مەبەست لێی پارتی رەفاه بوو، لەگەڵ تیرۆریزمی جوداخوازیی، کە مەبەست پێی PKK بوو، خرایە بەرنامەو تاوتوێکران و ڕێ و شوێنیان بۆ گیرایەبەر، بەڵام دەستگیرکردنی ئۆجەلان پێشخرا. دواتریش لە هەڵبژاردنی(1999/4/16)، کاتێك حکومەت لەلایەن حکومەتی ئەمدواییەی ئەجەویدو دەوڵەت باخچەلییەوە پێکهێنرا لە (28 ی مایسی 1999- 18 تشرینی دووەمی 2002)، بە ئاشکرا رایانگەیاند، کە لەگەڵ PKK دەگەنە ئەنجامی کۆتایی.[4] هەر بۆیە بە هیچ جۆرە ئاگربەست و بانگەوازێکی ئەو پارتە لەمەڕ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد قایل نەبوون. بۆیە دوای هەڕەشەو فشار خستنە سەر سوریا بۆ دەرکردنی ئۆجەلان و هەڵاتن و**

---

(1) بۆدەقی نامەو پەیامەکانی ئۆجەلان بەو کەسایەتی و دەزگەیانە بڕوانە اوجلان: مسيرة روما، ص(241-278).

(2) خاڵەکانی بریتیی بوون لە : ئەلف- کۆتایهێنان بەهەڵمەتی کێومالْکردن لە نێوچە کوردییەکاندا. بێ- گەرەنتی گەڕانەوەی راگوێزراوان بۆگوندەکانیان. تێ- هەڵوەشاندنەوەی سیستێمی گوندپارێزان. جیم- بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی بە نێوچە کوردییەکان، بەبێ گۆڕینی سنووری تورکیا. دال- داننان بەهەمان مافی دیموکراسیدا بۆ کورد، کە بەتورك بەخشراوە. زال- داننانی فەرمیی بەزمان و رۆشنبیریی و ناسنامەی کوردیدا. را- داننان بە ئازادیی و فرەیی ئایینیدا. بڕوانە اوجلان: مسيرة روما، ص(279-280).

(3) بولەنت ئەجەوید: لە(1925/5/28) لە ئەستەمبوڵ لەدایکبووە. ساڵی 1931 چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی ئەندازیار کەمال و پاشان ناوەندی ئەتاتورك و کۆلیژی(رۆبرت)ی ئەمریکی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووەو بەکالۆریۆسی لە ئاداب بەشی وەرگێڕان ساڵی 1944 بەدەستهێناوە. بەشداری گفتوگۆکانی دانانی دەستووری ساڵی 1961 کردووەو ساڵانی(1961-1965) وەزیری کار بووە. ساڵی 1972 بۆتە سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری و 6 جار بۆتە سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەم شێوەیە: حکومەتی یەکەم لە(1974/1/26) تا(1974/11/17). حکومەتی دووەم لە(1977/6/2)تا(1977/7/21). حکومەتی سێیەم لە(1978/1/5)تا(1979/11/12). حکومەتی چوارەم لە(1997/6/30)تا(1999/12/11). حکومەتی پێنجەم لە(1999/5/28) تا (1999/12/11). دوایین حکومەتی لە(1999/5/28)تا(2002/10/18). ئەجەوید بە تەوژمی چەپی تورکیی ئەژمار دەکرا، کە سیاسەتی چەپی نێوەندیی پێڕەو دەکرد. پاشان پارتی چەپی دیموکراتی دامەزراند. رۆژی یەك شەمەی تشرینی دووەمی 2006 کۆچی دوایی کردووەو لە ئەنقەرە ئەسپەردە کراوە. بڕوانە د.حامد محمد طه السويداني: قضية حزب العمال الكردستاني واثرها على العلاقات التركية- الروسية، ص239.

(4) حەمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی، ل158.

پەنابردنی بۆ زۆر وڵاتی ناوچەکەو جیهان، دواجار لە ڕۆژی (1999/2/15) توانیان لە نایروبی پێتەختی کینیا، نێوبراو دەستگیر بکەن.[1]

گرنگە ئەوە بڵێین ڕاگەیاندنەوەی ئاگربەستی یەکلایەنە لەلایەن PKK ەوە بۆ چەند جارێكو چەند بارە بوونەوەی تا دەگاتە گرتنی ئۆجەلانی سەرۆکی پارتەکە، ئەگەرچی لەلایەك پێوەندی بە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی ئەو پارتەوە هەبوو، بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە ڕێگەی سیاسیی و وتووێژ، بەڵام لەلایەکی ترەوە پێوەندیشی هەبوو بە لاوازبوونی توانای شەڕکردنی PKK لە نێوخۆی تورکیا، بەتایبەت دوای ئەوەی لە هاوینی 1993، تورکیا هەڵمەتێکی فراوانو گەورەی کردە سەریانو تا ساڵی 1994 سەرکەوتوو بوو لە زاڵبوون بەسەر زۆربەی ئەو نێوچە کوردییانەو ڕووخاندنی هەزارەها گوندی کورد، بەمەبەستی بڕینی ئەو پارتە لە بنکەی جەماوەریی و سەرچاوەی کۆمەك کردنی. بەمەش PKK کەوتە دۆخی بەرگریکردنەوەو ناچار بوو بنکەو بارەگەکانی لە نێوخۆی تورکیا بباتە دەرەوە بۆ شوێنە دوورو سنورییەکانی تورکیاو بەشێکیشی بۆ باشووری کوردستان.[2] هەروەها گۆڕانی هەڵوێستی سوریا بەرامبەر PKK بەتایبەت دوای فشارە بەردەوامەکانی تورکیا لەسەری. هەروەك عیسمەت سیزگینی وەزیری نێوخۆش لە کۆبوونەوەی حکومەتدا ئاماژەی بە زانیاری هەواڵگریی کرد بوو، کە پارتی نێوبراو ئەو پێگەیەی پێشووی لای سوریا نەماوە.[3] لە هەمان کاتدا هاتنە ئارای هاوپەیمانێتی نێوان تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو قۆناغەدا، ئەگەرچی لە ساڵی 1992 ەوە یەکێتیشی لەگەڵدا بوو بۆ دژایەتیکردنی PKK، بەڵام دواتر پارتی کارئاسانی زۆری بۆ تورکیا کرد، کە هەڵمەتە سەربازیی و جەنگییەکانی دژی ئەو پارتە لە نێو خاکی باشووری کوردستان ئاسان تر ئەنجام بدات. ئەمە جگە لە نەخوێندنەوەی ئەو بارودۆخەو گۆڕانی هاوسەنگی هێز لەو قۆناغەداو بیرنەکردنەوە لە بژاری ستراتیژیی و سیاسیی دیکە. لە سەرووی ئەمانەشەوە هەر لە سەرەتاوە PKK ستراتیژی جەنگیی خۆی لەسەر ململانێی(تورکیا– سوریا) بونیات نابوو، کە لەوکاتەدا بەشێك لە ململانێی جیهانی فراوان بوو لە نێوان هەردوو سەربازگەی ئەمریکاو سۆڤیەت. بۆیە بە ڕووخانی بەرەی دووەم، سوریا هاوپەیمانێکی ستراتیژیی سەرەکیی لە دەستداو بە تەنها مایەوەو زیاتر پشتی بە PKK بەست، بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی تورکیا، کە کەمکردنەوەو گرتنەوەی ئاوی ڕووباری فوراتی وەك کارتی گوشار لە دژی سوریا بەکار دەهێنا.[4]

---

(1) ئەفرایم ئینبار: هاوکاری ستراتیژی تورکیا– ئیسرائیل، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(2)، ئەیلوولی 2005، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ل77.

(2) ارام محمد علي: حزب العمال، ص6.

(3) المسالةالكردية، الامل، ص29.

(4) ارام محمد علي: حزب العمال، ص(6–7).

## باسی سێیەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا

### تەوەری یەکەم- پێناسەو بنەماو ڕەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا:

سەرکەوتنی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکدا بریتییە لە هونەری کارامەیی و لێزانێتی دیپلۆماسییەت و چۆنێتی بەڕێوەبردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی زۆرترین قازانج و دەستکەوتنی بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووریی. هەر بۆ نموونە هێندێك لە لێکۆڵەران و سیاسەت زانان دەربارەی سیاسەتی دەرەوە بەمجۆرە دەدوێن:

- لیون نویل دەڵێت:"هونەری بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی دەوڵەتێکە لەگەڵ دەوڵەتانی تردا".[1]

- بلانو لولتن بۆچوونی وایە:"میتۆدێکی نەخشە بۆ داڕێژراوی کارکردنە، کە بڕیارسازان لە دەوڵەتدا بەرامبەر دەوڵەتان یان یەکەی نێودەوڵەتیی پەرەی پێدەدەن، بە ئامانجی بەدیهێنانی مەبەستە دیاریکراوەکان لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی نیشتیمانیدا".

هێندێکی تر پێیان وایە"تەگبیری چالاکی دەوڵەتە لەپێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر یان میتۆدێکە، کە لەسەری دەڕوات، بە گوێرەی پێویستی دەوڵەت لە پێوەندییەکان و کاروبارە سیاسیی و بازرگانیی و ئابووریی و داراییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا".[2]

هەروەها سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەر چەند بنەمایەکی گرنگ دامەزراوە، کە دواجارستراکتۆری ئەو سیاسەتە پێکدێنن، لەوانە:

### یەکەم- هەڵکەوتەی جوگرافیی:

پێگەی جوگرافیی تورکیا ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە دەستنیشانکردنی سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی هەرێمیداو ڕەگەزێکی هێز بووە بۆی. بە گوێرەی بیردۆزەکەی(نیکۆلاس سپایکمان)یش،[3] هێزی دەوڵەت پشت بە هەڵکەوتەی جوگرافیی دەبەستێت، سەرەڕای دەرامەتی سروشتیی و ئابووریی و ژمارەی دانیشتووان. ئەوی پێوەندی بە بنەمای جوگرافی تورکیاشەوە هەبێت، ئەوا لە دوو لایەندا خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان- سنوور بە مانا کلاسیکیی و سەروەرییەکەی، کە خۆی لە ململانێی سوریاو تورکیا لەسەر پارێزگەی

---

(1) د.احمد نوری النعیمی: السیاسة الخارجیة، ط1، دار زهران، عمان- اردن، 2009، ص(21،19، 43).

(2) ن.م، ص(21، 43).

(3) نیکۆلاس سپایکمان لە ساڵی 1893 لە دایکبووەو مامۆستای پێوەندی نێودەوڵەتیی بووە لە زانکۆی(ییل) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێك لە شارەزایانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی بووەو گرنگترین کتێبی بە نێوی(جوگرافیای ئاشتیی)ە، کە تێیدا جوگرافیای بە فاکتەری سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان هەژمار کردووە، بەهۆی ئەوەی، کە فاکتەری نەگۆڕن، وێڕای خستنەڕووی چەندین تێزی سیاسیی ترو لە ساڵی 1943 مردووە، بڕوانە د.ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی: جیۆپۆلەتیکس(بۆچوون و تیۆرەکان)، چ1، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی(ی.ن.ك)، ل71.

**ئەسکەندەروونە دەبینێتەوە. دووەمیان- رەنگدانەوەی سیاسەتو ئاسایش، کە دەبێتە هۆی دزەکردنی چەکدارو کالاّو شمەكو کێشەکان لەولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر( کە لێرەدا مەبەست PKK بوو).[1]**

**دووەم- بنەمای ئابووریی:**

**دەرامەتە سروشتییەکانی دەوڵەتێك بە یەکێك لە گرنگترین رەگەزەکانی هێزی سیاسیی دەوڵەت دادەنرێتو هۆکارێکی گرنکی هێزیشە لەسیاسەتی دەرەوەیداو هێزی دەوڵەت پێوەستە پێیەوە.[2] تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیداو لە پێناوی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانیدا هەوڵیداوە سود لەبنەماو دەرامەتە ئابوورییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ولاّتانی عەرەبی بە گشتییو سوریادا بەتایبەتی وەربگرێت، چونکە رەهەندی ئابووریی لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا تەرکیزکردنە لەسەر رۆڵی لە دەستکەوتەکانی داهاتی مادیو مەعنەویدا، واتە دەستکەوتی سیاسییو ئابووریی، بەوەش سیاسەتی دەرەوە ئامرازێکە بۆ فراوانکردنو گەورەکردنی دەستکەوتە ئابوورییو کارلێکە بازرگانییەکانیو لەوێشەوە دەستکەوتە سیاسییەکانی.[3]**

**سێیەم- بنەمای سەربازییو هێز:**

**بنەمای سەربازیی بە بنەمایەکی گرنگ لەسیاسەتی دەرەوەدا هەژمار دەکرێت، بەجۆرێك دیپلۆماسییەتو هێزی سەربازیی بە تەنیشت یەکەوەن.[4] لەتورکیا سوپا بەشێکی سەرەکی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی بووە. لەم ڕووەوە کودەتاکانی سالاّنی(1960، 1971، 1980)و دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسییدا بەڵگەن. بە گوێرەی مادەی(359ی دەستووری 1982)یش سوپا پارێزگارییو پاراستنی دەوڵەتو ئاسایشی نیشتیمانیی لەنێوخۆی تورکیاو لە ئاست تەوژمی ئیسلامییو کێشەی کورد لەئەستۆدا بوو. وێڕای ئەمەش لە دەرەوەو لە ئاستی هەرێمییشدا ئەرکی چاودێریکردنی جولاّنەوەی کورد لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ولاّتانی دراوسێیدا بوو، سەرباری کێشەکانی قوبروسو یۆنانو باڵکان.[5] بایەخی بنەمای سەربازییو هێز لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیاو**

---

[1] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، الواقع الراهن واحتمالات المستقبل، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2009, ص264.

[2] د.احمد نورى النعيمى: السياسة الخارجية، ص209.

[3] عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، ط1، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012، ص(93-94).

[4] د.احمد نوري النعيمى: السياسة الخارجية، ص255.

[5] هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پێوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا(1991-1998)، چ1، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2008، ل(30-31).

**پێوەندییە هەرێمییەکانی لەگەڵ سوریا لەساڵانی نەوەدەکاندا زیاتر دەرکەوت، بەتایبەتی لە ئاست هەڕەشەی دەرکردنی ئۆجەلان لە سوریا. هەروەك بنەمای هێزو سەربازیی پێوەندییەکی پتەوی بە میتۆدەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوە هەیە، لەوانە میتۆدی واقیعیی، چونکە ئەم میتۆدە ئاماژە بە بایەخی هێز لەپێوەندیی نێودەوڵەتیدا دەکاتو پێی وایە پێوەندیی نێودەوڵەتی واتە پێوەندی هێز.[1] چونکە بنەمای سەربازیی‌و هێز لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا گرێدراوە بە چەمکی ئاسایشی نیشتیمانییەوە.**

**چوارەم- بنەمای دیموگرافییو دانیشتووان:**

**بە گوێرەی سەرژمێریی‌و داتاکان، کە ساڵی 1985 ئەنجام دراوە دانیشتووانی تورکیا(50.664.000)کەس خەمڵێنراوەو تاساڵی 2000 پێشبینی کراوە ئەو رێژەیە بۆ(71.255.000) کەس بەرز بێتەوە. لەم نێوەندەدا تێکڕای لەدایکبوون ساڵانە(28) هەزارو مردن(6)هەزارو تێکڕای سکپڕیش(54)هەزار، لە رووی تەمەنەوە زیاتر تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەنج وێنا کراوە، کە بە گوێرەی زانیارییەکان تێکڕای تەمەنی پیاو(68) ساڵو ژن(72) ساڵە.[2] لەبەرئەوەی هێزی مرۆیی‌و دانیشتووان وەك بنەمایەکی گرنك لە سیاسەتی دەرەوەدا پشتی پێدەبەسترێت. سەبارەت بە رەهەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، بڕیارسازانی ئەو وڵاتە لەکاتی پەنابردن بۆ گرتنەبەری هەر بڕیارێك، کە پێوەندی بە سیاسەتی دەرەوە بێت لە مەڕ هەر کێشەیەك، رەچاوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، لەگەڵ بەگەڕخستنی توانای پێویست بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشت ئەو کێشەیە.[3] سیاسەتی دەرەوەی تورکیا چەند رەهەندێکی گرنگی هەیە، لەوانە(ئاڕاستەکان، ئامانجەکان، رۆڵەکان، ستراتیژەکان).**

**یەکەم- ئاڕاستەکان: مەبەست لەئاڕاستەکان، سەرەتای ئاڕاستەی تورکیایە رووەو خۆرئاوا، چونکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە ململانێی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکاو یەکێتی سۆڤییەت کاریگەر بوو،[4]**

---

[1] وردتر بڵێین ئەم میتۆدە رای وایە هەموو دەوڵەتان دەیانەوێت لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بگەنە ئامانجەکانیان بە بێ بایەخدان بە لایەنە یاسایی‌و مۆراڵییەکان. بنەمای ئەم میتۆدەش بریتییە لەبیرۆکەی هێزو بەرژەوەندیی، بەرژەوەندیش لەچوارچێوەی هێزدا دیاری دەکرێت. هەروەها رەگو ڕیشەی میتۆدی واقیعی بۆ مێژووی توکیدیسی یۆنانی کۆنو جەنگی پیلۆپۆنیزیای نێوان ئەسیناو ئەسپارتە(431–404 پ.ز) دەگەڕێتەوە. رەگەزەکانی واقیعگەرایی بۆ نوسینەکانی(کاوتیلیا)، کە وەزیری ئیمپراتۆر(ماوریا) بووە لەهیندستانو زیاتر لە(2000 پ.ز) دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی تایبەت هزری خۆی لەبیروڕاکانی نیکۆلۆ ماکیاڤیللیو تۆماس هۆبزو ماوتسی تۆنگەوە وەرگرتووە، بڕوانە د.احمد نوري النعيمي: السياسة الخارجية، ص(91–93).

[2] عبدالزهرة شلش العتابى: توجهات تركيا نحو اقطار الخليج العربى، دراسة فى الجغرافية السياسية، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة(افاق عربية)، بغداد، 2002، ص(80–81).

[3] جليل عمر علي: السياسة الخارجية التركية، ص28.

[4] د.ابراهيم خليل احمد ود.خليل علي مراد: ايران وتركيا، دراسة فى تاريخ الحديث والمعاصر، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، 1992، ص309.

دووەم– ئامانجەکان: کارلێک‌و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا خۆی لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدا دەبینێتەوە، لەوانە(ئاسایشی نیشتیمانیی، تەکامولی نێوخۆیی، پێگەی هەرێمیی‌و دەستەبەرکردنی دەرامەت‌و تواناکان).[1]

سێیەم– ڕۆڵەکان: سیاسەتی تورکیا لە جاڕدانی کۆمارەوە جەخت لەسەر ئاشتیی دەکاتەوە، کە لە دروشمەکەی مستەفا کەمالەوە وەرگیراوە:"ئاشتیی لە نێوخۆ، ئاشتیی لە دەرەوە"،[2] تورکیاش ئەو ڕۆڵانەی دیاریکردووە، کە دەکرێت لەمیانەی کۆمەڵێک بنەماوە پێیان هەستێت،[3] لەوانە(دەست وەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتانی تر بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ، دەست وەرنەدانی ڕاستەوخۆ لە کێبڕکێی هەرێمیی، پەرەپێدانی پێوەندیی دوولایەنە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی جوگرافیی‌و سیاسیدا). لێرەدا مەبەست لەڕۆڵەکان بریتییە لە(بنکەی ئاسایشی‌و هاوسەنگکەری هەرێمیی‌و ڕۆڵی نێوەندگیر). بەڵام تورکیا لەسەر ئاستی نێوخۆ بنەمای ئاشتی لە نێوخۆی جێبەجێ نەکردوووە، بەتایبەت لە ئاستی کێشەی کورد دا.

چوارەم– ستراتیژەکان: تورکیا ستراتیژی گەورەی بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بونیات ناوە، کە هەمیشە هەست بە هەڕەشەی نێوخۆیی‌و دەرەکیی دەکات. ئەم ستراتیژەش خۆی دەبینێتەوە لە:

– تەوقدان(الاحتواء): لە چرکەساتی دامەزراندنی تورکیاوە ستراتیژی تەوقدان لەسەر دوو ئاست دەستی پێکردووە، یەکەمیان: تایبەتە بە خودی تورکیا خۆی‌و ئەوی تریان لەڕێگەی هاوپەیمانی دەرەکییەوە. بۆیە پشتی بە هەر دووکیان بەستووە بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی کورد(PKK)و جوڵانەوەی مارکسیستی‌و دواتریش ئیسلامی سیاسیی.[4] تەوقدان یەکێك لەموفرەداتی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی فاکتەرەکانی هەڕەشەی نێوخۆیی‌و دەرەوەو بریتییە لە(دانوستان، هەڕەشەکردن، بەرپەرچدانەوە، جەنگ، میدیا، سیخوڕیی، دیپلۆماسییەتی گشتیی یارمەتیی دەرەکیی‌و کارئاسانیی بازرگانیی‌و ئاسایشیی‌و...، تاد).[5]

– ئاودیوکردنی قەیرانەکان: تورکیا لە ڕێگەی هەڵگیرسانی شەڕ یان گرژیی‌و ئاڵۆزیی، یاخود گێڕانەوەی هۆکاری کێشە بۆ فاکتەری دەستوەردان‌و پلانگێڕیی لە دەرەوە، کار

---

(1) د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص176.

(2) د.سيار الجميل: الخيارات الفكرية والسياسية لدى العرب والاتراك، فى كتاب اورهان كولوغلو واخرون: العلاقات العربية– التركية، حوار مستقبلي، ط1، مركز درسات الوحدة العربية، بيروت، 1995، ص259.

(3) فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ت(ميخائيل نجم خورى)، ط1، دار قرطبة، دار البيضاء، 1993، ص(83–85).

(4) د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص(182–185) وص (187–188).

(5) عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص(152–153).

لەسەر ئاودیوکردنی کێشەکان دەکات، ئەمەش پێوەندی بە زهنییەتی پلانگێڕییەوە هەیە، کە هەموو شکست یان نەتوانینێك لەسیاسەتدا بە پلانگێڕیی لایەنەکانی نێوخۆو دەرەوە دەزانێت.

- دەوڵەتی نێوەند یاخود کۆڵۆنیالیزمی لاوەکیی: کاتێك تورکیا چووە نێو هاوپەیمانیی رۆژئاواوە، تەنها بۆ مەبەستی ئاسایشی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی دەرامەت نەبوو، بەڵکو بۆ ئەوەش چوو، تاوەکو دەرفەتی پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێزو فراوانی لەسەر ئاستی نێوچەکانی(رۆژهەلاتو ئاسیای نێوەڕاستو باشووری قۆقازو باڵکان) پێ ببەخشێت. تورکیا ئومێدی وابوو دەوڵەتەکەیان ببێتە نێوەندگیرێك لە نێوان(کۆڵۆنیالیزمیی گەورە)و دەوڵەتانی هەرێمیی دەوروبەری، بەو پێیەی ببێتە کۆڵۆنیالیزمێکی لاوەکیی.[1]

**تەوەری دووەم- ئامانجو تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا:**

پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە ئامانجەکان دەکەونە چوارچێوەی رەهەندە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیاوەو پێکهاتووە لە:

یەکەم- بنکەی ئاسایشیی: بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و پارێزگاریکردن لە یەکێتی دەوڵەت بەگشتی ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە، ئەوجا دیاریکردنی سەرچاوەکانی هەڕەشە بێت، کە روبەڕووی یەکپارچەیی دەوڵەت دەبێتەوەو تەوقی دەدەن لەنێوخۆی وڵاتدا یان لە دەرەوەو لەهەر ئاستێکدا بێت.[2] یاسای ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ژمارە(2945ی 1983/9/9) بەم جۆرە پێناسەی ئاسایشی کردووە:"بەرگریکردنو پاراستنی دەوڵەتە لەهەر جۆرە هەڕەشەیەکی دەرەکییو نێوخۆیی لەرێگەی سیستێمی دەستوورییو قەوارەی نیشتیمانییو یەکپارچەییو هەموو بەرژەوەندیو مافە گرێبەستییەکانەوە لە ژینگەی نێودەوڵەتیی لەسەر ئاستی سیاسییو کۆمەلایەتییو روناکبیرییو ئابووریی". ئامانجەکانی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانیی تورکیا پێکهاتووە لە (هاوپەیمانیی لەگەڵ رۆژئاواو بەشداریکردنی چالاکانە لەسیاسەتو مەسەلە ستراتیژییە ئاسایشیەکانی نێوچەکەدا. کارلێك لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا بە مەبەستی سنووردانان لە بەردەم خواستە سیاسییو جوداخوازییەکانی کورد دا، بە ئامانجی تەوقدانی خولیای سەربەخۆخوازیی کورد. بونیاتنانی سیاسەتو ستراتیژی ئاسایشی دەوڵەت، کە ئامانج لێی پێکهێنانی توانای سەربازیی بەهێزو بە توانایە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتیی جوگرافیای دەوڵەت.

---

[1] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص(190-193).

[2] عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص(67-68).

دووەم– تەواوکاریی نێوخۆیی: تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەمیشە جەخت لە تەواوکاری نێوخۆیی دەکاتەوە لە کارلێك کردنی دەرەوەی خۆیدا، مەبەستیشی ڕاگرتن‌و پاراستنی یەکپارچەیی تورکیایە، چونکە ترسێکی گەورەی لەئاڕاستەکانی دابەشبوون هەیە لای بەشێك لەپێکهاتە کۆمەڵایەتیی‌و ئیتنییەکانی وەك کوردو ئەرمەن‌و عەرەب‌و یۆنانییەکان، بەڵام زیاتر کورد، نەك ئەوانیتر.

سێیەم– پێگەی تورکیا وەك دەوڵەتیی نموونە: ئامانجێکی گەورەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئەوەیە، کە خۆی وەك دەوڵەتی نموونە بۆ بونیاتنانی سیاسیی‌و مۆدێرن بەرجەستە دەکات، بەتایبەت کە دەکەوێتە نێوچەیەکی نێوەڕاستەوەو پردێکە ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوا بە یەك دەگەیەنێت. لێرەدا تورکیا دوو مەبەستی هەیە: لەلایەك دەوڵەتێکی نموونەیی بێت بۆ ڕۆژهەڵات‌و ئاسیای نێوەڕاست‌و قۆقاز، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتێکی نموونەیی بێت بۆ ڕۆژئاوا، بەو پێیەی ڕۆژئاوا تورکیا بە تاکە دەوڵەتی مسوڵمان دادەنێت، کە ئەزمونی دیموکراسیی‌و ئاڵوگۆڕیی ئاشتییانەی دەسەڵات‌و کرانەوەی ڕووناکبیریی تێدایە.[1]

چوارەم– دابینکردنی دەرامەت‌و تواناکان: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەڵدەستێت بە بەدیهێنانی هێندێك ئامانج، کە شەقڵێکی ئابووریانەی هەیە، وەك(دەستکەوتنی قەرزو سەرمایەگوزاریی دەرەکیی‌و یارمەتی ئابووریی‌و کارئاسانیی داراییی‌و..تاد)، کە هەموو ئەمانە دەچنە نێو خانەی خۆشگوزەرانیی ئابوورییەوە.[2]

پێنجەم– پێگەی هەرێمیی: ئامانجێکی تری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پشت بەستنە بە هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل‌و بە پشت بەستن بە توانای سەربازیی‌و پیشەسازیی جەنگیی‌و بنەماکانی تر،[3] بۆیە تورکیا هەوڵ دەدات پێگەیەکی هەرێمیی لەنێوچەکە بە گشتیی‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدەست بهێنێت، بە جۆرێك بەشێکی زۆری سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییە هەرێمییەکانی خۆی لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا دەبینێتەوە، بەتایبەتیش لەساڵانی نەوەدەکان‌و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لەسەر ئاستی جیهانیی‌و هەرێمیی ڕوویاندا، لەوانە (هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت‌و جەنگی کەنداو، پرۆسەی ئاشتیی عەرەب– ئیسرائیل).[4]

---

(1) د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص(178، 180).

(2) نوبار هوفيسبيان واخرون: تركيا بين الصفوة البيروقراطية والحكم العسكري، ط1، مؤسسة الابحاث، بيروت، 1985، ص(492-496).

(3) مخلوف سليمان: المؤسسة العسكرية التركية، رصد ودراسة تحليلية، ط1، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2001، ص27.

(4) خورشيد حسين دلي: تركيا وقضايا السياسة الخارجية، منشورات اتحاد كتاب العرب، 1999، المقدمة.

هەروەها توركيا لە سياسەتی دەرەوەيدا خاوەنی چەند تايبەتمەندييەكە، كە بە گوێرەی بەرژەوەندیو گۆڕانكارييە سياسيیو ئابووريیو كۆمەڵايەتييەكان، گۆڕانيان بە سەردا هاتووەو پێی كاريگەر بوون، لەوانە:

يەكەم- ئاڕاستەی جيهانيی: هەر لەسەرەتاوەو دوای جەنگی دووەمی جيهانيی، توركيا بە رووداوە نێودەوڵەتييەكانو ئەو دوو ئاڕاستە سەرەكييەی، كە دواجار لە جەنگی ساردی نێوان ئەمريكاو يەكێتی سۆڤييەتدا بەرجەستە بوو، كاريگەر بوو. بەجۆرێك داننانی توركيا بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئيسرائيلو چوونە نێو رێكخراوی ناتۆ، دەسپێكی رەنگرێژكردنی ئاڕاستەی سياسەتی دەرەوەی توركيا بوو رووەو رۆژئاوا، كە دواتر لە پێوەندييە جيهانيیو هەرێمييەكانيشدا رەنگيدايەوە. ئەم ئاڕاستە وەرگرتنەی توركيا پشت ئەستوور بوو بە بنەمای هەڵكەوتەی جوگرافيیو پێگەی جيۆستراتيژيی سەبارەت بە رۆژئاوا.[1]

دووەم- ترس: بەشێكی زۆر لەو دەوڵەتانەی لە ڕووی پێكهاتەی كۆمەڵايەتيیو نەتەوەييەوە هەمەجۆرو هەمە چەشنەن، هەميشە هەست بە ترس دەكەن. لەلايەك مەترسی ئەوەيان هەيە خولياو جولانەوەی جوداخوازيیو سەربەخۆخوازيی لەنێويياندا سەرهەڵبدات، لەلايەكی تريشەوە دۆخەكە دۆخێكی ئامادەيە بۆ تەقينەوەی كۆمەڵايەتيی، بەتايبەتی لە توركيا، كە خاوەنی پێكهاتەيەكی كۆمەڵايەتيی فرە نەتەوەو ئيتنييەو لەهەموو ئەمانەش گرنگتر چەوساندنەوەی نەتەوەيی بەسەر ئەو پێكهاتانەوە هەيە. ئەمەش وا دەكات وەڵامدانەوەی ئەو پێكهاتانە لەسەر هەموو ئاستە سياسيیو چەكدارييەكان ئەگەرێكی زۆر نزيكو پێشبينيكراو بێت. بۆيە لەم دۆخەدا ترس دەبێتە بەشێك لەتايبەتمەندی سياسەتی دەرەوەی توركيا بەرامبەر وڵاتانی جيهانيیو هەرێميی، چونكە لای توركيا بەرپرسيارێتيی تەقينەوەی ململانێ كۆمەڵايەتييەكان بەگشتیو پرسی كورد بەتايبەتی لەئەستۆ دەگرن.[2]

سێيەم- هەڵوێستی گۆڕاوو ناجێگير: ناجێگيريیو گۆڕاويی لەهەڵوێستی توركيا لە رووداوو گۆڕانكارييە جيهانيیو نێودەوڵەتييەكانو پێوەندييە هەرێمييەكانيدا، يەكێك لە تايبەتمەندييەكانی سياسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە بووە، بەجۆرێك بە تەنها لەسەر يەك هەڵوێستی سياسيی دياريكراو نەماوەتەوە، بەڵكو سياسەتی دەرەوەی بە بەرژەوەندیو ئاسايشی نەتەوەييەوە گرێدراو بووە، بەشێوەيەك لەكوێدا پێويست بوو بێت جێگيرو نەگۆڕاو بووەو لە هەر دۆخێكيشدا وايخواست بێت گۆڕانكاريی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە لەنێوەڕاستی ساڵانی حەفتاكاندا بەهۆی كێشەی ئابووريی لە نێوخۆو بەرزبوونەوەی نرخی

---

[1] د.ابراهيم خليل العلاف و د.خليل علی مراد: ايران وتركيا، ص309.

[2] عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص(169-170).

نەوت لەسەر ئاستی جیهان، دۆخەکە وای خواست تورکیا لە وڵاتانی عەرەبیو بەرهەمهێنەری نەوت نزیك ببێتەوە، کە پێشتر پێوەندییەکە لەئاستێکی لاوازدا بوو.(1) وێڕای ئەمانە هاتنەئارای گۆڕان لەهەڵوێستو سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە کۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکانو دواتردا، وەك ستراتیژی نوێی سیاسیی دەرکەوت، بەهۆی کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران(1980-1988)و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەتو پەرەسەندنی جەنگی دووەمی کەنداو لە (17ی کانوونی دووەم- 28 ی شوباتی 1991)و پرۆسەی ئاشتی عەرەب- ئیسرائیل.(2)

چوارەم- سازشکردن: تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەو لەئاست بەشێك لەکێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیدا، پێڕەوی لە پرینسیپی سازش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو رزگاربوون لێیان کردووە. ئەم سازش کردنەش لە واقیعی نێودەوڵەتییو هەرێمیدا کاریگەری لەسەر هەڵوێستی سیاسیی تورکیا بەرامبەر وڵاتانی هەرێمییو جیهانیی جێهێشتووە،(3) بەتایبەتی لە ئاست مەسەلەی PKK و کێشەی ئاویی لەگەڵ سوریاو عێراقو زیاتریش سوریا.

**تەوەری سێیەم- بایەخی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا:**

کێشەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا رۆڵێکی ناگونجاویی هەیە، بەجۆرێك بەشێك لەو ناڕەحەتییانەی تورکیا لەگەڵ کورددا روبەڕووی دەبێتەوە، خۆی لەرەهەندی نەتەوەیی ئەو کێشەیەدا دەبینێتەوە، چونکە کورد لەو وڵاتەدا گەورەترین گروپی ئیتنی بە تەنها پێکدێنێت، کە خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان نین. ئەمەش وایکردووە تورکیا تووشی چەرمەسەریی زۆر بکاتو هەژموون بەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ سوریاو عێراقو ئێراندا بکاتو سەرچاوەیەکی ئاڵۆزکردنی پێوەندییەکانی بێت، سەرباری ئەوەی لەسەر ئاستی نێوخۆ دۆخێکی لاوازیی بۆ تورکیا دروستکردووە، کە دوژمنە دەرەکییەکانی لەدژی بیقۆزنەوەو(4) کاریگەریی لەسەر رۆڵی هەرێمییو ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دروست بکەن.(5) بەدیاریکراویش لە هەشتاکانەوە پرسی کوردو PKK یەکێك لە موفرەداتی ستراتیژی تەوقدان بووە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیاداو ئەم ستراتیژەش پشتی بەستووە

---

(1) فيروز احمد: الاسلام السياسي في تركيا بين الضغوط والاستجابة الدولة، من كتاب: نوبار هوفيسبيان واخرون: تركيا بين، ص(147،141).

(2) احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ت(محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل)، ط1، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، و مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، 2010، ص447، و خورشيد حسين دلي: تركيا، م.س، ص16.

(3) محمود سالم السامرائي: المساومة في السياسة الخارجية التركية، مج(العربية) للعلوم السياسية، ع(13)، شتاء 2007، ص77.

(4) جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، ص126.

(5) عبدالزهرة شلش العتابي: توجهات، ص191.

به (ڕێکەوتنی ئاسایشی لەگەڵ ژمارەیەك دەوڵەت وەك ئەمریکاو ئیسرائیل. درێژەدان بە کاری سەربازیی دژی سەرکردەکانی PKK لە دەرەوە وەك کردەکانی ڕفاندن‌و تیرۆرکردن. بەرپاکردنی نێوچەیەکی ئاسایشی لە باکوری عێراق بۆ لێدانی بنکە چەکداریی‌و گەریلاییەکانی PKK. فشار خستنە سەر وڵاتانی دراوسێ لەوانە سوریاو ئێران‌و تۆمەتبارکردنیان بە هاوکارییکردنی PKK. کارکردن لای هاوپەیمانەکانی بۆ گەمارۆ خستنە سەر جوڵانەوەی کوردو بەرتەسك کردنەوەی کاری ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی لە ئەوروپا.[1] ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی بۆ دانانی سنوور لەبەردەم خواستە سیاسییەکانی کورد دا. دانانی سیاسەت‌و ستراتیژی ئاسایشیی بە ئامانجی بونیاتنانی توانای سەربازیی بەهێزو کارا بۆ پاراستنی قەوارەی جوگرافیی‌و سەروەریی دەوڵەت. دانانی مەسەلەی کورد لە پلەیەکی پێشکەوتوویی خشتەی کاری سیاسەتی دەرەوەو ستراتیژی بەرگریدا. تەوقدانی سەرچاوەکانی کۆمەکی دەرەکیی‌و لۆجستیی PKK، ئیتر تۆڕەکانی هاوکاریی مادیی بێت لە نێوچە کوردییەکان یان کوردانی ئەوروپا. دامەزراندنی ڕێکەوتنی ئاسایشیی لەگەڵ هێزو ڕێکخراوە کوردییەکانی باشووری کوردستان بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی سەربازیی‌و سیاسیی PKK).[2]

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەگەین بەو ئەنجامەی، کە خەباتی چەکداریی PKK کاریگەری گەورەی کردە سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو مایەی مەترسیی بوو لەسەر سەقامگیریی سیاسیی لەو وڵاتەدا. ئەو خەباتە چەکدارییە بە شێوەی جەنگی گەریلایی بوو، کە تایبەت بوو بەو پارتە، لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە جەنگی پارتیزانیی شۆڕش‌و جوڵانەوە چەپەکانی جیهان‌و نێوچەکە. ئەم کاریگەرییە وایکرد، کە تورکیا لەسەر ئاستی نێوخۆ بکەوێتە خۆی‌و لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسیی، ئاسایشیی، ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیی ڕووبەڕووی PKK ببێتەوە. هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین، کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئاریشەی کورد بە گشتیی‌و پارتی کرێکارانی کوردستان بەتایبەت، شەقڵێکی ئاسایشیی بەسەریدا زاڵە، بەجۆرێك ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی PKK، بەشێکی بنەڕەتیی ئامانج‌و ستراتیژی ئەو سیاسەتەی پێکهێناوە. بۆیە دەبینین دەوڵەتی تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە تواناکانی خستۆتەگەڕ بۆ لە نێوبردنی ئەو پارتەو تەوقدانی مەترسییەکانی لە چوارچێوەی پێوەندییە هەرێمییەکانیدا.

---

[1] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص188.

[2] د.عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص(158–159).

# بەشی دووەم: پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیا- سوریادا

## بەشی دووەم( پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیا- سوریادا

پێوەندییەکانی تورکیاو سوریا دەچێتە خانەی پێوەندییەکانی تورکیا بە وڵاتانی عەرەبییەوە لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو لە زۆر باردا گرژییو ئاڵۆزیی بە خۆوە بینیوەو لە ژێر کاریگەری چەند هۆکارێکدا بوو. لەوانە: کێشەی ویلایەتی ئەسکەندەرونەو لکاندنی بە تورکیاوە، بە گوێرەی رێکەوتننامەی دووەمی نێوان تورکیاو فەرەنسا لە (1939/6/23)دا.[1] هەروەها دانپێدانانی تورکیا بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئیسرائیل لە (3/28/ 1949)داو پتەوکردنی پێوەندییە سیاسییو ئابوورییو سەربازییەکانی لە نەوەدەکاندا، کە یەکێك لە ئامانجەکانی، گوشار خستنە سەر سوریا بوو.[2] چوونی تورکیا بۆ نێو هاوپەیمانیی ئەمریکا دوای پرۆژەکەی مارشاڵو هاتنەئارای جەنگی ساردی نێوان بلۆکی سەرمایەدارییو بلۆکی سۆسیالیزمیی، ئاڕاستە گرتنی تورکیا هەر لە سەرەتاوە بەرەو ئەمریکاو خۆرئاواو بە پێچەوانەشەوە سوریا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت.[3] ئەمە جگە لە کێشەی قوبروسو کێشەی فەلەستینو پێوەندیی نێوان سوریاو یۆنان لە هێندێك قۆناغدا مایەی کێشەی نێوان تورکیاو سوریا بوون.[4]

سەرهەڵدانی کێشەی ئاویی هەردوو روباری دیجلەو فورات، ئامادەنەبوونی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو پێوەستکردنی بە کێشەی ویلایەتی ئەسکەندەرونەو پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ سوریادا، بەڵام PKK یەکێك لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانی گرژیو ئاڵۆزی نێو پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە بوو، بەتایبەتی لە کۆتایی حەفتاکانەوە بەهۆی پەنادانی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی ئەو پارتەو ژمارەیەك لە ئەندامانی، بەدیاریکراویش لە دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK ەوە لە (15ی ئابی 1984)، چونکە تورکیا پێی وابوو، سوریا کۆمەکی مادیو مەعنەوی ئەو پارتە لە دژی دەکات.[5]

---

(1) د.هدى الدرويش: العلاقات التركية اليهودية واثرها على البلاد العربية، ج2، ط1، دار القلم، دمشق، 2002، ص210.

(2) احمد نورى النعيمي: السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، ط1، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1975، ص276، ويسرى عبدالرءوف يوسف الغول: اثر صعود حزب العدالة والتنمية على العلاقات التركية- الاسرائيلية، رسالة ماجستير، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة الازهر، غزة، 2011، ص17.

(3) پاتريك سيل: الصراع على سورية، دراسة لساسة العربية بعد الحرب 1945-1958، ت(سمير عبده ومحمود فلاحة)، دمشق، دار طلاس، ص15.

(4) مايكل م. طونتر: العامل الكوردى فى السياسة الخارجية التركية من كتاب هنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ت(هفال)، مط(مؤسسة ئاراس)، هولير، مؤسسة موكريانى للبحث والنشر،2007، ص100، و عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، مركز(القدس) لدراسات السياسية، 2002، ص88.

(5) جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فى تركيا والعلاقات العربية التركية، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ص198. سەرەڕای ئەوەی کێشەی سنووریی نێوانیان، لەبەرئەوەی تورکیا بە درێژایی(877کم) لە بەشی باشورییەوە سنووری لەگەڵ سوریادا هەبوو، بۆیە تورکیا سوریای بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە بێدەنگو خەمساردە لە ئاست قۆستنەوەی ئەو سنوورە لەلایەن PKK ەوە

## باسی یەکەم- فاکتەرە کارتێکەرەکان لە پێوەندییەکانی تورکیا- سوریادا و مەسەلەی PKK

### تەوەری یەکەم– فاکتەری ئابووریی و کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان:

تورکیا ئەوەی بۆ روون بۆوە، کە لەلایەن زۆرینەی وڵاتە ئەوروپییەکانەوە پەراوێز دەخرێت، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی قوبروس لە 1974داو سەرهەڵدانی ململانێ لەگەڵ یۆنان و[1] راگرتنی کۆمەك و پشتگیریکردنەکانیان لە بواری گەشەپێدانی چاکسازیی ئابووریدا.[2] هەروەها بە هۆی ئەو رەخنانەی لەلایەن ئەوروپاوە لە ئاست پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی دوای کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980) ئاراستەی تورکیا دەکرا، بە دیاریکراوی و بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاش، کە ئاراستەی بەشێکی زۆر لە باڵوێزخانەکانی خۆی کردووە لە وڵاتانی ئەوروپا باس لە دەسەڵاتی سەربازیی دەکات و گەنگەشەی ئەوەشی تێدا کراوە، کە چۆن بتوانرێت دەستوورێکی دیموکراسیی لەو وڵاتەدا دابنرێت، کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و گرەنتی مامەڵەکردنێکی دادپەروەرانە لەگەڵ تاکەکەس لە کۆمەڵگەو تەنانەت لە نێو زیندانەکانیشدا بکات، بەڵگەنامەکە لە پێناوی ئەوەدا نێردراوە، کە حکومەتێکی مەدەنیی و دیموکراسیی لە تورکیا بەدی بێت. لەو بەڵگەنامەیەدا ئەوەش هاتووە، کە:"4–8 ملیۆن کورد لە تورکیادا هەن و ئازاری مردن و چەوساندنەوە دەچێژن، لە کاتێکدا زۆربەی گوندنشینەکان پێوەندییان بەجوداخوازەکانەوە(PKK) نییە. لە قۆناغی کودەتادا(447) کەس لە دەستگیرکراوانی کورد بۆ سزادان و چەوساندنەوە نێردراون و پێشبینیدەکرێت لە ماوەیەکی کورتدا هەموویان لە نێوبرا بن".[3] هاوکات تایبەت بە مافە کولتورییەکانی کورد لە تورکیا بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی تر، لە پەرلەمانی ئەوروپا، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پرسیاری ئەوەی کردووە، کە ئایا ئاگاداری رەوشی کوردانن لە تورکیادا، لە کاتێکدا چواریەکی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن؟ ئایا کار لەسەر ئەوە کراوە، کە مافەکانی وەك(خوێندن بە زمانی کوردی، بەرگریکردن لە دادگە بە زمانی خۆیان) بۆیان دەستەبەر بکرێت؟ بەڵام وەڵامی

---

بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی و دزەپێکردنی چەك و تەقەمەنی و شمەك و کاڵا. بڕوانە عایدة العلی سری الدین: المسالة الکردیة فی ملف السیاسة الدولیة، ط1، دار الافاق الجدیدة، بیروت، 2000، ص27.

(1) خورشید حسین دلی: ترکیا وقضایا، ص16.

(2) عماد الضمیري: ترکیا والشرق الاوسط، ص(67–68).

(3) نوسراوی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە، لە دیرۆکی(1981/9/16)، ئەرشیفی بەڵگەنامەیی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا( The National Archives, London, Richmond, Surrey)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(6) لە پاشکۆ.

**سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا ئەوە بووە، کە وتوویەتی: ئەو لە پێگەیەکدا نییە تا بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە".**[1]

**لەلایەکی دیکەوە قەیرانی نەوتی جیهانیی لە 1973داو بەرزبوونەوەی نرخەکەی کاریگەریی لەسەر دۆخی ئابووریی تورکیا کرد بوو، بەتایبەتی نەوتی نێوخۆیی(16٪)ی پێداویستییەکانی وڵاتی دەستەبەر دەکرد.**[2] **ئەمانە هۆکار بوون تا دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی تورکیا، بەتایبەتی سیاسەتی ئابووری لیبراڵانەی تۆرکۆت ئۆزال کار لەسەر کرانەوەی ئابووریی و پەیداکردنی دۆستی زێتر بکات لە پێناو باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵاتەکەیدا.**[3] **بۆیە هەر ئەو دەمە تورکیا درکی بە بایەخی ئابووریی وڵاتانی عەرەبی کرد، بەو پێیەی تا نەگەڕێتەوە بۆ نێوچە عەرەبییەکان، ناتوانێت لە قەیرانە ئابوورییەکان رزگاری ببێت، چونکە تورکیا پێویستی بە بازاڕی نوێ و وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی قەبارەی قەرزو سەرمایەگوزاریی بیانیی هەبوو. لەبەرئەوە تورکیا هەوڵەکانی لە بەدەستهێنانی نەوتی خاوو گازی سروشتیدا بە نرخێکی کەم و سەرمایەگوزاریی راستەوخۆی عەرەبیی لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی وڵاتەکەیدا چڕکردەوە.**[4] **ئەم پێوەندییە ئابوورییەش سەرباری کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980)و درێژەدان بە عەلمانییەتی مستەفا کەمال، هەر لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە چووە بواری جێبەجێکردنەوەو تورکیا بەکردارییی هەنگاوی بۆنا.**[5] **لەمبارەوە(بوڵەند ئولوسو)ی سەرۆك وەزیران لە (7ی تشرینی دووەمی 1980) رایگەیاند:"حکومەتەکەم بۆ پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبیی لە هەموو بوارەکاندا تێدەکۆشێت".**[6] **لەم ڕووەوە حکومەت زنجیرەیەك یاساو رێسای بە مەبەستی هاندانی وەبەرهێنانی بیانیی دەرکرد. لەکاتی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (1986) گواستنەوەی سەرمایە لە وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ تورکیا بەدەستهات.**[7]

---

(1) بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە دیرۆکی(1981/7/2)، ئەرشیفی بەڵگەنامەیی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا( The National Archives, London, Richmond, Surrey)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(7) لە پاشکۆ.

(2) على كارا عثمان اولو: الامن القومى والشرق الاوسط، ط1، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، جامعة المستنصرية، بغداد، 1985، ص(2،11).

(3) د.محمد نورالدين: تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات فى الدين والسياسة والعلاقات الخارجية، ط1، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، 1998، ص202.

(4) تعقيب نجيب عيسى على موضوع محمود عبدالفضيل: افاق التعاون العربى– التركي، من كتاب: اورهان كولوغلو واخرون، ص385.

(5) د.مروان عبدالمالك ذنون: اثر الاستثمار الاجنبي المباشر على الموارد المحلية والاجنبية فى تركيا(1970–2006)، مج(تنمية الرافدين)، ع(94)، جامعة الموصل، 2009، ص(138–139).

(6) د.ابراهيم الداقوقى: نحو خطوة جديدة للتحرك على المستوي الاعلامى والتربوى لتغيير صورة العرب فى الكتب المدرسية والوسائل الاعلام التركية، من كتاب: اورهان كولوغلو واخرون: العلاقات العربية، ص533.

(7) خليل ابراهيم الناصرى: التطورات المعاصرة فى العلاقات العربية– التركية، ط1، مط(الراية)، بغداد، 1990، ص64.

**بۆیە لە هەشتاکانەوە چالاکی بازرگانیی و ئابووریی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی گەشەیکرد، بەجۆرێك لە نێوان (1980-1990) ژمارەی وڵاتانی هاوردەی کاڵای تورکی لە(12 -20) زیادیکردو وڵاتانی ناردەنیش (14-20). لە نێو ئەو وڵاتانەشدا سوریا سەرباری خراپی پێوەندییە سیاسییەکانی، بەڵام پێوەندیی و ئاڵوگۆڕیی بازرگانیی لەگەڵ تورکیا لەو ماوەیەدا گەشەپێداو گەیشتە (300)ملیۆن دۆلار.[1] لە نێوان ساڵانی (1981-1998) رێژەی ناردەنی تورکیا بۆ سوریا گەیشتۆتە (548.3) ملیۆن دۆلار ساڵانەو بڕی هاوردەنیش (97,1) ملیۆن دۆلار بووە. بێگومان ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەردوو وڵات بە گوێرەی کێشەکانی نێوانیان بەرزیو نزمیو هەڵکشانو داکشانی بەخۆوە بینیوە.[2] ئەگەرچی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی ئابووریی تورکیا بریتی بوو لە جیاوازیکردن لە نێوان سیاسەتو ئابووریی لە هێندێك دۆخدا، بەجۆرێك لە دۆخی گرژییو ئاڵۆزیی لە پێوەندییە سیاسییەکانیدا، ئەو ئاڵۆزییانە بەسەر لایەنی ئابوورییەوە رەنگینەداوەتەوە لەگەڵ سوریا.[3]**

**پارتی کرێکارانی کوردستان کاریگەری لەسەر پێوەندییە ئابوورییەکانی تورکیاو سوریا هەبوو، لەبەرئەوەی ئەو پێوەندییانە پێشوەخت لەسەر بنەماکانی سیاسەتی ئابووریی تورکیا بونیات نراونو پێوەستکراون بە مەسەلەی چەمکی ئاسایشی نەتەوەییەوە.[4] بەتایبەت لەسەر زیادبوونوو کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕیی بازرگانیی و پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تورکیاو سوریا هەبوو، بەشێوەیەك ئەگەر سەیری ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ساڵانی نێوان (1982-1987) بکەین، دەبینین زۆر دابەزیوەو کەمتر بۆتەوە لەکۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی تورکیا، بەڵام ساڵی(1988) بەهۆی سەقامگیریی رێژەیی لە پێوەندیی هەردوولا، بەتایبەتی بەهۆی رێکەوتننامەی ساڵی (1987)و دانانی رێگەچارە**

---

[1] سليم ايليكين: العلاقات الاقتصادية والتجارية والمالية بين تركيا والاقطار العربية، فى كتاب: العلاقات التركية العربية، ج2، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة، 1991، ص329.

[2] فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ص(124-125).

[3] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص181.

[4] بنەماکانیش بریتین لە:(جەختکردنەوە لە پێوەندیی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپاو کۆششکردنی بەردەوام بۆ سازان لەگەڵ پێوەرەکانی ئابووریی ئەوروپا. هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەمریکا، بۆ ئەوەی لێیەوە کارئاسانی زیاترو یارمەتیی جۆراوجۆری پێبگات. هاوپەیمانیی هەرێمیی خاوەن شەقڵی ئاسایشیی، وەك هاوپەیمانیی لەگەڵ ئیسرائیل. کارلێکی هەرێمیی زیاتر، وەك پێوەندی لەگەڵ سوریاو ئێرانو دەوڵەتانی کەنداوو عێراق. بە ئامانجی گەورەکردنی دەرفەتی ئاڵوگۆڕیی بازرگانییو وەبەرهێنانی هاوبەشو کارئاسانیی ئابووریی)، بڕوانە عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص102.

دژی PKK، قەبارەو ڕێژەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە زیاتر بووە.[1] واتە PKK فاکتەرێکی کارتێکەر بوو لەئاست گەشەکردنو بەرەو پێشەوەچوونو بەرەو دواهاتنی ئاڵوگۆڕیی بازرگانیی و پێوەندی ئابووریی نێوان تورکیا و سوریا. تەنانەت لەمبارەوە (حیکمەت چەتین)ی وەزیری دەرەوە لە کاتی سەردانکردنی دیمەشق لە مانگی (1992/8) رایگەیاند:"هاوکاریی سوریا بۆ تورکیا سەبارەت بە مەسەلەی کوردەوە، ڕێگە لەبەردەم هاریکاریی هەردوولا دەکاتەوە لە بوارەکانی تری وەك بازرگانیی و ووزەدا، لەبەرئەوەی تورکیا بە بایەخەوە بۆ ئەم هاریکارییە دەڕوانێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەو چالاکیی PKK، دوای ئەوەی سوریا سەربازگەکانی ڕاهێنانی لە دۆڵی بیقاعی لوبنان داخستو چالاکییەکانیانی لە نێو خاکەکەیدا قەدەغەکرد".[2]

**تەوەری دووەم- قەیرانی ئاویی نێوان تورکیاو سوریاو مەسەلەی (PKK):**

مەبەست لە قەیرانی ئاویی بریتییە لە تێکچوونی هاوسەنگیی لە نێوان سامانی ئاویی و داواکاریی کەڵەکە بوو لەسەری، کە خۆی لە دەرکەوتنی کەموکوڕیی لە تەرازووی ئاوییدا دەبینێتەوە بە بەردەوامیی و دەبێتە هۆی ڕێگریی لە گەشەکردن.[3] هاوکات دەرامەتە ئاوییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دووبارە پێناسەکردنەوەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگێڕن، بەتایبەتی لەگەڵ کەمبوونەوەی بەردەوامیی دەرامەتە ئاوییەکان. هەروەها ئاو بە یەکێك لە کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەو سەقامگیریی نێوخۆ دادەنرێتو ململانێ لەسەر ئاو کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئاسایشو سەقامگیریی،[4] جگە لەوەی لە بوارەکانی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا سودی لێوەر دەگیرێتو مەسەلەیەکی ستراتیژییە.[5] تورکیا بە یەکێك لەو دەوڵەتانە هەژمار دەکرێت، کە دەرامەتێکی ئاویی گەورەی هەیەو گەنجینەیەکی گەورەی ئاویشە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەشێوەیەك نزیکەی (600ملیار/م3) ساڵانە

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەڵکشانو داکشانی ئاڵوگۆڕیی بازرگانی تورکیاو سوریاو بڕوانە هێڵکاریی ژ(5، 6، 7)و خشتەی ژ(4) لە پاشکۆی هێڵکارییو خشتەکان.

[2] د.نبيل السمان: المياه وسلام الشرق الاوسط، دمشق، 1997، ص75، و د.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية فى السياسة السورية تجاه تركيا، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2000، ص255.

[3] فارس مظلوم العانى وسعدى عبد عودة الفهداوى وكمال احمد العانى: السياسات المائية وانعكاساتها فى الازمة المائية العربية، ط1، دار الصفاء للطباعة والنشر والتوزيع، عمان- اردن، ص77.

[4] عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص41.

[5] د.ابتهال محمد رضا داوود: مشكلة المياه فى الوطن العربى(تركيا وسوريا والعراق)، م(دراسات دولية)، ع(الثامن والثلاثون)، جامعة بغداد، 2008، ص103 ، واميرة اسماعيل العبيدى: اشكاليات السياسة المائية بين سوريا وتركيا، م(التربية والعلم)، مج(17)، ع(2)، 2010، ص58.

**بــارانی لێــدەبارێتو ئــاوی ســەرزەوی(26)حــەوزی تیایــە، کــە ڕووبەرەکــەی دەگاتــە (766780کم2)و تێکڕای داهاتی ساڵانەی ئاویی نزیکەی (214 ملیار/م3)یە.[1]**

**بەڵام سوریا لـە ڕووی دەرامـەتی ئاوییـەوە دەوڵـەتێکی هـەژارە بە بەراورد بـە تورکیـا، بـەجۆرێك ڕێـژەی بـاران بـارین سـەرباری ئـەوەی سـاڵانە جـێگیر نییـە، تێکـڕای نزیکـەی بـە (48ملیــار/م3)دەخــەملێنرێت، کــە ســێیەکی بــە بەهــەڵمبوونو دزەکـردن دەڕوات.[2] ئـاوی سەرزەوی بەسەر حەوت حەوزی سـەرەکیدا دابەشبوون، کـە بـریتین لـە (دیمەشقو یـەرموكو عاسـیو سـاحیلو حەلـەبو فـوراتو بادیـە)و داهـاتی ئاوییـان بـە (2,7 ملیـۆن/م3) سـاڵانە دەخەملێنرێت, هەرچی ئاوی سەرزەویشە بۆ چەند روبـارێکی نێوخـۆیی دابەشـدەکرێت وەك (خــاپورو بلــێخو ســاجور)، کــە ڕێــژەی ئــاوی ئەمانــە بــە (6,45ملیــۆن/م3) ســاڵانە دەخــەملێنرێت.[3] هەرچــی روبــاری ســنووری ســوریاش هەیــە لەگــەڵ تورکیــاو لوبنــانو ئەردەنـدا، بـریتین لـە (دیجلـەو فـوراتو عـەفرینو قوەیـقو عاسـی). لـە نێـو ئـەم روبارانەشـدا روبــاری فــورات بایــەخێکی چارەنوســازی بــۆ ســوریا هەیــەو داهــاتی ئــاویی (500م3/ چرکە)یە، واتە (42٪) لە ڕێژەی نێوخۆییو (6و622 ملیۆن/م3) ساڵانە.[4]**

**لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕێژەی بەهەڵمبوون بە هێنـد وەربگـرین لـە حـەوزی گەنجینـەی ئــەو بەنداوانــەی لەســەر هــەردوو روبــاری فــوراتو خــاپوور دروســتکراون، کــە دەکاتــە (2 ملیار/م3) یان تێکڕای ساڵانە (13,5 ملیار/م3) لـە ئـاوی فـورات یـان (15ملیـار/م3) لـە ئـاوی خــاپوور.[5] ســوریا پێویســتی بــە (12,8 ملیــار/م3) ئــاویی فــورات هەیــە بــۆ پڕکردنــەوەی پێداویســتییەکانی داهــاتوویی، واتــە ســوریا نزیکــەی (80٪) پشــت بــەئاوی روبــاری فــورات دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ئاوییەکانی. بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێداویسـتییانەش ســوریا هــەوڵی دروســتکردنی کۆمــەڵێك پــرۆژەی ئــاویی داوە، وەك بونیاتنــانی بەنــداوو**

---

[1] عبد الزهـرة شـلش العتـابی: توجهـات ترکیـا نحـو، ص(67–68). هێـزی ئـاویی تورکیـا لەوەشـدا خـۆی دەبینێتـەوە، کـە سـەرجەم روبارەکانی نێوخۆیین، واتە ئەوانەی لێیەوە هەڵدەقوڵێنو دەچنە دەریاچەکانی دەوروبەرییـەوە، بەشـێوەیەك کـۆی درێـژیی ئـەو روبارانـە نزیکەی(2903کلم)ە. هەروەك نزیکەی(523کم) لێیەوە هەڵدەقوڵێتو لێـی دەڕوات لـە ئـاوەڕۆی روبـاری دیجلـە بەرلـەوەی بچێتـە نێـو خاکی عێراقەوەو نزیکەی(97کم) لە روباری فورات بەرلەوەی بچێتە نێو سنووری سوریاوە، واتە(88٪)ی ئـاوی فـوراتو (87٪)ی ئـاوی دیجلە دەکەونە نێو خاکی تورکیاوە، کە نزیکەی(28٪) واتە(53ملیار/م3) لە کۆی ئاویی سەرزەوی پێکدێنێت، بڕوانـە عمـاد الضـمیري: ترکیا والشرق الاوسط، ص42.

[2] علی یاسین عبدالله: التوجهات الحدیثة فی الاسـتراتیجیة المائیـة بین(العـراق، سـوریا، ترکیـا)، مج(دیالـة) للبحـوث الانسـانیة، ع(الثـامن والثلاثون)، 2009، ص423.

[3] محمود الاشرم: اقتصادیات المیاه فی الوطن العربی والعالم، ط1، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، 2000، ص239.

[4] د.نبیل السمان: المیاه وسلام الشرق الاوسط، ص99، و منذر الخـدام: الامـن المـائي العربـی، الواقـع والتحـدیات، ط1، مرکـز دراسـات الوحدة العربیة، بیروت، 2001، ص200.

[5] عایدة العلی سری الدین: العرب والفرات بین ترکیا واسرائیل، ط1، دار الافاق الجدیدة، بیروت، 1987، ص17.

ویستگەی کارۆ– ئاویی.[1] گرنگی فورات بۆ سوریا لەوەدایە، کە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ مانەوەی.[2] مەسەلەی ئاویی نێوان تورکیا و سوریا لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە دەرکەوت و گەیشتە ئاستی قەیران و گرفتەکەش لەوەدا خۆی بینیەوە، کە تورکیا دەستیکرد بە جێبەجێکردنی پرۆژەی گاپ لەسەر ئاوەڕۆ و لقەکانی هەردوو روباری دیجلەو فورات، کە خۆی لە پرۆژەیەکی ئاویی فراواندا دەبینێتەوە و لە ساڵی (1980)یشەوە پلانێکی گشتیی تێروتەواوی بۆ دانا. تورکیا دەیویست لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە تاکڕەویی بە وەبەرهێنانی سامانی ئاوییەوە بکات، بەو پێیەی کە ناتوانرێت مەسەلەی ئاو جێگەی ململانێی نێوان ئەو دەوڵەتانە بێت، کە ناکۆکن لەگەڵیداو لە نێویشیاندا سوریا.[3] هاوکات تورکیا بەشێکی زۆر لە سیاسەتی ئاویی خۆی لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەدا دەبینیەوەو بڕوای وابوو بە جێبەجێبوونی دەبێتە دەوڵەتێکی زاڵ بەسەر ئاسایشی ئاویی و خۆراکیی بۆ دەوڵەتانی نێوچەکە، ئەمە سەرباری بەکارهێنانی ئاو وەك سەرمایەیەکی نیشتیمانیی، کە دەکرێت بە نەوت ئاڵوگۆڕیی پێ بکات یان وەك چەکێك بۆ بەدەستهێنانی داواکارییە ئاسایشیەکانی سوودی لێوەربگرێت.[4] سوریاش هەر لە سەرەتاوە ناڕازیی بوو لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، چونکە گرفتی گەورەی لە ڕووی مەسەلەی ئاوییەوە بۆ دروست دەکردو کاریگەریی ئەو پرۆژەیە دەبووە هۆی دابەزینی ڕێژەی ئاو لە روباری فورات بە ئاڕاستەی سوریا لە (15,7 ملیار/م3) بۆ (11ملیار/م3) ساڵانە.[5] جگە لە پرۆژەی گاپ، تورکیا پرۆژەی بۆریگەلی ئاشتیی (مشروع انابيب السلام)یشی پێشنیاز کردو خستیەڕوو،[6] کە لە

---

(1) جويس شيرا ستار: معاهدات حول المياه الشرق الاوسط، ت(عمار احمد حامد)، ط1، الاهالی للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 1999، ص101، و عماد الضميري: تركيا، ص42.

(2) د.رمزى سلامة: مشكلة المياة فى الوطن العربي، اختمالات الصراع والتسوية، منشاءة المعاريف بالاسكندرية، 2001، ص93، د.عبدالعزيز شحادة المنصور: السياسة المائية، ص97.

(3) د.وليد رضوان: مشكلة المياه بين سورية وتركيا، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006، ص44، وفليب روبنس، تركيا والشرق الاوسط، ص65.

(4) خورشيد حسين دلی: تركيا وقضايا، ص19.

(5) جگە لە زیانکەوتن لە ئابووریی، بەتایبەتی لە بواری ووزەی کارەباو دابەزینی ئاوی دەریاچەی ئەسەد بۆ پلەیەك، کە لە (8) هەشت یەکەی ئیشکردن، (7)حەوتیان بوەستێ لە وێستگەی بەنداوی فورات، کە پێشتر سوریای تەزوید دەکرد بە (9,9٪) لە بەرهەمی کارەبای سوریی. جگە لەوەی کاریگەری لەسەر پیشەسازیی نەوتو چیمەنتۆو رستنو چنینیش هەبوو، بڕوانە عبد الرضا كاطع حسون: المسؤلية الدولية عن الاستخدام الضار لنهر الفرات من قبل تركيا، مج(الكوفة) للعلوم القانونية والسياسية، ع(13)، مجل(1)، جامعة الكوفة، ص(224–225).

(6) بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە بۆ سلێمان دیمێریل دەگەڕێتەوە، کاتێ سەرۆك وەزیران بوو، سەردانی ئەمریکای کردو لە کۆمەڵەی هاوپەیمانی تورکی– ئەمریکی وانەیەکی پێشکەشکرد لە بارەگەی ئەو کۆمەڵەیە لە نیۆیۆرکو تێیدا باسی لە تواناکانی تورکیاو زیادەی ئاوییو گرفتی وڵاتانی دراوسێ بە دەست کێشەی کەمی ئاوەوە کردو وتی:" پرۆژەیەکمان هەیە بە نێوی هێڵی بۆریگەلی ئاشتییو ئەم پرۆژەیە دەیەوێت دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە زیادەی ئاوی هەردوو رووباری سیحونو جیحون ئاو بدات"، ئەوەشی وت، کە:" ئەوەی داوا

**دەریاچەی بەنداوی ئەتاتورکەوە بەرەو باشوور درێژ دەبۆوەو بە خاکی سوریادا تێدەپەڕی بەشارەکانی حەلەبو حەماو حیمسو دیمەشقو کەناری خۆرئاواو ئیسرائیل بەشداری ئاوەکەی دەکرد، دوای ئەوەش بۆ وڵاتی سعودیە درێژ دەبوویەوە، بە دوو هێڵ،[1] بەڵام بە کرداری نیگەرانی سوریا کاتێك دەرکەوت، کە تورکیا بۆ ماوەی مانگێك هەستا بە گرتنەوەی ئاویی روباری فورات بە بیانووی پڕکردنی بەنداوی ئەتاتورك لە ماوەی نێوان (1990/1/12 – 1990/2/13).[2]**

**ئامانجەکانی سیاسەتی ئاویی تورکیا چەند لایەنێك دەگرێتەوە، لە ڕووی سیاسییەوە، ئامانجی بەکارهێنانی ئاو بوو وەك رەگەزی هێزی بڕیاردان لە پرۆژەی بڕیارسازییدا، بە گوێرەی روانینی ستراتیژیی خۆی،[3] چونکە لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، جیۆ– سیاسیی ئاوو کێبڕکێو گرژییو ئاڵۆزیی رۆڵی گەورەیان بۆ ماوەیەکی زۆر دەگێڕا.[4] هەروەها قۆستنەوەی لاوازیی هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبیی بەهۆی دووری هەر دوو سیستێمی فەرمانڕەوای عێراقو سوریا لە یەکتریی و زۆری ناکۆکیی سیاسیی نێوانیانو[5] کۆنترۆڵی تەواوی تورکیا بەسەر ئاوی هەردوو روباری دیجلەو فورات لە نێوخۆی وڵاتەکەو دروستکردنی کاریگەریی لەسەر سوریاو عێراق لە رێگەی مامەڵەکردن بە رێژەی ئاوو سەپاندنی مەرجەکانی خۆی.[6] لەمبارەوە سلێمان دیمێریل لە کاتی لێدانی**

---

کراوە بریتییە لە قەناعەت پێکردنی ئەو دەوڵەتانە بۆ هاریکاریی لە بری دروستکردنی کێشەی نوێو ململانێ لە نێوانیاندا". بڕوانە کریم جیجان هویش: السدود والمشاريع التركية المقامة على نهر الفرات وابعادها الجيوستراتيجية على سورة والعراق، مج(جامعة الانبار) للعلوم الانسانية، ع(1)، جامعة الانبار، 2011، ص51.

[1] د.وليد رضوان: العلاقات العربية– التركية فى القرن العشرين، السورية التركية– نموذجا، ط1، دار عبدالمنعم– ناشرون، حلب، 2004، ص186، هەروەها بۆ وردەکاری پرۆژەکە بڕوانە د.نبيل السمان: حرب المياه من الفرات الى النيل، ط1، دار المعرفة، دمشق، ص(52–53).

[2] د.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، م.س، ص198، وعلى جمالو: ثرثرة فوق الفرات، النزاع على المياه فى الشرق الاوسط، ط1، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، بيروت، 1988، ص27.

[3] د.عباس عبدالمحسين كاظم وظاهر عبدالزهرة خضير: تركيا ونهر الفرات، نظرة تحليلية فى الجغرافية السياسية، م(ابحاث) للعلوم الانسانية)، مج(36)، ع(3)، البصرة، 2011، ص143.

[4] جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، ص122.

[5] جون بولوك وعادل درويش: حروب المياه، الصراعات القادمة فى الشرق الاوسط، ت(هاشم محمد محمد)، المجلس الاعلى للثقافة، 1999،ص(42،24) و محمد بركات: مشكلات الحدود العربية، اسبابها النفسية واثارها السلبية، ط1، اطلس للنشر والانتاج الاعلامى، القاهرة، 2005، ص205.

[6] عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، م.س، ص54. هاوکات بەهێزکردنی پێگەی هەرێمیی وەك رەگەزی هاوسەنگییو سەقامگیرییو ئاشتیی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە داهاتوودا. ئەمە وێڕای ئەوەی پرۆژە ئابوورییەکان یارمەتی گەشەکردنی رۆڵی تورکیا لەنێوچەکەدا دەدەن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاو وەك ئامرازێك لە چالاك کردنی ئەو رۆڵەداو پەیبردن بە بایەخی ئاو وەك چەکێکی کاریگەرو گرێدانەوەی بە مەسەلەی نەوتەوە بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەدەکاندا، بڕوانە داليا اسماعيل محمد: المياه والعلاقات الدولية،

**بەنداوی ئەتاتورکدا وتی: "بیرە نەوتەکان بۆ خۆیان و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئێمە، تورکیا مافی خۆیەتی مامەڵە بە ئاوی دیجلەو فوراتەوە تا دوا خاڵی سنووریی بکات".[1] ئامانجێکی تری تورکیا تەوقدانی ناڕەزایی کورد و زاڵبوون بوو بەسەر جوڵانەوەی رزگاریخوازیی PKK لەو نێوچانەی پرۆژەکەی تێدا جێبەجێ دەکرا لە ڕێگەی رەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتووانی نێوچەکە لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و خزمەتگوزاریی و پێوەندیی. لێرەدا مەبەست دروستکردنی نێوبڕ بوو لە نێوان ئەوان و PKK دا.[2]**

**لە ڕووی ئابوورییشەوە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ئاسایشی ئاویی[3] و سەربەخۆیی ئابووریی و سیاسیدا هەیە، بەجۆرێك ئەوەی یەکەم دەبێتە هۆی گەرەنتی بەدیهاتنی دووەم، چونکە ئەگەر هەر دەوڵەتێك نەتوانێت سامانی ئاویی لە مەترسیی کۆنترۆڵکردنی دەرەکیی لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی بپارێزێت، ناتوانێت ئاسایشی ئابووریی و سیاسیی و سەربەخۆیی سیاسیی بەدەستبهێنێت.[4] تورکیا سیاسەتی ئابووریی تەنها لە ڕووی گەشەپێدانەوە تەماشا نەکردووە، بەڵکو وەك چەکێکی هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب بەکاریهێناوە، لە ڕێگەی لێدان لە پلانی پەرەپێدانەوە لە سوریا،[5] چونکە لە بنەڕەتدا تورکیا لە ململانێی ئاوییدا بەجۆرێك مامەڵەی دەکرد، کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیدا بگونجێت.[6] هەروەك تورکیا هەوڵیدەدا لە ڕێگەی هەنگاوی ئابووریی و بڕینی ئاو لە وەرزی کشتوکاڵدا، پرۆژەکانی گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا، دژی سوریا لە ئاست مەسەلەی PKK بەتایبەتی بەکاربهێنێت.[7]**

---

دراسة فی اثر ازمة المیاه علی طبیعة ونمط العلاقات العربیة– الترکیة، ط1، مکتبة مدبولی، القاهرة، 2006، ص38، و د.عبدالعزیز شحادة المنصور: المسالة المائیة ، م.س، ص192.

[1] د.حامد عبید حداد: المشاریع المائیة الترکیة فی حوضی دجلة والفرات، الاهداف والنوایا، مجلة العلوم الاقتصادیة والاداریة، ع(65)، مجل(18)، ص269.

[2] ن.م، ص278، ود.عبدالعزیز شحادة المنصور: المسالة المائیة، ص164.

[3] مەبەست لە ئاسایشی ئاویی، دەستەبەرکردنی سامانی ئاوییە بەشێوەی گەنجینەکردنی و فرەجۆریی سەرچاوەکانی و ڕێگەکانی وەبەرهێنانی و چۆنێتی باشترکردنی جۆرەکەی و گرەنتی دەستەبەرکردنی، بەو ئەندازەیەی پێویستیی بەکاربردنی مرۆیی و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و گەشەکردنی پیشەسازیی و هاوسەنگی گرنگییەکەی بەجێدێنێت، لەگەڵ ئەو ڕێ و شوێنانەی، کە دەوڵەت پێی هەڵدەستێت بۆ پارێزگاریی لە بەرژەوەندی زیندوویی ئاو و بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراکی و ئاویی. بڕوانە د.رضا عبدالجبار سلمان الشمری وعباس حمزة علی الشمری: التحدیات التی تواجهه الامن المائي العراقی والخلول المقترحة لمواجهتها، مج(القادسیة) للعلوم الانسانیة، ع(1)، مجل(15)، 2012، ص58.

[4] فتحی علی حسین: المیاه واوراق اللعبة السیاسیة فی الشرق الاوسط، ط1، مکتبة مدبولی، قاهرة، 1997، ص36.

[5] خورشید حسین دلی: ترکیا وقضایا، ص20.

[6] فتحی علی حسین: المیاه واوراق، ص206.

[7] د.سلیمان عبدالله اسماعیل: السیاسة المائیة، ص119.

**تەوەری سێیەم- تێڕوانینی تورکیاو سوریا لە ئاست قەیرانی ئاوییدا :**

**لە سەرەتای حەفتاکانەوە، مەسەلەی ئاویی نێوان تورکیاو سوریاو عێراق و سوریا قەیرانی تێپەڕاند. بۆیە تورکیا پێی وابوو رەچاوکردنی پێداویستییە ئاوییەکانی وڵاتانی دراوسێ، هیچ پابەندییەك بەسەریدا ناسەپێنێت بۆ چوونە نێو هیچ جۆرە سازش و دانوستانێکەوە، کە مافی سەروەریی لەسەر هەردوو روباری دیجلەو فورات بخاتە ژێر پرسیارەوە.[1] بۆیە هەریەکە لە سوریاو عێراق لەم ڕووە ناڕازی بوون، بەتایبەتیش سوریا راشکاوانە نیگەرانیی خۆی دەربڕیی. لە بنەڕەتیشدا کێشەی ئاویی دوو لایەنی هەبوو، لایەنێکی سیاسیی و ئەوی تر یاسایی. ئەگەرچی پێشتر چەندین رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆڵ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئاویی ئیمزاکرا بوو،[2] تا دەگاتە ئەوەی، کە لە (25ی کانوونی دووەمی 1980) لە نێوان عێراق و تورکیادا پرۆتۆکۆڵی (هاریکاریی ئابووریی و هونەریی دووەم) لە ئەنقەرە ئیمزا کراو سوریاش لەساڵی 1983 هاتە نێوییەوە.[3]**

**لیژنەکە دوای (16) کۆبوونەوە نەگەیشتە هیچ رێکەوتننامەیەك دەربارەی دابەشکردنی داوەرانەی ئاوی دیجلەو فورات،[4] ناکۆکییەکانیش لەسەر چۆنێتیی دابەشکردنی ئاو و بەکارهێنانی بوو. لە ساڵی (1987)یشدا لە نێوان تورکیاو سوریادا پرۆتۆکۆڵێك ئیمزا کرا، بە پێی پرۆتۆکۆڵەکە دەبوو تورکیا ساڵانە (500م3/ چرکە) ئاو بۆ سوریا بەربداتەوە،[5] بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکاندا کێشەی ئاو جارێکی تر سەریهەڵدایەوە، کاتێك تورکیا ئاوی رووباری فوراتی بۆ ماوەی مانگێك گرتەوە بە بیانووی پڕکردنی بەنداوی ئەتاتورك. لێرەوە قەیرانی ئاویی دەرکەوت. بێگومان لە بنەڕەتدا کێشەی ئاو پێوەندیی بە تێڕوانین و**

---

(1) عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص(44-45).

(2) لەوانە: بەیاننامەی فەرەنسا- بەریتانیا لە (1920/12/23)دەربارەی بەکارهێنانی ئاوی دیجلەو فورات. بەیاننامەی لۆزان لە (1923/7/24)، کە لە مادەی (109)دا تورکیا پابەند دەکات بە پێویستیی ئاگادارکردنەوەی سوریاو عێراق، کاتێك خواستی دروستکردنی بەنداوی لەسەر روباری دیجلەو فورات هەبوو. پەیماننامەی حەلەب لە (1930/5/3) ئاماژە بۆ مافی سوریا لەئاوی دیجلەو فورات دەکات. پەیماننامەی هاوڕێیەتیو هاوسێ باشیی لەنێوان تورکیاو عێراق لە (1946/3/29)، کە باس لە پێویستی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان دەکات، تایبەت بە ئاوی نێودەوڵەتیی هاوبەش، بڕوانە عايدة العلى سري الدين: العرب والفرات، ص42.

(3) بەشی پێنجەمی ئەو پرۆتۆکۆلە باس لە ئاوە هەرێمییەکان بەم جۆرە دەکات: ئەلف- هاریکاریی لە بواری زاڵبوون بەسەر پیسبوونی ئاویی هاوبەشدا. بێ- رەزامەندیی هەردوولا لەسەر بەستنی لیژنەیەکی هونەریی هاوبەش لە ماوەی دوو مانگدا بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتە پەیوەستەکان بە ئاویی هەرێمییو بەشێوەی تایبەت هەردوو حەوزی دیجلەو فورات لەسەر ئەوەی راپۆرتەکان لە ماوەی دوو ساڵدا (ساڵێکیش قابیلی درێژکردنەوەیە) پێشکەشی هەر سێ حکومەت بکرێن، احمد حسين طه الاسودي: مشكلة المياه الدولية المشتركة(تركيا، سوريا، العراق)، مج(جامعة تكريت) للعلوم الانسانية، ع(5)، مج(15)، حزيران 2008، جامعة تكريت، ص564.

(4) على حسين باغيش: اشكالية المياه فى العلاقات التركية- العربية، الورقة الاولى، ماخوذ من اورهان كولوغلو واخرون: العلاقات العربية، ص175، طارق المجذوب: الورقة الثانية، ص193.

(5) جويس شيرا ستار: معاهدات حول المياه، ص101.

**سیاسەتی ئاویی هەریەکە لە تورکیاو سوریاوە هەبوو. بۆیە دەکرێت لێرەدا هەڵوێستی ئەو دوو وڵاتە تایبەت بە سیاسەتی ئاو بکۆڵینەوە:**

**تورکیا تێڕوانینی تایبەتیی بۆ خودی ئاوو مەسەلەی ئاو هەبوو، کە لەسەر چەند بنەمایەك دامەزرا بوو، لەوانە پێداگرتن لەسەر بنەمای سەروەریی. لەمبارەوە سلێمان دیمێریل پێی وابوو سەروەریی تورکیا بەسەر ئاوەوە لەسەر بنەمای سەروەریی ڕەها دامەزراوەو مافی سەروەریی و زاڵبوونی بەسەر هەردوو ڕوباری دیجلەو فوراتەوە هەیەو هیچ بوارێك بۆ دانوستان یان سازش لەگەڵ هاوبەشەکانی لەو حەوزە لەگۆڕێدا نییەو ئاو سامانێکی نیشتیمانیی تورکیایە. لێرەوە دیمێریل رای وابوو، بنەمای هەڵسوکەوتکردن بە ئاوی ئەو ڕوبارانە، بەشێکی دانەبڕاوە لە سەروەریی نیشتیمانیی بەسەر وڵاتەوە، وەك سەروەریی تورکیا بەسەر خاكو هاوڵاتیانییەوە.[1] هەروەها سیاسەتی ئاویی تورکیا لەسەر قبوڵ نەکردنی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتانی تری حەوزی ئاویی نێوانیان دامەزراوە، بە بیانووی ئەوەی یاسای نێودەوڵەتیی ناچارو پابەندیی ناکات. لەم ڕووەوە دیمێریل لە (1996/3/28) ڕایگەیاند:"یاسای نێودەوڵەتیی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی تر، کە هاوبەشن لەگەڵماندا دەربارەی دەرامەتی ئاو بەسەرماندا ناسەپێنێت و یاسایەکی نێودەوڵەتی نییە دەربارەی ئاوەڕۆی سنوور تێپەڕ. هەموو ئەوەی دەکرێت پێشبینی بکرێت، بریتییە لە پێڕەوکردنی داوەریی و زیان نەگەیاندن بەو دەوڵەتانە". بۆیە لەم سیاسەتەدا تورکیا دانی نەناوە بە مافی سوریاو عێراق لە ئاوی هاوبەشیی نێوانیانداو تەنانەت ئەوەشی پێ قەبوڵ نەبوو، ئەمە بخرێتە خشتەی دانوساندنەکانی نێوانیانەوە.[2] لە ڕووی یاساییشەوە تورکیا وای دەڕوانی، کە هەر دوو ڕووباری دیجلەو فورات دوو ڕوباری نیشتیمانین[3] و (سنوور تێپەڕن) تائەو خاڵەی خاکی وڵاتەکەی جێدەهێڵن و ئاوی نێودەوڵەتیی هاوبەش نین. بۆیە مافی سەروەریی ڕەهای بەسەریانەوە هەیە، لەبەرئەوەی لە خاکەکەیدا هەڵدەقوڵن و دەڕۆن. دیسان دیمێریل دەڵێت:"ئەگەر سامانێکی سروشتیی لەوڵاتەکەماندا هەبێت، ئەوا مافی خۆمانە بەو ڕێگەیەی بۆمان گونجاوە بەکاری بهێنین. ئاو لە تورکیاوە هەڵدەقوڵێت و دەوڵەتانی ڕێڕەوی خوارەوە ناتوانن فێرمان بکەن چۆن سامانەکانمان بەکاربهێنین. سەرچاوەی نەوت لە زۆر وڵاتی**

---

[1] د. ريان ذنون العباسي: سليمان ديمريل ودوره في تنمية مشاريع المياه التركية، م(التربية والعلم)، مج(17)، ع(1)، 2010، ص321.

[2] د. سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية، ص81.

[3] ڕوباری نیشتیمانیی: بریتییە لەو ڕوبارەی لە سەرچاوەوە تا ڕێژگەکەی دەکەوێتە خاکی یەك دەوڵەتەوە، بڕوانە د.حاتم مهدی الرفاعي: اشكالية المياه بين القانون والسياسة، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، ع(1)، مجل(7)، 2012، ص4.

**عەرەبیدا هەیەو ئێمە دەستوەر نادەینە چۆنێتی بەکارهێنانییەوە".[1] لەلایەکی دیکە تورکیا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە حەوزی دیجلەو فورات یەك حەوزە، نەك دوو حەوزی جیاوازو سەربەخۆ. پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت، کە رووباری فورات تەرخان نەکراوە بۆ کەشتیوانیی و تا ئێستا ئەو مەسەلەیە لە ژێر پەرەسەندن و ئامادەکردندایەو بە تەواوی دانەڕێژراوە. ئەوەش دەخاتەڕوو، کە رێساو بنەماگەلێك لە یاسای نێودەوڵەتیدا نییە، ماف و ئەرکی ئەو دەوڵەتە دیاری بکات، کە بەش و پارچەکانی ئاوەڕۆی ئاویی سنوور تێپەڕ یان ئاوەڕۆی تر بکەوێتە نێو خاکەکەیەوە،[2] بەڵام لە هەمان کاتدا تورکیا جەخت لەسەر بەکارهێنانی ماقوڵ و داوەرانەی ئاو دەکاتەوە، نەك دابەشکردن، بەهەموو شێوەیەکیش دژی پشك و دابەشکاریی دەوەستێتەوە.[3]**

**لە ڕووی سیاسیشەوە راستە تورکیا بە فەرمیی باسی لەوە دەکرد، کە ئاو وەك چەکێك لە ململانێ و پێوەندییە هەرێمییەکاندا بەکارناهێنێت، بەڵام ئەو ڕێ و شوێنانەی لە قەیرانی ئاویی و پرۆژە ئاوییەکاندا پێڕەوی لێدەکرد، ئاماژەیەکی روون بوون، کە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی تورکیا نیشان دەدەن. ئەگەر سەیری هەڵوێستی تورکیا بکەین لە پرۆتۆکۆڵی (1987)دا، مەرجی ئەو بۆ بەردانەوەی (500م3/ چرکە) ساڵانە لە ئاو، ئەوەیە سوریا دەستبەردای هاوکاریکردنی PKK ببێت.[4] تورکیا پرۆتۆکۆلی ساڵی (1987) بە رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتیی پابەندکەر دانە دەنا، بەڵکو وەك پێوەرێکی دادەنا، کە سنووری ئەوپەڕی ئاوی بەردراوەی بۆ سوریا و عێراق دیاریکردووە. لەم بارەوە سلێمان**

---

[1] د.محمد نورالدين: عاصفة فی مياه(غابGAP)، م(شؤون تركية)، ع(11)، 1994، ص44، ود.جلال عبدالله معوض: صناعة القرار، ص(194-195)، ود.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية، ص149.

[2] بڕوانە یاداشتی باڵیۆزخانەی تورکیا بۆ حکومەتی سوریا لە دیرۆکی(1995/12/30)، دەق لە د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة، ص513.

[3] عايدة العلي سري الدين: دول المثلث بين فكي الكماشة التركية الاسرائيلية، ط1، دار الفكر العربي، بيروت، 1997، ص287، و د.حامد عبيد حداد: المشاريع المائية التركية فی حوضی دجلة والفرات، الاهداف والنوايا، ص269.

[4] د.نبيل السمان: حرب المياه من الفرات الى النيل، ط1، دار المعرفة، دمشق، ص23، طارق المجذوب: الورقة الثانية، ص195. لە قۆناغەکانی تریشدا تورکیا چارەسەرکردنی قەیرانی ئاویی پێوەست کردووە بەوەی رووباری(عاسی)یش بخرێتە نێو دانوستانەکانی چارەسەرکرنی پرسی ئاوەوە، بۆ ئەوەی لە رێگەی دانپێدانانی فەرمیی سوریا بە پشکی تورکیا لەو روبارە، دانپێدانانی راستەوخۆی سوریا بە سنووری جوگرافیی تورکیا بەدەستبهێنێت، کە پێوەستە بە کێشەی پارێزگەی ئەسکەندەروونەو سوریاش ئامادە نەبوو ئەو هەنگاوە بنێت. لەلایەکی دیکە تورکیا رەزامەندی نەدا لەسەر ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی دووانیی لەگەڵ سوریا یان عێراق، کە پێوەست بوو بە پشکی ئاویی ئەو دوو وڵاتە یان دابەشکردنیو لە هەمان کاتدا پێداگرتن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە لە روانگەیەکی هونەرییو بەو شێوەی، کە تورکیا خۆی دەیخوازێت. لەمانەش بترازێت دەستی دەستیکردنی تورکیا بە عێراقو سوریا لە مەڕ چارەسەرکردنی کۆتایی کێشەی ئاویی نێوانیان، بەشێوەیەك دوای پرۆتۆکۆلی ساڵی(1980) و پێکهێنانی لیژنەی هاوبەش، دوای(16) کۆبوونەوە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، ئەوەش نیشانەیەکی ئەو دەستیدەستی کردنە بوو. بڕوانە محمد بركات: مشكلات الحدود، ص(40-41)، وعلى جمالو: ثرثرة فوق الفرات، ص(115-116).

**دیمێریل دەبێژێت:"هێندێك كەس ماددەی (6)شەش لە پرۆتۆكۆلی 1987 بەشێوەیەكی هەڵە راڤە دەكەن، بەوەی سوریا ماف و پشكی لە ئاوی فورات هەیە. ئەو ماددەیە مانای بەخشینی (500م3/چركە) لە ئاوەكەیە لە كاتی پڕبوونی بەنداوی ئەتاتورك و تاكاتی رێكەوتنی كۆتایی نێوان هەردوو وڵات. لێرەدا هیچ دابەشكردن و بەشكارییەك نابینرێت و هیچ شتێكیش نابینرێت، كە ئامرازێك بێت بۆ بانگەشەی ئەو دەوڵەتانە، كە مافیان هەبێت و پێوەست بن بە ئاوی توركیاوە". [1]**

**هەرچی سوریاش بوو لە ڕووی یاساییەوە بۆچوونی وابوو دیجلە و فورات دوو رووباری نێودەوڵەتین[2] و بەشداریكردن تێیاندا مافێكی سروشتییە و جەخت لەسەر چەمكی تەواوێتیی ئاویی نێودەوڵەتیی دەكردەوە، بەجۆرێك دەتوانرێت یەكێتیی لە نێوان(سەرچاوە و ئاوەڕۆ و رێڕەو)دا وەك هێڵێكی ئاویی تێرو تەواو بكرێت و جیاكاریی لە نێوان بەشەكانیدا نەكرێت. ئەوەش بە گوێرەی پرینسیپەكانی (هێڵسنكی) ساڵی (1966)، تایبەت بە بەكارهێنانی ئاوی روباری نێودەوڵەتیی.[3] هەروەها بە بڕوای سوریا لەبەرئەوەی فورات روبارێكی نێودەوڵەتییە، بۆیە هەموو مەرج و دەق و رێكەوتننامەكانی تایبەت بە روباری نێودەوڵەتیی بە سەردا جێبەجێدەكرێت و لەمەشدا پشتی بە بڕیاری نەتەوە یەكگرتووەكانی ژ (A/RES/51/229)ی دیرۆكی (1997/7/8) بەستبوو، بە ناونیشانی (رێكەوتننامەی یاسای بەكارهێنانی ئاوەڕۆی ئاویی نێودەوڵەتیی لە مەبەستە نا كەشتیوانییەكاندا)، ماددەی(2)، وا دادەنێت:" روباری نێودەوڵەتی بریتییە لەو رووبارەی پارچەكانی دەكەونە نێو چەند دەوڵەتێكەوە و دەوڵەتی ئاوەڕۆی ئاویی بریتییە لەو**

---

(1) د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص274. سەرباری خۆدزینەوەی توركیا لە ئاست چارەسەركردنی كێشەی ئاویی لەگەڵ سوریا، هاوكات باس لە پرۆژەیەكی سلێمان دیمێریل دەكرێت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیە و خۆی لە سێ قۆناغدا دەبینییەوە، كە زیاتر دەربارەی بەكارهێنانی هاوبەشە، نەك سەروەریی هاوبەش، بە گوێرەی پلانەكەش سنووری نێوان هەرسێ وڵات(توركیا، عێراق، سوریا) بەشێوەیەك لێی بڕوانرێت، كە بوونی نییە و سەیری دیجلە و فوراتیش بكرێت، بەوەی سەرچاوەیەكی ئاویی سنوور تێپەڕ پێكبهێنێت. هەروەها هەموو لایەك بنەمای بەكارهێنانی هاوبەش بەكاربهێنن لەبری سەروەریی هاوبەش، لەمەشدا دەوڵەتی سەرەوەی رووبارەكە، كە توركیایە مافی سوود وەرگرتنی لە ئاوی وڵاتانی خوارەوەی روبارەكەی هەیە، بەڵام ئەم پلانە پێشنیاز كراوە لەلایەن سوریا و عێراقەوە قەبوڵ نەكرا، بەتایبەتی سوریا، چونكە لەگەڵ تێڕوانین و سیاسەتی ئاویدا نەدەگونجاو دژ بوو. بڕوانە عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص(48–49).

(2) روباری نێودەوڵەتیی: ئەو روبارەیە، كە بەهەرێمی دوو دەوڵەتدا دەڕوات یان لە هەرێمێك زێتر، یان زێتر لە دەوڵەتێك لەیەك جیادەكاتەوە، واتە ئەگەر یەكێك لەو دوو رەگەزە(تێپەڕ بوون بە هەرێمێك زێتر لە دەوڵەتێك یان نێوان زیاتر لە دەوڵەتێكی پێكهێنا)، ئەوا بە روباری نێودەوڵەتی هەژمار دەكرێت، بە گوێرەی پێناسەی پەیماننامەی ڤیەنناى(1815). لەڕووی سەروەریی هەرێمیشەوە، هەر دەوڵەتێك سەروەریی خۆی بەسەر ئەو بەشەی روبارەكەوە هەیە، كە دەكەوێتە خاكەكەیەوە، بە مەرجێك لەگەڵ مافی دەوڵەتەكەی تردا دژ نەبێت. بڕوانە داليا اسماعيل محمد: المياه والعلاقات الدولية، م.س، ص(41–42)، ورمزى سلامة: مشكلة المياه، ص(126–127).

(3) احمد الرشيدى: تركيا والامن القومى العربى، ندوة، م(المستقبل العربى)، ع(169)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1992، ص119.

دەوڵەتــەی، کــە بەشــێك لــە ئــاوەڕۆی ئــاوە نێودەوڵەتییەکــە، کــە دەکەوێتــە نێــو خــاکی وڵاتەکەیەوە". [1]

سـوریا پێـی وایـە حـەوزی روبـاری فـورات لـە حـەوزی روبـاری دیجلـە لەمیانـەی ڕوونـی سـنووریی هایدرۆلۆجییـەوە جیایـە، روبارەکـەش لـە رێـژاوی شـەتولعەرەبدا بەیـەك دەگـەن‌و هـەردووکیان دەبنـە یـەك حـەوز. جگـە لـەوەی سـوریا جـەخت لەسـەر بنـەمای دابەشـکردنی دەرامەتە ئاوییـەکانی هـەردوو روبـاری دیجلـەو فـورات دەکاتـەوەو بۆچوونی وایـە پێوەنـدیی دەوڵەتان بە ئاوی هەردوو روبارەکەوە پێوەندییەکی مافە، نەك خاوەنداریێتیی. بۆیە پێویستە لــە چوارچێـوەی رێکەوتننامــەی دووانیــی یــان ســیانییدا چارەســەر بکرێــت‌و رێــز لــەو رێکەوتننامانـەش بگیرێـن‌و جێبـەجێبکرێن. [2] لەمـەش بترازێـت سـوریا سـوور بـوو لەسـەر پابەنـدبوون بـە رێسا گشـتییەکانی یاسـای نێودەوڵەتییـەوە، کـە لـە رێکەوتننامـە گشـتیی‌و تایبەتییەکان‌و پرێنسیپی گشتیی‌و عورف‌و بڕیارو راسپاردەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانـەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر بۆیە پێداگری لەسـەر مـافی داوەرانـەو مـاقوڵ‌و زیـان نەگەیانـدن بـە یەکدی دەکات. کەواتە سوریا بـە مـافی یاسـایی خـۆی دەزانـی پێداگری‌و سـوربوونی لەسـەر چـاککردنی شـێوازی پرۆتۆکـۆلی (1987) لەگـەڵ تورکیـادا بکـات، بەشـێوەیەك خزمـەتی زیادکردنی پشکی خۆی بکات لە دەرامەتی ئاویی رووباری فوراتدا. [3]

لـە ڕووی سیاسیشـەوە سـوریا بـە هـەموو شێوەیەك سـەروەریی تورکیـای بەسـەر ئـاوی دیجلەو فوراتەوە رەتدەکردەوە، بەو شێوەیەی کە هیچ پشکێکی یاسایی تێدا نەبێت، چونکە جـەختی لـەوە دەکـردەوە، کـە رووبـاری فـورات روبـارێکی نێودەوڵەتییـەو چـەمکی رووبـاری نیشتیمانیی، کە لەلایەن تورکیاوە بەکاردەهات رەتدەکردەوە، لە هەمان کاتدا قەبوڵی نـەبوو رووباری عاسی، بخرێتە خشتەی دانوستانەکانەوە لەگەڵ تورکیادا. لە هەمان کاتیشدا دانـی بە خاوەنداریێتیی تورکیا بەسـەر پارێزگـەی ئەسکەندەروونەوە لـە مەسـەلەی کێشـەی ئاویی نێوانیاندا نەدەنا. [4]

---

[1] بڕوانە بەڵگەنامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەق: لە فؤاد قاسم الامیر: الموازنة المائیة، ص367.

[2] د.سلیمان عبدالله اسماعیل: السیاسة المائیة، ص137.

[3] دالیا اسماعیل محمد: المیاه والعلاقات الدولیة، م.س، ص71.

[4] لەلایەکی دیکەوەو لە بواری دیپلۆماسیدا سوریا هەوڵەکانی چڕکردەوەو بابەتی ئاوی روباری فوراتی خستە نێو خشتەی کارەکانی ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبییەوە لە خولی ئاسایی لەدیرۆکی(15ی ئازاری 1996)دا، بەشێوەیەك داوای کرد، بڕیار بگرنە بەر بۆ سەرکۆنەکردنی هەوڵەکانی تورکیا بۆ دروستکردنی بەنداوی زیاتر لەسەر روباری فورات. یاداشتەکە داوا لە دەوڵەتانی عەرەبیی دەکات، کە ئەوانیش داوا لەرێکخراوە نێودەوڵەتییو هەرێمییەکان بکەن، تا کۆمەکیی دارایی پڕۆژەکانی تورکیا نەکەن. بە کرداریش ئەنجومەنی کۆمکاری عەرەبیی بڕیاری لەسەر مافی سوریا دا لە ئاوی روباری فورات‌و بەگوێرەی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی، داوای بەشێکی داوەرانەی کرد. بڕوانە فارس مظلوم العانی واخرون: السیاسات المائیة، ص173.

**تەوەری چوارەم- پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) لە قەیرانی ئاویی تورکیاو سوریادا:**

لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەی ئاوییدا، بەتایبەتی لە ساڵی(1987)ەوە لە تورکیا دوو بۆچوون لە ئارادا بوو سەبارەت بە مەسەلەی ئاسایش و لە مەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ سوریادا، یەکێکیان بۆچوونی دامەزراوەی سەربازیی و تۆرگۆت ئۆزال بوو، کە وایاندەبینی بەردانەوەی ئاوی فورات کەمبکرێتەوە، بۆئەوەی سوریا ناچار بکرێت کۆمەکی PKK رابگرێت و درك بە گرنگی پێوەندی لەگەڵ تورکیادا بکات. ئەوی تریان بۆچوونی وەزارەتی دەرەوە بوو، کە داوای دەکرد جیاکاریی لە نێوان مەسەلە سیاسیی و ئابوورییەکان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سوریادا بکرێت.[1] ئەگەرچی تورکیا بە فەرمیی چەند جارێك رایگەیاند بوو، ئاوی روبارەکان وەك چەکێك بەکارناهێنێت،[2] بەڵام دواجار رای یەکەم سەرکەوت و کاری پێکراو، بە کرداریش لە ساڵی(1990)دا ناڕاستەوخۆ ئاو وەك ئامرازی گوشار دژی سوریا بەکارهێنرا، چونکە لە بنەڕەتدا یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئاویی تورکیا گوشار خستنە سەر سوریا بوو بۆ دەستبەردار بوون لە کۆمەکیکردنی PKK، چونکە کرۆکی سیاسەتی ئاویی تورکیا تەوقدانی جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی ئەو پارتە بوو لەو نێوچانەی، کە پرۆژە ئاوییەکانی تێدا جێبەجێ دەکرا.[3] تەنانەت تورکیا پێشوەخت PKK ی لە قەیرانی ئاویی خۆیدا کردە ئامانج و لە ساڵی(1986)دا ژمارەیەك ئەندامی ئەو پارتەی دەستگیر کرد، ئەویش گوایە دوای ئاشکراکردنی پلانێك بۆ تێکدانی بەنداوی ئەتاتورك، لە مەدا سوریای بە هاندانی ئەو کۆمەڵە تۆمەتبار کرد.[4]

لە ڕاستیدا پێش ئەوەی پرۆژەی گاپ تەواو بن، تورکیا نەیدەویست چارەسەری کۆتایی کێشەی ئاو بکات بۆ دابەشکردنی ئاوی دیجلەو فورات، چونکە پێی وابوو رێکەوتننامە هیچ دەسکەوتێکی سیاسیی بۆ بەدیناهێنێت، بەتایبەتی بەهۆی گومانی بەرامبەر بەردەوامیی هەڕەشەی PKK و کێشەی روباری عاسی.[5] تورکیا سوور بوو لەسەر رێکەوتننامەی گشتیی ئاو لەگەڵ سوریا، بەڵام بەو مەرجەی تاڕادەیەك پێکەوە هاریکاریی

---

[1] د.جلال عبدالله معوض : صناعة القرار، ص199، وعماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص34.

[2] لەمڕووەوە ئۆزال لەرۆژی(1990/1/18) رایگەیاند:"تورکیا ئاوی روبارەکان وەك ئامرازی هەڕەشە بەکارناهێنێت و ئارەزووی چوونە نێو هیچ ململانێیەکیشی لەگەڵ دراوسێکانیدا نییەو هەموو بایەخێکی بۆ پڕکردنەوەی توانای گەشەپێدانە ئابوورییەکانیەتی". هەروەها(قمران ئینان)ی وەزیری دەوڵەتیش ئاماژەی دا، کە ئاو بە ئامرازێکی هاریکاریی دادەنێن، نەك ئامرازی فشاری سیاسیی. بڕوانە عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص41، وطارق المجذوب، الورقة الثانية، ص193.

[3] د.وليد رضوان: العلاقات العربية– التركية فى القرن العشرين السورية التركية، ص110.

[4] لەمبارەوە ئۆزال لەساڵی 1989 و 1996 سوریای لەو هاوکاریی و هاندانەی PKK ئاگادار کردەوە، بڕوانە د.جلال عبدالله معوض : صناعة القرار، ص198 وعايدة العلى سري الدين: العرب والفرات، ص(49،70).

[5] احمد حسين طه الاسودى: مشكلة المياه، ص553.

**بکەن بۆ سنووردانان بۆ چالاکییەکانی PKK.[1] بەڵام قەیرانی ئاویی نێوان تورکیا و سوریا هەروا مایەوە، تا هاتنەئارای هاوپەیمانێتیی تورکیا و ئیسرائیل، کە رەهەندێکی سەربازیی و سیاسیی و ئابووریی و ئاویی هەبوو، ئیدی بە تەواوی گوشار خرایە سەر سوریا بۆملدانی داواکاریی و مەرجەکانی تورکیا لە ئاست PKK، چونکە کاتێك سوریا بووە یەکێك لە ئامانجەکانی نێو رێکەوتننامەو پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل، مەبەست و ئامانجی تورکیا PKK ش بوو،[2] لەبەرئەوەی سوریا کۆمەکی ئەو پارتەی دەکرد و داڵدەی دابوون و لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیی چەکداریی دژی تورکیا لەسەر سنوورە هاوبەشەکانی چاوپۆشیی لێدەکردن. تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کاتێك سەرکردایەتی PKK و خودی ئۆجەلان خوازیار بوون لە کۆنگرەی پێنجدا رێگە چارەی سیاسیی و وتووێژ بە بنەما وەربگرن، بەڵام قەبوڵ نەکراوە و زێتر ستراتیژی خەباتی چەکداریی خۆی گۆڕیوە و تێیدا بڕیاری داوە بایەخ بە خەباتی چەکداریی شارەکان بدرێت،[3] بەمەش تورکیا ترسی لێنیشت، کە PKK لە عێراق و ئێران نزیك بێتەوە و لەو لاشەوە لەگەڵ پارتی و یەکێتی رێکبکەوێت، بۆیە کەوتە خۆی و پەنای بردە بەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی لە رووی سیاسیی و سیخوڕییەوە هاوکارییان بکات لە دروستکردنی نێوچەیەکی ئاسایشی داخراو لەسەر سنوورەکانی. واتە PKK هۆکارێکی سەرەکی نزیکبوونەوەی تورکیا و ئیسرائیل بوو.[4]**

**هەروەها تورکیا کارئاسانی بۆ ئیسرائیل کرد لە مەسەلەی کێشەی فەلەستیندا، لە بەرامبەریشدا ئیسرائیل لەجەنگی تورکیا دژی PKK هاوکاری بکات، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو هاوکاریش بکات لە پاکتاویی بزاڤی نیشتیمانیی و دیموکراتیی لە نێو تورکیاشدا.[5] چونکە یەکێك لە شێوازەکانی مامەڵەکرنی تورکیا و ئیسرائیل پێکەوە بەرامبەر نەیارە سیاسییەکانیان بریتیی بوو لە تۆمەتبارکردنیان بە مەسەلەی تیرۆر، بەجۆرێك خەبات و بەرخودانی PKK لە پێناوی ماف و داواکاریی میللەتێك و تێکۆشان و بەرەنگاریی**

---

[1] عایدة العلی سري الدین: الدول المثلث، ص239.

[2] عبدالله اوجلان: مسیرة روما، ط1، 2002، منشورات، صوت کردستان، السلسة العربیة(5)، ص122.

[3] حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل بایك، چ1، 2008، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی(پ.چ.د.ك)، ل(461–462)، وقرارات المؤتمر الخامس ل(PKK)، تحریر المناطق ومسالة الانتفاضات، جر(وڵات)، ع(61)، دووشەممە(1995/4/17).

[4] Selahattın Çelık: Ağrı dağını taşmak, Çağdaş Kürt halk direnişi, sİyasİ, askeri, ekonomık, ve toplumsal sonuçlari, Birinci Baski, Temmuz 2000, Yayınevi, Zambon Verlag, Leipzigerstr. 24, D-60487 Frankfurt / M, p216.

[5] نبیل الملحم: سەرۆك و گەل، حەوت رۆژ لەگەڵ ئاپۆدا، ئامادەکردن و وەرگێڕانی(رۆژنامەی وڵات)، تشرینی دووەمی 1999، ل74، وادیب صالح اللهیبی: التحالف، ص3.

فەلەستینییەکانیشیان بە کاری تیرۆریستیی وێنا دەکرد.[1] تەنانەت کاتێک حیکمەت چەتینی وەزیری دەرەوە لە رۆژی (1993/11/14) سەردانی ئیسرائیلی کردو لەوێ چەند رێکەوتننامەیەکی ئیمزاکرد، رایگەیاند:"هاریکاریی لەگەڵ ئیسرائیلدا مەودایەکی دوورتری هەیە، کە پێشبینی دامەزراندنی سیستێمێکی نوێی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا لێدەکرێت، تورکیا یان ئیسرائیل رێگە نادەن هیچ کارێکی تیرۆریستیی یان نێوچەیەك بۆ راهێنان و جموجوڵی تیرۆریستیی ببێتە بەربەست".[2] لێرەدا مەبەست سوریا و PKK و رێکخراوە فەلەستینییەکان بوو.

لەو پێوەندییەشدا، کە PKK کرا بووە ئامانج، ئیسرائیل یارمەتی تورکیای دەدا لە رووی پێدانی زانیاریی و ئاشکراکردنی بنکەو بارەگەکانی PKK لە نێو خاکی سوریا و لە دەشتی بیقاعی لوبنان. ئەوەش لە سەردانی فەرماندەی چەکی هەوایی ئیسرائیل بۆ تورکیا لە سەرەتای مانگی (1993/8) بوو، کە لەمیانەیدا چاوی کەوت بە وەزیری بەرگریی تورکیا و(دۆغان غوریش)ی هاوتا سەربازییەکەی و ئامانج لێی هاریکاریی هاوبەش بوو دژی PKK.[3] هەروەها پێدانی زانیاریی و نهێنیی مانگە دەستکردەکان و ئامێری گوێ هەڵخستن و سیخوڕی ئەلیکترۆنیی، کە لە باشووری رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ و باشووری کوردستاندا هەبوون. ئەمەش لە نێو رێکەوتننامەی چوارەمی نێوانیاندا هاتبوو، کە لە مانگی نیسانی 1997 ئیمزا کرا بوو.[4]

جگە لە سوودمەندکردنی تورکیا لە شارەزایی لە روبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، ئەوەش لە تشرینی دووەمی 1994 دا بوو، کاتێك تانسۆ چیللەری سەرۆکی حکومەت بە سەردانێك گەیشتە تەلئەبیب و ئیمزای لەسەر چەند رێکەوتننامەیەکی هاریکاریی بۆ لە نێوبردنی تیرۆر کرد.[5] لەلایەکی دیگەوە ئیسرائیل بەشداریی و کارئاسانیی کرد لە هێندێك پرۆسەی سەربازیی تورکیا دژی PKK، وەك بەرپاکردن و دامەزراندنی نێوچەی ئاسایشی تورکیی لە باشووری کوردستان بە ئاشکرا لە مانگی(1997/10) لەسەر شێوەی پشتێنەی ئاسایشی ئیسرائیلیی، رۆژنامەی(پۆستەی باشوور)، کە لە ئەورووپا دەردەچوو لە

[1] عبدالصمد ناجى ملا ياس: مستقبل العلاقة التركية– الاسرائيلية فى ضوء مشروع الشرق اوسطية، مج(جامعة تكريت) للعلوم القانونية والسياسية، ع(2)، سنة1، ص397، و د.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، ص292.

[2] يوسف ابراهيم الجهمانى: تركيا واسرائيل، ط1، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 1999، ص61، و د.ابراهيم الداقوقى: صورة الاتراك لدى العرب، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص368.

[3] د.محمد نورالدين: تركيا فى زمن المتحول، قلق الهوية وصراع الخيارات، ط1، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، 1997، ص264. 236.

[4] عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص122.

[5] د.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، ص285.

**رۆژی(1997/11/14) باس لەوە دەکات، سەربازانی ئیسرائیل لە هەر دوو پرۆسەی(پۆلاّ 1995و 1997)ی تورکی لە باشووری کوردستان بەشدار بوون، لەوانە(50) ئەفسەر لە پرۆسەی یەکەم بە مەبەستی گواستنەوەی شارەزایی ئیسرائیلیی لە دامەزراندنی نێوچەیەکی دابڕاو لە باشووری کوردستان هاوشێوەی نێوچەی دابڕاوی باشووری لوبنان.**[1]

[1] عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص123.

### باسی دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) لە پێوەندییەکانی تورکیاو سوریادا

بەهۆی پەنابردنی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ سوریا و داڵدەدانی لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوە، تورکیا بەردەوام لە ئاست ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەستی بە ترس لە دراوسێکانی دەکرد، بەتایبەتی سوریا، کە لێی دڵنیا نەبوو. ئەم ترس و دڕدۆنگییە زێتر پاش کۆتایهاتن بە جەنگی سارد بەرەو زیاد بوون چوو، چونکە دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیان وابوو دەوڵەتەکەیان بۆ دەوڵەتی روبەڕووبوونەوە لەسەر ئاستی چەند بەرەیەك گۆڕاوە، بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆ- سیاسیی و جیۆ- ستراتیژییەوە. لێرەوە تورکیا هەستی بە دوژمنی هەمیشەیی لە دەوروبەری خۆی کرد.[1] هۆکارێکی تریش ئەوە بوو بە رۆیشتنی ئۆجەلان و PKK بۆ سوریا، پرسی کورد لە تورکیا چووە نێو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە و بە کێشەکانی ئەو نێوچەیە کاریگەرو ئاوێتە بوو، بەتایبەتی کێشەی فەلەستین و مەسەلەی ئاو و کاریگەریی لەسەر داڕشتنەوەی پێوەندییەکانی تورکیا بە دەوروبەرەکەیەوە جێهێشت. دوای جەنگی دووەمی کەنداو و لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە پەرەسەندنی ئاسایشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە پێوەستبوو.[2]

بە دیاریکراوی PKK هەمیشە دۆسییەیەکی گرژیی نێو پێوەندییە دەرەکییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریادا، بە هۆی پاڵپشتیی و هاوکاریکردنی سوریا بۆ ئەو پارتە،[3] بەجۆرێك تورکیا سوور بوو لەسەر ئەوەی کێشەکە لە بنەڕەتدا دروستکراوی دەرەوەیە و لە هەمانکاتیشدا پێوەندی بە تیرۆرەوە هەیە،[4] بەڵام خاڵی تێکچوونی پێوەندییەکانی تورکیا و سوریا لە راگەیاندنی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK ەوە بوو، چونکە لەوکاتەوە تورکیا سوریا بە داڵدەدان و کۆمەکیی و کارئاسانیی بۆ ئەو پارتە تۆمەتبار دەکات.[5] لەم بارەوە دوای ئەو دیرۆکە (کەنعان ئێڤرن) سەردانی نێوچەی شەمزینانی کردو لەوێ لەوتارێکدا بە ئاشکرا دەستی دەرەکیی، کە مەبەستی سوریا بوو، لە پشتی رووداوەکان

---

(1) عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص86.

(2) هاشم الكيلاني: تركيا والعرب، دراسة فى العلاقات العربية- التركية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، سلسلة دراسات استراتيجية، ابوظبى، 1999، ص79.

(3) Ahmad Soltani Nejad: The Syrian-Israeli Peace Process and The United States From Hope to Impasse(1991-2000), UNIVERCITY GENT, FACULTEIT POLITIEKE SOCIALE WETENSCHAPPEN VAKGROEP STUDIE DE DERDE WERELD, 2004, P63.

(4) خورشيد حسين دلى: تركيا وقضايا، ص23.

(5) د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص325.

**تۆمـەتبار کـرد لـە هاوکـاریکردنی PKK دا[1] و وتی:"هێنـدێك لـە ناپاکـەکان بـۆ دەرەوەی تورکیـا هـەڵاتوون". لـەو قۆناغـەوە سـوریا راهێنـانی بـە چـەکدارانی ئـەو پارتـە کـرد لـە دۆڵـی بیقاعی لوبنـانی ژێـر دەسـەڵاتی و رێگـەی پێدەدان، کـە بنکـەو بارەگـەی چـەکداریی بکەنـەوە، لەوانە ئـەکادیمیای سـەربازیی شـەهید مەعسـوم قۆرقماز. بەشـێکی تـری فاکتـەری PKK لـە ئـاڵۆزیی پێوەندییـەکانی تورکیـاو سـوریادا بـۆ فەلسـەفەی سیاسـەتیی دەرەوەی تورکیـا دەگەڕێتــەوە، کــە پــێ لەســەر ئــاودیوکردنی قەیرانــەکان دادەگرێــت، نــەك بــە مانــای چارەســەرکردنیی قەیرانـەکان، بـەڵکو بـە مانـای جێگیرکردنیـان لـە رێگـەی دروسـتکردنی هاوپــەیمانیی تــەکنیکی گــوازراوەوە، بــە گــوێرەی بەرژەوەندییــەکان.[2] لــە ســەرەتای هەشتاکانیشەوە پرسی کوردو بە دیاریکراویش PKK لەخشتەی کاری هـەردوو دەوڵەتدا دەرکـەوت، بەتایبـەتی دوای سـاڵی (1984)، بـەجۆرێك سـوریا ناچـار بـوو ئـەو پرسـە وەك یەکێك لە بابەتە جیاوازەکان لەگەڵ تورکیادا قەبوڵ بکات، کاتێك تورکیـا ئـەو مەسـەلەیەی بـە کێشـەی ئـاویی نێوانیانـەوە گرێـداو دواتـریش لـە وردەکـاریی پێوەندییەکانیـدا ئـەو پرسـەی گشتاند.[3] زەقبوونەوەی PKK وەك فاکتەرێك، بە کرداریـی ئەوکاتـە بـوو، کـە تورکیـا دوای ئاشـکراکردنی پلانێـك بـۆ تێکـدانی بەنـداوی ئـەتاتورك لەسـاڵی 1986دا، سـوریای بـەوە تۆمەتبار کرد، کە لە پشت پلانەکەوە بووەو دنەی داون.[4] دواجار PKK لـە بەشـێکی زۆری رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆڵـەکانی نێـوان ئـەو دوو وڵاتـەدا رەنگیدایـەوە، کـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەکانی نێوانیان ئیمزایان لەسەر کرد بوو. لێرەدا بۆ زێتر شیکردنەوەی ئـەم بابەتـە پـەنا دەبەینە بەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:**

---

(1) لەو تۆمەتبارکردنانەدا تورکیا رایگەیاند بوو، کە(6) سەربازگەی PKK لە سوریا هەیە. هەروەها(عیسمەت سیزگین)ی وەزیری نێوخۆش رایگەیاند:"سوریا یارمەتی PKK دەدات، بۆ پەڕینەوە لە سنوور لەگەڵ تورکیاو زیاتر لەوەش ئەم رێکخراوە نوسینگەو چادرگەی راهێنانی لە سوریاو لوبنان هەیە، بەشێوەیەك دیمەشق لە رێکخستنی کۆنگرەو بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەو بڵاوکراوەکانیان یارمەتییان دەدات". هاوکات تورکیا ئەوەشی بە سوریا وتبوو، کە: بەو رێکەوتنەی زانیوە، کە لە نێوان مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانیو PKK لەساڵی 1988 ئەنجام دراوە، کە بارزانی رێکەوتننامەکەی ئەنجامداوەو ئاشتەوایی لە نێوان هێندێك هۆزی کوردیی عێراقو PKK دا کردووەو تاڵەبانیش کۆمەکی ئەو نزیکبوونەوەیەی کردووە، ئەمەش بە فشارو هاوکاریی سوریا جێبەجێکراوە. بڕوانە محمد حمزة الدليمی واحمد محمود علو السامرائي: اثر المسالة الكردية فی العلاقات التركية- السورية(1988-2000)، م(دراسات التاريخية والحضارية)، ع(4)، اذار 2010، ص(56-57، 59).

(2) د.ابراهيم الداقوقی: اكراد تركيا، ط2، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، 2008، ص199، و عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص26.

(3) د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص281.

(4) فتحی علی حسين: المياه واوراق اللعبة، ص137.

**تەوەری یەکەم- هۆکارەکانی مامەڵەکردنی سوریا لەگەڵ PKK دا:**

**لە راستیدا یەکەمجار، کە ئۆجەلان روویکردە سوریا، بە نهێنی چوو، نەك سوریا بە فەرمیی دالدەی دابێت، بەڵام پاش ماوەیەك سوریا هەڵسوکەوتی ئاسایی لەگەڵدا کردن و رێگەی مانەوەو چالاکی سیاسیی و چەکداریی پێدان،[1] بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم پێوەندییە ئەوەیە، کە فەرمی نەبوو، واتە بە گوێرەی نووسراوو رێکەوتننامەیەکی ئیمزاکراویی دوو لایەنە بێت.[2] لەم بارەوە (رەزا ئاڵتون) دەڵێت:"تەرزو شێوازی پێوەندیمان لەگەڵ سوریادا فەرمیی نەبوو، نەك تەنها بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ هەموو ئەو جوڵانەوە سیاسییانەی تریش، کە لەو وڵاتەدا بوون، بنەمای مامەڵەکردنی سوریا لەگەڵ ئێمە پێوەندی بەو کێشانەوە هەبوو، کە لەگەڵ تورکیادا هەیبوو، بۆیە ئامانجی بەکارهێنانی ئێمەو ئەو جوڵانەوانەی تریش بوو دژ بە تورکیا بۆ بەدەستهێنانی هێندێك دەستکەوت. هەروەك ستراتیژی ئەوان ئەوە بوو جوڵانەوەی کورد بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە".[3] هەر لەم رووەوە (محەمەد ئەمین پێنجوێنی)یش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە سوریا زێتر لە دوای دەستپێکردنی جەنگی چەکدارییەوە لە (15ی ئابی1984) بایەخی بە PKK داوەو پێوەندییەکەش لەگەڵ نوسینگەی حافز ئەسەد دا بووەو کۆمەکی سەربازیی دەکردن".[4] بێگومان کۆمەڵێك هۆکار لە پشت قبوڵکردنی PKK لەلایەن سوریاوە هەبوو، لەوانە: هەر لە سەرەتاوە PKK سوریای بە ژینگەیەکی لەبار زانی، چونکە پێش ئەوانیش لەو وڵاتە ژمارەیەك گروپ و رێکخراوی چەپ و نەتەوەیی تورکیی، لەگەڵ ژمارەیەك پارت و کۆمەڵەی وڵاتانی نێوچەکە هەبوون، بۆیە کۆمەکیکردنی PKK لەلایەن سوریاوە لەم چوارچێوەیەدا بوو. رەزا ئاڵتون باس لەوە دەکات:"PKK ستراتیژی خۆی هەبوو لەو پێوەندیانە، کە ئامانجی بنەڕەتی**

---

(1) مایکل م.گونتر: العامل الكوردى فى السياسة الخارجية التركية، من كتاب: هنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ت(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولير، مؤسسة موكريانى للبحث والنشر،2007، ص99.

(2) حوار درية عونى مع عبدالله اوجلان، م(المصور)، ع(13)، حزيران 1996، ص7.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەزا ئاڵتون) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کەچەکەو بەرپرسی پێشووی پێوەندییەکانی PKK لەگەڵ سوریاو عێراق و ئێران، قەندیل، دووشەممە(2014/4/27). نێوبراو لە ساڵی(1956) لە کایسەری لە دایکبووەو لە ساڵی (1975)ەوە پێوەندی کردووە بەو پارتەوە. بەرپرسی پێشووی پێوەندییەکانی PKK بووە بەم شێوەیە(1992–1994) لە سوریاو لوبنان و(1994–1995–1997) لە ئێران و(1998)ەوە لە عێراق لەکەمپی مەخمور.

(4) چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەمین پێنجوێنی)، رۆژی شەممە(2013/11/30)، سلێمانی، نێوبراو لە ساڵی 1944 لە شاری پێنجوێن لە دایکبووە، خوێندنی نێوەندی لە شاری سلێمانی خوێندووە، بەشداریی و کەسی سیاسیی گەورە بووە لە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقیی لە نێوان ساڵانی(1958–1970)، لە ساڵی(1991)ەوە پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ PKK دا هەبووەو لە مانگی(1991/2) لە چوارچێوەی شاندێکی کەسایەتییە کوردییەکان سەردانی دۆڵی بیقاعی لوبنانی کردووە بۆ دیداری عەبدوڵا ئۆجەلان. سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد بووە لە بەرلین لە نێوان ساڵانی(1994–2003). ئەندامی پەرلەمانی مەنفاو دامەزرێنەری کۆنسەی پەرلەمان و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بووە.

پێشخستنی خەباتی سیاسی بوو لە باکووری کوردستان، بەجۆرێك کار بکاتە سەر پارچەکانی تریش، چونکە ئێمە لە تورکیا ئەوەمان نەدەتوانی و ناچار بووین بچینە سوریا. هەروەها سوریا لەو قۆناغەدا نێوەندی خڕبوونەوەی سیاسیی بەشێکی زۆر لە جولانەوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بوو، لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەو پێوەندییانەوە توانیمان نزیکەی (13) هەزار گەریلا لە سوریا و بیقاع پەروەردە بکەین".[1]

لەلایەکی دیکەوە ئامانجی دوورمەودای سوریا لە مامەڵەکردن لەگەڵ PKK دا پێوەندی هەبوو، نەك تەنها بە بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتن لە بەرژەوەندییەکانی بەرامبەر تورکیا، بەڵکو وەك کارتێکیش لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ ئەو وڵاتە لە مەسەلەکانی دیکەشدا، وەك گرفتی ئاو بەکاری بهێنێت، چونکە سوریا نەیدەویست کێشەی ئەو پارتە لەگەڵ تورکیادا چارەسەر بکات، بەشێوەیەك دابڕاو بێت لە کێشەی ئاو. هەروەها لە پێناوی دابەشکردن و پەرتکردنی خاکی تورکیاشدا بوو، وەك ڕێگەخۆشکردنێك بۆ گێڕانەوەی زەوییە داگیرکراوەکانی، لەوانەش پارێزگەی ئەسکەندەروونە.[2] هاوکات سوریا دەمێك بوو بە دوای ئامرازو فاکتەرێکدا دەگەڕا لە پێوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ تورکیادا، تا سازشی پێ بکات و بەو هۆیەشەوە هێندێك کارتی فشاری لە دەستدا بێت. بۆیە بانگهێشتی ژمارەیەك لە بزاڤە ڕزگاریخوازە بەرهەڵستکارەکانی وڵاتانی نێوچەکە بە گشتیی و تورکیای بەتایبەتی بۆ دیمەشق کرد و ڕێ و شوێن و یارمەتی بۆ دابینکردن، لەوانە ئەندامانی ڕێکخراوەکانی (دەڤ- سول و دەڤ- گەنج و PKK)ە.[3] سەرەڕای حەزی حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی گەورەی وڵاتەکەی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و بەتایبەتیش لە ئاست تورکیادا، لە ڕێگەی جولاندن و بەکارهێنانی کارتەکانی فشاری دەستییەوە و لە نێویشیدا PKK.[4]

**تەوەری دووەم- هەڵوێست و ئاستەکانی مامەڵەکردنی سوریا بەرامبەر بە PKK:**

راستە سوریا داڵدەی PKK ی داو دواتریش هاوکاریی و کارئاسانیی بۆ کردن، بەڵام ئەم هەڵوێستە تا کۆتایی وەك خۆی نەمایەوە، بەڵکو لە هێندێك دۆخدا، کە دەیزانی بۆ ئەو پارتە ناهەموارە، گوشاری دەخستە سەریان، بۆئەوەی بێ ئیرادەیان بکات و بیانخاتە ژێر

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(ڕەزا ئالتون)، قەندیل،(2014/4/28).

[2] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص295، وفليب روبنس: تركيا و الشرق الاوسط، ص68، و رضا هلال: السيف والهلال، تركيا من اتاتورك الى اربكان، الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام، ط1، دار الشروق، بيروت، 1999، ص188.

[3] جون بولوك وعادل درويش: حروب المياه، ص(82،77).

[4] مايكل م.جونتر: العامل الكوردى، ص(99-100).

رکێفی خۆیەوە.[1] زۆرجاریش بۆ دوورخستنەوەی تۆمەتی تورکیا، رایدەگەیاند، کە کێشەی کورد کێشەیەکی نێوخۆیی تورکیایەو پێویستە لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا چارەسەر بکرێت و سوریا یەکێتیی خاکی تورکیا و سەلامەتیی بە گرنگ دەزانێت و هیچ بەرژەوەندییەکی لەوەدا نییە.[2] ئەمە زێتر هەڵوێستێکی دیپلۆماسیانە بوو، بەڵام بە دیاریکراویی سوریا لەسەر سێ ئاست مامەڵەی لەگەڵ PKK دا دەکرد:

**ئاستی یەکەم- PKK وەك کارتی گوشار دژی تورکیا:**

داڵدەدانی ئۆجەلان و گەریلاکانی PKK و رێگەدان بە کردنەوەی بنکەو بارەگەی چەکداریی و ئەکادیمیای سەربازیی شەهید مەعسوم قۆرقماز لە دەشتی بیقاعی لوبنان، بۆئەوە بوو تاکو دواتر ئەو پارتە وەك کارتی گوشار دژی تورکیا لە کێشەکانی نێوانیاندا بەکاربهێنێت و بۆئەوەش ناچاری بکات تا سیاسەتێکی دۆستانەو ئاسایی تر بەرامبەری بگرێتەبەر.[3]

**ئاستی دووەم- PKK وەك کارتی تەوقدانی کوردانی نێوخۆی سوریا:**

هێندێك لە سەرکردەکانی PKK بۆچوونیان وابوو، کە کورد لەسوریا خەڵکی رەسەنی ئەو وڵاتە نین و پێشتر لە نێوچە کوردییەکانی تورکیاوە بۆ ئەو وڵاتە کۆچیان کردووەو لەسەریان پێویستە چەك دژی حکومەتی تورکیا هەڵ بگرن، هەروەك PKK بۆچوونی وابوو دەبێت چالاکی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لە سوریا لە رێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و رێکخراوەیی بێت، لە پێناو بەدیهێنانی مافە دیموکراسیی و نەتەوەییەکانداو دەشبێت بە گیانی پێوەندیی دۆستانە بێت لەگەڵ رژێمی فەرمانڕەوای سوریا، نەك بە گیانی دوژمنکاریی و بەرە لێگرتنی.[4]

**ئاستی سێیەم- سوود وەرگرتن لە کوردانی باشوور لە رێگەی PKK ەوە:**

سوریا لە هێندێك قۆناغی مێژووییدا، کارئاسانی کردووە بۆئەوەی PKK و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان وەك لایەنێکی نێو جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد پێوەندییان

---

[1] حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل بایك، چ1، 2008، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی(پ.چ.د.ك)، ص368.

[2] لەم بارەوە(فاروق شەرع)ی وەزیری دەرەوەی سوریا لە هەردوو دیرۆکی(6/21 و 1997/7/13) رایگەیاند:"کێشەی کورد لە نێوخۆی تورکیایەو پێویستە لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا چارەسەر بکرێت و لۆمەی کەسانی تر نەکرێت. ئەوەی لای سوریا جێی بایەخە، یەکپارچەیی و سەلامەتی خاکی تورکیایە"، بڕوانە د.جلال عبدالله معوض: صناعة القرار، ص188، ود.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، ص311.

[3] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص292.

[4] عبدالله اوجلان: قضية التحرر الوطني وطريق الحل، مشروع برنامج جبهة التحرر الوطني، ص170.

هەبێت و لێکنزیك بن، ئەوەش لە پێناوی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا.[1] بەڵام لە کاتی گرژبوونی پێوەندییەکانی سوریا و تورکیا، بەتایبەتی لە ساڵانی نەوەدەکاندا، هەڵسوکەوت و هەڵوێستی سوریا بەرامبەر بە PKK گۆڕانی بەسەردا دەهات و خۆی لێ بێبەریی دەکرد. لەم ڕووەوە(حافز ئەسەد)ی سەرۆکی ئەو وڵاتە لە (1997/9/18) لە وەڵامدانەوەی(سلێمان دیمێریل)دا، کە سوریای بە هاندانی PKK تۆمەتبار کرد بوو، وتی:"سوریا بەشێك نییە لە کێشەی کورد لە تورکیا و هیچ بەرژەوەندییەکیشی نییە، کە ئەو وڵاتە بترسێنێت و یارمەتی تیرۆریستان بدات، ئەوەی لەو وڵاتە دەگوزەرێت کێشەیەکی نێوخۆییە و سوریا ناتوانێت ببێتە پاسەوانی تورکیا، لەبەرئەوەی ئەوە کاروباری تورکیایە و پێویستە خۆیان چارەسەری بکەن و لە دەرەوە دەستێك هەیە، کە پێشنیازی تۆمەتبارکردنی سوریا بۆ تورکیا دەکات".[2]

کاتێکیش تورکیا هەڕەشەی سەربازیی ئاڕاستەی سوریا کرد، ئەو وڵاتە زێتر لەسەر ئاستی پێوەندییە دەرەکییەکانی و لە ئاست پرسی PKK دا نەرمی دەنواند و هەر ئەو دەمە هەڵوێستی بەرەو وتووێژکردن و چارەسەرکردنی کێشەکان بوو، کە لە ڕێی دانوستانەوە چارەسەر بکرێن و جەختیشی لەسەر بایەخدان بە سەلامەتی تورکیا و ئاسایش و سەقامگیریی دەکردەوە.[3] بەڵام تورکیا لەسەر چەند ئاستێك دژی سوریا کاری لەسەر PKK دەکرد، لەوانە: وروژاندنی مەسەلەی تیرۆری هەرێمیی. لێرەوە هەوڵیدەدا پشتگیریی نێودەوڵەتیی و هەرێمیی دژی ئەو پارتە بجوڵێنێت و وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیناسێنێت. بەتایبەتیش گرێدانیان بە حزبوڵای لوبنان و ڕێکخراوە فەلەستینییەکانەوە. هەروەها هەوڵدان بۆ بەستنەوەی PKK بە مەسەلەی ئاوەوە و گرێدانی ئاساییکردنەوەی پێوەندیی لەگەڵ سوریا بە مەرجی بڕینی هەموو جۆرە کۆمەکییەکی ئەو پارتە.[4] لێرەدا ئەو پرسیارەی دێتە پێشەوە ئەوەیە، لە کاتێکدا سوریا بە درێژایی ئەو ماوە مێژووییە لە هەوڵی بەکارهێنانی PKK دا بوو، وەك کارتی گوشارو ئامرازێك دژی تورکیا، بەڵام بۆچی تورکیا نەیتوانیوە بەهەمان شێوە سوود لە کوردانی نێوخۆی سوریا وەربگرێت لە دژی ئەو وڵاتە؟ ڕەنگە وەڵامەکەی پێوەست بێت بەوەی تورکیا نەتوانێت کوردانی سوریا دژی سیاسەتی گشتیی ئەو وڵاتە بجوڵێنێت، بەتایبەتی پێوەنداریێتیی کوردانی ڕۆژئاوا بۆ PKK ڕۆژانە بەهێزتر دەبوو، بۆیە تورکیا بە تەواوی درکی بەوە کرد بوو، کە هەر جۆرە ململانێیەك لەسەر

---

[1] ن.م، ص293.

[2] د.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، ص302.

[3] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص328.

[4] سالار اوسي ويوسف ابراهيم الجهماني: تركيا وامريكا، ط1، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2000، ص73.

کارتی کورد له بەرژەوەندیدا نییە، ئەویش لەبەر ئەو جیاوازییە گەورەیەی، کە لە واقیعی کێشەی کورد، کە لەو دوو وڵاتەدا هەیە.[1]

**تەوەری سێیەم- PKK لە ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆڵەکانی نێوان تورکیاو سوریادا:**

دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK مایەی هەڕەشە بوو بۆ سەر تورکیا. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیی و هەڕەشەیە تورکیا ستراتیژی تەوقدانی گرتەبەر، کە یەکێك لەئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی بوو. پێڕەوکردنی ئەم ستراتیژەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند پرۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتننامەیەکەوە بوو لەگەڵ سوریا لەو ماوەیەدا، بەم شێوەیە:

**پرۆتۆکۆلی ساڵی( 1987 ):**

ئەم پرۆتۆکۆلە کاتێك بوو، کە تورکیا سوریای بە هاندانی ژمارەیەك(12کەس)ی PKK تۆمەتبار کرد، کە ساڵی(1986) گوایە پلانیان بۆ تێکدانی بەنداوی ئەتاتورك داڕشتووە. بۆیە دوای سەردانی تۆرکۆت ئۆزال لە تەموزی(1987)دا بۆ دیمەشق، ئەو پرۆتۆکۆلەی ئیمزا کرد و ڕێکەوتن لەسەر:

1. تورکیا ساڵانە بڕی(500 م3/چرکە) ئاو لە ڕوباری فورات بۆ سوریا بەر بداتەوە، کە ساڵانە یەکسان بێت بە(15075 ملیار م3)، لە بەرامبەردا ئەو وڵاتە ڕێگریی لە PKK بکات، کە بیەوێت هێرش بکاتە سەر تورکیا لە ڕێگەی سنوورەکانییەوە. هەروەها سەربازگەو بنکەو بارەگەکانیشی لەسەر خاکەکەی لاببات.
2. رادەستکردنی داواکراوان لە هەردوولا، ئەگەر سەلمێنرا زیان بە ئاسایش دەگەیەنن.
3. داخستنی نوسینگەی PKKو حزبی شیوعی تورکیی لە سوریا و دەرکردنی سەرکردەو کادرەکانیان، کە سەرپەرشتی سەربازگەکانی ڕاهێنان لە نێوچەی بیقاع دەکەن.
4. دەرکردنی ئەندامانی سوپای سوریی ئەرمەنی و سنووردانان بۆ چالاکییەکانیان.
5. سڕینەوەی پارێزگەی ئەسکەندەروونە لەسەر نەخشەکانی سوریا لە نێو پەڕاوەکانی خوێندندا.[2]

**ڕێکەوتننامەی ساڵی( 1992 ):**

ئەم ڕێکەوتننامەیە لەبەرئەوە هاتە ئاراوە، کە تورکیا پێی وابوو، سوریا پابەند نەبووە بەو خاڵانەی لە پرۆتۆکۆڵی(1987)دا هاتبوو، تایبەت بەڕاگرتنی هاوکاریکردنی PKKو ڕاوەستاندنی چالاکییە چەکدارییەکانیان لە نێوچە سنوورییەکان. بۆیە کاتێك(عیسمەت سیزگین)ی وەزیری نێوخۆ لە نیسانی(1992) لە دیمەشق چاوی بە(حافز ئەسەد) کەوت،

---

[1] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، ص(284،325).

[2] عماد الضميري: تركيا، ص(33–34)، ود.وليد رضوان: العلاقات العربية، ص197.

دەربارەی ئەو مەسەلەیە هێندێك سكاڵای ئاڕاستە كرد.[1] دوای ئەم نیگەرانیی و سكاڵایەی توركیا، هێندەی نەبرد لە دیرۆكی(1992/4/17) لەگەڵ سوریا رێكەوتننامەیەكی تریان ئیمزا كرد، كە زۆربەی ماددەو بڕگەكانی تایبەت بوو بە مەسەلەی PKK بەم جۆرە تێیدا هاتبوو:

1. هەردوولا سەركۆنەی تیرۆر دەكەن، ئیتر ئاڕاستەو سەرچاوەكەی هەر كوێ بێت و بڕیار دەدەن بە هاوبەشیی دژایەتیی بكەن و ڕێ و شوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ پێنەدانی هیچ پەناگەو ڕێڕەوێك بۆ چالاكییە تیرۆریستییەكان و ئاڕاستەكردنیان دژ بەلایەنەكەی تر لە زەوی هەر دوو دەوڵەتدا.
2. هەردوولا ڕێگە بە چالاكیی ناڕەوا نادەن، كە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی دەوڵەتەكەی تر بكات و پەرە بە هاریكاریی ئاڵوگۆڕیی نێوانیان دەدەن، لەنێویشیدا ئاڵوگۆڕی زانیاریی دژی ڕێكخراو و كۆمەڵە و كەسایەتییەكان، كە بەو چالاكییانە هەڵدەستن.[2]
3. هەردوولا ڕێ و شوێنی گیراوە بەر بەرامبەر ڕێگریكردن لە پەڕینەوەی ناڕەوا بە درێژایی سنووریی نیشتیمانیی زێتر دەكەن، ئەو ئامانجەش بە پتەوكردنی هاریكاریی ئاڵوگۆڕ لە نێوان دەسەڵاتدارانی سنووری هەردوو وڵات بەدەستدەهێنن.
4. هەردوولا ڕێو شوێنە ئاڕاستەكراوەكان زیاتر دەكەن، بۆ ڕێگرتن لەو كەسانەی، كە بەڵگەنامەی ساختە هەڵدەگرن لە كاتی هاتنەناوەوەو دەرچوون لە ڕێگەی یەكێك لەو دوو دەوڵەتەوە. هەروەها ڕێگریكردن لە پەڕینەوەی ماددە هۆشبەرەكان.
5. بەردەوامیی ئاڵوگۆڕیی زانیاریی و بەڵگەنامە، كە یارمەتیی قۆڵبەستكردن و ڕاگرتنی تۆمەتباران و بە سەربازگرتووە هەڵاتووەكان دەدات و پەرەپێدانی ئامرازیی تەواو بۆ ئەم ئامانجە. هەروەها گێڕانەوەی قۆڵبەستكراوان بە خێرایی پێویست بۆ ئەو دەوڵەتەی، كە هەڵگریی ڕەگەزنامەكەیەتی.

[1] لەوانە: ئەلف– عەبدوڵڵا ئۆجەلان تائێستاش لەدیمەشق و لەنزیك مزگەوتی سەلاحەدینی ئەیوبی دەژی و دەزگەی سیخوڕیی سوریا كارئاسانی بۆ پاراستنی دەكات. بێ– دەزگەی سیخوڕیی سوریا بە پارەو خۆراك و ناسنامەی ساختە كۆمەكیی PKK دەكات. جیم– سوریا ڕێگەیداوە بە سازدانی كۆبوونەوەو كۆنگرەكانی PKK لەسەر خاكەكەی لە چەند دیرۆكێكی جیاوازدا. دال– سوریا ڕێگەیداوە بە كردنەوەی سەربازگەكانی PKK و نێوەندی ڕاهێنانی چەكدارییان لە دەشتی بیقاع و موشەكی جۆری(ئەرمەن–جو) لە جۆری(SAM-7)ی بۆ پارێزگاریی لە خۆیان پێداون. ها– سوریا یارمەتی PKKی داوە لە گەنجینەكردنی چەكەكانیان لە نزیك سنوورەكانی توركیا. واو سوریا ڕێگەی بە دامەزراندنی ویستگەی ڕادیۆیی PKK داوە، كە(72كم) واتە(44میل) لە دیمەشقەوە دوورە. بڕوانە مایكل م.جونتر: العامل الكوردی، ص101.

[2] Aliza Marcus: Blood and Belief, the PKK and the Kurdish Fight for independence, New York Univercity Press, 2007, p99.

6. پەرەپێدانی ڕێو شوێنی گیراوەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی تەقەی بێ پاساو بە درێژایی سنووریی هاوبەش لە نێوان کۆماری تورکیا و کۆماری عەرەبیی سوریادا.
7. بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەی خولیی بەرپرسانی ئاسایشی هەردوو وڵات (3 مانگ جارێك) دەدرێت.
8. لایەنی تورکیا دڕدۆنگیی خۆی دەربڕیی بەرامبەر چالاکییەکانی PKKو لایەنی سوریا رایدەگەیەنێت: PKK ڕێکخراوێکی ناڕەوایە لە سوریا و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کاتێك دەستگیر دەکرێن دەخرێنە بەردەم دادگەو دەزگەی داوەریی تایبەتمەند.[1]

دوای ئەم دوو ڕێکەوتننامەیە تورکیا پابەند نەبوو بە دیاریکردن و دابینکردنی پشك و خاوەندارێتیی سوریا بەسەر ئاویی روباری فوراتەوە و خۆی دەدزییەوە، بەپێچەوانەوە زێتر لە ڕێگەی کارتی ئاوەوە گوشاری بەکاردەهێنا. هەرچی سوریاش بوو خۆی لە پابەندبوون بەو دوو ڕێکەوتننامەیە دەدزییەوە، بەتایبەت کاتێك هەستی کرد تورکیا پابەند نییە بە پرۆتۆکۆلی 1987. بۆیە بەردەوام بوو لە کۆمەکیکردنی PKK. بۆیە ئەو دوو ڕێکەوتننامەیە بە کرداریی نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

**ڕێکەوتننامەی ئەدەنە ساڵی( 1998 ):**

ئەم ڕێکەوتننامەیە دوای ئەو هەموو هەڕەشەو چاو سوورکردنەوانە هات، کە دەسەڵاتدارانی حکومیی و سەربازیی تورکیا ئاڕاستەی سوریایان دەکرد بۆ دەستهەڵگرتن و کۆمەکیکردنی PKK، بەشێوەیەك کار گەیشتە ئەوەی هێزی سەربازیی لەسەر سنوورەکانی سوریا ئامادەباش بکات، بە کرداریش لە مانگی ئەیلوولی(1998) تورکیا هەڵمەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی میدیایی و سیاسیی دژی سوریا دەستپێکرد و سەرەتا کاتێ مەسعود یەڵماز گەڕانێکی بۆ وڵاتانی ئەردەن و ئیسرائیل و دەسەڵاتدارێتی فەلەستین ئەنجامدا، پەیامێکی هەڕەشەی ئاڕاستەی سوریا کرد و لە هاوکاریکردنی PKK بەئاگای هێنایەوە و داوای پێویستیی رادەستکردنەوەی ئۆجەلان یان دەرکردنی لە خاکەکەی کرد. دواتریش فەرماندەی هێزە وشکانییەکانی تورکیا(ئەتیلاتیش)لە پارێزگەی ئەسکەندەروونەوە ئاگایی بە سوریا داو رایگەیاند:"دان بەخۆداگرتنی تورکیا بەرامبەر کۆمەکیکردنی PKK لەلایەن سوریاوە لە سنوور دەرچووە". دوای ئەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لە (1998/10/1) بەیاننامەیەکی سەربازیی دەرکرد و تێیدا هات بوو:"دان بەخۆداگرتنی تورکیا کۆتاییهات و قۆناغی کۆششی ئاشتییانە لە پێوەندی لەگەڵ سوریا دواییهات و ئێستە

[1] علی جمالو: ثرثرة فوق المیاه، ص19.

کاتی گواستنەوەیە بۆ ئاستێکی تری کارکردن". لە هەمان رۆژیشدا سلێمان دیمێریل لە کاتی کردنەوەی خولی نوێی پەرلەمانی تورکیا، دوای پشووی هاوین هەڕەشەی لە سوریا دووپات کردەوە.[(1)] بەڵام سەرباری ئامانجی سیاسەتی دەرەوەو ستراتیژیی تورکیا لەم هەڕەشەکردنە، هاوکات کۆمەڵێك هۆکاری نێوخۆییو دەرەکی کاریگەریان هەبوو. هەرچی هۆکارە نێوخۆییەکانە پێوەندی هەبوو بە هەڵکشانی نفوزی ئیسلامیی لەو قۆناغەدا بەپێشەنگێتی پارتی فەزیلەتو ئاشکرابوونی مەسەلەی ئابڕووبەرانەی پێوەندیی نێوان ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی و ئاسایشی تورکیا لەگەڵ تۆڕی مافیایی تورکیی.[(2)]سەرەڕای سەرکەوتنی تورکیا لە گەمارۆدانی PKK لە نێوخۆی خاکی تورکیاو پێویستیی شکاندنی دوا زنجیرەی کۆمەکی ئەو پارتە، کە سوریا بوو.[(3)]

لەلایەکی ترەوە هۆکارە دەرەکییەکان پەیوەستبوون بە هاتنەئارای رێکەوتننامەو هاوپەیمانیی ستراتیژیی تورکیاو ئیسرائیل لە بوارەکانی سەربازیی و سیاسیی و ئابووریدا، کە یەکێك لە ئامانجەکانی لاوازکردنو ملکەچکردنی سوریا بوو بۆ دەستبەردار بوون لە هاریکاریکردنی PKK.[(4)] هەروەها دوورخستنەوەی تورکیا لە مەسەلەی وەرگرتنی ئەندامێتیی لە یەکێتی ئەوروپا لە کۆنگرەی یەکێتییەکە، لە کۆتایی ساڵی 1997 لە لۆکسمبۆرگ. ئەمە وێڕای زاڵبوونی تورکیا بەسەر جموجوڵەکانی PKK لە دەرەوەی خاکی تورکیا، بەتایبەتی لە باشووری کوردستانو نێوچە سنوورییەکانی لەگەڵ ئێراندا. لەلایەکی تریشەوە میوانداریکردنی مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی لە ئەمریکاو ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی ئاشتەوایی واشنتۆن لە نێوانیانداو مەترسیی تورکیا لە مەڕ رێگەخۆشکردن بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردیی لە باشووری کوردستانو کاریگەریی لەسەر دۆخی نێوخۆیی وڵاتەکەی.[(5)] هەروەها هەستکردنی تورکیا لەو قۆناغەدا بە لاوازیی ستراتیژی سوریا بەهۆی قورسایی هاوپەیمانیی خۆیو ئیسرائیلەوە.[(6)] هەروەها بوونی گوشاری

---

(1) عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص36.

(2) د.خليل على مراد: العلاقات السورية– التركية فى ضوء ازمة اوجلان تشرين الاول 1998، مج(اوراق تركية معاصرة)، ع(16)، ربيع 2001، جامعة الموصل، ص76.

(3) رضا هلال: السيف والهلال، ص240.

(4) د.عونى عبدالرحمن السبعاوى، تركيا وكيان الصهيونى ميادين الشراكة الاستراتيجية، مج(الفكر السياسي)، ع(1) دمشق، 1997، اتحاد الكتاب العرب، ص153.

(5) عايدة العلى سري الدين: المسالة الكردية فى، ص113.

(6) د.خليل على مراد: العلاقات السورية التركية، ص78.

**نێوخۆیی لەسەر حافز ئەسەد، بەتایبەتی لەلایەن عەبدولحەلیم خەدام[1] بۆئەوەی گەلاڵەنامەی دەرکردنی ئۆجەلان ئیمزا بکاتو دەستبەرداریی PKK ببێت.[2]**

**دواجار سوریا بەهۆی هەوڵی میانگیریی و لە ژێر کاریگەریی ئەو هۆکارانەدا ناچار بوو مل بۆ داواکارییەکانی تورکیا بدات، بۆ ئەو مەبەستەش لە رۆژانی(19-1998/10/20)دا لەشاری ئەدەنەی تورکیا ئیمزای لەسەر رێکەوتننامەکە کرد. نوێنەری سوریا(لیوا عەدنان بەدر ئەلحەسەن)و نوێنەری تورکیاش(فاروق کولو غلو)ی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو، بە گوێرەی وتەبێژیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش رێکەوتننامەکە لەم خاڵانە پێکهاتبوو:**

1. **سوریا بەڵێن دەدات رێگە بە PKK نەدات چەك هەڵبگرن یان کۆمەکیی و یارمەتیی دارایی یان هەڵمەتی پڕوپاگەندە لە نێو خاکەکەیەوە ئەنجام بداتو رێگەش بە سەرۆکی ئەو پارتە یان رێکخراوە شوێنکەوتەکانی نادات بگەڕێنەوە سوریا.**
2. **هەردوولا رێکەوتن لەسەر ئەوەی رێگە نەدەن هیچ چالاکییەك ئەنجام بدرێت، کە ئامانج لێی ئاسایشی تاکەکەسو سەقامگیریی بێت لە خاکی هەردوولا، لەسەر بنەمای مامەڵەکردنی هاوشێوە.**
3. **دیاریکردنی ئامرازی سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکە، کە خۆی لە دامەزراندنی هێڵێکی تەلەفۆنیی راستەوخۆ لە نێوان دیمەشقو ئەنقەرەداو دانانی نوێنەرانی ئاسایشیی لە باڵوێزخانەی هەردوو دەوڵەت.[3]**

**بۆ گرتنەبەری رێو شوێن بە مەبەستی جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکە، دوو کۆبوونەوەی ئاسایشی تر لە نێوان هەردوولادا گرێدراو پێوەندیی تورکیاو لوبنانیش**

---

[1] عەبدولحەلیم خەدام: لە ساڵی 1932 لە شاری بانیاس لە دایکبووەو لە تەمەنی حەڤدە ساڵی چۆتە ریزی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی سوریاوە. ساڵی 1966 بۆتە پارێزگاری(قنیطرة)و پلە پلە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حافز ئەسەددا پۆستە حکومیەکانی بڕیوە. ساڵی 2005 لە رژێمی سوریا جیابۆوەو لە فەرەنسا جێگیر بوو، بڕوانە د.ادیب صالح اللهیبی وفهد عباس سلیمان السبعاوی: التحالف الترکی– الاسرائیلی فی تسعینات القرن العشرین وانعکاساته علی الامن الوطنی السوري، مجلة جامعة کرکوك للدراسات الانسانیة، ع(3)، مجل(7)، 2012، ص19.

[2] حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، س.پ، ل(525–526). سەرباری میوانداریکردنی پەرلەمانی ئیتالیا لە پەرلەمانی PKK لە تاراوگەو مامەڵەکردنی یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ئەو پارتە وەك قەوارەیەکی سیاسییو رۆڵی وڵاتانی نێوچەکە بەتایبەتی میسرو ئێران، بە دیاریکراویش میسر، بەتایبەتی کاتێك دۆخی شەڕ لە نێوان سوریاو تورکیا نزیکبۆوە، نێوەندگیریی کردو بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێ سەردانی هەردوو وڵاتی کردو زێتریش داوای لە سوریا کرد بوو دەستبەرداریی PKK ببێت. جگە لەوەی هێندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لە بنەڕەتدا مەسەلەی هەڕەشەکردن لە سوریا، بیرۆکەی ئیسرائیل بووە، بەتایبەتی کاتی سەردانەکەی(مەسعود یەڵماز)، لەوێ کاتی گونجاوی بۆ هەڕەشەکردن لەسوریا لە ئاست پرسی PKK پێبڕاگەیانراوە، بۆیە تورکیاش لەو کاتە دیاریکراوەدا هەڕەشەی ئاڕاستەی سوریاو تایبەت بە دەرکردنی ئۆجەلان کردووە. بڕوانە د.خلیل علی مراد: العلاقات السوریة الترکیة، ص77، و عایدة العلی سري الدین: المسالة الکردیة، ص128، و رضا هلال: السیف والهلال، ص241.

[3] عایدة العلی سري الدین: المسالة الکردیة، ص(82– 84).

لە(1998/10/26) دەستپێکرد بۆ ڕێگەخۆشکردن بە مەبەستی بەستنی کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی(سوریا، تورکیا، لوبنان) بە ئامانجی هاریکاریی ئاسایشیی و لە نێوبردنی PKK.[1]

دەکرێت سێ فاکتەر بۆ قەبوڵکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە لەلایەن سوریاوە دەستنیشان بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

فاکتەری یەکەم- بەرپرسانی سوریا زانیاریی وردو جەخت لێکراوەیان لە لایەنە عەرەبیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێگەیشت بوو، بەوەی دەسەڵاتدارانی تورکیا بە کرداریی پرۆسەی سەربازیی دژی پێگەو ئامانجە دیاریکراوەکان لە سوریا و لوبنان ئەنجام دەدات، ئەگەر هاتوو نەگەیشتنە تێگیشتنێکی روون دەربارەی ئۆجەلان و PKK.

فاکتەری دووەم- دەوڵەتانی عەرەبی بایەخدار بە کێشەکە رۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئەنقەرەو دیمەشقدا هەبووەو جەختیان کرد بۆوە، کە ئۆجەلان و کورد ئەوە ناهێنن سوریا بچێتە نێو جەنگێکی درێژەوە لە دژی تورکیا، کە دەبێتەهۆی زیاتر نزیک بوونەوەی تورکیا و ئیسرائیل.

فاکتەری سێیەم- دەسەڵاتدارانی سوریا بەڵێنی جدیان پێگەیشت بوو، کە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە لەگەڵ تورکیا لە قۆناغی داهاتوودا دەرگەی دانوستانی راستەقینەی بۆ دەکرێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی ئاوی رووباری فورات بەشێوەیەکی داوەرانە.[2]

ئەگەر سەیری هەر سێ ڕێکەوتننامەکانی نێوان سوریا و تورکیا بکەین(1987، 1992، 1998)، تێبینی دەکەین، کە PKK تەوەرێکی سەرەکی و هۆکارێکی بنەڕەتی پشت ئەو نزیکبوونەوانەیە، بەشێوەیەك تورکیا چارەسەری کێشەکان و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ سوریا پێوەستکردووە بە چارەسەرکردنی پرسی PKKەوە، بۆ نموونە: لە پرۆتۆکۆڵی(1987)دا تورکیا جێبەجێکردنی برگەی ئاویی لە پرۆتۆکۆلەکە گرێداوە بەوەی سوریا رێ و شوێنی ئاسایشی توند بگرێتەبەر، کە ڕێگە لە دزەکردنی چەکدارانی PKK بگرێت لە سنوورەکانی نێوانیان و سەرکوتی هەوڵی ئەو پارتەش بکات بۆ زیانگەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.[3] لە ڕێکەوتننامەی(1992)دا، زۆر خاڵی تێدایە، کە تەنانەت سوریا PKK وەك ڕێکخراوێکی ناڕەوا دادەنێت و ئەگەر هەر ئەندامێکیشی لە نێو خاکی سوریادا بگیرێت، ئەوا دەخرێتە بەردەم دادگەو دەزگەی دادوەریی تایبەتمەند. لە هێندێك خاڵی تریشدا خەسڵەتی تیرۆر بەسەر ئەو پارتەدا

---

[1] عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، ص(38-39).

[2] د.ابراهيم الداقوقي: صورة الاتراك لدى العرب، ص162.

[3] د.نبيل السمان: المياه وسلام الشرق الاوسط، ص67.

دابڕاوه.[1] هەرچى ڕێكەوتننامەى ئەدەنەيە لە(1998)دا بە تەواوى سوريا بەڵێنى قەدەغەكردنى چالاكى سياسيى و چەكداريى PKK لەسەر خاكەكەى بە توركيا دەدات و راشيدەگەيەنێت: كە ڕێگە بە گەڕانەوەى ئۆجەلان بۆ نێو خاكەكەى نادات. سەربارى ئەوەى هەردوولا ڕێ و شوێن دەگرنەبەر بۆئەوەى ئەو پارتە ئاسايشى نەتەوەيى توركيا نەخاتە مەترسييەوە.

لەكۆتايى ئەم بەشەدا دەگەينە ئەوەى، PKK كاريگەرى لەسەر پێوەندييە هەرێمييەكانى توركيا هەبوو لەگەڵ سوريا، لە بوارەكانى ئاسايشيى و ئابووريى و سياسيى و قەيرانى ئاويى هەبوو، بەڵام لە هەمان كاتدا تێبينى ئەوەش دەكەين، كە ئەم پارتە نەيتوانى وەك پێويست سوود لە ململانێكانى توركيا و سوريا وەربگرێت، بەتايبەت هەست بەوە دەكەين، كە لەلايەن سورياوە وەك كارتى گوشار دژى توركيا لە كێشەو قەيرانى ئاويدا بەكارهاتووه. ئەگەرچى هێنديك كات بارودۆخە هەرێميى و جيهانييەكە لە دەرەوەى تواناكانى ئەو پارتە بوو، بەڵام سەربارى ئەمانە ئەم پارتە نەيتوانى هاوزەمانى ئەو ڕووداوانەى ئەو قۆناغە گۆڕانكاريى پێويست لە خەباتى سياسيى و چەكداريى خۆيدا دروست بكات، لەبەرئەوەى هێندەى سەرنج دەدەين لە ئاست ئەو ڕێكەوتننامەو نزيكبوونەوەى توركيا لەلايەك لەگەڵ سوريا و لەلايەكى تريش هاتنە ئاراى ڕێكەوتننامەى ستراتيژى لەگەڵ ئيسرائيل، كە يەكێك لە ئامانجەكانى لێدانى ئەوان بوو، هەست بە هيچ گۆڕانێك لە ستراتيژو كارى سياسيى و چەكدارييياندا ناكەين، لە كاتێكدا ئەو هەموو پلانە بۆ لە نێوبردنى ئەوان هەبوو، كە دواجار بە دەركردنى ئۆجەلان و دەستگيركردن و رادەستكردنەوەى بە توركيا كۆتايى پێهات، پاش ئەوەى سوريا ناچار بوو مل بۆ گوشارى توركيا و ئيسرائيل و ئەمريكا بدات.[2]

جگە لەوەى گۆڕانكاريى گەورە بەسەر زۆربەى پێوەندىى و ستراتيژەكانى توركيا لە سەرەتاى ساڵانى نەوەدەكانەوە هاتبووە ئاراوە بە گشتيى و بەتايبەتيش ڕووەو PKK. لەم بارەوە ڕەزا ئاڵتون ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە:" تاڕادەيەك پێشبينيمان كرد بوو، كاتێك بارودۆخەكە گۆڕا و توركيا و ئيسرائيل نزيكبوونەوە، سورياش نەيدەويست پێوەنديى لەگەڵ ئێمە بەردەوام بێت، چونكە ئێمە توانيبومان كوردانى ڕۆژئاواش لە ريزەكانى خۆماندا ڕێك بخەين. بۆيە ئێمەش چالاكيمان لە سوريا و لوبنان سنووردار كرد و هێزەكانمان بۆ باشوورى كوردستان ڕەوانە كرد، بەڵام بەگشتيى بارودۆخەكە لە دەرەوەى تواناى سياسيى و چەكداريى ئێمە بوو، لەبەرئەوەى هەر لەو قۆناغەدا، سوريا و ميسريش لێك نزيكبوونەوە و

---

[1] د.خليل على مراد: العلاقات السورية التركية، م.س، ص(73–74).

[2] Ahmad Soltani Nejad: The Syrian-Israeli Peace Process, op.cit, p63.

**حوسنی موبارەك رۆڵی گەورەی هەبوو لە رازیکردنی سوریا بۆ دەرکردنی ئۆجەلان‌و ئێمەو بە کرداریش دوای ئەو نزیکبوونەوەیە سوریا هەوڵی دەرکردنی ئێمەی داو ئێمەش هیچ بژاردەیەکی ترمان لە بەردەمدا نەبوو".**[1]

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەزا ئاڵتون)، س.پ.

# بەشی سێیەم- کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا

## بەشی سێیەم- کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا (1999-1980)

### باسی یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق و فاکتەرە کارتێکەرەکانی

### تەوەری یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق

هەریەکە لە مەسەلەکانی ئاسایشی سنوورو ئابووریی و کێشەی ئاو کاریگەرییان لە سەر پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق هەبوو، بەجۆرێك سەرهەڵدانی قەیرانی وزە لە نێوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان و ڕەتکردنەوەی بوونی تورکیا بە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا،[1] ئەو وڵاتەی ناچار کرد چاو بە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت وڵاتانی عەرەبیدا بخشێنێتەوەو بەهۆی بوونی سامانی نەوتەوە لێیان نزیك بێتەوە، بە دیاریکراویش هەوڵیدا پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا پەرەپێ بدات.[2] چونکە سەرباری دەوڵەمەندی عێراق بە نەوت، ڕێگەیەکی گرنگیش بوو بۆ ناردەنیی تورکیا بەرەو وڵاتانی کەنداو، بۆیە دەیویست لەو ڕێگەیەوە زیاتر لێیان نزیك بێتەوە. لە هەمان کاتدا عێراقیش بە هۆی لاوازیی پێگەی جوگرافیی و نەبوونی ڕێڕەوی ئاویی گەورە بۆ سەر دەریا و زەریاکان، جگە لە ڕێگەی کەنداو نەبێت پێویستی بە تورکیا هەبوو، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا ، کە تارادەیەك نائارام و جێگەی مەترسیی بوو.[3] لەم دۆخەدا دەیتوانی وەك ڕێڕەوێکی گرنگی ناردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان سوود لەو پێوەندییانە وەربگرێت.[4]
سەرهەڵدانی کێشەی ئاو بەهۆی جێبەجێکردنی پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ(GAP) لەلایەن تورکیاوەو دروستکردنی مەترسیی لەسەر ئاسایشیی ئاویی و بواری کشتوکاڵیی و وزەی کارۆئاویی لە عێراق، فاکتەرێکی دیکە بوو، کە کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی هەردوو وڵات هەبوو، بەشێوەیەك لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان، بەهۆی ڕاگرتنی بەردانەوەی ئاوی فورات بۆ ماوەی مانگێك لەلایەن تورکیاوە کێشەکە گەیشتە ئاستی قەیرانی ئاویی. لەلایەکی دیکە کێشەی ئاسایشیی سنوور پێشتر بەهۆی چالاکیی چەکداریی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەردوو وڵات و بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK، تورکیای ناچار کرد بایەخی زێتر بە پێوەندییە هەرێمییەکانی

---

(1) د.سعد حقى توفيق: علاقات العرب الدولية فى مطلع القرن الحادى والعشرين، ط1، دار وائل، عمان– اردن، 2003، ص289.

(2) د.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطية العراقية– التركية، مج(دراسات اقليمية)، ع(5)، سنة(3)، حزيران 2006، ص27.

(3) فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ت(ميخائيل نجم خورى)، ط1، دار قرطبة، دار البيضاء، 1993، ص74، و د.حسين حافظ وهيب: العوامل المؤثرة فى السياسة الخارجية العراقية، دراسة فى العاملين(الجغرافى والبشرى)، مج(الدراسات الدولية)، ع(الرابع والاربعون)، جامعة بغداد، 2010، ص(23–25).

(4) ياسر محمد عليوى: متغير المياه فى العلاقات العراقية– التركية، مج(جامعة الانبار) للعلوم القانونية والسياسية، ع(3)،2011، ص250.

لەگەڵ عێراقدا بدات بۆ تەوقدانی ئەو مەترسییە لەسەر یەکپارچەیی و ئاسایشیی نەتەوەیی بدات.[1]

هەر بۆیە کاتێك شەڕی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران(1980-1988) هەڵگیرسا، تورکیا لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، هەڵوێستی بێلایەنی و هاوسەنگی هەڵبژارد.[2] لەم رووەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە (2 تشرینی دووەمی 1980)دا بەیاننامەیەکی دەرکردو تێیدا رایگەیاند:"تورکیا لە نێوان عێراق و ئێراندا بە بێلایەنی دەمێنێتەوەو دەستپێشخەری ناکات بە ناردنی چەك و تەقەمەنیی یان پچڕاندنی پێوەندیی بە هیچ یەکێکیانەوە".[3] بۆیە لە سەرەتاوە تاکۆتایی شەڕەکە پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقدا بە باشی مایەوە. بێگومان ئەم بێلایەنیییەی تورکیا لەو جەنگەدا بێ هۆکار نەبوو، لەلایەکەوە تورکیا پێی وابوو، بەردەوامیی شەڕەکە، ئەگەر نەبێتە هۆی گەشەکردنی جوڵانەوەی جوداخوازانەی کورد(کە مەبەست لێی PKK بوو)، پاڵنەر دەبێت لە ڕووی بەدیهێنانی کەڵکی زیاتری ئابووریی و پەرەپێدانی بازرگانیی لەگەڵ عێراق و ئێران و لەولاشەوە بێهێز بوونی هەردوو وڵاتی رکابەری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.[4] هۆکارێکی دیکەی ئەم بێلایەنییە، بەدەستهێنانی هاریکاریی عێراق و ئێران بوو بۆ روبەڕوبوونەوەی نوێی PKK، ئەمەش دوای بڕیاردانی خەباتی چەکداریی بوو لە ساڵی 1984 دا، چونکە تورکیا پێویستیی بە چوونە نێو خاکی ئەو دوو وڵاتە هەبوو بۆ راوەدوونانی گەریلاکانی PKK، ئەم کارەش بێ ڕەزامەندیی ئەوان نەدەکرا. بۆیە بێلایەن بوونی تورکیا هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو، کە عێراق رازیبێت بەوەی‌س رێکەوتننامەی(راوەدوونانی گەرم) لە ساڵی 1984 لەگەڵ تورکیادا ئیمزا بکات و بەهۆیەوە رێگەی بە تورکیادا بێتە نێو خاکی وڵاتەکەیەوە بە مەبەستی راوەدوونانی گەریلاکانی PKK.[5]

لەلایەکی دیکە هێندێك هەڵوێستی شاراوەی دیکەی تورکیا بەرامبەر ئەو دوو وڵاتە دەردەکەوێت، ئەویش سەرباری بێلایەنیی تورکیا، بەڵام لە دەرئەنجام و شوێنەواری جەنگەکە دڕدۆنگ بوو، بۆیە چەند جارێك ئامادەیی نیشاندا وەك نێوەندگیر هەوڵی چارەسەرکردن و راگرتنی شەڕەکە بدات. لەو هەوڵانەش بەشداریکردنی تورکیا بوو لە

---

(1) د. احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة الترکیة، الواقع والمستقبل، ط1، دار زهران للنشر والتوزیع، عمان، 2010، ص47.

(2) د.سعد حقی توفیق: علاقات العرب الدولیة، ص289.

(3) د.حامد محمد طه السویدانی: العلاقات العراقیة– الترکیة، العمق التاریخی والیات تفعیل التواصل، مج(دراسات اقلیمیة)، ع(24)، سنة(8)، ص 183.

(4) د. احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة الترکیة، الواقع والمستقبل، ط1، دار زهران، ص(48-49).

(5) وسمی محمد الشمری ومحمد حازم حامد الطائي: موقف ترکیا من فیدرالیة اقلیم کردستان العراق، مج(جامعة تکریت) للعلوم القانونیة والسیاسیة، ع(15)، مجل(4) سنة(4)، ص275.

**لیژنەی هەوڵی نیازپاكیی، كە كۆنگرەی ئیسلامیی بە مەبەستی راگرتنی شەڕەكە پێكیهێنا بوو.**[1]

**سەبارەت بەم هەڵوێستەش توركیا بۆچوونی وابوو، لە دۆخی ئاشتیدا رەنگە زێتر بتوانێت قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی خۆی لەگەڵ عێراق[2] و ئێراندا فراوان تر بكات، بەپێچەوانەشەوە بەردەوامیی شەڕەكە، رەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی لە نێوچەكەو ئەمەش یارمەتیدەر بێت بۆ زۆربوونی نفوزی یەكێتی سۆڤیەت. لێرەدا دڕدۆنگی توركیا دەردەكەوێت لە حاست ئەو شەڕەدا، جگە لەوە توركیا بڕوای وابوو پێدەچێت شەڕەكە بۆشاییەك لە سیاسەتی هێز لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دروست بكاتو ببێتە مایەی چالاكبوونی جوڵانەوەی جوداخوازییو چەكداریی گروپە چەپڕۆكان لە توركیا، بەتایبەت لە نێوچە كوردنشینەكانو نزیك نێوچە سنوورییەكانی لەگەڵ عێراقو ئێراندا.[3] ئەگەرچی ئەو هەولانە بۆ راگرتنی شەڕەكە سەری نەگرت، بەلام توركیا هەر بەردەوام بوو لەسەر هەڵوێستی بێلایەنییو هاوسەنگیی خۆی زێتر بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئابوورییەكانی، تا كۆتایی شەڕەكەش هەڵوێستی خۆی پاراستو پێوەندییە ئابوورییو بازرگانییو ئاسایشییەكانی خۆی لەگەڵ هەردوو ولاتدا زێتر پەرەپێدا، لە هەمانكاتدا ئەو دوو ولاتەش لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان بە توركیا بەستبوو.[4] ئەوەی بە تەواوی تێبینی دەكرێت، ئەوەیە تاكۆتایی جەنگی هەشت ساڵەی عێراقو ئێران، پێوەندییەكانی توركیاو عێراق بە باشی مایەوە، بەلام لە هەمانكاتدا ئەو جەنگە تێڕوانینی سیاسەتی توركیای گۆڕی، چونكە ئەگەرچی عێراق نەیتوانی بەسەر ئێراندا سەربكەوێت، بەلام بە هۆی كۆمەكی داراییو چەكداركردنی لەلایەن ولاتانی عەرەبییو جیهانییەوە، ئەو ولاتە بووە گەنجینەیەكی گەورەی چەك، كە دەیتوانی كاریگەری لەسەر هاوسەنگی هەرێمیی دروست بكات. بۆیە توركیا بە دوای هاوسەنگیی نوێدا دەگەڕا، پاش ئەوەی هەستی بە شڵەژانێك كرد لە ئاكامی ئەو بۆشاییەی، كە بەهۆی هەشت ساڵ جەنگەوە لەسەر سنوورەكانی هاتبووە ئاراوە.**[5]

---

(1) عبدالزهرة شلش العتابى: توجهات تركيا نحو اقطار الخليج العربى، دراسة فى الجغرافية السياسية، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة(افاق عربية)، بغداد، 2002، ص215، و د.ابراهيم خليل العلاف وميثاق خيرالله جلود: العلاقات الخليجية – التركية(1973–1990)، مج(دراسات اقليمية)، ع(11)، 2008، ص 26.

(2) جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية فى العالم الاسلامى، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2009، ص60.

(3) د. احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية التركية، والواقع والمستقبل، ص(47–48).

(4) جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، ص60.

(5) احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجى، موقع تركيا ودورها فى الساحة الدولية، ت(محمد جابر ثلجى وطارق عبدالجليل)، ط1، الدار العربية للعلوم ناشرون، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، 2010، ص 448.

لەلایەکی دیکە کاتێك عێراق پەلاماری کوەیتی دا لە (1990/8/2)، ئەم جەنگە بووە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر نێوچەکە، ئەمەش لای تورکیا بە ئاشکرا دەرکەوت و بەرجەستە بوو، بەجۆرێك مەیدانبازییەکی نوێی پرینسیپەکانی سیاسەتی تورکیا بوو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لەبەرئەوەی هاوسەنگی هێز تێکچوو، عێراق هەوڵی دەست بەسەراگرتنی میرنشینی کوەیتی دا، کە بە نەوت دەوڵەمەند بوو، لەوێشەوە دەیتوانی هەژموونی خۆی لە نێوچەکەدا بسەپێنێت.[1] ئەم رووداوە بووە خاڵی وەرچەرخانی رەگو ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا[2] و ناچاریکرد پێداچوونەوە بەو سیاسەتەیدا بکات و بیر لە رۆڵبینینی نوێ لە نێوچەکەدا بکاتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش وەك یەکێك لە جەمسەرەکانی ململانێی هەردوو بەرەی سەرمایەداریی و سۆسیالیزمی هەڵوەشابووەوە.[3]

هاوکات رووداوەکە ئاگاییەك بوو سەبارەت بە هەوڵی عێراق بۆ گۆڕینی گەنجینەی چەکەکانی بۆ دەستکەوتێکی جیۆ- سیاسیی و ئابووریی هەمیشەیی لە کوەیت. بۆیە جەنگی دووەمی کەنداو کاریگەریی لە سەر سیاسەت و پێوەندی هەرێمیی تورکیا دروستکردو هاوسەنگیی و ئاسایشیی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی خستە ئاستێکی مەترسیدارەوە،[4] کاتێك ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە ناڕەزاییان دەربڕی و بووە قەیرانێکی نێودەوڵەتیی، تورکیاش بە حوکمی ئەندامێتیی لە ناتۆ لە چوارچێوەی ستراتیژی رۆژئاوادا، کەپێی لەسەر سنووردانان بۆ هێزی عێراق لە نێوچە عەرەبییەکاندا دادەگرت، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر عێراق گۆڕی و دژی وەستایەوە.[5] لە سەرەتاوە تورکیا بێلایەن بوو، بەڵام لە رۆژی(1990/8/3)دا، داوای کشانەوەی بێمەرجی عێراقی لە کوەیت کردو پشتگیریی رزگارکردنی ئەو وڵاتەی کرد لە ڕووی سەربازییەوەو پابەندی بڕیارەکانی(660و661)[6]ی ئەنجومەنی ئاسایشی

---

[1] چونکە لەوکاتەدا ئیسرائیل لە مەسەلەی لێدانی عێراق لە بەهاری 1990 پەشیمان ببۆوە، ئێران لە ڕووی ئابووریی و دەروونیی و سەربازییەوە لاواز بوو، سوریاش بارگران کرابوو بە جەنگی لوبنان و پێویستیی چاودێریکردنی ئیسرائیلەوە، بڕوانە فلیب روبنس: ترکیا والشرق الاوسط، ص(86،83).

[2] بیار مصطفی سیف الدین: ترکیا وکوردستان العراق، الجارین الحائرین، ط1، مطبعة(الخانی)، دهوك، 2008، ص168.

[3] جلیل عمر علی: السیاسة الخارجیة الترکیة حیال الشرق الاوسط، ط1، 2011، مرکز کوردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ص86.

[4] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتیجی، ص 448.

[5] د.احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة- الترکیة، ص91.

[6] بڕیاری(660) تایبەت بوو بە سەرکۆنەکردنی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوەو داوای کشانەوەی دەکرد. هەرچی بڕیاری(661)یشە سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی بوو بەسەر ئەو وڵاتەداو لەسەر هەموو دەوڵەتان پێویستکرا بوو، کە رێگریی بکەن لە هەناردەو هاوردەی بەرهەمی عێراق، بڕوانە فلیب روبنس: ترکیا والشرق الاوسط، ص87.

نێودەوڵەتیی بوو، سەبارەت بە سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی لەسەر عێراق‌و کشانەوە لە کوەیت. ئامادەباشیشی ڕاگەیاند هێز بۆ دەوڵەتانی کەنداو بنێرێت.[1]

لەمە بترازێت تورکیا ڕۆڵی سەرەکی گێڕا لە هەڵمەتی سەربازیی‌و ئابووریی دژی عێراق دەستیکرد بە داخستنی هەردوو بۆری نەوتی عێراق، کە بە نێو خاکەکەیدا دەگەیشتە بەندەرەکانی جیهان‌و یومورتالیك لەسەر دەریای نێوەڕاست. سەرباری جولاندنی(2000) سەرباز لە سەر سنوورەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە بە بیانووی ئامادەسازیی بۆ هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراوی عێراق، ئەوەش بە بڕیاری پەرلەمان‌و لە دانیشتنی(1990/9/5). هاوکات ڕێگەی بە ئەمریکاو هاوپەیمانان دا بنکەی ئەنچەرلیکی ئاسمانیی‌و زیتر لە (12) بنکەی تر بۆ لێدانی عێراق بەکاربهێنن.[2] کاتێکیش بە کرداریی هێرشی سەربازیی کرایە سەر عێراق، تورکیا بەشدار بوو. بڕیاری بەشداریش ئەگەرچی پەرلەمان ڕەزامەندی نیشاندا، بەڵام زیتر بە فشاری ئۆزال بوو، سەرەڕای ناڕەزایی هێندێك لە بەرپرسانی پایەبەرزی ئەو وڵاتە لەوانە (سوپا سالار نەجیب تورومتای[3]و جەنراڵ ئاکبۆڵت) بەو هۆیەوە دەستیان لە کارکێشایەوە.[4]

لە هەمان کاتدا ئۆزاڵ دەیویست بە ستراتیژە نوێیەکەی پەراوێزی مانۆڕیی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی‌و هەرێمیی فراوان بکات‌و پەیامی پێبەندی وڵاتەکەی بە سیاسەتەکانی

---

(1) جليل عمر علي: السياسة الخارجية، ص87.

(2) ن.م، ص88.

(3) نەجیب تورمتای: ساڵی 1926 لە قەزای وەقفی گەورە لە هەرێمی تەرابزون لە دایکبووە. خوێندنی ئامادەیی لە دواناوەندی گازی عەنتاب ساڵی 1942 تەواو کردووە. قوتابخانەی جەنگی ساڵی 1944 تەواو کردووەو پاشان قوتابخانەی تۆپچی ساڵی 1946و ساڵی 1954 لە ئەکادیمیای جەنگی دەرچووە. پلە پلە بەرزبۆتەوە تاوەکو بۆتە عەمید ساڵی 1970و لە ساڵی 1978 بۆ پلەی فەریق بەرزبۆتەوەو کراوەتە فەرماندەی هێزی ئاشتیخوازی تورکیا لە قوبروس. دواتر بۆتە فەریقی یەکەم ساڵی 1982. لە نێوان ساڵانی(1984–1985) کراوەتە جێگری دووەمی سوپا سالاری تورکیاو ساڵانی(1984) بۆتە فەرماندەی یەکەمی سوپاو لە تەموزی 1987 یشدا پۆستی فەرماندەی هێزە وشکانییەکانی گرتۆتە دەست‌و لە کۆتایی هەمان مانگدا بۆتە سوپا سالار. لە (3ی کانوونی دووەمی 1990) وازی لە پۆستەکەی هێناوەو دەستی کێشاوەتەوە. بڕوانە د. احمد نوری النعيمي: العلاقات العراقية التركية، والواقع والمستقبل، ط1، دار زهران للنشر والتوزيع، عمان، 2010، ص178.

(4) هۆکاری ئەو بڕیارەی تورکیا پێوەندیی هەبوو بە پێویستیی لە قاڵبدانی عێراق وەك هێزێکی هەرێمیی، چونکە ببووە مایەی هەڕەشەو مەترسیی لەسەر ئاسایش‌و سەقامگیریی نێوچەکەو بەرژەوەندی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، بەتایبەت نەوتی کەنداو. هەروەها تورکیا هەوڵی دەدا یارمەتی سەربازیی‌و ئابووریی ئەمریکاو ئەوروپای چنگ بکەوێت‌و پێوەندییەکانیشی لەگەڵیاندا پتەو بکات، بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردو کەمبوونەوەی ڕۆڵی لە نێوچەکەدا. لەلایەکی ترەوە ئەم هەڵوێستە پێوەندیی هەبوو بە سیستێمی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، چونکە لەو سیستێمەدا زیتر ئیسرائیل ڕۆڵی هەبوو، وەك درێژکراوەی سیستێمی جیهانیی لە ژێر هەژموونی ئەمریکادا. بۆیە قەبارەی تورکیا لەو سیستێمەدا پێوەستبوو بە ستراتیژی ئەمریکاو ئیسرائیل‌و بەهێزکردنی پێوەندییە سیاسیی‌و سەربازییەکانی لەگەڵیاندا، کە ئەمەش لەگەڵ ستراتیژی عێراقدا ناکۆك بوو بڕوانە سری هاشم محمد: العلاقات العراقية – التركية، الواقع والمستقبل، مج(ذي قار)، ع(1)، حزيران 2009، ص121، و د.غازي فيصل غدير: سياسة تركيا تجاه العراق(1990–2003)، مج(كلية المامون الجامعة)، ع(14)، 2009، ص(30–31).

**ناتۆ ببەخشێت.[1] جگە لەوەی دەیوست بایەخی جیۆ– سیاسیی بەردەوامی تورکیا دوای روخانی یەکێتی سۆڤییەتیش بۆ ئەمریکا روون بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو روویەکەوە شەڕەکە سەبارەت بە ئابووریی تورکیا کارەسات بوو، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە داوای لێکرا بوو بۆرییە نەوتییەکانی لەگەڵ عێراق دابخاتو سەرجەم بازرگانییەکانیشی بە تەواوی کەم بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی کورد روویان لە سنوورەکانی کرد بوو، بەجۆرێك کارەساتی مرۆیی خوڵقاندو ئەمریکای ناچار کرد لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە نێوچەی دژە فڕین بۆ کوردانی عێراق دروست بکات، ئەوەش سەرەتای دروستبوونی نێوچەیەکی نیمچە سەربەخۆی کوردیی بوو وەك (دیفاکتۆ)، لە ژێر سایەی پاراستنی رۆژئاواو، کە مایەی ترس بوو بۆ تورکیا، کە بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو بنێن.[2] هەروەك بەهۆی گوشاری ئەمریکا، تورکیا ناچار بوو سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق بگۆڕێتو هاوکاریی ئەمریکاو هاوپەیمانان بکات، لە بەرامبەریشدا ئەمریکا بەڵێنی پێدا بوو لە نەوتی موسڵو کەرکوك بەشی بدات یاخود کوردانی باشوور بخاتە ژێر چاودێرییەوە.[3]**

(1) بیار مصطفى سیف الدین: ترکیا وکوردستان العراق، ص169.

(2) جراهام فولر: الجمهوریة الترکیة الجدیدة، ص(61–62).

(3) Selahattın Çelık: Ağrı dağını taşmak, Çağdaş Kürt halk direnişi, sİyasİ, askeri, ekonomık, ve toplumsal sonuçlari, Birinci Baski, Temmuz 2000, Yayınevi, Zambon Verlag, Leipzigerstr. 24, D-60487 Frankfurt / M, p174.

**تەوەری دووەم- کاریگەریی فاکتەری ئابووریی و کێشەی ئاو لە پێوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا**

فاکتەری ئابووریی و بازرگانیی رۆڵێکی کاریگەریی لەنزیکبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراقدا دەگێڕا، بەجۆرێك پێویستیی تورکیا بە نەوت و وزە لەسالآنی حەفتاکانەوە ناچاریکرد بە دوای ئەو وڵاتانەدا بگەڕێت، کە بەنەوت دەوڵەمەندن و زیاتریش رووی لە عێراق کرد، بەهۆی نزیکی لە رووی جوگرافیی و سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لێیەوە و کەمی تێچوونی گەیاندن و گواستنەوەی نەوتەکە بۆ وڵاتەکەی. هەروەها باشی جۆری نەوتەکە و کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق بەسەر بەرهەمهێنانییەوە.[1]

بە دیاریکراویش پێوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا و عێراق لە بواری نەوتدا لەساڵی (1973)ەوە دەستپێدەکات، دوای دامەزراندنی بۆری نەوتی نێوان ئەو دوو وڵاتە بۆ گواستنەوەی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکەوە بۆ بەندەری یومورتالیکی تورکیا لەسەر دەریاری سپی نێوەڕاست. لە ماوەی ساڵانی هەشتاکاندا رێژەی ووزەی ئەو بۆرییە نێردەنییە گەیشتە (1.5) ملیۆن بەرمیل رۆژانە، بەوەش داهاتێکی دارایی گەورەی بۆ تورکیا دەستەبەر دەکرد.[2] بە گوێرەی ئەو رێکەوتنەی، کە لە مانگی ئابی (1973)دا هەردوو وڵات لەسەری رێکەوتبوون، لە مانگی تشرینی دووەمی (1974)دا دەستیان کرد بە دروستکردنی هێڵی بۆری نەوتی (کەرکوك- جیهان) بۆ گواستنەوەی نەوت و دوای کاری بەردەوام لە رۆژی (3ی کانوونی دووەمی 1977)دا کرایەوە.[3] لە رۆژی (24ی ئابی 1978)یشدا هەردوولا رێکەوتننامەیەك و دوو پاشکۆیان ئیمزا کرد. لە ساڵی (1980)دا دیسان رێکەوتنێکی نوێیان بۆ زێترکردنی ناردەنیی رێژەی نەوت بۆ (8.5) ملیۆن تەن ساڵانە ئیمزا کرد، کە پێشتر (5) ملیۆن تەن بوو، ئەوەش لەسەر پێشنیازی تورکیا بوو. هەروەها لە رۆژی (7ی تشرینی دووەمی 1980)دا رێکەوتننامەیەکی تریان لە بواری نەوتدا ئیمزا کرد. بە گوێرەی رێکەوتننامەکانی نێوانیان لە ساڵی (1980)دا ناردەنیی نەوتی عێراق بۆ تورکیا لە (102,4) هەزار بەرمیل رۆژانە تاساڵی(1981)

---

[1] د.احمد نوری النعیمی: الاسس الواقعیة للعلاقات العربیة- الترکیة، من کتاب اورهان کولوغلو واخرون: العلاقات العربیة- الترکیة، حوار مستقبلی، ط1، 1995، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ص336.

[2] سری هاشم محمد: العلاقات العراقیة- الترکیة، ص121.

[3] د.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطیة العراقیة- الترکیة، ص26.

گەیشتە (220)هەزار بەرمیل ڕۆژانە.[1] لە چوارچێوەی ئەم پێوەندییە ئابوورییانەدا، جگە لە نەوت، بازرگانی شتومەكو كاڵاشیان پەرەپێدا، بەجۆرێك ساڵانی هەشتاكان پەرەسەندنێكی بەرچاوی بە خۆوە بینیو هەردوو وڵات گەیشتنە گرێدانی ڕێكەوتننامەی گواستنەوەی وشكانیو تزانزێتو ڕێكەوتننامەی تری بازرگانی بە دوادا هاتو توركیا ڕێڕەوو ڕێگەكانی هاتوچۆی بەڕووی عێراقدا بۆ پێشوازیكردن لە شمەكو كاڵای ئەو وڵاتە كردەوە، بەشێوەیەك لە ساڵانی هەشتاكان عێراق بووە دووەم وڵات لە لیستی وڵاتانی هاوردەی شمەكو كاڵای توركییو دەوڵەتی سێیەم لە لیستی وڵاتانی ناردەنی بۆ ئەو وڵاتە.[2] بێگومان لەمەشدا پێگەی جوگرافییو ستراتیژیی پاڵنەرێكی سەرەكی بوو، چونكە هەمیشە پێگەی جوگرافیی ڕۆڵی هەبوو لە دیاریكردنی بازرگانی دەرەكییو فاكتەری سیاسیش ڕۆڵی پێشەنگی دەبینی لە دیاریكردنی ئاراستەكانی ئەو بازرگانییە دەرەكییەدا. ئەم پێوەندییە بازرگانییەش لە ژێر كاریی دۆخی شەڕی عێراق– ئێرانو هەڵوێستی بێلایەنی توركیادا بەرجەستە بوو بوو.[3] بۆ ئەم مەبەستە هەردوو وڵات لە مانگی(ئەیلوولی 1981)دا ڕێكەوتننامەیەكیان ئیمزا كرد، كە ئامانج لێی ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەكی هاوبەش بوو لە هەردوو بواری هاتوچۆو سەرمایەی سروشتییو بەرهەمهێنانی وزەی كارەبادا. بە گوێرەی ئەو ڕێكەوتننامەیە توركیا بەندەرو ڕێگەكانی تری بۆ پێشوازیكردن لە كەلوپەلو كاڵای عێراقی كردەوەو دەرئەنجامی ئەم ڕێكەوتنە داهاتی توركیا لە عێراقدا زیادیكردو پێش شەڕی عێراق– ئێران لە(11,4٪) بۆ(18,1٪) دوای شەڕ بەرز بووەوە.[4]

---

(1) بە گوێرەی ئەو ڕێكەوتنەی، كە لە مانگی ئابی (1973)دا هەردوو وڵات لەسەری ڕێكەوتبوون، لە مانگی تشرینی دووەمی (1974)دا دەستیان كرد بە دروستكردنی هێڵی بۆری نەوتی (كەركوك– جیهان) بۆ گواستنەوەی نەوتو دوای كاری بەردەوام لە ڕۆژی (3ی كانوونی دووەمی 1977)دا كرایەوە.(3) لە ڕۆژی (24ی ئابی 1978)یشدا هەردوولا ڕێكەوتننامەیەكو دوو پاشكۆیان ئیمزا كرد. لە ساڵی (1980)دا دیسان ڕێكەوتنێكی نوێیان بۆ زێتركردنی ناردەنیی ڕێژەی نەوت بۆ (8.5) ملیۆن تەن ساڵانە ئیمزا كرد، كە پێشتر (5) ملیۆن تەن بوو، ئەوەش لەسەر پێشنیازی توركیا بوو. هەروەها لە ڕۆژی (7ی تشرینی دووەمی 1980)دا ڕێكەوتننامەیەكی تریان لە بواری نەوتدا ئیمزا كرد. بەم شێوەیەو بە گوێرەی ڕێكەوتننامەكانی نێوانیان لە ساڵی (1980)دا ناردەنیی نەوتی عێراق بۆ توركیا لە (102,4) هەزار بەرمیل ڕۆژانە تاساڵی(1981) گەیشتە (220)هەزار بەرمیل ڕۆژانە، بڕوانە د.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطية العراقية– التركية، ص26.

(2) د.عزيز جبر شيال وزينب عبدالله منكاش: العلاقات العراقية– التركية، الواقع والمستقبل، مج(الاستاذ)، جامعة بغداد، 2011، ص3.

(3) د.فؤاد جارالله الدليمي و وائل سامي طه الحافظ: اتجاهات النمو في الاقتصاد التركي، مج(دراسات اقليمية)، ع(4) كانون الاول 2005، سنة(2)، ص48.

(4) د.احمد عبدالعزيز محمود: تركيا في القرن العشرين، دراسة جغرافية سياسية، ط1، مط(ڕۆژهەلات)، اربيل، 2011، ص209.

**بەهۆی ئیمزاکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لیژنەی(عێراق– تورکیا)، کە ڕێکەوتنی هەردوولای لە خۆگرتبوو لەسەر زێترکردنو فراوانترکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان، پرۆسەکە چالاکیی بەخۆیەوە بینی، بەجۆرێك لە رۆژی(3ی تشرینی یەکەمی 1984)یش هەردوو ولات پرۆتۆکۆلێکیان لەبواری گواستنەوەدا، بەمەبەستی فراوانکردنی پێوەندییە بازرگانییەکانو پەرەپێدانی بواری هاریکاریی بێتەلو تەلدارو ئامرازەکانی هاتوچۆی وشکانی نێوانیان ئیمزا کرد. جارێکی تر لە مانگی(تەموزی 1986)دا پرۆتۆکۆلێکی نوێیان ئیمزا کردەوە بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکان. بەهۆی ئەم ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە بازرگانیانەوە پرۆسەی بازرگانیی لە هەردوو بواری هاوردەنی‌و ناردەنیدا زیادیکردو گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. لە ماوەی سالانی شەڕو سالێك زێتر (1980–1989)بە بەهای (6449,5) ملیۆن دۆلار ڕێژەی ناردەنیی تورکیا بوو، عێراق بەرزترین ڕێژەی لەریزی یەکەمی ولاتانی هاوردەی کالای بازرگانیی تورکیدا تۆمارکردووە، کە ڕێژەکەی (8,6٪)ە، واتە لە کۆی بەهای ناردەنیی تورکیا بۆ دەوڵەتانی عەرەبی، کە (19050) ملیۆن دۆلار بوو لەو قۆناغەدا، ناردەنیی بۆ عێراق بە تەنها (6449,5) بوو.[1] لەڕووی هاوردەی تورکیاشەوە عێراق لە ریزبەندی یەکەمی ولاتاندایەو بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە، کە بەهای (12249،8) ملیۆن دۆلار بووە لە کۆی بەهای هاوردەنی تورکیا، کە (24048,3) ملیۆن دۆلار بووە، واتە لەمەشدا بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە، کە (10,9٪)ە.[2]**

**لە رووی پلەی تەرکیزکردن لە ناردەنیی تورکیا بۆ دەوڵەتانی عەرەبی دیسان عێراق لە ماوەی سالانی (1980–1994) ریزبەندی یەکەمی گرتووە، بە دیاریکراوش لە ماوەی نێوان (1980–1989) ڕێژەی (33,9٪)ی تۆمار کردووە.[3] هەروەك لە پلەی تەرکیزکردنی هاوردەنیشدا دیسان عێراق پلەی یەکەمی گرتووەو لە ماوەی (1980–**

---

(1) بۆ زانیاری زێتر دەربارەی بەهای ناردەنی تورکیا بۆ ولاتانی عەرەبی بە دۆلارو پێگەی عێراق تێیدا لە نێوان سالانی(1980–1995)، بڕوانە خشتەی ژ (5) لە پاشکۆی هێلکاریی‌و خشتەکان.

(2) بۆ زانیاریی زێتر دەربارەی بەهای هاوردەنی تورکیا لە ولاتانی عەرەبی‌و عێراق تێیدا بە دۆلار، بڕوانە خشتەی ژ(6)، لە پاشکۆی هێلکاریی‌و خشتەکان. ئەگەرچی هێندێك سەرچاوەی تر وایدەخەملێنن، کە لە نێوان سالانی(1981–1988) ناردەنی تورکیاو عێراق لە بەرزبوونەوەدا بووەو گەیشتووەتە(6335،5) ملیۆن دۆلارو هاوردەنیش(9101،1) ملیۆن دۆلار، بڕوانە فلیب روبنس: ترکیا والشرق الاوسط، ص(124–125). هەرچەندە ئەم ڕێژەیەش نزیکە، بەلام زانیارییەکانی سەرچاوەی پێشوو وردترە، چونکە جگە لەوەی خەملاندنەکەی دوو سال جیاوازی هەیەو لەنێوان(1980–1989)شە.

(3) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پلەی تەرکیزکردنی ناردەنیی تورکیا بۆ ولاتانی عەرەبی‌و عێراق تێیدا لە نێوان سالانی(1980–1994)، بڕوانە خشتەی ژ(7)، لە پاشکۆی هێلکاریی‌و خشتەکان.

1989) ڕێژەی (51,1٪)ی تۆمار کردووە.[1] لە ڕیزبەندی بەهای گرێبەستی کۆمپانیاکانی کەلوپەلی خانووبەرەو بەڵێندەرایەتیی تورکیا لە دەوڵەتانی عەرەبی لە ماوەی (1980-1988) عێراق دوای لیبیاو سعودیە، پلەی سێیەمی گرتووەو لە بەهای (430)ەوە گەیشتبووە (2098) ملیۆن دۆلار.[2] بەڵام تێبینی دەکەین لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق‌و ئێران‌و بەتایبەتیش دواتر بەهۆی جەنگی دووەمی کەنداوو پابەندبوونی تورکیا بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی (660و661)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەڵەتییەوە، پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانی نێوان عێراق‌و تورکیا بەرەو لاوازیی‌و راوەستان چوو.[3] بەتایبەت کاتێك تورکیا هەناردەکردنی نەوتی عێراقی لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە بە خاکەکەیدا راگرت.[4]

لەو ماوەیەدا تا ساڵی(1993) ئابووری تورکیا زیانی گەورەی بەرکەوت، بەشێوەیەك بە حەوت ملیار دۆلار دەخەملێنرا، لەبەرئەوەی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە قەرەبووی زیانی جەنگیی وەك خۆی پێنەدراو بەهۆی داخستنی هەردوو بۆری نەوتیشەوە لەگەڵ عێراق، نرخی نەوت لە قۆناغی یەکەمی شەڕەکەدا بەرز بووەوە، ئەمە سەرەڕای وەستانی ناردەنیی بۆ عێراق‌و کوەیت‌و لە کارکەوتنی رێگەکانی گواستنەوەو گەشتیاریی بەگشتیی.[5] لە دوای ساڵەکانی جەنگی کەنداو هێندێك هەوڵدرا بۆ بەهێزکردنی پێوەندییە سیاسیی‌و ئابووریی‌و بازرگانییەکانی هەردوو وڵات لەوانە لە نێوەڕاستی حوزەیرانی 1994 (سەعدی چاشلار)ی کار هەڵسوڕێنەری تورکیا سەردانی بەغدای کردو چاوی بە وەزیری بازرگانی عێراق (سەعدی مەهدی ساڵح)کەوت‌و باس لە

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پلەی تەرکیزکردنی هاوردەنیی تورکیا لە وڵاتانی عەرەبی‌و عێراق تێیدا لە نێوان ساڵانی(1980-1994)، بڕوانە خشتەی ژ(8)، لە پاشکۆی هێڵکاریی‌و خشتەکان.

[2] بۆ زانینی وردەکاری ژمارەی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی تورکیاو رێژەی بەهای وەبەرهێنانی سەرمایەی ئەو وڵاتە لەدەوڵەتانی عەرەبی‌و پێگەی عیراق تێیاندا بڕوانە جلال عبدالله معوض: العلاقات الاقتصادية العربية التركية، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، 1998، دراسات استراتيجية(123)، ص(104-105، 109-110).

[3] بەڵام ئەمریکا بەڵێنی دابوو قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە، کە تورکیا بەم هۆیەوە لێیدەکەوێت، لەگەڵ هەڵگرتنی کۆت‌و پێوەندیی سەربازیی‌و پڕچەککردنی، کە لە کاتی پەلاماردانی قوبروسەوە(1974)بەسەریدا سەپێنرا بوو. جگە لە بەخشینی یارمەتی تری سەربازیی، بڕوانە د.غازي فيصل غدير: سياسة تركيا تجاه العراق، ص32.

[4] د.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطية العراقية- التركية، ص32.

[5] د.غازي فيصل غدير: سياسة تركيا تجاه العراق، ص27 ود.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطية العراقية، ص32.

بڕیاری حكومەتی توركیا كرا بۆ دەستپێكردنەوەی چالاكی ئابووریی لەگەڵ عێراق، كە بەرێگەی خاڵی سنووری خاپوور جێبەجێبكرێت.[1]

توركیا توانی دوای جێبەجێكردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك بەگوێرەی بڕیاری (986)ی نەتەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1995و لە مایسی 1996 عێراق یادداشتنامەی لێكتێگەیشتنی تایبەت بە ڕێو شوێنی جێبەجێكردنی بەرنامەی نێوبراو ئیمزاكرد، بەهۆی ڕێكەوتنی نێوان عێراقو نەتەوە یەكگرتووەكان، بە ڕێژەیەكی كەم سوود لە پێوەندییە ئابوورییەكانی لە بواری نەوت لەگەڵ عێراقدا وەربگرێت، بەشێوەیەك ڕێگە بە عێراق درا هەموو شەش مانگ جارێك ڕێژەیەك نەوت بە بەهای(2 ملیار دۆلار) بنێرێتە دەرەوەو بڕی(1,3) ملیار دۆلاری لێدەستبكەوێت بۆ دابینكردنی خواردنو داو دەرمان. ئەوی تریشی وەك قەرەبووی جەنگ بۆ كوێتو ئەمریكاو هاوپەیمانان تەرخان بكرێت، توركیاش بڕی(140) ملیۆن دۆلاری وەك گومرگی دەستكەوتی گواستنەوەو ناردەنی نەوت لە ڕێگەی بۆری كەركوك–یومورتالیكەوە لە قۆناغی یەكەمی بەرنامەكە(10ی كانوونی یەكەمی 1996- 1997/6/7) دەستكەوت.[2] بەشێكی تری پێوەندییە ئابوورییەكانیی نێوان توركیاو عێراق لە بواری گازی سروشتیدا بوو، بەجۆرێك توركیا لە ساڵی (1968)ەوە هەوڵی باشتركردنی پێوەندییە ئابوورییەكانی لەم ڕووەوە لەگەڵ عێراق دابوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕۆژی (1968/4/7) لە بەغدا هەردوولا گرێبەستی پرۆژەی ناردنی گازی سروشتی عێراقیان بۆ توركیا لە كێڵگەكانی باكووری ئەو وڵاتەوە بە ڕێژەی(300) ملیۆن/ م4 ئیمزا كرد. ئەگەرچی دواترو بەهۆی هێندێك هۆكارو گرفتەوە ڕێكەوتننامەكە وەك خۆی جێبەجێنەكرا، بەڵام پێوەندییە ئابوورییەكانی هەردوو وڵات لەم بوارەدا چووە بواری جێبەجێكردنەوەو یەكەم باری گازی سروشتی بۆ توركیا نێردرا.[3]

---

[1] لە ڕۆژی (27ی ئابی 1994)یش شاندێكی ئابووریی توركیا، كە لە (70)كەس پێكهاتبوونو نوێنەرایەتی كۆمپانیاو دامەزراوە پیشەسازیی‌و ئابوورییە باڵاكانی ئەو وڵاتەیان دەكرد، سەردانی عێراقیان كردو پرۆتۆكۆلێكی هاریكاریی هاوبەشیان لە بوارەكانی بازرگانیی‌و پیشەسازیی‌و ئابووریی‌و گواستنەوەو هاتوچۆدا ئیمزا كرد. لایەنی عێراقیی (عەبدولقادر عەبدورەحمان)ی بریكاری وەزارەتی بازرگانیی‌و پیشەسازیی‌و كانزاو لایەنی توركیش (یەلیم ئاران)ی سەرۆكی یەكێتی ژوورە بازرگانیی‌و پیشەسازییەكان بوون، بڕوانە د.احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة– التركیة، ص(150، 156).

[2] د.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطیة العراقیة– التركیة، ص33. هەروەك ئەم قۆناغە سەردانی بەرپرسانی هەردوو وڵاتی بەخۆوەبینی بە مەبەستی چالاككردنی زیاتری بازرگانیی نێوانیان. لەكۆتایی مانگی (كانوونی یەكەمی 1996)دا وەزیری نەوتی عێراق سەردانی توركیای كردو دواتریش وەزیری وزەی توركیا لە (ئایاری 1997) گەیشتە عێراقو لەو سەردانەدا باس لە ڕێگەكانی زیاتركردنو هەمەجۆركردنی بازرگانیی سنووریی هەردوو وڵات كراو لە نێویشیدا هەناردەكردنی بەرهەمە نەوتییەكانی عێراق بۆ توركیا لە بەرامبەر هاوردەكردنی خواردنو داو دەرمان لە توركیاوە، بڕوانە جلال عبدالله معوض: العلاقات الاقتصادیة العربیة التركیة، ص30.

[3] د.حنا عزو بهنان: العلاقات النفطیة العراقیة– التركیة، ص38.

لەساڵی (1980)یشەوە هەوڵ بۆ راکێشانی بۆری گازی سروشتی لە نێوان هەردوو وڵات درا، بەتایبەت لە کاتی دانیشتنی یەکەم، کە لە تورکیا گرێدرا لە رۆژانی (22–25 کانوونی یەکەمی 1980)ی لیژنەی هاوبەشی عێراق– تورکیا، کە بە گوێرەی مادەی (9)ی رێکەوتننامەی هاریکاریی ئابووریی و هونەریی نێوان هەردوو دەوڵەت لە رۆژی (1976/2/7) ئیمزا کرا بوو. لە ساڵی (1983) دیسان رێکەوتنێکی تر کرا، سەبارەت بە راکێشانی بۆری لە کێڵگەی نەوتی باکوورو لە ساڵانی دواترو لە رۆژی (1997/5/10) بەهۆی سەردانی وەزیری وزەی تورکیا بۆ بەغدا رێکەوتننامەیەك لە نێوان هەردوو وڵات ئیمزا کراو بەو پێیەش بڕیاردرا گازی سروشتیی عێراق لە رێگەی بۆریگەلێکەوە، کە درێژییەکەی (1380 کم) بگوازرێتەوەو لە پێنج کێڵگەی (ئەنفال و مەنسوریەو جریەبیکا و خەشم ئەحمەرو چەمچەماڵ)ەوە بنێردرێت.[1] بۆیە لە قۆناغی جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك تادوایی، پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق بەرەو پێشچوونی زیاتری بەخۆیەوە بینی و چووە ئاستێکی باشترەوە.

**تەوەری سێیەم- کێشەی ئاو لە پێوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا**

مەسەلەی ئاو رۆڵێکی گرنگ و هەستیاری لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا بەگشتی و بەتایبەت لەگەڵ سوریا و عێراقدا دەگێڕا، چونکە هەردوو رووباری دیجلەو فورات، کە لە نێو خاکی تورکیاوە هەڵدەقوڵێن، بەناو خاکی ئەو دوو وڵاتەدا تێپەڕ دەبن و خۆیان بە هاوبەش دەزانن لە ڕووی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنی و خاوەندارێتییەوە. بەهۆی هەوڵی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی(GAP)، کە پرۆژەیەکی ئاویی ئابووریی گەورەو فراوانە، کێشەو گرفتی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ سوریا و عێراقدا بۆ دروستکرد و لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا گەیشتە ئاستی قەیرانی ئاویی. لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا پرۆژەکە چەند دوورایییەکی هەبوو، کە یەکێکیان پێوەندیی بە تورکیا و وڵاتانی دراوسێوە بوو، کە بریتیی بوو لە شوێنەوارو دەرئەنجامی ئایندەیی ئەو پرۆژەیە لەسەر داهاتووی دەرامەتە ئاویی و کشتوکاڵییەکان و پلانی گەشەپێدان لە هەریەکە لە عێراق وەك دەوڵەتی رێڕەوو سوریا وەك دەوڵەتی نێوەڕاستی رووبارەکە.[2]

ئەم کێشەیە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لە ئارادا بوو. عێراق پێی وابوو بە جێبەجێکردنی پرۆژەی گاپ رۆڵی تورکیا لەسەر هەردوو رووباری دیجلەو فورات بەهێز

---

[1] ن.م، ص(38–39).

[2] د.عبدالجبار عبد مصطفى النعيمي: اكراد تركيا ومشروع غاب، رؤية اسشترافية، من كتاب: د.خليل على مراد واخرون: القضية الكردية وتاثيرها على دول الجوار، ص(171–172).

**دەکاتو ئاو بەرەو وڵاتانی حەوزی خواروو کۆنترۆڵ دەکات.[1] گرفتی سەرەکیش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە عێراق لە ڕووی سامانی ئاوییەوە لاواز بوو، بەشێوەیەك سەرجەم سەرچاوە ئاوییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانیەتی، بەتایبەت لە تورکیاو سوریاوە دێت. لە ڕووی جۆریشەوە کێشەی هەیەو بە دەست گرفتی سوێریی خاکەوە دەناڵێنێت، بەتایبەت لەو وەرزانەدا، کە ئاوی دیجلەو فورات کەم دەکەن.[2] هەرچی رووباری فوراتە سەرباری ئەوەی درێژییەکەی (2330کم)ەو لەو ماوەیە (1213کم)ی بە خاکی عێراقدا تێپەڕ دەبێتو رووبەری حەوزەکەشی گەورەترینە (3،46٪) لە کۆی رووبەری هەموو حەوزەکە، کە (444کم2)یە، لەکاتێکدا تەنها رێژەی(4،38٪)ی ئاوی ئەم رووبارە بەکاردێنێتو سوودی لێوەردەگرێت.[3] رووباری دیجلەو لقەکانیشی (1415کم) بە نێو خاکی عێراقدا تێپەڕ دەبێتو تەنها رێژەی(33٪)ی کۆی رووبەری خاکی عێراق ئاودێر دەکات. ئەو رێژە ئاوەی ئەم رووبارە هەڵیدەگرێ دەگاتە (40 ملیۆن م3) ساڵانە، لەکاتێکدا ئەم رێژەیە بەس نییە بۆ کشتوکاڵ.[4]**

**بۆیە عێراق لە ڕووی دەرامەتو سەرچاوەی ئاوییەوە کەمو کورتی زۆری هەیەو لە کاتی تەواوبوونی پرۆژەی گاپدا، رووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبۆوە.[5] لە بواری**

---

(1) ئەفرایم ئینبار: هاوکاری ستراتیژی تورکیا– ئیسرائیل، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(2)، ئەیلوولی 2005، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ص78.

(2) د.حسين حافظ وهيب: العوامل المؤثرة فی السياسة الخارجية العراقية،م.س، ص25. و علی احسان باغيش: اشكالية المياه واثارها فی العلاقات التركية العربية، الورقة الاولی، فی كتاب اورهان كولوغلو واخرون: العلاقات العربية– التركية، حوار مستقبلی، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 1995، ص173. لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی رێژەی ئاوی شیرین بە هەردوو جۆری سەرزەویو ژێرزەوی لە عێراقدا بەرزەو (109ملیۆن م3)یە ساڵانە، بەجۆرێك ئاوی سەرزەوی (106 ملیۆن م3) ساڵانەو(80ملیۆن م3)ی هی دیجلەو فوراتەو ئاوی ژێرزەویش دەگاتە رێژەی (3ملیار م3) لەساڵێکدا، بەڵام لە بەرامبەردا رێژەی بەکارهێنانی ئەم دەرامەتە ئاوییانە زۆرەو نزیکەی (45 ملیۆن م3)ی ساڵانەیە، کە رێژەی (92٪)ی بۆ کشتوکاڵو (7٪)ی بۆ پیشەسازییو (3٪)ی بۆ خواردنەوەو بەکارهێنانی پێداویستیی نێوماڵە، بڕوانە یاسر محمد عليوی: متغير المياه فی العلاقات العراقية– التركية، م.س، ص240، و د.رمزی سلامة: مشكلة المياة فی الوطن العربي، احتمالات الصراع والتسوية، منشأة المعارف بالاسكندرية، 2001، ص114.

(3) د.حامد عبيد حداد: تحديات الامن المائي العراقی(لحوضی دجلة والفرات)، مج(دراسات اقليمية)، ع(51)، ص94.

(4) داليا اسماعيل محمد: المياه والعلاقات الدولية، دراسة فی اثر ازمة المياه علی طبيعة ونمط العلاقات العربية– التركية، ط1، مكتبة مدبولی، القاهرة، 2006، ص135.

(5) لەوانە: رێژەیەکی گەورەی ئاو، کە بە تێکڕای ساڵانە دەخەملێنرێت لە نێودەبات لە بڕی ئاوی هاتووی رووباری فورات، کە (15،106 ملیۆن م3)یە، جگە لەو ئاوەی، کە بەهۆی بەهەڵمبوونەوە لە گەنجینەکان لە کیس دەچێت، کە بە (8،12 ملیۆن م3) دەخەملێنرێت. نزیکەی رێژەی (45،8 ملیۆن م3) ئاو دەگاتە عێراق لە تورکیاو سوریاوە، بەشێوەیەك لە(روتبە) رێژەی سوێریی ئاوەکە دەگاتە (1300). هەروەها بەنداوەکانی پرۆژەی گاپ دامەزراوەی زەبەلاحنو ئەگەر تەواو بن، ئەوا بە تەواوی تەحەکوم بە ئاوی هەردوو رووبارەکەوە دەکەنو وادەکەن بەردانەوەی ئاوەکە درەنگ بکەوێت، ئەوکاتەش تورکیا پێوەست نابێت بە سیاسەتی

**ئاودێریدا پرۆژەی گاپ دەبووە مایەی دوورخستنەوەی ڕێژەی (40٪)ی ئاوی حەوزی ڕووباری فورات لە عێراق، لە چوارچێوەی بەکارهێنانی کشتوکاڵیی و لەسەر عێراق قورس دەبێت قەرەبووی ئەم کەموکورتییە لە ئاو بکاتەوە بە پشت بەستن بە گەنجینەی دەریاچەی سەرسارو ڕووباری دیجلە، بەهۆی بەرزی ڕێژەی سوێریی ئاوەکەی. جگە لەوەش ڕێژەی ئاوی بەردراوە بۆ عێراق و سوریا بۆ (11 ملیار م3) دادەبەزێت.[1] هەروەها پرۆژەکە کاریگەری لەسەر بواری بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە عێراق دروست دەکرد، بەتایبەت لەسەر وێستگەکانی (قادسیە)، کە لە تەواوبووندا بوو. هەروەك زیانیشی بە حەوت پارێزگەی عێراق دەگەیاند.[2] بۆیە عێراق لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لەگەڵ هەریەکە لە تورکیا و سوریا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ئاویی دا. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی هاوبەش لە هەر سێ وڵات لەو ساڵەوە پێکهات و ساڵی(1992) لە چالاکی کەوت. لەو ماوەیەشدا(16) کۆبوونەوەی بێئەنجامی گرێدا.[3] کاتێکیش پرۆتۆکۆلی(1987) لە نێوان تورکیا و سوریا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاویی و PKK ئیمزا کرا، سەبارەت بە کێشەی ئاو عێراق ناڕەزایی دەربڕی،[4] چونکە جگە لەوەی بانگهێشت نەکرا بوو، هاوکات لە کاتی سەردانی ئۆزال بۆ عێراق لە ڕۆژی (1-1988/4/3)، تەها یاسین ڕەمەزانی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق ناڕەزایەتیی دەربڕی و ئۆزالیش وتی:"ئەو ڕێکەوتننامەیەی تورکیا لەگەڵ سوریای ئیمزا کردووە، ڕێکەوتننامەیەکی دووانیی کاتییە و ڕێکەوتننامەی کۆتایی لەسەر ئاستی سیانیی دەبێت، بەڵام ئەو کەموکوڕییە تێبینیکراوە لە ئاو، کە دەگاتە عێراق لەڕێگەی سوریاوە، کێشەیەکە پێویستە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا چارەسەر بکرێت".[5] بەڵام کێشەی ئاویی**

---

ئیشپێکردنیانەوە. سەرباری ئەوەی ماوەی پڕکردنی گەنجینەی بەنداوەکان پێش ئیش پێکردنیان پێویستیی بە ئاوی گەنجینکراو هەبێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. ئەمەش زیانی گەورە بە عێراق دەگەیەنێت. هەروەك لەکاتی پڕکردنی گەنجینەی بەنداوی گیپان، لە تورکیا و (تەبەقە) لە سوریا و ساڵی(1990)یش لە بەنداوی(ئەتاتورك) ڕوویاندا، بڕوانە صبرية احمد لافي: السياسة المائية فى العراق، معهد الدراسات الاسيوية والافريقية، بغداد، 1984، ص37، و د.كفاح صالح الاسدى و وسن هادى: الامن المائي فى العراق، المشكلات والمعالجات(محافظة البصرة انموذجا)، مج(اداب كوفة)، ع(15)، مجل(1)، جامعة الكوفة، 2013 ص2، د.غازى فيصل غدير: سياسة تركيا تجاه العراق، ص(45-46).

[1] د.احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية- التركية فى مجال المياه، مجلة العلوم السياسية،ع(40)، جامعة بغداد، 2010، ص27.

[2] عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، مركز القدس للدراسات السياسة، 2002، ص56.

[3] د.حامد عبيد حداد: تحديات الامن المائي العراقى، ص97، ودااليا اسماعيل محمد: المياه والعلاقات الدولية، ص69.

[4] د.احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية- التركية فى مجال المياه، ص27.

[5] فؤاد قاسم الامير:الموازنة المائية فى العراق وازمة المياه فى العالم، ط1، جعفر العصامى للطباعة الفنية الحديثة، 2002، ص236.

**نێوان عێراق‌و تورکیا بە تەواوی زەقبووەوەو بووە قەیرانی ئاویی، کە تورکیا بە بیانووی پڕکردنی گەنجینەی بەنداوی ئەتاتورك، دەستیکرد بە گرتنەوەی ئاوی روباری دیجلەو فورات بۆ ماوەی مانگێك لە دیرۆکی (13 کانوونی دووەم – 12 شوباتی 1990).[1]**

**لە راستیدا ئەم هەڵوێست نواندنە تاڕادەیەك توانی رۆڵی خۆی ببێنێت، بۆیە بەرامبەر گرتنەوەی ئاو بۆ ماوەی مانگێك لەلایەن تورکیاوە، وای کرد لە عێراق شاندێك بە سەرۆکایەتی (نزار حەمدون)و بریکاری وەزارەتی دەرەوە بۆ ئەنقەرە بنێرێت‌و داوایان کرد ماوەکە لە مانگێکەوە بۆ (15) رۆژ کەم بکرێتەوە. هەروەها کێشەی ئاویی نێوان تورکیاو عێراق لە بنەڕەتدا پێوەندی بە سیاسەتی ئاویی هەردوو وڵاتەوە هەبوو، کە سەرەڕای دووریی‌و لێك جیایی‌و دژیەکی، هاوکات دەرفەتی رێکەوتن‌و سازش لەسەرکردنی تێدا نەبوو، واتە دوو دونیابینی جیاواز بوو، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئاویی تورکیا لەسەر ئەوە دامەزرا بوو، کە رووباری دیجلەو فورات، دوو رووباری نیشتیمانین‌و نێودەوڵەتیی نین‌و مافی سەروەریی رەهای بەسەریانەوە هەیە هەتا ئەو خاڵەی، کە سنووری وڵاتەکە جێدەهێڵن. لەم بارەوە (سلێمان دیمێریل) لە رۆژی (1990/5/6) وتی:" تورکیا مافی سەروەریی بەسەر دەرامەتە ئاوییەکانییەوە هەیەو دروستکردنی بەنداوەکانیش لەسەر رووباری دیجلەو فورات هیچ کێشەیەك ناخوڵقێنێت‌و پێویستە هەمووان بزانن ئەو دوو رووبارە رووباری نێودەوڵەتیی نین، بەڵکو تائەو خاڵەی خاکی تورکیا جێدەهێڵن، رووباری تورکین".[2]**

**هەروەها تورکیا بنەمای پشککاری لە دابەشکردنی ئاو رەتدەکردەوە، بەڵکو زیاتر بڕوای بە دابینکردنی رێژەی ئاو هەبوو، جگە لەوەی بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو رەزامەندیی لەسەر گرێدانی رێکەوتننامەی دوانیی بە تەنها لەگەڵ عێراق‌و سوریا سەبارەت بە پشکی ئاو یان چارەسەریی کۆتایی کێشەی ئاو بکات.[3] بەپێچەوانەشەوە سیاسەتی ئاویی عێراق لەسەر ئەوە بونیات نرا بوو، کە هەردوو رووباری دیجلەو فورات بە گوێرەی هەموو رێساو پرینسیپێکی نێودەوڵەتیی، دوو رووباری نێودەوڵەتین‌و سەروەریی هاوبەش بەسەریانەوە هەیەو هەردوو رووبارەکە لە نێوان هەرسێ وڵاتدا هاوبەشە. بانگەشەکانی تورکیاشی بە پێچەوانەی رێساو یاسا نێودەوڵەتییەکانی بواری**

---

[1] علی احسان باغیش: اشکالیة المیاه واثارها، ص175.

[2] د.احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة– الترکیة فی مجال المیاه، ص37.

[3] فؤاد قاسم الامیر:الموازنة المائیة فی العراق وازمة المیاه فی العالم، ط1، جعفر العصامی للطباعة الفنیة الحدیثة، 2002، ص(240–241).

ئاو له قەڵەمدەدا. هەروەها عێراق رووباری دیجلەو فوراتی وەك دوو رووباری جیا له یەكتر دادەنا، به پشت بەستن به واقیعی كرداریی و دۆخی جوگرافیی، بەجۆرێك هەر رووبارێك حەوزو رێڕەوو نێوچەی خۆی جیایەو بەیەكگەیشتنیان دوای هەزاران كیلۆمەتره له سەرچاوەكانیانەوەو مانای ئەوە نییه دوو لقی شەتولعەرەبن.[1]

هەروەها عێراق بۆچوونی وابوو، سیاسەتی ئاویی خۆی، دوورایيەكی مێژوویی هەیه له ڕووی خاوەندارێتیی و گەڕانەوە بۆ رێكەوتننامەو پرۆتۆكۆلەكانی پێشوو لەگەڵ توركیا، بەشێوەیەك زێتر پشتدەبەستێت به بڕیاری تایبەت به ڕێكخستنی ئاوی دیجلەو فورات، كه به گوێرەی مادەی (109)ی رێكەوتننامەی (لۆزان)ی نێوان توركیاو هاوپەیمانان، كه له رۆژی (1923/7/24)و پرۆتۆكۆلی ژماره (1)ی پاشكۆی رێكەوتننامەی (دۆستایەتیی و هاوسێباشی- الصداقه وحسن الجوار)ی عێراق و توركیا له رۆژی (1946/3/29)و پرۆتۆكۆلی (هاریكاریی ئابووریی) نێوانیان، كه له رۆژی (1971/1/17) ئیمزای لەسەر كراوه، لەگەڵ كۆنووسی لیژنەی هاوبەشی هەردوو وڵات تایبەت به هاریكاریی ئابووریی و هونەریی له ئەنقەره له رۆژی (1980/12/25).[2] عێراق زێتر جەختی دەكردەوە لەسەر رەچاوكردنی بنەمای زیان نەگەیاندن بەوانی تر، له كاتی جێبەجێكردنی پرۆژه ئاوییەكان لەسەر هەردوو رووباری دیجلەو فورات. سەرەڕای ئەوەی بیروڕای وابوو چەمكی بەكارهێنانی نموونەیی ئاو، به مانای پەرەپێدانی گشتیی دەرامەته ئاوییەكان به ئامانجی گرەنتیی وەبەرهێنانی به باشترین شێوەو دابەشكردنی بەشێوەیەكی گونجاو دێت.[3] بەڵام وەڵامی توركیا بەرامبەر سیاسەتی ئاویی عێراق و رەخنەو داواكارییەكانی، رەتكردنەوەو جەختی لەسەر شرۆڤەكردنی سیاسەتی ئاویی خۆی له بەرامبەر عێراق دەكردەوە.[4]

سەبارەت بەو سیاسەته ئاوییەی توركیا، عێراق و سوریا هەریەكەو به جیا یادداشتنامەیەكی جیاوازییان پێشكەش به كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی كردو له هەمان كاتیشدا دەستیان كرد به هاندانی كۆمپانیا نێودەوڵەتییەكان، كه پێوەندیی خۆیان به

---

[1] د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية لحوضى دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية، ط1، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2011، ص(174-176).

[2] بڕوانه یادداشتی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ حكومەتی توركیا، ژ(66012/1/1/8/7) له رۆژی(1996/1/4)، دەق له د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية، ص519.

[3] د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية، ص177.

[4] بڕوانه یادداشتی وەزارەتی دەرەوەی توركیا بۆ وەزارەتی دەرەوەی عێراق ژ(96/17/6600)، دەق له له د.سليمان عبدالله اسماعيل: السياسة المائية، ص(523-525).

پرۆژەکانی تورکیاوە بپچڕێنن، وەك ڕێزگرتنێك لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، تا کاتێك دەگەنە ڕێکەوتننامەیەکی سێ قۆڵی بۆ دابەشکردنی پشکی ئاو بەشێوەیەکی داوەرانە.[1]

ئەوی پێوەندی بەرۆڵو کاریگەری PKK هەبێت لەسەر پێوەندی ئابووریی و بازرگانیی و کێشەی ئاویی نێوان تورکیاو عێراق لێرەدا باسمان نەکردووەو بەپێویستمان زانیوە لەباسی سێیەمی ئەم بەشەدا شیبکەینەوە.

[1] عماد الضمیری: ترکیا والشرق الاوسط، ص72.

## باسی دووەم- کاریگەریی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق

لە دروستبوونی کۆماری تورکیاوە، کێشەی کورد یەکێك بووە لە فاکتەرە کارتێکەرەکان لەسەر ئاستی نێوخۆیی‌و پێوەندییە دەرەکییەکانی ئەو وڵاتە، بەجۆرێك لەسەر ئاستی نێوخۆیی چەندین شۆڕش‌و راپەڕینی کوردیی دژ بە دەسەڵاتدارە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا ئەنجام دراوە. لەسەر ئاستی دەرەوەش کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەکیی‌و پێوەندییە هەرێمیی‌و جیهانییەکانی تورکیا دروستکردووەو ئەو وڵاتەی ناچار کردووە پەنا بۆ هاریکاریی وڵاتانی هەرێمیی‌و دراوسێی ببات بۆ رووبەڕووبوونەوەو تەوقدانی ئەو مەترسییە. ئەم کاریگەرییە تەنها لەسەر پێوەندی سیاسیی ئەو وڵاتە نەمایەوە، بەڵکو کاریکردە سەر پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانیش، بەتایبەت بە وڵاتانی دراوسێیەوە.

لە سەرهەڵدان‌و دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)یشەوە، وەك پارتێکی سیاسیی‌و چەکداریی چالاك ئەم کاریگەرییە زیاتر بوو، لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا گوشاری گەورەی دروستکرد، چونکە لە دوای راپەڕینەکەی(سەید رەزای دەرسیم)ەوە لە (1937-1938)، یەکەمین جوڵانەوەی سیاسیی‌و چەکداریی کوردی بوو، کە بەو شێوازو قەبارەو کاریگەرییە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا دەربکەوێت، بەدیاریکراویش لە رۆیشتنی سەرکردایەتی‌و ئەندامانی ئەو پارتە لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان‌و سەرەتای هەشتاکان بۆ سوریاو کردنەوەی چادرگەی سەربازیی‌و راهێنانی چەکداریی لە دۆڵی(بیقاع)ی لوبنانی ژێر دەسەڵاتی سوریا لەو قۆناغەداو بەتایبەتیش جاڕدانی خەباتی چەکداریی. لەبەرئەوە لەو دیرۆکانەوە تورکیا ناچار بوو مامەڵەو سیاسەتی خۆی لەسەر ئاستی نێوخۆیی‌و هەرێمیی بەرامبەری بگۆڕێت، چونکە PKK توانی بە چوونی بۆ سوریاو دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی کێشەی کورد بباتە نێو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوەو قورسایی لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا دروست بکات.

### تەوەری یەکەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر ئاسایشی سنوورو پێوەندیی سیاسیی:

بەر لە ساڵی 1980 مەسەلەی ئاسایشی سنوور یەکێك لەو پرسانە بوو، کە لە پێوەندییە هەرێمییەکانی نێوان توکیاو عێراقدا رەنگیدا بووەوەو کاریگەریی هەبوو، بەجۆرێك لە مانگی(حوزەیرانی 1976)و لە کاتی سەردانی وەزیری نێوخۆی عێراق بۆ تورکیا، رێکەوتننامەیەك لە نێوان هەردوو وڵاتدا سەبارەت بە هاریکاریی وەزارەتی نێوخۆی هەردوولا ئیمزا کرا. تێیدا باس لە هاریکاریی دەزگە تایبەتمەندەکانی هەردوولا کرا بوو، سەبارەت بە مەسەلەکانی ئاسایشی سنوورو پێکهێنانی لیژنەی باڵای هاوبەش بۆ ئەو

مەبەستە. هەروەها سەردانێکی ئاڵوگۆڕیش لە نێوان ژمارەیەك بەرپرسی کارگێڕیی‌و سەربازیی هەردوو وڵات لە نێوچە سنوورییەکان ئەنجامدراو تێیدا مەسەلەکانی دزیکردن‌و هەڵهاتن‌و گردبوونەوە دوژمنکارییەکان خرابوونە بەرباس.[1] لە ساڵی 1978دا (کەنعان ئەڤەرین)ی سوپا سالاری تورکیا سەردانی عێراقی کردووەو بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش دراوە بۆ ئاسایش‌و هەواڵگریی. هەر لەو سەردانەدا هەردوو وڵات ڕێگەیان بەیەکتری دا، کە بە قووڵایی(17کم) بچنە نێو خاکی یەکترییەوە بۆ ڕاوەدوونانی جوداخوازەکان، کە مەبەستی تورکیا PKKو ڕێکخراوە کوردییەکانی تر بوو.[2] هەروەها سەرۆکی دەزگەی سیخوڕیی تورکیا(میت) سەردانی بەغدای کردو ماوەی(6) شەش ڕۆژی خایاند، لەمبارەوە(عەلی حەیدەر ئۆزکان)ی سەرۆکی دەزگەکە ڕایگەیاند: کە وتووێژەکان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئیجابی بووەو ڕاستەوخۆ دواتر کەنعان ئەڤەرین سەردانی فەرمی عێراقی کردووە ئەویش سەردانەکەی ماوەی(3)ڕۆژی خایاندووەو ئامانجی قووڵکردنەوەی پێوەندییە سەربازییەکانی هەردوولا بوو. هەر لەو ماوەیەداو لە ڕۆژی(1979/4/20) جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشیی سنووری نێوانیان سەردانی بەغدای کرد.[3] کاتێکیش کودەتاکەی(12ی ئەیلوولی 1980) لە تورکیا ڕوویدا(عیزەت ئیبراهیم)ی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق سەردانی تورکیای کرد بۆ تەواو کردنی ڕێ‌و شوێنی ئاسایشی نێوانیان بە ئامانجی لە نێو بردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق‌و تورکیاو ئاڵوگۆڕی زانیاری دەربارەی گرووپە چەکدارەکان‌و جموجوڵەکانیان لە نێوان هەردوو وڵاتداو لە ساڵی 1982 بۆ هەمان مەبەست(تەها یاسین ڕەمەزان)ی جێگری یەکەمی سەرۆك وەزیرانی عێراق سەردانی ئەنقەرەی کردو ئیمزای لەسەر ڕێکەوتننامەیەکی نهێنی کرد، کە نێوەڕۆکەکەی پێکهاتبوو لە:

1. ڕێگە بە هێزی هەردوو وڵات درا بوو بچنە نێو خاکی یەکترییەوە بۆ دژایەتی‌و پەیگیریی تیرۆریستان.
2. هاریکاریی‌و هەماهەنگی ئاسایشیی لە نێوان هەردوو وڵات‌و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی بە مەبەستی لە نێوبردنی شیوعییەت‌و هزرو چالاکی ڕوخێنەرو ڕێگریکردن لە هەوڵی دزەکردن‌و تێکدان‌و شوێنکەوتنی ئەنجامدەرانی.

[1] وزارة الداخلية، مديرية الامن العامة العراقية، الشؤون السياسية، الشعبة الثالثة، ايلول 1977، مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق، جامعة دهوك، سلسلة الكتب والملفات الوثائقية، رقم(11)، ط1، دهوك، 2008، ص11.

[2] د.حامد محمود عيسي: القضية الكردية فى تركيا، ط1، مكتبة مدبولى، القاهرة، 2002.ص284، و 19. کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و.لەفارسییەوە(ئەکرەمی میهرداد)، ب(1)، چ1، چاپو پەخشی نما، سلێمانی، 2002، ل(73-74).

[3] د.جرجيس حسن: تركيا فى الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط الشاه، ط1، 1990، ص(47-48).

3. رادەستکردنەوەی تۆمەتبارو یاخیبووان لە کاتی دەستگیرکردنیان‌و ڕێگەدان بە هێزی هەردوولا پەیگریی لە نێو خاکی یەکتریدا بکەن، واتە ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی دەزگەی ئاسایشیی بۆ شوێنکەوتنی چالاکی بەرهەڵستکارە سیاسییەکان.[1]

بێگومان کاریگەریی PKK لە پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق پێوەندی هەبوو بە بوونی سنووری هاوبەش بە درێژایی(377 کم)و زۆربەی ئەو سنوورەش بە نێوچە کوردییەکاندا درێژ دەبێتەوەو خاوەن سروشتێکی تۆبۆگرافیای شاخاوی سەختە، کە چاودێرێکردن‌و کۆنترۆڵکردنی جموجوڵە تاکەکەسیی‌و گروپە چەکدارییەکان لەو سنوورانەدا کارێکی ئەستەم‌و قورس دەکات. هەروەها عێراق وەك تورکیای دراوسێی لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی(1921) چەندین جوڵانەوەی چەکداریی کوردی بەخۆوە بینیوە.[2] لە دروستبوونی(PKK) ەشەوە، تورکیا بە دوو ئاراستە دژی ئەم پارتە کاریکردووە، یەکەمیان: بەرپاکردنی شەڕی خوێناویی لە نێوخۆو دووەمیان: گوشار خستنەسەری بۆ چوونە دەرەوەی ئەو پارتە لە نێو خاکی تورکیا بۆ وڵاتانی دراوسێ، چونکە لەلایەك پێی وابوو لە حاڵەتی دووەمدا دەتوانێت بە هاوکاریی ئەو وڵاتانە چارەسەری مەترسییەکانی ئەو پارتە بکەن‌و رووبەڕوویان ببنەوە، لەلایەکی تریشەوە خاکی ئەو وڵاتانە ببێتە گۆڕەپانی شەڕو پێکدادانی چەکداریی‌و ئەوانیش ناچار دەبن دەریان بکەن، یان ڕێگە بدەن بە تورکیا هێزی سەربازیی بنێرێت بۆ لەنێوبردنیان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە دەتوانن ئەو پارتە وەك دەستی دەرەکی لە قەڵەم بدەن، بەوەی وڵاتانی هەرێمیی هاوکاریان دەکەن.[3] ئەمەش دەچێتە خانەی ئەو ستراتیژەی تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەیدا، کە پێیدەوترێت(ئاودیوکردنی قەیرانەکان).[4] بەتایبەت راستەوخۆ دوای جاڕدانی خەباتی چەکداریی داو ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی لە نێوچەکانی شیرناخ‌و ئەروە، (کەنعان ئێڤرن) رایگەیاند:"هێندێك ناپاك بۆ دەرەوەی تورکیا هەڵهاتوون‌و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی

---

[1] ن.م، ص(66-69).

[2] د.خليل على مراد: الموقف الاقليمي من الحركة الكردية المسلحة فى تركيا 1984، مج(دراسات اقليمية)، ع(3) سنة(3)، حزيران 2005، ص3، ود.حنا عزو بهنان: قضية حزب العمال الكردستانى وانعكاساتها على العلاقات العراقية- التركية(1984-2007)، مج(دراسات اقليمية)، ع(12)، 2008، ص101.

[3] پەروێز رەحیم‌و نەجات عەلی: کاریگەرییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان، چ1، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2011، ل(121-122).

[4] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، الواقع الراهن واحتمالات المستقبل، التغيير، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2009، ص(190-192).

بیانی هاریکاریی دەکەن‌و دەیانەوێت تورکیا بگێڕنەوە بۆ ئەو قۆناغەی، کە کودەتاکەی تێدا ئەنجام درا. ئەوانە هاوکاریی دەسەڵاتی بیانی دەکەن".[1]

بەهۆی سەرقاڵبوونی عێراق بە شەڕەوە لەگەڵ ئێران لە ماوەی ساڵانی نێوان(1980-1988)و چالاکیی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لەو وڵاتە، نێوچەیەکی سنووریی فراوانی لە دەستدا بوو، یاخود کۆنترۆڵی بەسەرییەوە لاواز بوو. بۆیە رێگەی بە تورکیا دابوو لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی سنووردا، چاودێری جموجوڵ‌و چالاکییەکانی PKK بکات. ئەمەش لە دوولاوە سوودی بۆ عێراق هەبوو، لەلایەك لەگەڵ ئێران لە شەڕدا بوو، کە توانای پارێزگاریکردنی لەو نێوچە سنووریانە نەبوو. لەلایەکی تریشەوە PKK پرسی بە بەغدا نەکرد بوو، کە هاتبووە ئەو نێوچە سنوورییانە.[2] هاوکات لوتکەی هاریکاریی‌و نزیکبوونەوەی هەردوو وڵات، دوای دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK بوو لە رۆژی(15ی ئابی 1984)دا، چونکە دەسپێکی ئەو خەباتە چەکدارییە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی چەکداریی بوو دژی ئامانجە سەربازیی‌و ئاسایشییەکانی تورکیا لە نێوچە کوردییەکان‌و نێوچە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراق. جگە لەوەی بەدوای ئەمەداو لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، سێ ئەندامی بەرپرسی پاسەوانەکانی(کەنعان ئێڤرن)یان لە یۆکسکۆڤا کوشت‌و دواتریش لە بۆسەیەکدا لە هەکاریی‌و یوکسکوڤا(8) سەربازی تری تورکیایان لە نێوبرد.[3] رەنگدانەوەی جاڕدانی خەباتی چەکداریی‌و ئەو چالاکییانەی تر، کە ئەنجامدران، تورکیای ناچار کرد لە چوارچێوەی پێوەندییە هەرێمییەکانیدا لەگەڵ عێراق رێکەوتننامەیەك بە نێوی(راوەدوونانی گەرم) لە رۆژی(15 تشرینی یەکەمی 1984) ئیمزا بکات، کە ئەم خاڵانەی لە خۆگرتبوو:

1. رێکەوتن لەسەر لە نێوبردنی چەکدارە تێکدەرەکان لەسەر بنەمای پێوەندیی دۆستایەتی‌و هاریکاریی هەردوو وڵاتی دراوسێ‌و لە پێناوی ئاسایش‌و سەقامگیریی لەسەر سنووری هاوبەشیی هەردوولا.[4]
2. رێکەوتن لەسەر گرتنەبەری رێ‌و شوێنی پێویست لەسەر بنەمای مامەڵەکردنی هاوشێوە، کە رێگە بەهێزی هەردوولا بدات، پەیگیریی یان راوەدوونان ئەنجام بدەن

(1) بیار مصطفى سیف الدین: کێشەی کورد لەپێوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، و.لەعەرەبییەوە(سەرمەد ئەحمەد)، چ1، چا(هاوسەر)، هەولێر، 2009، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ل(181-182).

(2) مايكل ج جونتر: العامل الكوردي فى السياسة الخارجية التركية، من كتاب هنرى باركى واخرون: القضية الكوردية فى تركيا، ط1، ص108.

(3) بیار مصطفى سیف الدین: کێشەی کورد لەپێوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، ل181.

(4) د. احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية التركية، ص(230-231).

**بۆ شوێنکەوتنی گروپە تێکدەرەکان لە خاکی وڵاتەکەی ترو لە کاتی پێویستدا بۆ ماوەی(15کم)و (3) ڕۆژ.**[1]

3. **ڕێکەوتن لەسەر هەماهەنگیی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی تایبەت بە مەبەستی گرەنتی ئاسایش و سەقامگیریی لە نێوچە سنوورییەکانی هەردوولادا.**[2]

**بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی گرێدانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، کاریگەریی PKK بوو لە سەر بواری ئاسایشی سنووری تورکیا و عێراق، چونکە سەرباری ئەوەی تورکیا پێویستیی بە عێراق هەبوو لە چوارچێوەی پێوەندیی هەرێمیدا بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی ئەو پارتە، هاوکات عێراقیش پێویستی بە دۆستایەتیی تورکیا بوو، لەبەرئەوەی لە شەڕدا بوو لەگەڵ ئێران، بەو هۆیەشەوە نێوچەیەکی گەورەی چۆڵکرد بوو، یاخود کۆنترۆڵی بەسەرییەوە لاواز بوو، پارتە کوردییەکانیش ڕێگەیان بە PKK دابوو بنکەو بارەگە لەو نێوچانە بکەنەوە.[3] بەڵام تورکیا لە نێوان ساڵانی(1987-1988) سێ جاری تر بە ڕەزامەندی عێراق هاتۆتە نێو خاکی ئەو وڵاتەوە بۆ ڕاوەدوونانی PKK.[4] لە سەروبەندی هاتنەئارای شەڕی کەنداو، لەلایەك بەهۆی بەشداریکردنی تورکیا لە هێرش و پەلاماری سەر عێراق و لەلایەکی ترەوە بەهۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کوردانی باشوور لە بەهاری(1991)دا، پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق ئاڵۆزی تێکەوت و تێکچوو. بەتایبەتیش ڕزگاربوونی باشووری کوردستان و دەرکەوتنی وەك قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پێکهێنانی دامو دەزگەی بەڕێوەبردن و حکومەت و نزیکیی لە تورکیاوە لە ڕووی جوگرافییەوە، ئیتر لەم قۆناغەوە لە پرسی ئاسایشیی سنوورو PKK دا زیاتر پێوەندییەکانی بە هەرێمی کوردستانەوە گرێداو مامەڵەی لەگەڵدا کردن، چ وەك پارت و چ وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە لێرەوە پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراق لەم ڕووەوە کەمتر بووەوە.[5] ئەگەرچی هێندێك جار تورکیا عێراقی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە پارێزگاریی لە ئەندامانی PKK دەکات و چاوپۆشییان لێدەکات لە کاتی پەڕینەوە لە نێوچە سنوورییەکانی هەردوولا،[6] بەڵام یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پێوەندی تورکیا و عێراق ئەوەیە، کە هیچ لایەکیان هەوڵی بەکارهێنانی کارتی کوردیی دژی ئەویتر نەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە هەستکردنیان بە مەترسیی جوڵانەوەی سیاسیی و چەکداریی کورد هاریکاری یەکترییان**

---

[1] د.احمد عبدالعزيز: تركيا فى القرن العشرين، ص213.

[2] واثق محمد السعدون: البعد الامنى فى العلاقات العراقية- التركية، مج(دراسات اقليمية)، ع(17)، سنة(9) ص 33.

[3] ميخائيل م. جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا، ت(د.سعاد ابراهيم خضر)، ط1، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، 2007، ص143، و فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ص77.

[4] واثق محمد براك السعدون: مستقبل العلاقات العراقية- التركية فى ظل تحديات الامن الاقليمى، مج(دراسات اقليمية)، ع(31)، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، 2013، ص303.

[5] د.خليل على مراد: الموقف الاقليمى، ص5.

[6] خلود محمد خميس: سياسة تركيا الاقليمية تجاه العراق للحقبة 1991- 2003، مج(الاستاذ)، ع(72)، جامعة بغداد، 2008، ص574.

کردووەو لەسەر ئاستی هەرێمیی رێکەوتننامەشیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە ئیمزا کردووە.[1]

لەمبارەوە باس لە بوونی پێوەندیی لە نێوان عێراق‌و PKK دا دەکرێت‌و هاوکات هێندێك بەڵگەنامەی دامودەزگە ئاسایشیی‌و فەرمییەکانی حکومەتی عێراق خراوەتەڕوو لەسەر ئەو پێوەندیانە، کە تێیاندا باس لە پێویستیی دروستکردنی پێوەندیی لەگەڵ PKK دا بەشێوەیەکی زۆر نهێنی، کە تورکیا پێی نەزانێت، بە هۆی هاتنە پێشەوەی بارودۆخی نوێ‌و لە پێناوی سوود وەرگرتن لێیان.[2] لە بەڵگەنامەیەکی تردا ئاماژە بە نێوی ئەو سەرکردانەی PKK کراوە، کە پێوەندییان هەبووە، یەکێکیان نێوی(بۆتان)، کە بەرپرسی بارەگەی ئەو پارتە بووە لە نزیك گوندی(کەشان)و سەرپەرشتیاری کردە گەریلاییەکان بووە لە نێو خاکی تورکیا لەو نێوچەیەوەو دووەمیان نێوی (ئومێد)، کەسی دووەم بووە دوای بۆتان‌و شەوی(1990/9/22) لە نێوەندی ئاسایشیی سندی بەرپرسانی ئاسایشی حکومەتی عێراقیان بینیوەو بۆتان هێندێك زانیاری ئاسایشی‌و سەربازیی دەربارەی رێو شوێنی گەریلایی خۆیان‌و شوێن‌و بنکەی فڕۆکەوانی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە نێو خاکی تورکیاو ژمارەی هێزەکانی سوپای تورکیا لەو بنکانە پێداون.[3]

هەروەها ئەوەش دەوترێت، کە لە بەرامبەر وەرگرتنی یارمەتی لە بەغدا، PKK زانیاریی لەسەر پارتە کوردییەکانی باشوور دابێتە حکومەتی عێراق،[4] بەڵام(رەزا ئاڵتون)، کە خۆی ماوەیەك بەرپرسی پێوەندییەکانی PKK بووە باس لەوە دەکات، کە پێوەندیی ئەوان‌و عێراق دوای هاتنە ئارای جەنگی دووەمی کەنداو بووەو گرێدراوی یەك دیدار بوو، نەك پرۆتۆکۆڵ بێت، هۆکاری دروستبوونی ئەو پێوەندییەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە، کە ئەو شوێنانەی بۆ شەڕی گەریلایی لەو قۆناغەدا بەکاریان دەهێنا سوریاو نێوچە سنوورییەکانی باکوورو باشووری کوردستان بوون، بۆیە ئەگەر ئەو شوێنانە نەبووایە، ئەوا نەیان دەتوانی شەڕی گەریلایی بکەن‌و بەشێك لەو نێوچانەش لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراقیدا بوو، بۆیە هێندێك جار رێگەیان پێدەدان لەو نێوچانەوە

---

[1] د.خلیل علی مراد: الموقف الاقلیمی، م.س، ص3.

[2] نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی نێوچەی ئۆتۆنۆمی، ژ(8000)، دیرۆکی(1990/9/9) بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(8) لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان. ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

[3] نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی زاخۆ، ژ(181)، لە دیرۆکی(1990/9/23)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(9)، لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان. ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

[4] David Romano: The Kurdish Nationalist Movement, Opportunity, Mobilization and Identity,CAMBRIDGE UNIVERCITY PRESS, p58.

**هاتووچۆ بكەن.[1] هەر لەم روووەوە(محەمەد ئەمین پێنجوێنی)یش ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە:" لەو نێوچە سنوورییەكان مەفرەزەیەكی گەریلاكانی PKK لەلایەن سوپای عێراقییەوە دەستگیر دەكرێن، دوای گفتوگۆی بەرپرسانی هەردوولا لەسەر ئەوە رێك دەكەون، كە لە كاتی تێپەڕ بوون بەو سنوورانەدا سوپای عێراق لێیان نەدەن و ئەمانیش هێرش نەكەنە سەریان".[2] هەروەها (رەزا ئالتون)ئاماژە بۆ ئەوەش دەكات، كە لە ساڵی 1997 جارێكی تر لەگەڵ حكومەتی عێراق پێوەندیان دروستكردۆتەوە، پێوەندییەكەش دەگێڕێتەوە بۆ مەسەلەی گرفتی كەمپی ئاوارەكانی(مەخمور)، كە نزیكەی(11) هەزار كەسی تێدا بووەو لە بەردەم مەترسیی برسێتی و هێرشیی تانكەكانی سوپای توركیادا بووە، بە هۆی دەست كێشانەوەی UN لە دەستگیرۆیی كردنیان و هاتنی سوپای توركیاش بۆ نێو خاكی باشووری كوردستان، كە بەهۆی قەبوڵ نەكردنی یەكێتی بۆ لە خۆگرتنی ئەو كامپە، PKK ناچار بووە پەنا بۆ حكومەتی عێراق ببات، چونكە لەو دۆخەدا كامپەكە لەبەردەم دوو ئەگەردا بوو: یان رادەستكردنەوەی بە توركیا یان كەوتنە ژێر دەسەڵاتی پارتی و توركیا، كە هیچیان لە قازانجی PKK و خەڵكی نێو كامپەكەش نەبوو.[3]**

**گۆڕانی هەڵوێستی توركیا لەكاتی جەنگی دووەمی كەنداو بەرامبەر عێراق، سەرباری بەشێكی زۆر لەو زانیاریانەی پێشتر باسمان كرد، بێگومان كاریگەریی PKK ی پێوە دیار بوو، چونكە لەبنەڕەتدا توركیا ترسی هەبوو شەڕەكە ببێتە هۆی دابەشبوونی عێراق بۆ سێ نێوچەو باكووریش ببێتە نێوچەیەكی چۆڵ و سنووری وڵاتەكەی لەگەڵ عێراق بۆ هێڵی رووبەڕووبوونەوە بگۆڕێت، نەك تەنها لە ڕووی ئاسایشی دەرەكییەوە، بەڵكو لە ڕووی ئاسایشیی نێوخۆییشەوە.[4] بۆیە لەكاتی جەنگی دووەمی كەنداودا باس لە پرۆژەیەكی ئۆزال دەكرێت، بۆ دابەشكردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆی(كوردو عەرەب و توركمان)، بەجۆرێك(سلێمانی و هەولێر) بۆ كوردو موسڵ و كەركوكیش بۆ توركمان.[5] بە گوێرەی پرۆژەكە لە ڕێگەی بەرپاكردنی سیستمێكی فیدراڵییەوە هەرێمیی كوردو توركماننشین دەچنە سەر توركیا و فیدراڵیزمێكی كوردیی- توركیی لە كوردانی عێراق و**

---

[1] چاوپێكەوتن لەگەڵ(رەزا ئالتون)، قەندیل،(2014/4/28).

[2] چاوپێكەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەمین پێنجوێنی)، سلێمانی، (2013/11/30).

[3] چاوپێكەوتن لەگەڵ(رەزا ئالتون)، قەندیل،(2014/4/28).

[4] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتیجی، ص448.

[5] د.عونی عبدالرحمن السبعاوی: تاثیر القضیة الكردیة فی العلاقات العراقیة- التركیة(1990-2003)، فی كتاب: د.خلیل علی مراد واخرون: القضیة الكردیة وتاثیرها علی دول الجوار، 1994، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركیة، ص(185-186).

تورکیا لە خۆدەگرێت و تورکیا و سوریا و ئێرانیش گرەنتی ئەم کۆنفیدراڵییە بدەن،[1] بەڵام لە راستیدا ئەم پرۆژەیە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بە بۆچوونی تورکیا ئەم پرۆژەیە چەند ئامانجێکی هەبوو، لەوانە: لەخۆگرتنی نێوچەی موسڵ و کەرکوک، کە بەنەوت دەوڵەمەندبوون و دەمێك بوو تورکیا داوای دەکردنەوەو بە موڵکی خۆی دەزانین. جگە لە بڕینی رێگە لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی لە باشووری کوردستاندا. سەرەڕای ئەوەی بە چارەسەرێکی دادەنا بۆ کێشەی کورد لەسەر ئاستی نێوخۆی وڵاتەکەی.[2]

هەروەها ئۆزال لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ جەنراڵ نەجیب تورومتای و ئاکبۆڵت وتبووی: "ئەگەر بچینە باکووری عێراق، ئەوا بەسەر کوردانی ئەوێ و (PKK)شدا زاڵ دەبین، سەرەڕای چنگ کەوتنی کەرکوک و موسڵ".[3] لەبەرئەوەی ئۆزال پێی وابوو لەم دۆخەدا دەتوانن رێگە لە PKK بگرن، کە نێوچەی ئارام لە باکووری عێراق بۆ خۆی بدۆزێتەوە. سەرەڕای کەمکردنەوەی کاریگەریی چالاکیی کوردانی عێراق لەسەر PKK.[4]

**تەوەری دووەم- کاریگەریی PKK لەسەر پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق:**

یەکێك لەپاڵنەرە سەرەکییەکانی بێلایەنیی تورکیا لە حاست شەڕی عێراق- ئێران، سوود وەرگرتنی ئابووریی بوو لە میانەی پێوەندییەکانی بە هەردوو وڵاتەوە لەسەر ئاستی نەوت و بازرگانیی بە گشتیی و بە دیاریکراویش لەگەڵ عێراق. بۆیە سەرباری ئەوەی PKK کاریگەریی لەسەر بواری ئاسایشیی سنوورو پێوەندییە سیاسییەکانی هەردوولا هەبوو، هاوکات مایەی مەترسیی و کاریگەریش بوو لەسەر پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی نێوانیان، چونکە بەشێکی گەورەو سەرەکی بناغەی ئابووریی ئەو دوو وڵاتە نەوت بوو، بەشێوەیەك نەوتی عێراق لەرێگەی بۆرییەوە دەگەیشتە بەندەرەکانی جیهان و یومورتالیك و بە نێوچە سنوورییەکانی نێوانیاندا تێدەپەڕی، کەPKK دەیتوانی مەترسییان لەسەر دروست بکات. لەم بارەوە یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی PKK بەنێوی(هەڤاڵ خەمگین) ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە :"هێندێك جار هێرشکردنە سەر بۆری نەوتی نێوان تورکیا و عێراق روویداوە لە شەڕی ئێمەو تورکیادا، بەڵام ئێمە ئەوەمان وەك شتێکی ستراتیژیی لە رووی

(1) د.السيد عبدالمنعم المراكبى: حرب الخليج الثانية والتكامل الوطنى فى العراق(الاكراد– دراسة حالة) 1988–1996، ط1، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة، دراسات استراتيجية ومستقبلية، 2001، ص93.

(2) وسمى محمد الشمرى ومحمد حازم حامد الطائي: موقف تركيا من فيدرالية، ص278.

(3) د. احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية التركية، ص(102–103).

(4) هنرى ج باركى: العراق وجيرانه، تركيا والعراق اخطار وامكانيات الجوار، معهد السلام الامريكى، تقرير خاص،www.usip.org/sites/default/files/resources/sr141_arabic.pdf

**ئابوورییەوە سەیر نەدەکرد، هەرچەندە دەمانتوانی تەنانەت لە نێوخۆی تورکیاشدا زیان لە ئابووری ئەو وڵاتە بدەین".[1]**

**هەروەك ڕێکەوتننامەی(راوەدوونانی گەرم)، کە لە ساڵی(1984)دا لە نێوان هەردوولادا ئیمزاکراو لەڕووی ئاسایشی سنوورەوە سوودی هەبوو، هاوکات لەڕووی پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانیشەوە بە کەڵك بوو، لەبەرئەوەی ئامانج لە رازیبوونی عێراق بە هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکەکەی بە مەبەستی راوەدوونانی چەکدارانی PKK، پارێزگاریکردن بوو لە بۆرییە نەوتییەکانی لەگەڵ تورکیادا. بەتایبەت کە ڕێژەی هەناردەنی نەوت گەیشتە(1.5) ملیۆن بەرمیل رۆژانە.[2] سەرەڕای ئەوەی دواتر ڕێکەوتننامەکە بە سوود بوو، لە ڕووی دڵنیایی ناردنی نەوتی عێراق لە کێڵگەکانی کەرکوك بۆ بەندەری یومورتالیك و هەروەها دڵنیایی بازرگانیی نێوانیان بە ڕێگەی وشکانیی.[3]**

**وێڕای ئەمانە تورکیاو عێراق پێیان وابوو لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێراندا پرۆسە چەکدارییەکانی PKK کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هەبووە. ئەوەش بە سوود وەرگرتن لەدۆخی شەڕو جێگیربوونیان لە نێوچە سنوورییەکانی هەردوو وڵات، بەجۆرێك لەوێوە دژی ئەو بەرژەوەندییانە پرۆسەی چەکدارییان ئەنجام دەدا.[4] لە راستیشدا PKK کاریگەریی دروستکرد بوو. تەنانەت تورکیا لەساڵی 1992 خاڵی سنووریی(خاپوور)ی لەگەڵ عێراق داخست. ئەوەش دوای کاریگەریی راپۆرتێکی سەربازیی سوپای تورکیا هات، کە تێیدا باسی لەوە کرد بوو، بەشێك لە پارەی گومرك و دەسکەوتی بازرگانیی، کە جوڵەی ڕێڕەوەکە دەستەبەری دەکات، دەچێتە گیرفانی ئەو پارتەوە. بۆیە ئەو خاڵە سنوورییە بەداخراویی مایەوە، تا لە رۆژی(1994/8/24) جارێکی تر کرایەوە.[5]**

**هەروەها لەو ماوەیەداو لە بەرامبەر سیاسەتی خراپی تورکیا بەرامبەر پارتەکەیان، لەسەر ئاستی نێوخۆو دەرەوەش، PKK کۆمەڵێك چالاکی ئەنجامداو کاریگەرییەکەی لەسەر بواری ئابووریی و بازرگانیی زەق بووەوە، بۆ نموونە لەسەر ئاستی نێوخۆ، تا کۆتایی ساڵی 1993، نزیکەی(20) گەشتیاریی بیانی رفاندو دواتر ئازادیکردن، ئەوەش وەك هەڵمەتێکی میدیایی بوو. هەر بەهۆی کاریگەریی PKK ەوە ژمارەیەك کۆمپانیاو**

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(هەڤاڵ خەمگین)، لە رۆژی(2014/4/27)، قەندیل، نێوبراو لە ساڵی 1960 لە دیار بەکر لە دایکبووەو لە ساڵی 1987 ەوە پێوەندی بە PKK ەوەو لە نێوان ساڵانی(1990–1997) لە خەباتی چەکدارییدا بەشدار بووەو پلەی فەرماندە بووە.

[2] درية عونى: عرب واكراد، خصام او وئام، دار الهلال، 1993، ص135.

[3] د.حنا عزو بهنان: قضية حزب العمال الكردستانى، ص104.

[4] د.خليل على مراد: الموقف الاقليمي من الحركة الكردية، ص4.

[5] د. احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية التركية، ص153.

دامەزراوەی ئابووریی، بەهۆی نەبوونی ئارامیی‌و ئاسایش لە نێوچەکەدا، تورکیایان جێهێشت. بە کرداریش چەند لقێکی بانکەکان رۆیشتن‌و کاریی گەشتیاریی راوەستاو ئەو پرۆژانەش، کە تەواو نەکرا بوون وەستێنران. تەنانەت کارکردن لە پرۆژەی گاپیشدا وەستا. لەکانوونی دووەمی 1994 دا PKK بۆری نەوتی(کەرکوك- یورمورتالیك)ی لەنێو خاکی تورکیادا تەقاندەوەو چاککردنەوەشی بە یەك ملیۆن دۆلار مەزەندە کرا. بەم جۆرە PKK کاریگەریی لەسەر تەواویی پیشەسازیی نەوتی تورکیا دروستکرد، کە نزیکەی(90٪)ی بەرهەمی نەوتی تورکیا لە نێوچەی(باتمان)دا بوو.[1] تەنانەت بە گوێرەی هێندێك سەرچاوە تورکیا بەهۆی راگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK ەوە ساڵانە هەشت ملیار دۆلار خەرج دەکات‌و بەسەر پاسەوانانی گوندو پۆلیس‌و زیندانیی‌و سیخوڕ لە باکووری عێراق دابەش دەکات.[2]

رەزا ئاڵتون باس لەوە دەکات، کە :"لە ستراتیژی پارتەکەیاندا نەبوو، کە زیانی گەورە لە ئابووری تورکیا بدەن، بەڵکو وەك کارتێکی گوشار هەڵوێستیان هەبوو. لەلایەکی دیکە PKK لە بەرنامەیدا نەبوو روبەری ململانێ‌و روبەڕووبوونەوەکانی خۆی جگە لە تورکیا لەگەڵ عێراقیشدا فراوان بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیویست سوود لە عێراق وەربگرێت".[3]

**تەوەری سێیەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر کێشەی ئاویی نێوان تورکیاو عێراق:**

یەکێك لەئامانجە ستراتیژییەکانی تورکیا لە جێبەجێکردنی پرۆژەی گاپ، سیاسیی بوو. بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە دەرامەتە ئاوییەکانی‌و بە دیاریکراویش لەچوارچێوەی پێوەندییە هەرێمییەکانی، بە مەبەستی رۆڵبینیی هەرێمیی لە نێوچەکەو لە هێندێك کاتیشدا بەکارهێنانی وەك کارتی گوشار لە ململانێ‌و کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بەتایبەت لەگەڵ سوریاو لە مەسەلەی پرسی PKK دا. هاوکات هێندێك توێژەر وای بۆدەچن، کە لەگەڵ عێراق‌و بە دیاریکراویش لە کاتی گرتنەوەی ئاو بۆ ماوەی مانگێك بە بیانووی پڕکردنی گەنجینەی بەنداوی ئەتاتورك لەو مەبەستە تێپەڕیوە، بەڵکو ئامانجێکی تری سیاسیی هەبووەو پێوەندیی بەوەوە هەبووە، کە بڕیارسازانی دەوڵەتێك هەستێت بە یاریکردن بە ژینگەی دەوڵەتێکی تر. مەبەستیی تورکیاش بوونی بنکەو بارەگە

---

[1] لەو کۆمپانیایانەش، کۆمپانیای نەوتی مۆبیل(mobile) لقێکی لەشاری باتمان داخست. بڕوانە بیار مصطفى سيف الدين: کێشەی کورد لەپێوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، س.پ، ل(217-218).

[2] د.حسون جاسم العبيدى: حزب العمال الكردسانى وازمة الهوية، مج(السياسية والدولية)، ع(17)، جامعة المستنصرية، 2010، ص32، و د.حامد محمد طه السويدانى: قضية حزب العمال الكردستانى وثرها على العلاقات التركية- الروسية(1984-1999)، مج(دراسات اقليمية)، ع(29)، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، 2013، ص226.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەزا ئاڵتون)، قەندیل،(2014/4/28).

نهێنییەکانیPKK بوو لە سنووری باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی، کە لێیەوە چەکدارانی ئەو پارتە دزەیان دەکردو هێرشیان دەکردە سەر ئامانجە سیاسییو ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە. تورکیا ئەم فشارەی بۆیە بەکاردەهێنا، بۆئەوەی هەریەکە لە سوریاو عێراق پاسەوانیکردنی ئەو سنوورانە بگرنە ئەستۆو ڕێگە بگرن لە دزەکردنی چەکدارانی پارتی نێوبراو.[1] لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا PKK چەندین چالاکی چەکداریی ئەنجامدا بوو، بەجۆرێك کارگەیشتە ئەوەی بەنداوی ئەتاتورکیش بکرێتە ئامانج.

هەروەها هەر دوای(4) ڕۆژ لەبڕیاری ڕاگرتنی ئاو لەلایەن تورکیاوە بۆ ماوەی مانگێك، PKK هێرشی چەکداریی ئەنجامداو بووە هۆی کوژرانی(28)کەس لە گوندێکی سەر سنووریی تورکیاو عێراق. بۆیە ڕاگرتنی ئاوەکە ئەگەر پاڵیشی بە عێراقەوە نابێ بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنی سەربازیی دژی ئەو پارتە، ئەوا ڕووداوەکە بۆخۆی ئاماژەگەلێکی ژینگەیی هەیەو پێوەندیی بەشەڕی ژینگەییەوە هەبووە.[2] بەڵام عێراق، بەکارهێنانی ئاوی وەك چەکێك لەلایەن تورکیاوە، لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیدا ڕەتدەکردەوەو وایدەبینی تێگەیشتنی هەر سێ وڵاتو گەیشتنە ڕێکەوتن، کە پشکی ئاو لە دەرامەتی ئاویی دیجلەو فورات دیاری بکات، دەکرێت ببێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ بە هێزکردنی ڕێگەی هاریکاریی نێوانیانو ئاسۆیەکی نوێ لە پێوەندییەکانیان بکاتەوە، بەشێوەیەك لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتییو پێوەندیی دراوسێباشییی دامەزرا بێت.[3]

---

[1] د.احمد نوری النعیمی: العلاقات العراقیة الترکیة فی مجال المیاه، ص37.

[2] یاسر محمد علیوی: متغیر المیاه فی العلاقات العراقیة– الترکیة، ص258.

[3] د.سلیمان عبدالله اسماعیل: السیاسة المائیة، ص181.

## باسی سێیەم- کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان

### تەوەری یەکەم- سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان:

لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە (1923)، ئەو وڵاتە جگە لەوەی دژی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوو لەسەر ئاستی نێوخۆیی وڵاتەکەی، هاوکات نەیارێکی سەرسەختی هەموو بزووتنەوەیەکی کوردایەتیش بووە لە عێراقو نێوچەکەو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانداو بە شێوەیەکی کرداری بەشداریی لە سەرجەم ئەو پەیماننامەو رێکەوتننامەو هاوپەیمانێتییە هەرێمییانەدا کردووە، کە دژ بە کورد بوون، لەوانە بەشداریکردن لە سەعد ئاباد 1937و پەیمانی بەغدا لە (2/24/ 1955).[1]

کاتێکیش شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان سەریهەڵدا تورکیا سنوورەکانی خۆی بە ڕووی چەکدارانی کورددا داخستو هێزی ژاندارمەو سوپاشی لەسەر سنووری هەردوو نێوچەکە خستە ئامادەباشییەوە بۆ ئەوەی پێش بەوە بگرن یارمەتییان لە خاکی وڵاتەکەیەوە پیٚ بگاتو رێگەش نەدات ئاوارە کوردەکان بێنە ناو خاکەکەیەوە.[2] بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی دەزگەی سیخوڕیی ئەمەریکا(CIA) لە رۆژی(1ی گوڵانی 1975)دا، کاتێك رێکەوتننامەی جەزائیر لە(1975/3/6)دا لە نێوان عێراقو ئێراندا دژی جوڵانەوەی کوردانی عێراق ئیمزا کرا، تورکیا پێشوازیی لەو رێکەوتننامەیە کردووە، لەبەرئەوەی ترسی هەبوو، کە شەڕی عێراقو کورد ببێتە هۆی ئەوەی، کوردانی وڵاتەکەی داوای مافی ئۆتۆنۆمی بکەن. هەر بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی تری ئەمەریکا، تەنانەت تورکیا لەبەر عێراق رێگری کردووە یارمەتی فریاگوزاریی نێو نەتەوەیی لە خاکی وڵاتەکەیەوە بۆ کوردانی عێراق بچێت.[3] هەندێك جاریش ئەگەر بەرژەوەندییەکانی پێویستیی کرد بێت، راستەوخۆ دەستێوەردانی کردووە بۆ رێگریکردن لە چارەسەربوونی کێشەی کورد لە عێراقدا، بەتایبەت کاتێك لە کۆتایی 1983 وتوتوێژەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو حکومەتی عێراق خەریك بوو دەگەیشتە ئەنجام، بەڵام تورکیا لە دواساتەکانداو لە ڕێگەی(وەحید خەڵەف ئۆغلو)ی وەزیری دەرەوەوە لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا دەستیوەردایە ئەو وتوێژانەوەو هەڕەشەی راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی لە عێراق کرد، ئەگەر بێتو لەگەڵ ئەو پارتەدا رێکبکەوێت،

---

[1] د.تلار علی امین: موقف ترکيا من القضية الکردية فی العراق(1937–1975)، ط1، مط(بينايي)، السليمانية، 2011، ص(131–132، 200)، و د.احمد نوری النعيمی: ترکيا وحلف شمال الاطلسي، ط1، مط(الوطنية)، عمان– اردن، الدار الوطنية للتوزيع والاعلان، بغداد، 1981، ص380.

[2] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە(6848) لە دیرۆکی(1974/3/15) دەق: لە شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمەریکا، ئا. لە ئینگلیزییەوە(وریا رەحمانی)، چ1، چا(تاران)، ئێران، 2013، ناوەندی ئەندێشە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، ل437.

[3] بۆ دەقی بەڵگەنامەکان بڕوانە شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمەریکا، ل(606،664).

**بۆیە توانی شکستی پێبهێنێت.[1] جگە لەوەی لە ڕۆژی(15ی تشرینی یەکەمی 1984) ڕێکەوتننامەی ڕاوەدوونانی گەرمی ئیمزا کرد دژی جوڵانەوەی کورد لە نێوچەکە.[2] سەرەڕای ئەوەی چەندین جار تۆپبارانی بنکەو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە نێوچە سنوورییەکانی خۆیو عێراق کردووە.[3] دوای شەڕی دووەمی کەنداویش ئەو ئاوارە کوردانەی عێراق، کە روویان لە سنوورەکانی تورکیا کرد، ئامادە نەبوو وەك پەنابەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکاتو تەنانەت چادرگەکەشیانی وەك چادرگەی پەنابەران ڕەتکردەوە، بەڵکو بە نێوی ئەو نێوچانەی، کە عێراقییەکان تێیدا نیشتەجێبوون بە شێوەی کاتیی لە قەڵەمدا.[4]**

**یەکێك لە هۆکارەکانی گۆڕانی سیاسەتیی تورکیا بەرامبەر عێراق لە شەڕی دووەمی کەنداودا، پێشبینییەکانی ئۆزالی سەرۆك کۆماری تورکیا بوو، کە پێی وابوو، شەڕێکی یەکلاکەرەوەو خێرا دەبێتو بە زوویی هاوپەیمانان حکومەتی عێراق دەڕوخێننو بەرژەوەندییە ئابوورییو سیاسییو هەرێمییەکانی تورکیا بەهۆی بەشداریکردن لە شەڕەکەدا دەستەبەر دەبێت،[5] بەڵام دوای ئەوەی ئەنجامی شەڕەکە بە ئاراستەی لێکدانەوەی ئۆزالو تورکیا نەکەوتەوەو بە پێچەوانەوە بووە هۆی پەلاماردانەوەی باشووری عێراق لەلایەن ڕژێمی بەعسو ڕوودانی کۆڕەو لە (1991/4/2)دا، بەجۆرێك ئاوارە بوونی نزیکەی ملیۆنو نیوێك لە دانیشتووانی باشووری کوردستانی بەرەو ئێرانو تورکیا لێکەوتەوە، لەو ژمارەیەش نیو ملیۆنیان ڕوویان لە سنوورەکانی تورکیا کردو قەیرانێکی مرۆیی گەورەی ڕووبەڕووی ئەو وڵاتە کردەوەو ئەو ناچاری کرد لە ژێر فشاری ڕۆژئاواو ناتۆدا سنوورەکانی بە ڕوویاندا بکاتەوە.[6] ئا لێرەوە دەرئەنجامی شەڕەکە تورکیای خستە بەردەم قەیرانێکی نوێو بەرژەوەندیی دژ بەیەك لە نێوچەکەدا. هاوکات بەهۆی بوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئۆزال ناچار بوو پێشنیازی دابینکردنی نێوچەی ئارام بۆ کوردانی عێراق بکات.[7] دواتر لە ڕۆژی(1991/4/5) ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتیی بڕیاری(688)ی دەرکرد، تایبەت**

---

(1) بیار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، ص167.

(2) د.حنا عزو بهنان: قضية حزب العمال الكردستاني، ص 103.

(3) بيار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، ص167.

(4) جيرارد شاليان: شعب بلا وطن، الكرد وكردستان، ت(عبدالسلام النقشبندي)، ط1، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، كردستان، 2012، ص368.

(5) بيار مصطفى سيف الدين: اتجاهات السياسة التركية نحو كردستان العراق في التسعينيات من القرن العشرين، مج(جامعة كركوك للدراسات الانسانية، ع(2)، مجل(4)، السنة(الرابعة)، 2009، ص100.

(6) بيار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، ص(169–170).

(7) د. احمد نوري النعيمي: العلاقات العراقية التركية، ص291، و د.السيد عبدالمنعم المراكبي: حرب الخليج الثانية، ص91.

**بە سەرکۆنەکردنی داپڵۆسینی خەڵکانی مەدەنی عێراقی بەگشتیو دانیشتووانی نێوچە کوردییەکان بەتایبەتو دابینکردنی نێوچەی دژە فڕین، لەبەرئەوە تادەهات ژمارەو قەبارەی ئاوارەکان لە زۆربووندا بوونو تورکیا بە بڕیارێك رایگرت.[1] پێشنیازکردنی دابینکردنی نێوچەی ئارام لەلایەن تورکیاوە پێوەندیی بە چەند هۆکارێکەوە هەبوو، لەوانە: زۆربوونی ژمارەو قەبارەی ئاوارە کوردەکانی عێراق بەرەو تورکیاو ئەو وڵاتەش ترسی هەبوو کار لە هەستو سۆزیی جوداخوازانەی کوردانی نێوخۆی وڵاتەکەی بکەن، سەرەڕای ترسی دزەکردنی PKK بۆ نێو کەمپی ئەو ئاوارانە.[2]**

**هەروەها تورکیا بۆچوونی وابوو دامەزراندنی نێوچەیەکی وەك باشووری کوردستان لە چوارچێوەی مافی ئۆتۆنۆمیدا، مەترسیی کەمترە وەك لەوەی بە ملیۆن خەڵکی کورد وەك ئاوارە بگاتە نێو وڵاتەکەی.[3] سەرباری فشاری نێودەوڵەتیی بەتایبەت ئەوروپا لەسەر تورکیا بۆ کردنەوەی سنوورەکانو وەرگرتنی ئاوارەکانی باشووری کوردستانو رەخنەگرتن لە گرتنەبەری ریو شوێنەکانی نیشتەجێکردنو مامەڵەکردنیان.[4] هەروەك بەشێکی گەورەی هۆکارەکان پێوەست بوو بە PKK ەوە، چونکە تورکیا بەو مەرجە بە دابینکردنی نێوچەی ئارام بۆ کوردانی عێراق رازیبوو، کە لەلایەك رێگە نەدرێت قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیی دابمەزرێت، لەلایەکی تریشەوە رێگە نەدەن هیچ بوونێکی ئەو پارتە لەو نێوچانەدا هەبێتو نەشبێتە پەناگەیەکی ئارام بۆیان یاخود بنکەو بارەگەی چەکداریی تێدا دروست بکەن.[5] جگە لەوەی ئۆزال داوای لە بەرپرسانی ئەمریکا کرد بوو، کێشەی ئاوارە کوردەکان چارەسەر بکات، بەجۆرێك**

---

[1] جون بلوك وهارڤی موریس: لا اصدقاء سوی الجبال، التاريخ الماساوی لكورد، ترجمة(حكيم عبدالله)، ط1، مطبعة(هاوار)، دهوك، 2009، ص(46–47). نێوەڕۆکی بڕیاری(688) بە پوختی ئەم خاڵانەی لە خۆگرتبوو: 1– سەرکۆنەکردنی داپڵۆسینی خەڵکانی مەدەنی عێراقی بە گشتیو دانیشتووانی نێوچە کوردییەکان بەتایبەت. 2– دەستبەجێ عێراق هەستێت بە لابردنی ئەو مەترسییەی کە هەڕەشە لە ئاشتییو ئاسایشیی نێودەوڵەتی لە نێوچەکەدا دەکات، بە راگرتنی ئەو داپلۆسینە. 3– پێویستە عێراق رێگە بدات بە گەیشتنی رێکخراوە مرۆییە نێوڵەتییەکان بۆ هەموو ئەوانەی ئاتاجی یارمەتین لە سەراسەری عێراقدا. بۆ زانینی وردەکاری خاڵەکانی ترو دەقی بڕیارەکە بڕوانە واثق محمد السعدون: البعد الامنی فی العلاقات العراقية– التركية، مج(دراسات اقليمية)، ع(27)، جامعة الموصل، 2012، ص398.

[2] مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراقو پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق، چ1، خانەی ئاراس بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، 2011، ل(63،60).

[3] هـ.س، ل68.

[4] اسا لند كرين: السياسة التركية حيال اقليم كردستان العراق، ط1، 2013، ص104.

[5] د.سعد حقی توفيق: العراق وسياسة حسن الجوار تجاه تركيا وايران، مج(العلوم السياسية)، ع(41)، جامعة بغداد، 2010، ص183.

ئۆزال پێی راگەیاند بوون: ئەگەر نەیانگێڕنەوە، ئەوا خۆی بەو کارە هەڵدەستێت.[1] هەروەها تورکیا پێی وابوو بە پاراستنی کوردانی عێراق دەتوانێت تاڕادەیەك هاوکاریی رۆژئاوا لە ئاست مەسەلەی بە ئەندام بوونی لە یەکێتی ئەورووپادا بە هێز بکات. بۆیە سلێمان دەمیرەل رایگەیاند:"هێزی چەکوشی ئامادەو دابینکردنی ئارامی OPC لە پێناوی رزگارکردنی گەلێکە لە چنگی سەدام حسێن، کە لە رابردوودا تووشی چەرمەسەریی کردوون". وتیشی:"ناتوانین بەرپرسیارێتیی روودانی هەڵەبجەیەکی تر بگرینە ئەستۆ".[2] بۆیە سوپای تورکیا ئامادەیی دەربڕی بەرپەرچی هەر هێرشێکی سوپای عێراق بداتەوە، ئەگەر هاتوو بیکاتە سەر کوردانی عێراق.[3]

دوای شکستی دانوستانەکان لە نێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عێراق، کە لە مانگی نیسانی 1991 دەستپێکردو چەند مانگێکی خایاند تا مانکی تەمووزو ئابی هەمان ساڵ، بەهۆی دووریی و لێکجیایی پرۆژەکانی هەردوولا نەگەیشتنە ئەنجام.[4] دواتر عێراق هێرشیکردەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە پەنای بردە بەر کشاندنەوەی دامو دەزگا کارگێڕییەکانو گەمارۆی ئابووریشی خستەسەر، بەمەش بۆشاییەکی کارگێڕیی لە کوردستاندا دروستبوو، بەڵام هەر زوو بەرەی کوردستانی توانی ئەو بۆشاییە لە رێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنو پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕ بکاتەوە.[5]

ئەوی راستی بێت تورکیا لە بنەڕەتدا دژی راپەڕینی(1991)ی خەڵکی باشووری کوردستان بوو، تەنانەت راپەڕینەکەی وەك یاخیبوونێکی نێوخۆیی عێراق داناو سوور بوو لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، بۆیە جگە لە هاوکاریی مەعنەوی، هیچ جۆرە کۆمەکییەکی سەربازییو دارایی پێشکەشی کورد نەکرد.[6] بۆیە دژی هەڵبژاردنو پێکهێنانی دامو دەزگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بوو. تەنانەت هەفتەیەك بەر لە هەڵبژاردن وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند:"هەڵبژاردنەکەی باکووری عێراق لەگەڵ

---

[1] ماریا خاروداکی: الکرد والسیاسة الخارجیة الامریکیة، العلاقات الدولیة فی الشرق الاوسط منذ 1945، ط1، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل، دار الفارابي، بیروت، 2013، ص359.

[2] میخائیل م. جونتر: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص145.

[3] د.مکرم الطالبانی: مراحل تطور الحرکة القومیة الکردیة، مجل(1)، ط1، مؤسسة حمدی للطباعة والنشر، السلیمانیة، 2009، ص542.

[4] تورکیا بەوردی پەیگیریی ئەم دانوستانەی دەکردو مایەی نیگەرانیی بوو، هەروەك ترسیشی هەبوو مافی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمیەی، کە رژێمی بەعس بەڵێنی پێدا بوون فراوان ببێتو ببێتە مایەی بەهێزبوونیان بۆ ئاستێك، کە بتوانن کۆمەکیو رێنموونی پێشکەشی PKK بکەن، بڕوانە د.ابراهیم خلیل العلاف: ترکیا بین حزب العمال الکردستانی وقوات المطرقة، من کتاب: د.خلیل علی مراد واخرون: القضیة الکردیة وتاثیرها علی دول الجوار، ص(146-147).

[5] عەبدرەزاق مەرزنگ: راپەڕین بەهاری ئازادی، چ1، چاپخانەی(رەنج)، سلێمانی، 2004، ل182.

[6] عماد الضمیري: ترکیا والشرق الاوسط، ص16.

**سیاسەتی تورکیا بەرامبەر عێراق و نێوچەکە ناگونجێت".[7] ڕۆژێك دوای لێدوانەکەش فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گوندەکانی دۆڵی سیدەکان و بادینانیان کرد، بۆیە کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێکهات، دژی وەستانەوەو ئامادە نەبوون دانیپێدا بنێن و هەموو جۆرە مامەڵەیەکیشیان لەگەڵدا ڕەتکردەوە.[1] بەڵام ئەوەی زێتر مایەی دڕدۆنگی تورکیا بوو، ڕاگەیاندنی سیستێمی فیدرالیی بوو لە(1992/10/4) لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە.[2] تورکیا زۆر بە توندی لە دژی وەستایەوەو ڕۆژێك دوای ئەو جاڕدانە، سلێمان دەمیرەل ڕایگەیاند:"فیدراڵیزم مایەی دابەشبوونی عێراق و دڕدۆنگی و ناسەقامگیریی نێوخۆیی تورکیایە".[3] لەسەر ئاستی هەرێمیش تورکیا لەگەڵ سوریا و ئێران کەوتەخۆو(40) ڕۆژ دواتر لە ئەنقەرە کۆبوونەوەو ڕەتیان کردەوە.[4]**

**لە هەمان کاتدا ئەم گۆڕانکارییانەی باشووری کوردستان تورکیای خستە بەردەم چەند بژاردەیەك لەوانە وەك ئەندامێکی ناتۆ پابەندی سیاسەت و چالاکییە بە کۆمەڵی ڕۆژئاوا بوو، لە نێویشیدا پرۆسەی دابینکردنی ئارامیی. هەروەها خۆ دوورگرتن لە دەستێوەردان لە نێوخۆی کوردستان، کە ڕەنگە ببێتە هۆی فراوانبوونی بۆشایی ئاسایشی و ترسی هەبوو بەم هۆیەوە تووشی گیروگرفت ببێت.[5] هەروەك کۆمەکیکردنی حکومەتی عێراق بۆ گێڕانەوەی سوپاکەی بەرەو کوردستان و خستنەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ڕەنگە ببێتە هۆی کۆڕەوێکی بە کۆمەڵی تر بەرەو وڵاتەکەی، سەرباری ئەوەی ئەگەر واز لە کوردیش بهێنێت، پێدەچێت پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوادا پەرەپێ بدەن و ئەمە پاڵیان پێوەبنێت بەرەو بیرکردنەوە لە دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوەش کاریگەری خراپ بکاتە سەر داهاتووی تورکیا.[6] بەتایبەت لەو قۆناغەدا تورکیا ترسی ئەوەی هەبوو بە پاڵپشتی سەربازیی ئەمریکا ڕێگە بکرێتەوە بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆی جیاوازو ئەو دەوڵەتە لە بەشی باکووریدا بێتە ئاراوە.[7]**

---

(7) پەروێز ڕەحیم و نەجات عەلی ساڵەح: کاریگەرییەکانی، ل33.

(1) میشال نوفال: عودة ترکیا الی الشرق، م.س، ص72، واسا لندکرین: السیاسة الخارجیة الترکیة، ص107.

(2) ترکیا واعلان الدولة الکردیة فی شمال العراق، النفط مقابل الاعتراف، مج(شؤون ترکیة)، ع(2)، 1992، ص2.

(3) ن.م، ص3.

(4) د. محمد محی الهمیص: الاقلیة القومیة الکردیة فی دول الجوار الجغرافی(ترکیا، ایران، العراق، سوریا)، مج(اداب المستنصریة)، ع(52)، جامعة المستنصریة، 2010، ص24، و مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی، ص(84–86).

(5) نیرۆل مانیسالی: چۆن دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق کار لە هاوسەنگی هێزەکانی ناوچەکە دەکا؟ و.(ڕەوەن)، ر(کوردستانی نوێ)، ژ(989)، ساڵی چوارەم، یەك شەممە(1995/5/21)، ل3.

(6) بیار مصطفی سیف الدین: ترکیا وکوردستان العراق، ص171.

(7) ئەفرایم ئینبار: هاوکاری ستراتیژیی تورکیا و ئیسرائیل، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(2)، ل78.

لەلایەکی دیکە ئەو دڕدۆنگیانەی تورکیا لە ئاست PKK، پێوەندییان بەوەوە هەبوو، کەئەو پارتە توانیبووی بارودۆخی ئەو قۆناغەی باشووری کوردستان بقۆزێتەوەو بنکەو بارەگەکانی لە دۆڵی بیقاعەوە بۆ چیاکانی قەندیل لە باشووری کوردستان‌و نێوچە سنوورییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان بگوازێتەوەو مەترسی لەسەر دەسەڵاتی تورکیا لە باکووری کوردستان دروست بکات، لەبەرئەوەی بنەما گەلێکی تازەو هاوچەرخی لە خەباتی چەکداریی دەستپێکرد بوو.[1] بەتایبەت دوای ئەوەی لە ڕێگەی هێرشێکی چەکدارییەوە بۆ سەر مەخفەرو تیمی گەڕۆکی سنووریی لە ڕۆژی(1992/8/18) چەند شارو گوندێکی لە نێو خاکی تورکیادا دەست بەسەرا گرت، بەتایبەت شاری شیرناخ‌و تێیدا موشەك‌و تۆپی بەرگری بەکارهێناو ژمارەی چەکدارەکانیشی(300) چەکدار دەبوون.[2] وێڕای ئەوەی بە هۆی نێوچەی ئارامەوە PKK توانیبووی ژمارەیەکی زۆر چەك‌و تەقەمەنی حکومەتی عێراق، کە لەو نێوچانە جێی هێشت بوو چنگ خۆی بخات.[3]

**تەوەری دووەم- پێوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان لە دژایەتییەوە بەرەو هاوکاریی:**

دوای ڕاگەیاندنی سیستێمی فیدراڵیی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و جێگیر بوونی PKK لە چیاکانی قەندیل‌و نێوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان، تورکیا کەوتە بەردەم دوو مەترسیی گەورەو سەرەکییەوە، یەکەمیان بریتی بوو لە مەسەلەی ئەگەری بەرەو سەربەخۆیی‌و قەوارە چوونی باشووری کوردستان‌و داواکردنی ئۆتۆنۆمی زێتر، بەتایبەتیش باس لەوە دەکرێت، کە لەو قۆناغەدا واتە لە کاتی دانوستانەکانی بەرەی کوردستانی‌و حکومەتی عێراقدا، دوای ڕاپەڕینی 1991، هێندێك دەوڵەتی ئەوروپی پشتگیریان لەو بیرۆکەیە کردووە، بەڵام بەهۆی بێئاگایی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە ئاستی دەرەوەدا نەتوانراوە ئەو دەرفەتە بقۆزرێتەوە.[4] دووەمیان دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی PKK بوو لەسەر بنەمای ستراتیژیی‌و شێوازی نوێ،[5] چونکە بەشێك لە ترسی سایکۆلۆژی تورکیا ئەوە بوو، کە پێی وابوو لە بنەڕەتدا

---

(1) واثق محمد السعدون: البعد الامنی، ص 371 و اسا لندکرین: السیاسة الخارجیة الترکیة، ص109.

(2) د.بیل پارك: سیاسەتی تورکیا بەرامبەر باکووری عێراق، گرفتو ئاسۆ ئایندەییەکانی، و.(بەرزانی مەلا تەها)، چ1، چا(چوارچرا)، سلێمانی، 2010، ص47.

(3) Aliza Marcus: Blood and Belief, p186.

(4) نەوشیروان مستەفا:کێشەی پارتی‌و یەکێتی، بیرەوەری یەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی یەکەمدا، ئا(لوقمان عەباس) چ1، هانکۆ– فینلاند، 1995، ل(11–12)، و مەلا بەختیار: حوکمی بەرەی کوردستانی یان دەسەڵاتی دیموکراسی؟ لە بڵاوکراوەکانی ئاڵای شۆڕش، ب.ش، 1991، ل12.

(5) میشال نوفال: عودة ترکیا الی الشرق، م.س، ص73، و واثق محمد السعدون: مستقبل العلاقات العراقیة– الترکیة، ص25.

سنووری نێوان نێوچە کوردنشینەکانی وڵاتەکەی‌و عێراق، بریتییە لە سنووری نێوان هەردوو پارچەی باکوورو باشووری کوردستان، نەك سنووری نێوان وڵاتەکەی‌و عێراق. بۆیە تورکیا ناچار بوو مامەڵە لەگەڵ حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا بکات‌و بە سیاسەت‌و هەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە،[1] لەبەرئەوەی لە سەرەتاشەوە شەڕی کەنداوی وەك کێشەیەکی ئاسایشیی لێکدەدایەوەو کاریگەریی لەسەر ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئاسایشیی نێوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی دروستکرد بوو.

لە بەرامبەر تەوقدانی مەترسیی یەکەم، کە دانانی سنوورێك بوو لە بەردەم تموحی سەربەخۆخوازیی کورد، تورکیا چەند ڕێ‌و شوێنێکی گرتەبەر، لەوانە: دوورخستنەوەی باشووری کوردستان لە دروستکردنی پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکاو UN‌و وڵاتانی تری ئەوروپا. بە کرداریش مەرجی هەبوو بۆ مانەوەی هێزی هاوپەیمانان لە بنکەی ئەنچەرلیك، کە بەشێوەی خولیی‌و (6)مانگ جارێك ڕەزامەندی لەلایەن پەرلەمانەوە بەدەست دەهات. دواتر پێی لەسەر ئەوەش داگرت، کە ئەفسەرێکی لە تیپی تەنسیقی هاوپەیمانان لە زاخۆ(MCC) هەبێت. جگە لە ناچارکردنی ئەمریکییەکان، کەسەردانی چاودێرانی نێودەوڵەتیی بۆ باشووری کوردستان سنووردار بکەن. هاوکات فشار خستنەسەر هەموو جۆرە دەزگەیەکی حکومی‌و نێودەوڵەتیی، کە دووربکەونەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دامودەزگە فەرمیی‌و هەڵبژێردراوەکانی کوردستان، بە مەبەستی دوورخستنەوەی ئەو پارچەیە لە دووبارە ئامادەسازیی‌و بونیاتنانەوە.[2] بۆیە لەو قۆناغەدا تورکیا هەوڵیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لاوازیی بمێنێتەوە، بێئەوەی ڕێگە بدات سەر بکێشێت بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت.[3]

سەبارەت بە مەترسیی دووەم، کە PKK بوو، تورکیا کەوتە تێگەیشتنێکی ئاسایشیی‌و سەربازیی لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی‌و پارتی، چونکە بە جێگیر بوونی ئەو پارتە لە نێو خاکی هەرێم‌و نێوچە سنوورییەکان، سەرباری ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی تورکیا دروستدەکرد، هاوکات کاریگەریشیی لەسەر پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم هەبوو، بەتایبەت لە ڕۆژی(1992/7/24)دا PKK لە ڕێگەی هێرشێکی چەکدارییەوە گەمارۆی خستەسەر بازرگانی نێوان تورکیاو هەرێم.[4]

---

[1] اسا لند كرين: السياسة التركية حيال اقليم كردستان العراق، م.س، ص46، وهنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ص47.

[2] بيار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، ص172.

[3] واثق محمد السعدون: البعد الامنى فى العلاقات العراقية– التركية، ص371.

[4] ميخائيل م. جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا، ص176.

دەستپێکی کرانەوەو مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ کوردانی عێراق بۆ کۆتایی مانگی(2و پاشان 3ی 1991) دەگەڕێتەوە،[1] کە بە سێ کۆبوونەوە دەستپێکرد لە نێوان بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەو دەزگەی سیخوڕیی تورکیا(میت) لەلایەكو جەلال تاڵەبانیو موحسین دزەیی وەك نوێنەری مەسعود بارزانی لە تورکیا لەلایەکی ترەوەو باسو خواس کرا لەسەرئەوەی ئەگەر تورکیا مافی دیموکراسیی گەلی کورد بداتو پێشنیازەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد قبوڵ بکات، لە نێویشیدا دامەزراندنی پێوەندیی فیدراڵی تورکی- کوردیی، ئەوا دەتوانێت سۆزو هاوکاریی کورد لە دەرەوەی تورکیا بە دەست بخاتو ئەو سیفەتەشی چنگ دەکەوێت، کەپارێزەری کوردانە. هەروەها تورکیا لە توانایدایە، متمانە بە کوردانی عێراق بکات، کە زیانیان بە بەرژەوەندییەکانی نەگەیاندووەو هەروەها یەکێتیو پارتی، کە لە رابردوودا هاوکاریی PKK یان کردووە، لە ئێستادا پێوەندییەکانیان لەگەڵیدا پچڕاندووە. جگە لەوەی تورکیا بەڵێنیداوە لە میانەی ئەو وتووێژانەوە پێوەندیی سیاسیی راستەوخۆ لە نێوان جوڵانەوەی کورد لە عێراقو ئیدارەی ئەمریکا دابمەزرێنێت.[2]

دواجار تورکیا ئەوەی رایگەیاند یەکریزییو یەکێتیی هەر دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی باکووری عێراقیان بە دەست هێناوە، کە هاوکاریی PKK نەکەنو لە بەرامبەریشدا تورکیا بەڵێنی پێشکەشکردنی یارمەتیی پێداون، بەوەی پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ ئەمریکادا بۆ دابمەزرێنێت. شایانی باسە دوای سەردانێکی تری تاڵەبانیو بارزانی لە مانگی(ئەیلوولی 1992) بۆ ئەنقەرەو بینینی ئۆزال، پاسپۆرتی گەشتو دیپلۆماسیان لەلایەن تورکیاوە پێدرا.[3] باس لەوەش دەکرێ، کەئەمریکا تورکیای راسپاردووە بە دروستکردنی پێوەندیی لەگەڵ کوردانی عێراق.[4] لێرەوە سەرەتای پێوەندیی لە نێوان تورکیاو کوردانی عێراق، لەسەر بنەمای هاریکاریکردنی یەکتریی هاتەئاراوەو لەسەر ئاستی مامەڵەکردنی حزبیی لەگەڵ یەکێتیو پارتیو دواتریش نوسینگەیان لە ئەنقەرە کردەوە.[5] بێگومان دەستپێکردنی ئەم پێوەندییانە،

---

[1] باس لەوە دەکرێت، کە ئۆزال لە رۆژی(1991/3/11) لە ئەنقەرە بەنهێنی چاویکەوتووە بە تاڵەبانیو لە رۆژی(1991/3/22)یش موحسین دزەیی گەیشتووەتە ئەوێ بۆ دیداری بەرپرسانی تورکیا، بڕوانە وقائع تطور العلاقات بين تركيا والاكراد العراقيين، مج(شؤون تركية)، ع(2) تشرين الاول 1993، ص12، و د.خليل على مراد: الموقف الاقليمى، ص6.

[2] د.ابراهيم خليل العلاف: تركيا بين، ص(145-146).

[3] بيار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، ص174، و عماد الضميرى: تركيا والشرق الاوسط، ص16.

[4] وهرام بتروسيان: سياسة تركيا تجاه كردستان العراق وامريكا،(1990-2003)، ط1، مط(جامعة دهوك)، 2008، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق، جامعة دهوك، ص41.

[5] هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا، ص102.

**سەرباری ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدرا، پێوەندیی بە چەند لایەنێکی ترەوە هەبوو. لە بنەڕەتدا فاکتەری جیۆپۆلەتیکی ڕۆڵی گرنگیی هەبوو، وێڕای ئەوەی سنووری هاوبەش لە نێوان هەردوولادا هەبوو، هاوکات دراوسێی جوگرافیش بوون. ئەوی پێوەندیی بە هەرێمی کوردستانیشەوە بێت، تورکیا تاکە دەروازەی پێوەندیکردنی سیاسییو دیپلۆماسیی بوو بە جیهانی دەرەوە بەگشتیو بە ئەمریکاو ئەورووپاوە بەتایبەت. لەم بارەوە(هۆشیار زێباری)دەبێژێت:"تورکیا شادەماری ژیانە سەبارەت ئێمەو دەرەوەو ڕۆژئاواو هەموو جیهان، لە شەڕدا دژی سەدام حسێن لە ڕێگەی هاریکارییەوە لەگەڵ تورکیا دەتوانین پارێزگاریی هەوایی هاوپەیمانانو کۆمەڵی نێودەوڵەتیی بە دەستبهێنین. بۆیە ئەگەر کاری هێزەکانی چەکوشی ئامادە تەواو ببێت، ئەوا یەکەکانی سوپای سەدام حسێن بەسەر نێوچەکەدا زاڵ دەبنەوەو ئەوکاتە هەموو شتێك لە دەست دەدەین".[1] هەروەها لە ڕوانگەی تورکیاوە پەرەسەندنی ڕەوشی کورد لە عێراق گرێدرا بوو بە ڕەوشی کورد لە نێوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی. بۆیە بە هەموو شێوەیەك ڕێگریی دەکرد لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیی لە ترسی ئەوەی نەبادا کوردانی وڵاتەکەی بە هەمان شت هەستن.[2]**

**لە ڕووی ئابووریشەوە لەلایەك کورد پێویستیی بە تورکیا هەبوو، چونکە لەو قۆناغە بە دواوە دوو گەمارۆی ئابووریی خرایە سەر هەرێمی کوردستان یەکەم جار لەلایەن (UN)و دواتر لەلایەن حکومەتی عێراقیشەوە.[3] هەروەها خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلی سەر سنووری تورکیاو هەرێم، تاکە دەروازەی ڕێگە پێدراوی بازرگانییو گومرك بوو، بۆیە کورد ناچار بوو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ تورکیادا لە بەرچاو بگرێت.[4] لە هەمان کاتدا تورکیاش پێویستیی بە سوود وەرگرتن لە دەرامەتی سروشتیی هەرێمی کوردستان هەبوو، جگە لەوەی وەك بازاڕێکیش بوو بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلو کاڵاکانی. بەتایبەت دوای ڕاگرتنی چالاکییو پێوەندییە ئابوورییو بازرگانییەکانی لەگەڵ عێراق بەهۆی جێبەجێکردنی سزا ئابوورییە سەپێنراوەکانی سەر عێراق.[5] وێڕای ئەمانە بوونی PKK هۆکارێکی تر بوو، تەنانەت**

---

[1] میخائیل م. جونتر: الاکراد ومستقبل ترکیا، ص(172–173).

[2] وسمی محمد الشمری ومحمد حازم حامد الطائي: موقف ترکیا من فیدرالیة، ص287.

[3] گەراس ئاڕ.ڤی.ستانسفیلد: کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسییو پشکوتنی دیموکراسیی، و.(د.یاسین سەردەشتی)، چ1، چا(سیما)، سلێمانی، 2010، ل118.

[4] مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق‌و، س.پ، ل180، و David Romano: The Kurdish Nationalist Movement, Opportunity, Mobilization and Identity,CAMBRIDGE p58. ,UNIVERCITY PRESS

[5] جراهام فولر: الجمهوریة الترکیة الجدیدة، ص141.

**کاتێك تورکیا بە سیستێمی فیدراڵیی هەرێمی کوردستان رازیبوو، ئەمەی وەك کارتێکی گوشارو ئامرازێك بۆ روبەڕوبوونەوەی PKK بەکارهێنا.[1] هەروەك تورکیا دەیویست ئەزموونی باشووری کوردستان تەوق بدات، لە ڕێگەی بچووك کردنەوەو لێدانو رێگریکردن لەوەدا، کەبیێتە قەوارەیەکی سەربەخۆ، چونکە مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق یەکێك لە ئامانجو سیاسەتەکانی بوو، بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەو قۆناغەدا. بۆیە رێگریش بوو لەبەردەم هەر هەوڵێك بۆدابەشکردنی عێراق لەسەر بنەمای ئیتنی یان تایفی لە چوارچێوەی سیستێمی فیدراڵیدا، کەشاری کەرکوك لە خۆبگرێت. سەرباری ئەوەی پارێزگاریکردن لە تورکمانەکانی عێراقو هاوکاریکردنی پلانی پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی لە نێوچەی کەرکوكو رێگریکردن بەرامبەر هەر نیازو مەبەستێکی ئێران بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوت لەسەر حسابی خاکی عێراق ئامانجێکی دیکەی تورکیا بوو، وەك چۆن لە مانگی(ئازاری 1988)دا ئێران توانی کۆنترۆڵی(1400کم2)ی خاکی عێراقو بە دیاریکراویش نزیکەی(120کم2)ی نێوچەی کەرکوك بکات.[2]**

**بەڵام دواجار بەشێکی گەورە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم نزیکبوونەوەی تورکیاو کوردانی باشوور، مەسەلەی PKK بوو، چونکە تورکیا دەیویست لەلایەك ئەم پارچەیەی کوردستان لە سەرکوتکردنیPKK دا بەکاربهێنێتو لە هەمان کاتیشدا رێگرییان لێبکات، کە نەتوانن هاوکاریی بکەنو بە پێچەوانەشەوە هانیان بدات تا نەهێڵن لە نێوچەکانی باشووری کوردستاندا گەشە بکەن.[3] لەم ڕووەوە(تانسۆ چیلەر) دەڵێت:"ئێمە یەکێتیو پارتیمان بۆ لە نێوبردنی تیرۆر بەکارهێنا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی ترو گۆڕانکاریی لەو ستراتیژەدا دەکەینو لە ئێستادا هیچ یارمەتیی یان کۆمەکییەکی باکووری عێراق بەبێ چاودێریی نانێرین". چیلەر زیاتر ئاماژەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کرد لە دژایەتیکردنی ئەو تیرۆرەدا، کە مەبەست پێی PKK بوو.[4] تەنانەت تورکیا بایەخپێدانی کەرتی بازرگانیی خۆی لەو قۆناغەدا بۆ پێویستیی گەشەپێدانی بواری ئابووریی بوو، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە هەرێمی کوردستان وەك بازاڕێکی**

---

(1) عەبدوڵلا ئۆجەلان: داستانی ژیانەوە، چ1 ، 199، ل202.

(2) د.حيدر على حسين: تركيا فى الاستراتيجية العراقية، مج( مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية)، ع(37)، 2012، ص53، و وسمى محمد الشمرى ومحمد حازم حامد الطائي: موقف تركيا من فيدرالية، ص(286–287).

(3) حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەل جەمیل بایك، ل420، ود.ابراهيم خليل العلاف: تركيا، ص157.

(4) د. احمد نورى النعيمى: العلاقات العراقية التركية، والواقع والمستقبل، دار زهران، ص(335،339).

ئابووریی، لە هەمانکاتدا دەیویست لە پێناوی دژایەتیی PKK شدا سوودی لێوەر بگرێت.[5]

لە ژێر کاریگەری ئەم نزیکبوونەوەیەی تورکیا لە کوردانی باشوور، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژی(1992/8/6)دا بەیاننامەیەکی دژی PKK دەرکردو تۆمەتی ئەوەی خستنە پاڵ، کەرێگریی لە جوتیارانی نێوچەکە دەکەن لەگەڵ تورکیاو نێوچەکەیان کردۆتە شوێنی هەڕەشەو هێرش بۆ سەر تورکیاو رێگەش لەو ترومبێلە بارهەڵگرانە دەگرن، کەکۆمەکی مرۆیی دەگەیەننە هەرێم. لە مانگی(9)ی هەمانساڵیشدا تاڵەبانی و بارزانی لەگەڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرو وەزیری دەرەوەی تورکیادا کۆبوونەوە. ئامانجی تورکیا لەو کۆبوونەوەیە یەکخستنی پارتی و یەکێتی بوو بۆ روبەڕووبوونەوەی PKK، بۆیە گەیشتنە رێکەوتنێك و لە خاڵی چوارەمی ئەو رێکەوتنەدا هاتووە:" یەکخستنی هەڵوێست بە وتەو کردەوە لە راگەیاندن و رەفتاردا بەرامبەر PKK". مەسعود بارزانی رایگەیاند بوو، کە گوشاری ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسایان لەسەر بووە بۆ نەهێشتنی کاری چەکداریی ئەو پارتە لە هەرێمی کوردستاندا.[1] لێرەدا پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکەین، کە ئایا یەکێتی و پارتی بەو ئەندازەیە ناچار بوون بکەونە ژێر دەسەڵات و داواکارییەکانی تورکیاوەو شەڕی PKK بەو جۆرە بکەن یان نا؟ ئایا بە کرداریی PKK هەڕەشەی لە جوتیاران دەکردو مەترسیی بوو بۆ سەر باشووری کوردستان یانە ئەمە تەنها بیانوویەکی تورکیا بوو، کە تێبینی ئەوەی کرد بوو، بوونی PKK لە قەندیل و نێوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان مایەی هەڕەشەو مەترسییە بۆ سەر ئاسایشیی نەتەوەیی؟ یان ئایا ئەوەی مەسعود بارزانی باسی دەکات، کە گوشاری ئەمریکاو تورکیایان لەسەر بووە بۆ دژایەتی PKK یاخود ئەوەی تانسۆ چیلەر ئاماژەی پێدەکات، کە وەك داردەست تورکیا یەکێتی و پارتی بۆ شەڕی PKK بەکارهێناوە؟

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد، مەسەلەی پێوەندیی دەرەکییەو لە هاتنە ئارای ئەزموونی خۆڕێبەری باشووری کوردستان و بەڕێوەبردنی لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە، یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانیان، مەسەلەی پێوەندییە بە وڵاتانی هەرێمییەوە بە گشتی و بە دیاریکراویش لە مەسەلەی PKK دا، بەجۆرێك نەك بەگشتی هەر نەیانتوانی سەرکەوتوو بن، بەڵکو لە هێندێك دۆخدا وەك داردەستێك مامەڵەیان کردووە، وەك ئەوەی تانسۆ

[5] عەبدوڵڵا ئۆجەلان: داستانی ژیانەوە، چ، ل244.

[1] هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی، ل(104-105).

**چیلەر دەبێژێت، چونکە ئەو بنەماو پرینسیپە نەتەوەییو نیشتیمانییانە لەو پێوەندییانەدا بەدی ناکرێت، کە پێویست بوو لەسەری مامەڵە لەگەڵ PKK دا بکەن، راستە باشووری کوردستان بە حوکمی فاکتەری جیۆپۆلەتیکیو هاوسنووری لەگەڵ ئێرانو تورکیادا ناچار بوو پێوەندیی دۆستایەتیو دراوسێ باشیی لەگەڵ هەردوو وڵاتەکەدا هەبێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت بە تەواوی فەرمانڕەوایی خۆیان رادەستی ئەو دوو وڵاتە بکەنو گوێڕایەڵ بن، چونکە لە سەرەتاوە هەردوو حزبەکەو دواتریش پارتی دژایەتی گەورەی PKK ی کردو پێکەوە لەگەڵ تورکیادا بەشداری شەڕی دژی PKK لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا کردو یەکێتیش چەندین کاری بۆ ئێران ئەنجامدا دژی پارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لە نموونەی حدکاو کۆمەڵە. تەنانەت هێندێك کات یەکێتیو پارتی دەردە دڵی خۆیان بۆ وڵاتانی هەرێمیی دەردەبڕی لە ئاست هاوکاریکردنی یەکێکیان دژی ئەوی تر، وەك لەو نامەیەی جەلال تاڵەبانیدا هاتووە، کە:"داوا لە تورکیا دەکات دەستبەرداری تۆپبارانکردنی هێزو نێوچەکانیان ببێت، کە بەو هۆیەوە ژمارەیەك پێشمەرگەو سەرکردەیان کوژراوەو ئەو تۆپبارانکردنانەش وەك هەڵمەتی پێشوەخت بۆ رێگەخۆشکردن بۆ هێرشی پارتی لە قەڵەم دەدات لە دژیان".[1]**

**بەشێکی تر پێوەندی بە جۆری مامەڵەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە هەیە لەگەڵ ئەزمونی خۆڕێبەری باشووری کوردستاندا، کە تا قۆناغەکانی دواتریش زیاتر بنەمایەکی مرۆییانە بوو، نەك سیاسیی، وێڕای ئەوەی، کە پێوەندیی کوردو ئەمریکا پێوەندییەکی تەمومژاویو لێڵ، واتە پێوەندییەکی زارەکی بوو نەك نوسراو، بەجۆرێك بە گوێرەی رێکەوتننامەو پەیماننامە بێتو هاوپەیمانی سیاسیی یەکتر بن، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی تورکیا وەك هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکا لە نێوچەکەدا بە ئاسانی بتوانێت گوشارەکانی خۆی لەسەر یەکێتیو پارتی جێبەجێ بکاتو شەڕی PKK یان پێبکاتو ئەمریکاش رێگریی لێنەکات. هەروەها پێویستیی ئابووری تورکیا بە هەرێمی کوردستان لەو قۆناغە هێندە زۆر نەبوو، لەبەرئەوەی پێوەندییە ئابوورییەکە لە ئاستێکی بچووکدا بوو، واتە قەبارەی ئاڵوگۆڕیی بازرگانییو ئابووریی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان ئەوەندە گەورە نەبوو، کە تورکیا ناچار بکات دەست لە گوشارە سیاسییەکانی لەسەر ئەو پارچەیە هەڵبگرێت. بەهۆی بوونی گەمارۆی ئابووریی. سەبارەت بە هەڕەشەی PKK لە جوتیارانی نێوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها بیانوویەك بوو،**

---

[1] نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ(ئیسماعیل جەم)ی وەزیری دەرەوەی تورکیا، دیرۆك(1997/10/17)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(10)، لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان، ئەرشیفی(د.هێرش عەبدوڵا حەمە کەریم).

چونکە ئەو هۆکارە ئەوەندە کاریگەر نەبوو، تاوەکو هەرێمی کوردستان ناچار بکات شەڕ لە دژی PKK رابگەیەنێت، لەبەرئەوە دەتوانرا ئەو کێشەیە بە وتوویژ لە نێوان PKK و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چارەسەر بکرێت. چونکە تەنانەت PKK هێرش کردنە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیای بە مەسەلەیەکی ستراتیژیی دانەناوەو پێڕەوی لێنەکردووە،[1] چ جای هەڕەشەکردن لە جوتیارانی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە دەشێ باج‌و خواردن‌و شتومەکیان لە جوتیارانی ئەو نێوچانە وەرگرتبێت، بەڵام بوونی هەڕەشەی ئەوان لەسەر جوتیاران هۆکار نەبوو بۆ ناچاربوونی راگەیاندنی شەڕ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دژ بە PKK، ئەوەندەی پێوەندی بە گوشاری تورکیاوە هەبوو بۆ سەر یەکێتی‌و پارتی. هاوکات تورکیا ئامانجی خۆی هەبوو لەو گوشارو پێوەندییانە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێك دەستێوەردان بوو بە ئامانجی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەك بۆ تورکمانەکان‌و گواستنەوەی دامو دەزگە سیخوڕیی‌و سەربازییەکانی خۆی بۆ نێو خاکی هەرێمی کوردستان.

لە سەرەتای مانگی (1992/10)دا پەرلەمانی کوردستان یەکەم بڕیاری دژی PKK دەرکرد، کەتایبەت بوو بە دەرکردنیان لە نێو خاکی هەرێم‌و نێوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیادا. بەمەش پێکدادانی چەکدارییی لە نێوان هێزی پێشمەرگە بە پاڵپشتی لۆجستیی تورکیاو چەکدارانی ئەو پارتە لە نێوچەکانی برادۆست‌و نێروەو ئامێدی‌و زاخۆ لێکەوتەوەو لە رۆژانی(5–1992/10/27) بەردەوام بوو.[2] پاشان ئاگربەست جاڕ درا، کە زێتر لەگەڵ باڵێکی نێو PKK دا بوو بە سەرپەرشتی(عوسمان ئۆجەلان)و نێوەڕۆکەکەی پێکهاتبوو لە:

یەکەم: PKK بەڵێن دەدات رێزی یاساکانی هەرێمی کوردستان بگرێت‌و هەموو ئەندامانیشی، تا لەسەر خاکی هەرێم بن پابەندبن بەو بەڵێنەوە. لەم روانگەوە:

1. خاکی باشووری کوردستان بۆ پرۆسەی سەربازیی بەکارناهێنن.
2. گەریلاو ئەندامانی شوێنکەوتەی PKK، کە دەیانەوێت لە باشووری کوردستاندا بمێننەوە، بۆ نێوچەیەك دەگوێزرێنەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات دوور لە هێڵی سنووری لەگەڵ تورکیا.
3. ئازادی هاتووچۆیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بە ئاگاداری وەزارەتی نێوخۆو بە گوێرەی کاغەزی دەست نەهێنانە رێگە، کە پێیان دەدرێت.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەزا ئاڵتون)، قەندیل، (2014/4/27).

[2] جاناتان رەندل: بەم هەموو تاوانەوە لێبوردنی چی؟ و(سەلاحەدین ئاشتی)، چ1، 2007، ل359، و بیار مصطفی سیف الدین: ترکیا وکوردستان، ص174.

4. **راگرتنی هەڵمەتی میدیای دژی حکومەتی هەرێمو بەرەی کوردستانیی.**

**دووەم:**

1. **دەسەڵاتی هەرێم پارێزگاریی بۆ ئەو گروپە دەستەبەر دەکات، کە دەیانەوێت لە کوردستاندا بمێننەوە، کە لە هاوڵاتیانی کوردستانی تورکیان.**
2. **ئەندامانی PKK لە هەرێمی کوردستان پارێزگاریی لە کەلوپەلەکانیان دەکەن.**
3. **ئەو گروپە ئازادی مومارەسەی چالاکی سیاسییان لە نێوخۆیی هەرێمی کوردستاندا هەیە.**
4. **دەسەڵاتی هەرێم چارەسەریی نوژداریی پێشکەشی بریندارو پێکراوانی ئەو پارتە دەکات.**[1]

**ئەگەر سەیری ئەم رێکەوتننامەیە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دابڕینی عوسمان ئۆجەلانو ئەو باڵەی نێو PKK ی داوە، بە جۆرێك کە لە ژێر کۆنترۆڵو سەرپەرشتییو چاودێریی هەرێمدا بێت، نەك خودی PKK، چونکە زۆربەی بڕگەو خاڵەکان ئەمە دووپات دەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر بەو جۆرە نەبوایە تورکیا رێگەی نەدەدا دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگە بدەن، گەریلاکانی PKK لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا بمێننەوە، لە کاتێکدا مایەی هەڕەشەو مەترسیی بوون لەسەر بەرژەوەندییەکانی تورکیاو نێوچە سنوورییەکان. هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بریتی بوون لە بە گژادانی یەکێتیو پارتیو PKK و راسپاردنی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە بۆ جێبەجێکردنی شەڕو تەوقدانی PKK لە بری خۆی. لەبەرئەوەی ئەنجامەکانی قۆناغی دواتری رێگەدان بە مانەوەی عوسمان ئۆجەلان، کە بەرەی(خواکورك)ی پێسپێردرا بوو،[2] لەگەڵ هەموو ئەوانی تر، کە لەگەڵیدا بوون، بەڵگەو ئاماژەیەکی روون بوون، چونکە بە تەواوی لە بڕیارو ئاراستەی سیاسیی سەرکردایەتی PKK لایانداو پابەند نەبوون. سەرەتا تورکیا رازی بوو بەمانەوەی گەریلاکان لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام دواجار گەیشتە ئەو رایەی، کە مانەوەیان مایەی مەترسییە، لەبەرئەوە بەم ئاگربەستە رازی نەبوو، لە(1992/10/29)دا هێزێکی(5)هەزار سەربازیی دژی PKK بەرەو هەرێمی کوردستان**

---

[1] ئەم رێکەوتننامەیە لە رۆژی(1992/10/29) لە بارەگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانو لەلایەن عوسمان ئۆجەلان(فەرهاد) وەك نوێنەری PKK فوئاد مەعسومو رۆژ نوری شاوەیس، وەك سەرۆکی وەزیرانو جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزایان لەسەر کرد، بڕوانە دەقی رێکەوتننامەکە، لە بەڵگەنامەی ژ(11)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

[2] حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمیل بایك، چ1، 2008، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی راگەیاندنی(پ.چ.د.ك)، ل438.

ناردو تا رۆژی(1992/11/5) له نێو خاكی هەرێمدا مانەوە. دوای ئەوە لە(15ی تشرینی دووەمی 1992)دا جارێكی تر لە سلۆپی ڕێكەوتننامەیەكی تر لە نێوان ئەشرەف بەتلیسی فەرماندەی هێزی جەندرمەی توركیاو تاڵەبانیو بارزانی لێكەوتەوەو ڕێكەوتن لەسەر بەرپاكردنی پلانێكی ئاسایشیی لەسەر سنووری هاوبەش، كەخۆی لە دروستكردنی(65-90) مەخفەری كوردیدا دەبینییەوە، كە بە هێزی پێشمەرگە پڕبكرێنەوەو بە درێژایی(300 كم). ئامانجی ئەو پلانەش ڕێگریكردن بوو لە چالاكیی چەكداریی PKK دژی توركیا لە نێو خاكی هەرێمی كوردستانەوە. ئەم مەخفەرانەش لە ڕوانگەی توركیاوە جێگەی بایەخ بوون لە پرۆسە سەربازییەكانی دوای مانگی(10و 11)ی ئەو ساڵە،[1] بەجۆرێك هەر مەخفەرێك نزیكەی(100) پێشمەرگەی تیدا بێتو توركیا كەرەستەی بیناسازییو وێستگەی بێتەل دابین بكات، بە مەبەستی گۆڕینەوەی زانیاریی لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزی ئاسایشیی توركیاو گرێدانی مەخفەرەكان بە چوار نێوەندی فەرماندەییەوە.[2] هەر سەبارەت بە نزیكبوونەوەو هەماهەنگیی نێوان توركیاو یەكێتیو پارتی(فوئاد مەعسوم)ی ئەندامی مەكتەبی سیاسی یەكێتی رایگەیاند:"كوردانی عێراق هیچ ڕێكەوتننامەیەكیان لەگەڵ PKK دا ئەنجام نەداوەو جەختیشی كردەوە، كە لە سنووری توركیاو كوردستان هیچ هێرشێك ناكرێتە سەر توركیاو ناچارن سەركوتی هەر كەسێك بكەن، كە ئاسایشیی سنوور تێكبداتو ڕێگریی لە پەڕینەوەی ئەو خەڵكانە لە سنوورەكانی ژێر دەسەڵاتیان دەگرن".[3] لە ڕاستیدا ئەم وتەیەی (د.فوئاد مەعسوم) تەنها لێدوانێكی دیپلۆماسیی بوو، بە مەبەستی هێوركردنەوەی پێوەندییەكانیان لەگەڵ توركیا بوو.

تایبەت بەم نزیكبوونەوەی توركیا لە هەرێمی كوردستان، لە نێوەڕاستی(نیسانی 1993)دا شاندێكی شارەزایانی تورك، كە لە (18)كەس پێكهاتبوون بە سەرۆكایەتیی جێگری راوێژكار لە سیاسەتی دەرەوەو باڵوێز(توگای ئولو چەفیك) سەردانی هەرێمی كوردستانیان كردو سەردانەكە نزیكەی(10)ڕۆژی خایاندو نێوچەكانی زاخۆو هەولێرو سلێمانیو سەلاحەدین گەڕانو لەم نێوەندەدا چاویان بە سەرۆكەكانی كوردو توركمانو گروپە كۆمەڵایەتییەكانی تر كەوتو دوو جاریش مەسعود بارزانیان بینی. شاندەكە وێنایەكی گشتیی دەربارەی ڕەوشی ئابووریيو سیاسیی بەرجەستە كردو دواتریش لیژنەكە گەڕایەوە بۆ توركیاو راپۆرتێكی ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشیی نەتەوەیی

---

[1] دولة القضايا الكبري، مج(شؤون تركية)، ع(4)، كانون الاول 1992، ص5، و عماد الضميري: تركيا والشرق، ص17.

[2] ماذا بعد انتهاء العملية العسكرية التركية فى شمال العراق، مج(شؤون تركية)، ع(4)، كانون الاول 1992، ص9.

[3] ن.م، ص10.

UN كرد، كە چەند پێشنیازێکی لە خۆ گرتبوو، تایبەت بوو بە هەڵسەنگاندنی دۆخی گرانیو بژێویی خەڵك لە ڕووی خواردنو تەندروستیی نێوچەکە. لەم ڕووەوە UN بڕی(13.5) ملیۆن دۆلاری وەك هاوکاریی پێشکەشکرد. لە هەمان کاتیشدا لیژنە تورکییەکە پێشنیازیان کرد بوو، کە تورکیا سوود لە دەرامەتی سروشتی کوردستان بەتایبەت خەڵوز وەربگرێت، لەگەڵ هەڵکەندنی بیری نەوتو بایەخدان بە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی نێوچە کوردییەکان لە چوارچێوەی ئەو بڕە پارەیە کە(UN) تەرخانیکردووە، بەڵام خاڵی گرنگ لەم راپۆرتەدا بریتیی بوو لە پێشنیازی دامەزراندنی نێوەندی هەواڵگریی میت لە هەولێر بە تەنسیق لەگەڵ سەرکردایەتی تورکیا لە چوارچێوەی دژایەتیکردنی PKK.[1] بۆیە لە مەدا تورکیا لە چنگ کەوتنی ئامانجەکەی، کە دژایەتی PKK و گواستنەوەی دامو دەزگە سیخوڕییەکانی بوو سەرکەوتوو بوو.

ئەگەرچی لە سەرەتاوە یەکێتیو پارتی وەك حزبو لە چوارچێوەی حکومەتیشدا، کەخۆیان زۆرینەیان پێکهێنا بوو، هاوکاریی تورکیا بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی PKK و پتەوکردنی پێوەندییەکانیانو بەشداریی شەڕی ئەو پارتەشیان کرد، بەڵام دواترو زێتر پارتی لەگەڵ تورکیادا نزیکبووەوە بە حوکمی فاکتەری جوگرافییو ئابووریی. سەرباری ئەوەی پێشتر لەگەڵ PKK پێوەندییو نزیکییو تەنانەت ڕێکەوتنو پرۆتۆکۆلیشیان ئیمزا کرد بوو. بە دیاریکراویش لە ساڵی 1981 پارتی بڕیایدا لە نێوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕێگە بەو پارتە بدات نیشتەجێ بنو بنکەی چەکداریی لە نێوچەی لۆلان دابمەزرێنێتو لە ڕووی خۆراكو پارەو چەکیشەوە کۆمەکیکردن.[2] ئەم پێوەندیانە هێندە چوونە پێشەوە تا گەیشتە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی سیاسیی بە نێوی(پرینسیپەکانی هاوکاریی) لە تەمووزی 1983دا، کە تێیدا پێداگیری لەسەر هاریکاریی نێوانیانو دژایەتیکردنی داگیرکارییو دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکترییو...، تاد کرد. ئەم ڕێکەوتنە کارئاسانیی بۆ PKK کرد، فەرماندەکانی لە ڕێگەی ئێرانەوەو چەکدارانی لە سوریاوە بە شێوەی گروپ گروپ بە سنووری تورکیاو نزیك سلوپیو جەزیرەو ڕێڕەوی(سلوپی-شیرناخ- ئولودەرە) بێنە کوردستانی عێراقەوە.[3] ئەم پێوەندییانە تا ساڵی 1986 مایەوە، بەڵام دواتر تێکچوو. پارتی هۆکارەکەی

---

[1] بیار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، م.س، ص175، سياسة تركية جديدة فى شمال العراق، مج(شؤون تركية)، ع(3)، صيف 1993، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، ص41.

[2] مەکتەبی ناوەندی پارتی: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل54.

[3] خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە پێکهاتبوون لە: ئەلف- دژایەتیکردنی هەموو جۆرە ئیمپریالیزمێكو ئیمپریالیزمی ئەمریکیو وەستانەوە لە دژی پلانەکانو تەڵەکان لە نێوچەکەدا. بێ- پابەندبوونی هەردوولا بە هاریکاریی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری نێوچەکەو کارکردن لەسەر گرێدانی هاوپەیمانیی نوێ. جیم- دەستوەرنەدانی هیچ لایەك لە کاروباری لایەکەی تر، کە زیان بەهەردووکیان بگەیەنێت. دال- پێویستە تێکۆشان پشت بە هێزی گەلی کوردستان ببەستێت. ها- ئەگەر هەر لایەك هەڵەیەکی لە بواری

بۆ تێوەگلانی PKK لە کوشتنی خەڵکی سیڤیل لە نێوچەکانی باکووری کوردستان دەگێڕێتەوەو هەندێك سەرچاوەی نزیك لە پارتیش بۆ ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی ئەو پارتە دژ بە تورکیا لە نزیك بنکەو بارەگاکانی پارتی دەبەستنەوە، کە بە مەش تورکیا تۆپبارانی کرد بێتو پارتی ناچار کردبێت ڕێکەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوە.[1] بۆیە بە کرداریی لە ساڵی 1987 دا ڕێکەوتننامەکە کۆتایی پێهات، بەڵام گوشاری تورکیا لە سەر پارتی هۆکاری سەرەکیی کۆتایی پێهاتنی ئەو ڕێکەوتننامەیە بوو بێت. ساڵی دواتر پاش کۆتایی هاتنی کارەکانی لیژنەی ڕێکەوتنی هەردوولاو لە ڕۆژی(1988/5/1) PKK لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێوەندیی گرێداو لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیشدا ڕێکەوتننامەی هاریکارییان ئیمزا کردو ئاماژەیان بە هۆکارو ئامانجەکانی کرد بوو، کە بریتیی بوون لە:"ڕاوەستاندنی هێرشی دوژمنکارانە بۆ سەر گەلی کوردو لە پێناوی پەرەپێدانی بەرخۆدانی نیشتیمانی گەلەکەمان، پەرەپێدانی خەباتی چەکداریی لە هەموو پارچەکان، کارکردنی بە هێز لەسەر هەموو ئاستەکان، قووڵکردنەوەی پێوەندییە خەباتییەکان لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕییە دیموکراسییەکانی گەلان...،تاد".[2] سەرەتای نزیك بوونەوەی تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە مەسعود بارزانی لە(18 تشرینی دووەمی 1993)دا لە ئەنقەرەوە هۆشداری بە گەریلاکانی PKK داو داوای لێکردن لە نێوچە سنوورییەکانی عێراقو تورکیا بکشێنەوەو ڕاشیگەیاند لەگەڵ تورکیا ڕێکەوتوون بۆ تاقیبی ئەندامو چەکدارانی ئەو پارتەو داخستنی نوسینگەکانیان لە هەرێمی کوردستانو ڕێگەشیان پێنادەن لە خاکی هەرێمەوە هیچ جموجوڵێکی چەکداریی دژی تورکیا ئەنجام بدەن.[3]

بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکارو هاوپەیمانی تورکیا بوو لە ئەنجامدانی بەشێکی هەرە زۆری ئەو پرۆسە سەربازییانەی، کە تورکیا دژی چەکدارانو بنکەو بارەگاکانی ئەو پارتە لە نێو خاکی هەرێمی کوردستانو نێوچە سنوورییەکانی هەردوولادا ئەنجامیداوەو لە هێندێکیاندا ڕاستەوخۆ بەشداریش بووە. دژی ئەم هاوکارییو کارئاسانییەی پارتی بۆ تورکیا لە چەند بەیاننامەیەکدا PKK هێرشی توندی کردۆتە سەر پارتیو تۆمەتباری کردووە، کە لە چوارچێوەی پلانەکانی تورکیادا کار دەکات.[4]

---

جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنە ئەنجامدا یان لایەك ئاگاهی ئەوی تری فەرامۆشکرد، ئەوا ڕێکەوتنەکە کۆتایی دێت. بڕوانە میخائیل م.جونتر: الاکراد و مستقبل ترکیا، ص(169–170)، ومراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی، ل178.

[1] مەکتەبی ناوەندی پارتی: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل55.

[2] ایضاح الی الرای العام، وثیقة الاتفاق بین حزب العمال الکردستانی والاتحاد الوطنی الکردستانی، دیرۆك(1988/5/1)، بڕوانە بەلگەنامەی ژ(12)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەلگەنامەییو ڕۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

[3] د.ابراهیم خلیل العلاف: ترکیا بین، ص(157– 158)، و هێرش عبدالله حەمە کریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی، ل275.

[4] بەیاننامەی نوێنەرایەتی باشووری پارتی کرێکارنی کوردستان بە نێونیشانی(گەلی وڵاتپارێزی کوردستان، هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمان پەروەرەکان)، دیرۆك(1998/2/11)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەلگەنامەییو ڕۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

بەهەرحاڵ هاتنەئارای ڕووداوو پێشهاتی نوێو نەهاتنەدی پێشبینییەکانی تورکیا بۆ ئەنجامی شەڕی دووەمی کەنداوو دروستبوونی ئەزمونی حکومڕانی خۆڕێبەری لە باشووری کوردستان، تورکیای ناچار کرد چاو بە سیاسەتو هەڵوێستەکانیدا بخشێنێتەوەو لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییو ئابوورییەکانیو دوورخستنەوەی مەترسیی لە سەر ئاسایشیی نەتەوەییو بە دیاریکراویش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی PKK لە کورد نزیك بێتەوەو بچێتە نێو پێوەندییەکی هاریکارییەوە، کە توانی لەم سیاسەتەیدا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنێتو بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەتایبەتی پارتی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دژ بە PKK بەکار بهێنێت، بەڵام هێندەی نەبرد سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ لە باشووری کوردستان، جارێکی تر تورکیای تووشی دڕدۆنگی کردو لە سەری پێویستکرد سیاسەتی نوێو جیاوازتر لە ئاست ئەو قەیرانە نوێیە پێڕەو بکات.

## باسی چوارەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە سیاسەتی میانگیریی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان

### تەوەری یەکەم- هۆکارەکانی پێڕەوکردنی سیاسەتی میانگیریی:

کاتێك شەڕی نێوخۆ لە مانگی (1994/5)دا لە شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان لە سەر پارچەیەك زەوی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەڵگیرسا[1] و دواتر بە تەواوی تەشەنەی سەندو هەموو نێوچەکانی گرتەوە، تورکیا لە ئاست ئەو شەڕەدا دڕدۆنگ بوو، چونکە دەترسا PKK لە بەرژەوەندیی خۆی بیقۆزێتەوەو لەولاشەوە شەڕەکە ڕێڕەوی نزیکبوونەوەی ئەو وڵاتەی لە کوردانی عێراق تێکداو بەرژەوەندییەکانیشی خستە مەترسییەوە.[2] لەبەرئەوەی ئەو شەڕە کێشەی سنووریی بۆ تورکیا دروستکرد، چونکە حکومەتی هەرێم دوای ئەو دیرۆکە دەسەڵاتی نەماو حوکمی میلیشیا هاتەئاراوەوکۆنترۆڵ بەسەر سنوورەکانەوە لاواز بوو،[3] بۆیە بە کردارییی دەرفەت لەبەردەم ئەو پارتەدا رەخسا، کە باشتر خۆی لە نێوچەکانی بادینان و نێوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان قایمتر بکات.[4] ئەگەرچی PKK بە فەرمیی دژی هەڵایسانی ئەو جەنگە بوو، پێی وابوو بە زیان بۆ نەتەوەی کورد دەشکێتەوەو بەشێکە لە پلان و تەڵەکەی دوژمنانی کورد بۆ دەستگرتن بە سەر دەستکەوتەکانی گەلی کورددا لە باشووری کوردستان.[5]

لێرەوە تورکیا کەوتە بەردەم دوو هەڵوێستی ناڕوون، لەلایەك پێی خۆشبوو شەڕ بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکومەت و دامو دەزگە کارگێڕییەکان هەڵتەکێت و رەوایەتییان نەمێنێت. لەلایەکی ترەوە ترسی ئەوەی هەبوو بەهۆی بەردەوامی شەڕەوە لایەکی شەڕکەرەکان(یەکێتی یان پارتی) ناچار بن لە PKK نزیك ببنەوە. لەبەرئەوە تورکیا ناچار بوو سیاسەتی میانگیریی بۆ دروستکردنی ئاشتەوایی و کۆتاییهێنان بە

---

[1] الحزب الديمقراطى الكوردستانى، المكتب السياسي، مكتب الدراسات والبحوث المركزى: الاقتتال الداخلى فى كوردستان العراق، كيف اندلع ومن المسؤول عنه، ج1، ط1، 1997، دراسة رقم(29)، ص(118،51).

[2] د.خليل على مراد: الموقف الاقليمي، م.س، ص6، و وسمى محمد الشمرى ومحمد حازم الطائي: موقف تركيا، م.س، ص 279، و الحزب الديمقراطى الكوردستانى: الاقتتال الداخلى فى كوردستان، ص121.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەعدی ئەحمەد پیرە(ئەندامی وەفدی یەکێتی بۆ تورکیا)، ر(کوردستانی نوێ)، ژ(1002)، دووشەممە(1995/6/5)، ساڵی چوارەم، ل2.

[4] ميخائيل م.جونتر: الاكراد ومستقبل تركيا، ص179.

[5] بەیاننامەی فەرماندەیەتی گشتی هەرێمی بۆتان- بادینان، بە نێونیشانی(فلنسقط مؤامرات اعداء كردستان ولنطور وحدتنا الوطنية)، دیرۆك(1994/6/11)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

شەڕ لە نێوان ئەو دوو هێزە شەڕکەرەدا بگرێتەبەر.[1] ئەگەرچی تورکیا ئەو سیاسەتەی گرتەبەر، بەڵام لە سەرەتاوە نەیدەویست ئاشتییەکی یەکجارەکیو سەرتاسەریی بێت. بۆ نموونە لە ڕۆژی(1994/5/30)دا بانگهێشتی نوێنەری یەکێتیو پارتی بۆ شاری سلوپی کردو هەردوولا چاویان بە یەك کەوت، بە مەبەستی ئاشتبوونەوە[2]و لە ڕۆژی( 23 تەموز)ی هەمان ساڵ (ڕێکەوتنی سلوپی) لێکەوتەوە. بێگومان ئامانجی تورکیا لەو قۆناغەدا ڕۆڵ بینینی کاریگەر بوو لە نێوچەکەو ڕێگریکردن لە درێژبوونەوەی ئەو شەڕو ململانێیە بۆ نێوخۆی وڵاتەکەی،[3] بەڵام لە دواساتەکاندا دێمیرێل دەستیوەرداو ڕێکەوتننامەکەی لە نێوبردو وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش ئاگاهی لە نێوەڕۆکی ڕێکەوتننامەکەدا.[4] بەتایبەتیش لەوکاتەدا واتە لە ڕۆژی(16-22/تەمووزی 1994) لەلایەن فەرەنساو ئەنیستیتۆی کورد لە پاریسو بە هەوڵی کەندالْ نەزان، ڕێکەوتننامەی(پاریس) لە نێوان یەکێتیو پارتیدا ئیمزا کرا بوو.[5] تورکیا ئەمەی بە هەوڵێکی فەرەنساو خۆرئاوا دانا بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەی کوردو پێی وابوو بەڕێوەچوونی وتووێژەکانی پێش ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە، بێبەشداری پێکردنی، شتێکی لە پشتە، بۆیە لەسەر زاری(مومتاز سویسال)ی وەزیریی دەرەوە بە فەرمی داوای راگرتنی ئەو دەستپێشخەرییە فەرەنسییەی کردو رایگەیاند بەردەوامبوونو جێبەجێبوونی کاردەکاتە سەر پێوەندییەکانی تورکیاو فەرەنسا، لەبەرئەوەی ئەو هەوڵە دەستوەردانە لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکەی.[6]

ورده ورده گۆڕانکاریی زێتر لە گۆڕەپانی سیاسیی باشووری کوردستاندا هاتەئاراوەو لە بەهاری(1995)دا، دابەشبوونی هەرێمیی لە نێوان پارتیو یەکێتیدا بوو بە شتێکی حەتمیو دوو نێوچەی گریمانکراو دەرکەوت. نێوچەی یەکەم بادینیو پارتی بە سەریدا زاڵبوو لە ژێر سایەی تورکیاو نێوچەی دووەم سۆرانی، کە دەکەوتە بازنەی پانی 36و لە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتیو ملکەچی نفوزی ئێران بوو. ئەم ڕەوشە نوێیەش بوو بەهۆی زاڵبوونی پارتی بە سەر ئەو نێوچەیەی لە ساڵی 1991 بە نێوچەی ئارام ناسرا بوو، لە توانای ئەم نێوچەیەدا هەبوو ببێتە پشتێنەی دابڕ، کە پێوەندی یەکێتیو PKK بپچڕێنێتو تورکیا حەزی بەمە دەکردو پێویستییەکی ئاسایشیی بوو، عێراقیش ناچار

---

(1) وهرام بتروسيان: سياسة تركيا تجاه كردستان، ص(12-13).

(2) مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراقو، ل(106-107).

(3) واثق محمد السعدون: البعد الامنى فى العلاقات، ص376.

(4) وسمى محمد الشمرى ومحمد حازم الطائي: موقف تركيا، ص279.

(5) ج(وطن شمس)، ع(10)، و مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراقو، ل107.

(6) الحزب الديمقراطى الكوردستانى:: الاقتتال الداخلى فى كوردستان العراق،ج1، ص425.

بوو هاوكاریی باكووری هێڵی 36 ژێر كۆنترۆڵی پارتیو نفوزی توركیا بكات.[1] بەڵام هۆكاری سەرەكی بریتیی بوو لە توندبوونەوەی شەڕی نێوخۆ لە كوردستانو دەستێوەردانی سەدام حسێن لە نێوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی لە رۆژی(31ی ئابی 1996). ئەم رووداوە وایكرد، دوو هێڵی شەڕ بێتە ئاراوە لەسەر ئاستی هەرێمیی، ئەوانیش هێڵی(ئەنقەرە- بەغدا- پارتی)و بەرامبەر هێڵی(ئێران- یەكێتی). توركیا بەمە دڵخۆشبوو، لەبەرئەوەی مایەی دڕدۆنگی ئەمریكا بوو. هاوكات لە توركیاو لە رۆژی(1996/9/6)دا كۆبوونەوەیەكی گرنگ لە نێوان ئەندامانی دیاری حكومەتو ئەركانی سوپاو دەزگەی سیخوڕیی توركیا(میت) ئەنجامدرا. لەو كۆبوونەوەیەدا، سەرۆك كۆمار (سلێمان دێمیرێل)یش تێیدا ئامادە بوو، ئامانج لێی داڕشتنی سیاسەتێكی نوێ بوو بەرامبەر بە قەیرانی شەڕی نێوخۆیی كورد لە باشووری كوردستاندا، كە خۆی دەبینییەوە لە: هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی سزای ئابووریی لەسەر عێراق لەلایەن(UN)ەوەو پێشكەشكردنی هاوكاریی توركیا بۆ توركمانەكانی عێراقو هاندانیان بۆ داواكردنی مافەكانیان.[2]

هەروەها لە رۆژی(1996/9/7)یش وەزیری دەرەوەی توركیا(تانسۆ چیلەر) داوای گرەنتی پاراستنی توركمانەكانی لە عێراق كردو سوریاش لە رۆژی(1996/9/8) ئاگاهی دا. لێرەوە جارێكیتر رووداوەكانو نێوچەكە جەمسەرگیریی نوێی بەخۆوە بینی، بەجۆرێك هەریەكە لە (توركیا- ئەمریكا- ئیسرائیل- پارتی) تەوەرێك بوونو تەوەرەكەی تر بریتیی بوون لە (ئێران- سوریا- یەكێتی- PKK). لەم بارەوەو لە ئاست بەرەو پێشچوونی رووداوەكانی باشووری كوردستانو نێوچەكە، دیمریل رایگەیاند:" ئاسایشیی نەتەوەیی توركیا دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە قەیرانی باكووری عێراق دەخوازێت". لێرەوە رێكەوتننامەی ئەنقەرە لە نێوان یەكێتیو پارتی بە چاودێریی توركیا هاتەئاراوە.[3] سەرباری پەرەسەندنی بارودۆخی نێوخۆیی لە باشووری كوردستان، هاوكات كۆمەڵێ هۆكاریتر پاڵنەر بوون، بۆ ئەوەی توركیا سیاسەتی میانگیریی لە ئاست شەڕی نێوخۆی نێوان یەكێتیو پارتی بگرێتەبەر، دیارترینیان هەوڵدان بوو بۆ بێلایەنكردنی كوردانی عێراق بەرامبەر بە كێشەی كورد لە توركیاو ناچاركردنیان بۆ دژایەتیكردنی PKK، بەتایبەت لە ژێر رۆشنایی ئەو ناكۆكییە

---

(1) وهرام بتروسیان: سیاسة تركیا تجاه كردستان، ص(18-19).
(2) ن.م، ص(19-20).
(3) ن.م، ص(20-21، 25).

**قووڵانەی، کە لە نێوان PKKو پارتیدا هەبوو.[1] سەرباری ئەوەی تورکیا دەیویست سوود لە کوردانی عێراق بەتایبەت یەکێتیو پارتی وەربگرێت بۆ دژایەتیکردنی وڵاتانی دراوسێ لە باشوورەوە، کەمەبەست لێی(عێراقو سوریاو ئێران) بوو. جگە لە ڕۆڵبینینی نوێی هەرێمیی لە نێوچەکەدا.[2]**

**تەوەری دووەم- تورکیاو مەسەلەی PKK لە ڕێکەوتننامەکانی نێوان یەکێتیو پارتیدا:**

**بە سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ لە باشووری کوردستان، دڕدۆنگی تورکیا بەوەوە نەوەستا، کەزانی مەترسیی لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەردەوامە، بەڵکو هەوڵێکی زۆریدا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی شەڕەکە. ئەگەرچی لە سەرەتاوە دەیویست زیاتر دۆخەکە ڕاگرتنی شەڕو تەنسیق بێت لە نێوان یەکێتیو پارتیدا، بەڵام پەرەسەندنی شەڕەکە لە نێوخۆو هەوڵی دەستێوەردانی ئەمریکاو فەرەنساو بەریتانیا بۆ ئاشتکردنەوەی دوو لایەنە شەڕکەرەکە، تورکیای تەواو نیگەران کرد، بۆیە بە تەواوی دەستیوەردایە ئەو هەوڵو ڕێکەوتننامانانە بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیو بە دیاریکراویش مەسەلەی PKKو چۆنێتی بردنی بۆ نێو مەسەلەو تەوەرەکانی نێو گفتوگۆی ڕێکەوتننامەکانەوە. ئیدی لەوقۆناغە بە دواوەش چەند ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان یەکێتیو پارتی هاتە ئاراوە لەوانە:**

**یەکەم- ڕێکەوتننامەی سلوپی( 23 ی تەمموزی 1994 ):**

**ئەم ڕێکەوتننامەیە دوای ئەوە هات، کە پێشتر لە ڕۆژی(1994/5/30) بەهۆی هەوڵی میانگیریی تورکیا، شاندی پارتی، کەپێکهاتبوون لە (نێچیرڤان بارزانیو سامی عەبدوڕەحمانو موحسین دزەییو عەبدولعەزیز تەیب) بە فڕۆکەیەکی تورکی برانە شاری سلوپیو شاندی یەکێتیش، کەپێکهاتبوون لە (کەمال فوئادو عومەر فەتاحو سەرچڵ قەزان) لە سوریاوە گەیشتبوونە تورکیا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك پلەداری سوپای تورکیاو بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە، لە شاری سلوپیی کۆبوونەوەو هەردوولا باسیان لە بارودۆخی کوردستانو کردو بەڵێنیان دا، ڕەوشەکە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی بگێڕنەوە، لەگەڵ گرەنتی بەرقەرارکردنی ئاسایشو ئاشتیی. سەرباری باسکردنی گەمارۆی ئابووریيو شەڕی نێوخۆو ڕۆڵی PKK و مەسەلەی ئاوارە کوردەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان. هەروەها هەردوولا خۆشحاڵی خۆیان بەو دەستپێشخەرییەی تورکیا دەربڕی، کەئامادەیە میانگیرییان لەو ململانێیەدا بکات. هاوکات تورکیا ئەوەی بۆ**

---

[1] فرەنسۆ هەریری: پەکەکە چما وادەکا؟ چ1، چا(وەزارەتی پەروەردە)، هەولێر، 2000، ل(21–22).

[2] خورشید حسین دلی: ترکیا والقضایا السیاسة الخارجیة الترکیة، جمعیة الکتاب العرب، دمشق، 1999، ص23.

**شاندی هەردوولایان دوپاتکردەوە، کەنابێ ڕێگە بە PKK بدەن بۆشایی لە نێوچەکەدا بقۆزێتەوە.**[1] **دواتریش لە (23ی تەممووزی 1994)دا لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی سلوپیی ئەو کۆبوونەوەیە بەرجەستە بوو.**

**دووەم- ڕێکەوتننامەی پاریس( 22 ی تەموزی 1994 ):**

**دەقی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە هەردوو زمانی فەرەنسیو ئینگلیزیی، بە ئامادەبوونی(کەندالْ نەزان)ی سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریسو(بێرنارد دوران) راوێژکاری دەوڵەتو باڵوێزی فەرەنساو(د.نەجمەدین کەریم) سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد(KNK) پاش کۆبوونەوەو گتوبێژ لەسەر کردنی لە رۆژانی(16-22/تەمووزی 1994) لەلایەن (سامی عەبدورەحمان) سەرۆکی شاندی(پ.د.ك)و (نەوشیروان مستەفا) سەرۆکی شاندی(ی.ن.ك) ئیمزا کرا.**[2] **دواتر پاش چەندین گفتوگۆی نێوان مەکتەبی سیاسیی ئەو دوو حزبە لە هەولێرو سەلاحەدینو پاریسی پایتەختی فەرەنسا وەك پرۆژەیەك گەڵاڵە کراو لە رۆژی(1994/11/24)دا لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانو وەزیرەکانی کابینەی دووەمو نوێنەرانی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیو بزوتنەوەی ئیسلامیو کۆنگرەی نیشتیمانیی عێراقو هێندێك لایەنو کەسیتردا ئیمزا کرا. ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ڕێکەوتننامەکەی پەسەند کردو لایەنەکانیش پیرۆزباییان لێکردن.**[3]

**ئەم ڕێکەوتننامەیە فراوانو فرە لایەن بوو، بەجۆرێك شەش بواری لە خۆگرتبوو، کەپێکهاتبوون لە مەسەلەکانی(ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان، سوپاو ئاسایشیی هەرێم، ئابوورییو دارایی هەرێم، پێوەندیی نێوچەییو دەرەوە، خشتەی کاتیی- مەبەست لێی کاتی جێبەجێکردنی ئەو شتانە بوو، کە پێوەندیدار بوون بەهەڵبژاردنو پێکهێنانی حکومەتو داڕشتنی دەستووریی هەرێم، چاودێرییو حەکەمی- مەبەست لەمەش ئیمزاکردنو ڕێکەوتننامەی نوێنەری یەکێتیو پارتیو ئامادەبوونو چاودێریی ئەو کەسو لایەنانە بوون، کە لە پێشەکیی باسی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا ئاماژەمان پێکردوون).**[4]

---

[1] الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي في كوردستان العراق، ص(70-71).

[2] نەوشیروان مستەفا: کێشەی یەکێتیو پارتی، ل147.

[3] هـ.س، ل148.

[4] بۆ وردەکاریی ڕێکەوتننامەی پاریس، بڕوانە د.مارف عومەر گوڵ: پێوەندی مەسەلەی کورد بەیاسای نێودەوڵەتانەوە، چ1، چاپخانەی(حەمدی)، سلێمانی، 2002، ل(151).

**سێیەم- ڕێکەوتننامەی درۆگیدا لە دبلن(9-1995/8/11):**

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ڕۆژانی(9–1995/8/11) لە درۆگیداو لە میوانخانیەکی بچووک بە دووری(45کم) لە شاری(دبلن)ی پایتەختی کۆماری ئیرلەندەو بە بەشداری بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکاو کۆنگرەی نەتەوەیی عێراق(INC)و دیپلۆماتکارێکی تورکیاش وەك چاودێر، دوای ئەنجامدانی وتووێژی فراوانی نێوان یەکێتیو پارتی ئیمزا کرا[1]و ڕێکەوتن لەسەر:

1. چەکداماڵین لە هەولێر.
2. پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن بە سەرپەرشتی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی یەکگرتوو(INC).
3. کەمکردنەوەی ژمارەی هێزە ئامادەکان لە دەوروبەری هەولێرو جولاندنی بۆ ژمارەیەك شوێن، کە ڕێکەون لە سەری.
4. دوای(48) کاتژمێر لە ئیمزاکردنی بڕیاری دادوەر بە چەکداماڵین لە هەولێر، ڕەسمو دەستکەوتی گومرکو دەرامەتەکانی تر، کەپارتەکانی تر کۆی دەکەنەوە، کۆبکرێتەوەو بۆ ئەوەی بسپێردرێت بە بانکێك، بە سەرپەرشتیی دەزگایەکی بێلایەن لەسەر حسابی کارگێڕیی هەرێم.
5. هەموو ئەو دەرامەتانە دەژمێردرێن، کە لە ئەستۆی پارتەکاندان لە(1ی ئایاری 1994)ەوە.
6. گێڕانەوەی ڕەوایەتیی دەسەڵاتی هەرێم، ئەوەش لە ڕێگەی دەستپێکردنی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی هەڵبژێردراو، لە ماوەی(48)کاتژمێر لە ئیمزاکردنی بڕیاری دادوەر بە داماڵینی هەولێر لە چەك.
7. پەرلەمانی هەرێم کارگێڕییەکی نوێ بۆ پارێزگەکانی باکوور پێکدێنێت، کەبنکەیەکی فراوانی هەبێت، بەجۆرێك پارتو کۆمەڵە نەتەوەییەکانیتریش تێیدا بەشدار بن.
8. ئەم خاڵانە بەرژەوەندییە ئاسایشییە ڕەواکانی تورکیا لە بەرچاو دەگرێت.
9. هەموو ئەوانەی سەرەوە لە چوارچێوەی یەکێتی خاکی عێراقو سەروەریی نیشتیمانیی جێبەجێدەکرێت.[2]

---

[1] مراد خۆشەڤی حەسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراقو، س.پ، ل109، و کەناڵەکانی میدیای جیهانی لە کۆبوونەوەکەی دبلن دەدوێن، ر(کوردستانی نوێ)، پێنج شەممە(1995/8/10).

[2] بڕوانە ڕێکەوتننامەی درۆگیدا لەدبلن، دەق لە: الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص(315،310) و ڕۆژنامەی وڵات، ژ(82)، دیرۆکی(14ی ئابی 1995)، پاشکۆی تایبەت بە(15ی ئابی 1984).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم رێکەوتننامەیەدا سەبارەت بە (PKK)ەوە، ئەوەیە، کەتێیدا گرەنتیی رەچاوکردنی دڕدۆنگییە ئاسایشییەکانی تورکیا کراوە، بەشێوەیەك پارتی چاودێری سنوورەکان بۆ رێگرتنی چەکدارانی PKK لە باکووری عێراقەوە بۆ تورکیاو مەسەلەی بە تیرۆر ناساندنی ئەو پارتە، وەك رێکخراوو پارتێکی تیرۆریستیی بکات. ئەم خاڵە یەکێك لە مەترسییە هەرە سەرەکییەکان بوو، کە رووبەڕووی پرسی کورد لە باکووری کوردستان بەگشتیو خەباتی رزگاریخوازیی PKK بووەوە، چونکە ئەگەرچی لە گەڕی دووەمی وتووێژەکانی ئەم رێکەوتننامەیەدا لە رۆژی(1995/9/12)، لایەنی یەکێتی نیشتیمانییو خودی(نەوشیروان مستەفا) داوای کردبوو، هەروەها ئارەزووشی خواستبوو، کەبڕگەی(6) هەڵبوەشێتەوە، کە تایبەت بوو بە مەسەلەی بە تیرۆر ناساندنی PKK، بەڵام تورکیا سوور بوو لە سەر پێداگریکردنو پابەندبوونی بەو بڕگەیەوە.[1] بەڵام کێشەی گەورەی بۆ PKK لە سەر ئاستی جیهانیی بۆ دروستکرد.

کاتێك سەیری بەشێکیتری خاڵو بڕگەکانی ئەو رێکەوتننامەیە دەکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کەتایبەتە بە پرسی پارەو گومرگو داهاتی کوردستانو بە دیاریکراویش خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل. بۆیە لەمەشدا تورکیا ئامادەیی دەربڕیی ئەو کێشەیەیان بۆ چارەسەر بکات، بەجۆرێك باجو گومرکی ئەو خاڵە سنوورییە لە رێگەی دوو نوێنەری ئەو دوو پارتەوە بیٚو دواتر لە بانکێکی تورکیا لە شاری سلوپی دابنرێتو پاشان بە شیبکەن، بەڵام بەرامبەر ئەمە لە سەر یەکێتی پێویستکرابوو، کار ئاسانی بکات لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ لە نێوبردنی PKKو بە تیرۆر بیناسێنێت، بەڵام یەکێتی ئەمەی رەتکردۆتەوە.[2]

**راگەیەنراوی ئەنقەرە بۆ ئاشتیی( 30-31ی تشرینی یەکەمی 1996 ):**

لە رۆژانی(30-31ی تشرینی یەکەمی 1996)دا، نوێنەرانی تورکیاو ئەمریکاو بەریتانیا لەگەڵ شاندنی یەکێتیو پارتی کۆبوونەوەو رێکەوتن لە سەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی لە دانوستانەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

یەکەمیان- پارێزگاریی لە ئاگر بەستیو پتەوکردنی پابەندبوون پێیەوە لە نێوان یەکێتیو پارتیدا، بۆ ئەوەی بگۆڕێ بۆ ئاگر بەستی هەمیشەیی.

دووەمیان- دەستکردن بە ئاشتەوایی سیاسیی بە مەبەستی پتەوکردنی ئاسایشو ئارامی لە باهەرێمی کوردستان. هەروەها هەمووان رێکەوتن لە سەر ئەوەی ئەم تەوەرانەی خوارەوە کاری پارتەکان دیاری بکات:

---

[1] میخائیل م.جونتر: الاکراد ومستقبل ترکیا، م.س، ص185.

[2] ن.م، ص(181-182).

1. پێویستە ئەم ڕێکەوتننامەیە یەکپارچەیی خاکی عێراق‌و سنوورەکانی نەخاتە مەترسییەوە.
2. ئایندەی عێراق لەلایەن کارگێڕییەکی سەربەخۆی هاوبەشیی هەموو گەلی عێراقەوە دیاریدەکرێت لە ڕێگەی گتوبێژو دابینکردنی مافە مرۆیی‌و سیاسییەکانی هەموو هاولاتیانی عێراق، وەك لە بڕیاری(988) ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتیدا هاتووەو جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی، کەهەموو ئەندامانی(UN) بەڵێندەدەن بە گرەنتی یەکێتی خاکی عێراق‌و سەربەخۆیی.
3. ڕەچاوکردنی مەسەلە ئاسایشییە ڕەواکانی تورکیاو ولاتانی دراوسێ. هەروەها پێویستە ڕەچاوی ئاسایش‌و ئارامی سنوورە نێودەوڵەتییەکانیش بکرێت.
4. هەردوو حزب لە پێگەی بەرگریدا دەمێننەوەو هیچ لایەکیان هیچ کارێکی دوژمنکارانە دژی ئەویتر ئەنجام نادات.
5. ڕاگرتنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوو حزب.
6. ئەوەی تایبەتە بەئاشتەوایی سیاسیی، هەردوولا ڕێکەوتن لە سەر کێشە بنەڕەتییەکان‌و بەڵێن دەدەن دانوستان بکەن، تایبەت بە پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی بە بەشداری سەرجەم پارت‌و کەمینەکانی وەك تورکمان‌و ئاسوورییەکان لە سەر بنەمای یەکسانی.
7. دەربارەی بایەخدانە ئاسایشییە ڕەواکانی تورکیا، هەردوو حزب ڕێکەوتن کار بکەن بۆ ڕێگرتن لە بوون‌و ئەنجامدانی چالاکیی چەکدارە تیرۆریستەکان، بەتایبەت PKK.[1]

لە کۆتاییدا بەشداربووان بەم بنەمایانە ڕێنوێنی ئەوەیان کرد، کار بکەن بۆ پتەوکردنی ئاگربەست‌و وایلێبکەن هەمیشەیی بێت‌و دەستیش بە پرۆژەی ئاشتەوایی سیاسیی بکەن. هەروەك ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی لە ڕۆژی(1996/11/15) لە ئەنقەرە کۆببنەوە جارێکیتر بۆ چاوخشاندنەوەو وەستان لە سەر مەودای ئەو پێشکەوتنەی، کە لە بواری جێبەجێبوونی ئەو بنەمایانەدا وەدەستهاتووە. ئەگەر تەماشای هێندێك لە خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی ئەنقەرە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی PKK کراوە، لە ڕێگەی لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی تورکیاوە، بەرێگریکردن لە بوون‌و چالاکی سیاسیی‌و چەکداریی ئەو پارتە لە باشووری کوردستان. ئەوەش یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی تورکیا بوو لە

[1] ئەم ڕێکەوتننامەیە لەبنەڕەتدا لە(22) خاڵ پێکهاتووە، بۆ زانینی خاڵەکانی تر بڕوانە دەقی ڕاگەیەنراوی ئەنقەرە لە الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص(384–386).

چوارچێوەی سیاسەتی میانگیریدا روەو باشووری کوردستان. لەلایەکی دیکەوە لەم ڕێکەوتنەدا ئیملاکردنی تورکیاو ئەمریکاو بەریتانیا زۆر بە روونی بە سەر ئەو دوو حزبە کوردییەوە دیارە، چ لە رووی تەواو گرێدانەوەی هەرێمی کوردستان بە عێراق و پاراستنی سنووررو سەروەریی یەکپارچەیی خاکی عێراق و لەلایەکی دیکەوە سەپاندنی سیاسەتی تورکیا لەم بەشەی کوردستانداو هاوڕاکردنی ئەو جووت حزبەیە بۆ لێدانی PKK و ناسینی وەك هێزێکی تیرۆریست و پێدانی ئەو رەوایەتییە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە ئەمەش لە راستیدا هۆکاری سەرەکی شەڕە حزبێنەی ئەو جووت حزبە بوون، کە ملکەچی سیاسەتەکانی تورکیاو ئەمریکا بن و دۆخی کورد بخەنە ئاستێکی لەو جۆرەو مەسەلەی کورد بۆ جارێکی دیکە بگەڕێننەوە بۆ قۆناغێکی لاوازو دواکەوتوو.

**ڕێکەوتننامەی واشینتۆن( 1998/9/17 ):**

پاشئەوەی ڕێکەوتننامەکانی پێشوو نەیانتوانی ڕێکەوتن و ئاشتەوایی یەکجارەکی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا بێننەدی و کۆتایی بە شەڕی نێوخۆیی کوردستان بهێنن، بەڵام بە فشاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەردوو هێزە شەڕکەرەکە ناچار کران، کە لە شاری واشینتۆن و بە چاودێریی بەریتانیاو زۆر وڵاتیتر لە رۆژی(1998/9/17) لەلایەن جەلال تاڵەبانی وەك نوێنەری یەکێتی و مەسعود بارزانی وەك نوێنەری پارتی و بە شاهێدی(دێڤید وێلش)ی جێگری یاریدەدەر لە نوسینگەی کاروباری رۆژهەلاتی دووری سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتننامەی ئاشتیی ئیمزا بکەن.[1] ئەم ڕێکەوتننامەیە شتی زۆر تێدا هاتبوو، بەشێوەیەك لە دەسپێکدا باس لە پابەند بوون بە کارگێڕیی نێوچەیی هەر سێ پارێزگاو چارەسەرکردنی ناکۆییە سیاسییەکانی نێوانیان کراوە لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی ئەنقەرە. جگە لەوەی جەخت کراوەتەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و دانانان بە سنووری دانپێدانراوی نێودەوڵەتیی عێراق و پابەندبوون بە پارێزگاریلێکردنی و ڕێگریکردن لە دزەکردنی تیرۆریستان(کەمەبەست لێی PKK بوو). هەروەها هەردوو حزب هەوڵ بۆ دامەزراندنی عێراقێکی یەکگرتووی فرەیی و دیموکراسیی لە سەر بنەمای سیستێمی فیدراڵیزم دەدەن. هەروەك کار لە سەر دووبارە دامەزراندنەوەی پەرلەمانی یەکگرتوو لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 دەکەن.[2] لە بەشێکی تری ڕێکەوتننامەکەدا باس و خواس لە بەهێزکردنی لیژنەی تەنسیق و هاریکاریی نێوان وەزارەتە خزمەتگوزارییە گشتییە نێوچەییەکان کراوە، کە پێداویستییەکانی هەموو خەڵك دابین بکات و لیژنەی هەردوو حزب هاریکاریی یەکتر

[1] حەسەن جودی: مێژوویێك لەئاگر، ل514.

[2] بۆ دەقی ڕێکەوتننامەی واشینتۆن، بڕوانە گەراس ئاڕ.ڤی.ستانسفیلد: کوردستانی عێراق، ل420.

دەکەن لە پارێزگاریکردنی سنوورەکان لە کاتی هاتنی خەڵك لە تورکیاو ئێرانەوەو ڕێگریی لە جموجوڵی PKK دەکەن. هەروەها هەردوو حزب مافی پەنابەریی بە ئەندامانی PKK نادەن لە هەموو نێوچەکانی باشووری کوردستانو گرەنتی ئەوەش دەدەن، کەهیچ بنکەو بارەگایەکی ئەو پارتە لە نێوچەکەدا نەبێت. سەرباری ئەوەی ڕێگریی لە تێکچوونی ئاشتییو پێشلێکردنی سنووری تورکیا دەکەن.

لە کۆتایی ڕێکەوتننامەکەشدا باس لە ئومێد خواستن دەکرێت، کە دوو دانیشتنی دیکە ئەنجام بدرێ، بەجۆرێك دانیشتنی یەکەم لە ئەنقەرەو ئەویتریان لە لەندەن بێت. دانیشتنی ئەنقەرە وتووێژ دەربارەی دیزاینی هاوبەش لە خۆدەگرێت بۆ ڕزگاربوون لە تیرۆر لە ڕێگەی پێکهێنانی گرەنتی ئاسایشیی بەهێز بۆ سنوورەکانی عێراق.[1] ئەم ڕێکەوتننامەیە توانی تاڕادەیەکی زۆر بارودۆخی شەڕی نێوخۆ هێور بکاتەوەو سنوورێك بۆ هێرشو پەلاماری یەکتر دابنێو بناغەی ڕێکەوتنو ئاشتییەکی دوورمەودا دابڕێژێت. لە کۆتاییدا ئەگەر تەماشای هەموو ڕێکەوتننامەکانی(سلوپی، پاریس، درۆگیدا، ئەنقەرە، واشینتۆن) بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کەبەهۆی کاریگەری تورکیاوە پانتاییەکی ئەو ڕێکەوتننامانانە بۆ دژایەتییو ڕووبەڕووبوونەوەی PKK تەرخانکراوە، تائاستی بە تیرۆر ناساندنیو ڕێگریکردن لە بوونو چالاکی سیاسیی چەکداریی لە باشووری کوردستان. تەرخانکردنی بڕگەو مادەی نێو ڕێکەوتننامەکانی لایەنە شەڕکەرەکانی باشووری کوردستان، بەڵگەیەکی بەهێزی کاریگەری PKK یە لە سەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا، بەجۆرێك ئەو وڵاتە ناچار بکات، هەموو ڕێگەو ئامرازێك بۆ دژایەتیکردنو لە قاڵبدانی بگرێتەبەر، بەتایبەت لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە یەکێتیو پارتی، تائاستی بەکارهێنانیان بۆ دژایەتییو تەنانەت بەشەڕدانیان لەگەڵ PKK، ئەوەش لە چوارچێوەی گرتەبەری سیاسەتی میانگیریی لە ئاست شەڕی نێوخۆ لە باشووری کوردستان.[2]

لە سەرەتاوە هەردوو حزب هاوکاری تورکیا بوون لە دژایەتیکردنو شەڕکردن لەگەڵ PKK، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاریی لە پێشهاتە سیاسییەکانو دۆخی شەڕ، کە ئاستێکی هەرێمیی لە خۆگرت، زیاتر پارتی لە بەرەی تورکیاوە بەشداربوو لەو دژایەتییە، بێگومان یەکێتیش بە حوکمی فاکتەری جیۆپۆلەتیك‌و نێوچەی فەرمانڕەوایی‌و کاریگەریی بارودۆخە هەرێمییەکەو بە دیاریکراوی ئێران لە سەری، کەوتە ئەم بەرەیەی ترەوە، کە پارتی لە پێناوی سەرکەوتنی بەسەر یەکێتیدا سوودی لە هاوکارییە

---

[1] هـ.س.

[2] الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، م.س، ص121.

سەربازییەکانی تورکیا وەردەگرت‌و لە بەرامبەریشدا کارئاسانی بۆ ئەو وڵاتە دەکرد بۆ تەنگ پێهەڵچنینی زیاتر بە PKK‌و جێبەجێبوونی پلانەکانی تورکیا لە سەر زەمینی باشووری کوردستان‌و چەندین ڕێکەوتننامەی سیاسیی‌و ئاسایشیی لەگەڵدا گرێداوە، تەنانەت ڕێگەدان بۆ کردنەوەی بارەگای دەزگەی سیخوڕیی(میت)ی تورکیی لە شاری هەولێر. ئەمە سەرباری ئەوەی پارتی پێیوابوو، لە دەسپێکی دامەزراندنی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان، PKK دژایەتی دەکات‌و ئامرازێکی فشارەو بەردەوامە لە دژایەتیکردنی ئەو ئەزموونە.[1] بە هەمان ئاراستە یەکێتیش بۆ بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییەکانی‌و رکابەریکردن‌و سەرکەوتن بە سەر پارتیدا،[2] دەیویست سوود لە کۆمەکییە سەربازیی‌و ئابوورییەکانی ئێران وەربگرێت‌و لە بەرامبەردا بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەی لە نێوچەی ژێردەستیدا دەپاراست،[3] وەك دژایەتیکردن‌و ڕێگریکردن لە پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئێران، لە نموونەی حدکا‌و کۆمەڵە.[4] سەرباری ئەنجامدانی چەندین ڕێکەوتننامەو یادداشتی لێتێگەیشتن‌و هاریکاریی لە بوارەکانی ئاسایشیی‌و سیاسیدا،[5] تەنانەت تائاستی کارئاسانیکردن بە کردنەوەی بارەگای دەزگای ئیتلاعاتی ئێران لە شاری سلێمانی.[6]

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەکرێت ئاماژە بدەین، بەوەی، کە راستە PKK کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا‌و عێراق هەبوو، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین، کە کاریگەرییەکە جیاواز بوو تاوەکو ئەو کاریگەرییەی، کە لە پێوەندییەکانی تورکیا‌و سوریادا دروستیکرد بوو، چونکە لەلایەك تا جەنگی دووەمی کەنداو، ئەو دوو وڵاتە پێوەندییەکانیان ئاسایی بووەو بگرە زۆربەی کاتیش دۆستانە بووە بۆ تەوقدانی مەترسیی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لە باکوورو باشووری کوردستان. لەلایەکی

---

[1] بیار مصطفى سیف الدین: ترکیا وکوردستان العراق، ص(175، 192)، و سياسة تركية جديدة في شمال العراق، مج(شؤون تركية)، ع(3)، صيف 1993، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، ص41.

[2] بڕوانە نامەی جەلال تالەبانی بۆ (د.عەلی ویلایەتی) وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەرچەندە بێ دیرۆکە نامەکە، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی نێوی، دوای ڕووداوی (31ی ئابی 1996) نوسراوە، دەق لە الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص357.

[3] بڕوانە نامەی جەلال تالەبانی بۆ (سەردار محەمەد جەعفەری) بەرپرسی هەواڵگریی پاسەوانی ئێرانی لەمانگی (ئابی 1996)، دەق لە الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص351.

[4] بڕوانە ڕێکەوتننامەی لێکتێگەیشتنی شاندی یەکێتی‌و شاندی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاران لەمانگی(1994/8)، دەق لە الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص294.

[5] بڕوانە هاوکاریی نێوان دەزگای زانیاریی‌و ئیتلاعات، دەق لە الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص381.

[6] بڕوانە کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان هەردوو دەزگەی(زانیاریی) یەکێتی‌و(ئیتلاعات)ی ئێران، کە دەستەیەکی دەزگەی زانیاری یەکێتی لەڕۆژی(1995/6/1) سەردانی ئەو وڵاتەیان کردووەو ماوەی (15) ڕۆژی خایاندووە، دەق لە الحزب الديمقراطي الكوردستاني: الاقتتال الداخلي، ص378.

تریشەوە هیچ کام لەو دوو وڵاتە بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە سوود لە کێشەی کورد وەك کارتی گوشار دژی ئەوی تریان بەکاربهێنن. کە ئەمە لە هەمان کاتدا خەسڵەتێکی ئەو پێوەندیانەیە. تەنانەت دوای جەنگی دووەمی کەنداویش تورکیا بەتایبەتی بیری لەوە نەکردەوە. دوای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئەو مامەڵەو پێوەندییەی تورکیا دروستیکرد، لەلایەك پێوەندییەکی نافەرمیی و لەسەر ئاستی قەبوڵ کردنی نوێنەرایەتی حزبیی بوو(یەکێتی و پارتی) بوو، نەك پێوەندی دامەزراوەیی، پاشان لە ئاستێکیشدا بوو، کە دژ بە عێراق نەبوو، کە وەك کارتی گوشار بەکاری بهێنێت، بەڵکو دەرهاویشتەی گۆڕانکاریی سیاسیی و جیۆپۆلەتکیی بوو لە نێوچەکەداو بۆ تەوقدانی مەترسیی PKK بوو، بەهۆی جێگیربوونیان لە چیاکانی قەندیل. هەروەها تێبینی ئەوەش دەکەین، کە کێشەی ئاوی تورکیاو عێراق زۆر کاریگەری نەبوو، بە بەراورد بە کێشەی ئاویی ئەو وڵاتە لەگەڵ سوریا، چونکە زێتر کێشەی ئاوی عێراق بە سوریاوە پێوەست بوو. ئەگەرچی دەرهاویشتەکانی پرۆژەی گاپ عێراقیشی دەگرتەوە. هەرچی پێوەندییەکانی عێراقە بە PKK ەوە، جگە لەوەی سنووردار بوو، هاوکات لە ئاستێکی بچووکی پێوەندی سیاسیدا بوو، کە وەرگرتنی زانیاری بوو لەسەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە نێو خاکی تورکیا لە سەروبەندی جەنگی دووەمی کەنداودا.

سەبارەت بە پێوەندییەکانی تورکیاو هەرێمی کوردستان، تێبینی ئەوە دەکەین، کە PKK کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەو پێوەندیانە هەبوو، بەهۆی بوونی بنکەو بارەگەی ئەو پارتە لە نێو خاکی هەرێمی کوردستانو لە نێوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان. بۆیە تورکیا بە درێژایی ئەو پێوەندیانە هەوڵی دەدا کە سوود لە یەکێتی و پارتی وەربگرێت بۆ روبەڕووبوونەوەی PKKو بەکرداریش ئەو دوو حزبە سەرەتا پێکەوە، وەك هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانو دواتریش بە جیا بە گژ PKK دا چوونەوە. ئەوەی جێگەی تێبینی لەسەر کردنە، کە لە بەشێکی زۆری رێکەوتننامەکانی نێوان یەکێتی و پارتیدا، چ ئەوانەی تورکیا راستەوخۆ ئامادەیی تێیاندا هەبوو، یاخود ئەوانی تر، ئەوەیە کە ئەو دوو پارتە بەڵێنیان بەو وڵاتە داوە بەرژەوەندییەکانی بپارێزن، کە بەشی سەرەکیی ئەو بەرژەوەندیانەش روبەڕووبونەوەی PKK و هاوکاریکردنی تورکیا بوو لە تەوقدانی مەترسیی و کاریگەرییەکانی بۆ سەر تورکیا، کە دواجار بە پێکهێنانی نێوچەیەکی ئاسایشی لە هەرێمی کوردستاندا کۆتایی پێهات[1] و چەندین جاریش کە لەمەدا پارتی دیموکراتی کوردستان زێتر هاوکاری

---

[1] بۆ وردەکاری پرۆسەو نێوچەکانی پشتێنەی ئاسایشیی تورکیا لە باشووری کوردستان، بە گوێرەی بیروڕای (ی.ن.ك)، بڕوانە بەڵگەنامەی ژ(15).

**تورکیای کرد. بەهۆی ئەم هاوکارییانەوە لە هەرێمی کوردستانەوە، تورکیا چەندین پرۆسەی کێومالْکردن‌و سەربازیی لە دژی بنکەو بارەگەو گەریلاکانی PKK لە نێو خاکی باشووری کوردستان ئەنجامدا. بۆیە جگە لە سوودی ئابووریی لە پێوەندییەکانی لەگەلْ پارتیدا، لە هەمان کاتدا تورکیا ئەو پێوەندییانەشی بۆ کارئاسانی سەرکەوتنی ئەو پرۆسە سەربازییانە بەکاردەهێناو پارتی لە چەند پرۆسەیەکی سەربازی تورکیا دژ بە PKK لە نێو خاکی باشووری کوردستان‌و لە نێوچە سنوورییەکانی تورکیا بەشداریکردووە، وەك پرۆسەکانی(پۆلا-97، بەرەبەیان)، ویڕای بەشدار بوون لە پرۆسەی پشتوێنی ئاسایشیی لە سالْی 1997.[2] ئەگەرچی ئەم پشتوێنە ئاساییشییە جێبەجێنەکرا، بەلاْم دەرئەنجامی ئەم هاوکاریی پێوەندییەی نێوان پارتی‌و تورکیا، جێگیربوونی چەندان بنکەو بارەگەو سەربازگەی سوپای تورکیای لێکەوتەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە نێو خاکی باشووری کوردستاندا بە بیانووی روبەڕووبوونەوەی PKK.[3]**

---

[2] دەقی نامەی جەلال تالّەبانی بۆ(قادر حاجی عەلی‌و بەرهەم ئەحمەد سالّەح‌و عەدنان موفتی) دەربارەی هەولّەکانی تورکیا بۆ بەرپاکردنی پشتوێنی ئاسایشیی لە باشووری کوردستان، لە رۆژی(1997/11/6). بڕوانە بەلگەنامەی ژ(14) لە پاشکۆ.

[3] ئەو بنکەو بارەگە سەربازییانەی تورکیا بەم جۆرە دابەشبوو بوون: (سەربازگەی سپیلك لەسەر لوتکەی رۆژئاوای چیای هەریر(لە نێوان شارەدێی هەریرو خەلیفان)و زیاتر لە(2500) سەربازی ژاندارمەی تورکی تێدا بوو بە چەکی قورس‌و سوکەوەو لانیکەم(18) تانکیشی تێدا بوو، نێوەندی سەرەکی هێزی بلاْوبووە لە پارێزگەی هەولێر بوو. لە هاوینەهەواری سەری رەش(12)تانك‌و هێزی پاسەوانی پیادەو یەکەی تۆپی قورس لە شارەدێی هیران بە دووری(10کم) لە شەقلاوەوەو نزیکەی(1500) سەربازی تێدا بوو. لە چیای کۆڕەك‌و نزیك گوندی مەلا عومەر نێوەندی روانگەو پێوەندیی بێتەل بوو). بۆ وردەکاری زانیاری زێتری نیشتەجێبوونی سوپای تورکیا لە نێو خاکی باشووری کوردستاندا، بڕوانە سعید بابان: حول التواجد العسکری الترکی فی کردستان العراق، مج(شؤون ترکیة)، ع(1)، 15 حزیران 1998، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ص7.

# بەشی چوارەم

## کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا

## بەشی چوارەم( پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا )

### باسی یەکەم- سروشتی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران و فاکتەرە کارتێکەرەکانیی:

### تەوەری یەکەم- سەرەتاو سروشتیی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران:

**لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، تا دەگاتە قۆناغەکانی دواتر، پێوەندی نێوان تورکیاو ئێران بەهێزو توندوتۆڵ بوو، بەجۆرێك چەند رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆل لە نێوانیاندا گرێدراوەو پێکەوە بەشداری کۆمەڵێك پەیماننامەو هاوپەیمانی هەرێمیشیان کردووە، وەك: پەیماننامەی سەعد ئابادو پەیمانی بەغدا.[(1)]**

**بە دیاریکراویش سالانی نێوان(1953-1979) ئەو پێوەندیانە نزیکبوونەوەی زیاتریان بەخۆوە بینیو بوارەکانی سەربازییو سیخوڕیی گرتبووەوە، ئەوەش لە ژێر کاریگەری جەنگی ساردو ترسی جیۆ- سیاسیی هەردوو وڵات لە یەکێتی سۆڤییەتو ئارەزووی نزیکبوونەوەی لە رۆژئاوا بوو.[(2)] هاوکات بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە سالانی حەفتاکان تورکیا پێویستیی زێتری بە هاریکاری ئابووریيو سیاسیی وڵاتانی بەرهەمهێن هەبوو، بۆیە زیاتر رووی لە ئێران کردو داوای کۆمەکی نەوتو قەرزیی لێکرد.[(3)] ئەم پێوەندییانە هەروا بە باشیی مایەوە تاوەکو هەڵایسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979، هەردوولا پارێزگارییان لێکرد، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە، گرژییو ئاڵۆزیی کەوتە نێو ئەو پێوەندییانەوە، بەتایبەت لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەی ئەندامێتی ئێران لە پەیمانی سەنتۆ لەلایەن(خومەینی)یەوە.[(4)] هۆکاری گرژییو ئاڵۆزیی پێوەندی تورکیاو ئێران لە سەروبەندی هەڵایسانی شۆڕشەکەدا، ترسیی تورکیا بوو لەوەی تەوژمە ئایینیو ئیسلامییەکانی نێو شۆڕش کاریگەرییان لەسەر دۆخی نێوخۆیی تورکیا هەبێت،[(5)] بەتایبەتیش ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشو باڵادەستبوونی رەوتی ئایینی بەسەر تەوژمە**

---

[(1)] حقی اوغور: تركيا وايران، البعد عن حافة الصدام، من كتاب: على حسين باكير واخرون: تركيا بين تحديات الداخل و رهانات الخارج: ط1، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت، و مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، 2009، ص228.

[(2)] جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية فى العالم الاسلامى، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2009، ص(57-58)، و د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، مج(دراسات ايرانية)، ع(15)، اذار 2005، جامعة الموصل، ص3.

[(3)] اميرة اسماعيل العبيدى: العلاقات التركية – الايرانية(1945-1996)، مج(دراسات اقليمية)، ع(4)، سنة(2) كانون الاول 2005، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل، ص(268-269).

[(4)] د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، مج(دراسات ايرانية)، ع(15)، اذار 2012، ص3.

[(5)] روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ت(محمد احسان)، ط1، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2001، دار ئاراس للطباعة والنشر، ص45.

چەپ‌و لیبراڵەکانی نێو شۆڕشەکەدا، ئایدۆلۆژیای ئیسلامیی شۆڕشگێڕو دژ وەستانەوەی ڕۆژئاوایی گرتەبەرو تورکیاش ئاراستەیەکی ڕۆژئاوایی هەبوو، جگە لەوەی تورکیا ترسی هەبوو شۆڕش شکست بهێنێت‌و ئاکامەکەی بە پارچە پارچە بوونی ئێران بکەوێتەوەو لەو چوارچێوەیەشدا قەوارەو دەوڵەتێکی کوردیی لێپەیدا ببێت.[1] بۆیە دواتر هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە شۆڕشی گەلانی ئێران لە سێ سیاسەتدا خۆی دەبینییەوە، ئەوانیش:(پێکەوە ژیان لەگەڵ ئێران، پابەندبوون بە بێلایەنی تەواو لە کاتی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران‌و عێراق، قۆستنەوەی جەنگ بۆ فراوانکردنی پێوەندی ئابووریی‌و بازرگانیی خۆی لەگەڵ هەردوو وڵاتی شەڕکەر).[2] وێڕای ئەم دڕدۆنگییانەی تورکیا، دانی بە شۆڕشی گەلانی ئێران‌و دەوڵەتی تازە دامەزراوەکەیدا نا. بە دیاریکراویش لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە پێوەندی ئەو دوو وڵاتە ئاسایی بووەوە، بەتایبەت لە ماوەی مانگی یەکەمی دەستپێکردنی جەنگی ئێران‌و عێراق‌و لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتیش لەلایەن تۆرکۆت ئۆزالەوە، تورکیا بەشداری پڕوپاگەندەی دژی ئێران نەکرد، بەڵکو کاری لە سەر قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانە کرد بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ئابوورییە گەشەسەندووەکەی، کە جەنگ هێنابوویە ئاراوە. ئێرانیش هەمان سیاسەتی هاوشێوەی تورکیای پێڕەو کرد.[3]

تێبینی ئەوە دەکەین پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئێران نە دوژمندارانە بوو، نە دۆستانە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی، کە پێوەندییەکان ڕەهەندێکی هەرێمیی‌و جیهانییان هەبوو، بەشێوەیەك بەهۆی بەرپابوون‌و سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی 1979، ئێران کاری لەسەر ئاودیوکردنی شۆڕش کردو لەو قۆناغەدا ڕەگەزێکی گرژییە نێودەوڵەتییەکان بوو، هەروەها هەوڵی نزیکبوونەوەی لە یەکێتی سۆڤییەت دەدا، بەتایبەت تا کۆتایی ساڵانی هەشتاکان. هەرچی تورکیاش بوو بەرەو قولایی ستراتیژیی ئەمریکا دەڕۆشت، بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە ئەورووپا بەهۆی کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980). لەولاشەوە سۆڤییەتی وەك یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی هەڕەشە دەبینی، بۆیە لەو ماوەیەدا پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران، جۆرێك لە هاوسەنگیی بوو لە نێوان بژاردە نێودەوڵەتییەکان‌و

---

(1) KERIM YALDIZ: THE KURDS IN TURKEY EU ACCESSION AND HUMAN RIGHT, Pluto press,London,ANN ARBOR,MR, KURDISH HUMAN NREIGHT PROJECT, p72. و ئەفرایم ئینبار: هاریکاریی ستراتیژی تورکیاو ئیسرائیل، گ(دۆسیی تورکیا)، ژ(2)، ئەیلوولی 2005. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ص71.

(2) روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ص46.

(3) د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص3.

پێویستییەکانی هاوسەنگیی هەرێمیدا،[1] بەجۆرێك تورکیا دەیویست کەڵك لە دۆخی جەنگی ئێران‌و عێراق وەربگرێت بۆ بە هێزکردنی ئابووریی خۆی، ئێرانیش ئامانجی ئەوە بوو، دان بە سیستێمە سیاسییەکەیدا بنرێت‌و عێراقیش تێکبشکێنێت‌و لەولاشەوە لەو کەنارگیرییە سیاسیی‌و ئابوورییەی، کە لە دوای ساڵی 1979 ەوە، تێی کەوتبوو رزگاری ببێت.[2] دەکرێت لێرەدا بەگشتی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر ئێران لە سەر سێ پایەی سەرەکی دەست نیشان بکەین، ئەوانیش:

1. دەستەبەرکردنی وزە.
2. تورکیا ئێرانی وەك رێڕەوێکی نفوز بۆ نێوچەکانی ئاسیای نێوەڕاست‌و باشوور دەبینی.
3. هاریکاریی یەکتر لە مەسەلەی ئاسایشیی پێوەست بە کورد.[3]

هاوکات پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران گرێدرا بوو بە چەند خاڵێکی هاوبەشەوە، کە دەبوو رەچاوی بەرژەوەندی یەکتریی بکەن، لەوانە: هەردوو دەوڵەت سنووری هاوبەشیان لە نێوچەکانی قۆقاز هەبوو، کە هێڵی گواستنەوەی نێوەندی باکوورو باشووری کیشوەری ئۆراسیا پێکدەهێنن، بەجۆرێك تورکیا دراوسێی نێوچەی باڵکانەو ئێرانیش دراوسێی ئاسیای نێوەڕاست‌و ئەفغانستان‌و هیندستان بوو. هەروەها تورکیا پێوەستە بە دوو سنووری ئاویی(دەریای نێوەڕاست‌و دەریای رەش)، ئێرانیش بە دەریای(قەزوین‌و کەنداوی فارس)ەوە. جگە لەوەی هەردوو دەوڵەت بە دوو هێزی باشووری ئاسیا لە ڕووی خەسڵەتە بنەڕەتییەکان دەژمێردرێن. هەروەك تورکیا راستەوخۆ بە ئەوروپای باشوورو ئێرانیش بە باشووری ئاسیاوە گرێدراون. تورکیا خاڵی پێوەندیکردنی ئەوروپایە بە نێوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوەو ئێرانیش بە نێوچەی ئاسیاوە.[4] جیا لەمانە پێگەی جوگرافیی ئێران فاکتەرێکی گرنگ بوو لەو پێوەندیانەو بایەخی نێودەوڵەتی هەبوو، کە لای تورکیاوە گرنگ بوو.[5] لەلایەکی دیکەوە بوونی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوو وڵات لە سازشکردن لە وەبەرهێنانی سەرچاوەکانی نەوت‌و گازو دابەشکردنیان‌و ئارەزوویان بۆ بەرتەسك کردنەوەی دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیی هەریەکە لەوی تر لە نێوچەکانی قۆقازو

---

[1] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ت(محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل)، ط1، الدار العربية للعلوم ناشرون، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، 2010، ص(467-468).

[2] روبرت اولسن: المسالة الكردية في العلاقات التركية الايرانية، ص(47-48).

[3] د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص6.

[4] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، ص(462-463).

[5] د.رواء زكي يونس الطويل: مستقبل العلاقات العراقية- الايرانية- التركية(1923-2007)، مج(دراسات اقليمية)، ع(4)، سنة(10)، ص96.

سنووری نفوزیان له باشووری کوردستان، بەجۆرێك تورکیا بەسەر سنوورەکانی عێراق-ئێراندا زاڵ نەبێتو یاریش بە مەسەلەی ئازەربایجان نەکات وەك کارتی گوشار. هەروەك تورکیا چاوەڕێی ئەوەی لە ئێران هەبوو کۆمەکی ئەو سیاسەتانە نەکات، کە دەبووە هۆی بەرپابوونی مافی ئۆتۆنۆمیی یان فیدراڵیی لە باشووری کوردستان، کە دواجار دەبووە هۆی هاندانی کورد لە تورکیاش.[1]

هاوکات رووخانی یەکێتی سۆڤییەت لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا، کاریگەریی کردە سەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران، چونکە گۆڕانکارییو بۆشایی جوگرافییو جیۆپۆلەتیکییو سیاسیی نوێ لە جیهانو نێوچەکەدا دەرکەوت، بەهۆی سەربەخۆبوونی چەند دەوڵەتێك، وەك:(ئازەربایجان، تورکمانستان، ئۆزبەکستان، قیرغزستانو کازاخستانو...تاد)و دۆخێکی رکابەرێشی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هێنایە ئاراوە، بەتایبەت لە نێوچەکانی قۆقازو ئاسیای نێوەڕاستو حەوزی قەزوین.[2] کۆتایی جەنگی ساردو رووخانی سۆڤییەت، کاریگەری قووڵی کردە سەر ئاراستەی دەرەکی تورکیاو رۆڵی خۆی وەك پێگەیەکی ستراتیژی پێشکەوتوو لە ستراتیژیەتی ناتۆدا لە دەستداو هەوڵەکانیشی بۆ چوونە نێو یەکێتی ئەورووپا لەو قۆناغە ئەنجامی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. بۆیە تورکیا هەوڵیدا وەك هێزێکی هەرێمیی رۆڵ ببینێت، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە نێوچەکانی قۆقازو ئاسیای نێوەڕاستدا.[3] لەولاشەوە ئەم رووداوانە ئازادی جوڵەی زێتری بە ئێران بەخشی، لە چوارچێوەی سیاسەتی هەرێمیدا رووەو خۆرئاواو باکوور پەلی هاویشت،[4] چونکە هەر لە سەرەتاوە بایەخدانی بە نێوچەکانی قۆقازو دەریای قەزوینو دامەزراندنی هێڵی گواستنەوەی وزە لەو نێوچان بە ڕێگەی ئێرانو لەوێشەوە بۆ جیهانی دەرەوە، یەکێك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی بوو.[5] هەروەها بەهۆی بوونی رێژەیەکی زۆری ئازەرییەکان لە ئێران، پێوەندیی ئیتنیو رەچەڵەکییان لەگەڵ هاورەچەڵەکی خۆیان لە ئازەربایجانی قۆقازدا هەبوو، کە زۆربەیان شیعەن، ئەمە ترسی ئایندەیی لای ئێران دروستکرد بوو، لەبەرئەوەی تورکیا دەوڵەتێکی هەرێمیی بەهێز بوو، رەنگە هانی ئازەرییەکان بدات، داوای جیابوونەوەو چوونە سەر دەوڵەتی ئازەربایجان بکەن، کە ئەو

---

(1) روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ص58.

(2) د.السيد. عوض عثمان: ايران ودول الجوار تركيا افاق جديدة للعلاقات الإيرانية – التركية http://www.albainah.net/index.aspx?function=Item&id=1606&lang=

(3) عمار جفال: التنافس التركى – الايرانى فى اسيا الوسطى والقوقاز، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، العدد(196)، 2005، ص(17-18).

(4) د.ضارى سرحان الحمدانى: سياسة ايران تجاه الدول الجوار، ط1، العربى للنشر والتوزيع، القاهرة، 2012، ص3.

(5) عماد البطينجى: أنماط السياسة الخارجية الإيرانية، مج(أراء حول الخليج)، ع(77)، فبراير-(2011)، مركز الخليج للأبحاث، http://albutniji.hiablog.com/post/135056

**وڵاتە پێوەندی سیاسیی و ئابووریی لەگەڵدا هەبوو.[1] بۆیە ئامانجی ئێران لە ڕکابەریکردنی تورکیا لەو نێوچەیە ڕێگری کردن بوو لە کاریگەریی سیاسەتی تورکیا لەسەر دۆخی کەمینەکانی ئەو وڵاتانەو بە دیاریکراویش ئازەرییەکان و ئازەربایجان.[2] ترسێکی تری ئێران لە ڕکابەریکردنی لەگەڵ تورکیا، پێوەندیی بەوەوە هەبوو، کە تورکیا لەلایەن ئەمریکاو ئیسرائیل و بەشێك لە وڵاتانی ئەورووپاوە پشتیوانی و کۆمەکی دەکرا، بەهۆی پێڕەوکردنی پارادایمی عەلمانیی و لیبراڵیزم، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵکشانی نفوزیی ئێران لەو نێوچانە.[3]**

**لە هەمان کاتدا بەشێك لە کێبڕکێی تورکیاو ئێران پێوەندی بە بوونی وزەیەکی زۆری نەوت و گازی سروشتییەوە هەبوو، لە نێوچەکانی ئاسیای نێوەڕاست و قۆقاز، بەجۆرێك کاتی خۆی ڕێژەی(50٪)ی نەوت و(95٪)ی فۆسفات و (96٪)ی لۆکەو (78٪)ی خوری و (75٪)ی سامانی ئاژەڵی و زێتر لە سێیەکی ئاڵتوونی بەرهەمهێنراوی یەکێتی سۆڤییەتی پێکهێنا بوو.[4] لەم ڕووەوە هەریەکە لە تورکیاو ئێران ئامانجی خۆیان هەبوو لە کێبڕکێی یەکتر لەسەر ئەو نێوچەیە، بەجۆرێك هەرچی ئامانجی تورکیا بوو: لە ڕووی ئابوورییەوە دۆزینەوەی گردبوونەوەی ئابووریی بەهێز بوو بۆ تەوقدانی کۆمارەکانی ئەو نێوچەیەو گێڕانەوەی هێندێك لەو نێوچانەی کاتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە دەستیدا بوون، جگە لە بەجێهێنانی خواستی ئەمریکا بۆ ڕووکردنە ئەو نێوچەیە، بەهۆی ئەندام بوونی تورکیا لە ناتۆدا. لە ڕووی ئایدۆلۆژیشەوە هەوڵدان بوو بۆ جێگیردنی پارادایمی لایسێتی و لیبراڵی لە بەرامبەر ئێراندا.[5] ئێرانیش ئامانجی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای چەك و شارەزایی ئەتۆمی بوو لە کۆمارەکانی ئەو نێوچەیە. وێڕای فراوانکردنی ڕایەڵەی ڕووناکبیریی و مێژوویی و ئیتنی و پارێزگاریی لە ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمیی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ئابووریی لە بواری وزە لە نێوچەی دەریای قەزوین[6] و سوودوەرگرتن لە نێوچەکە وەك بازاڕێکی ئابووریی و بازرگانیی، بەهۆی ئەوەی ئەو نێوچانە**

---

(1) د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص10.

(2) اف.ستيفن لارابي و لان او. ليستر: سياسة تركيا الخارجية فى عصر الشك والغموض، ط1، بيت الحكمة، بغداد، 2001، سلسلة كتاب ثقافية شهرية، عدد(121)، ص190.

(3) د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص10.

(4) عبد الصمد ناجى ملاياس: الافاق المستقبلية للسياسة الخارجية والايرانية بشان الجمهوريات الاسلامية فى وسط اسيا، مج(جامعة تكريت) للعلوم القانونية والسياسية،ع(8)، سنة(2)، ص193.

(5) ن.م، ص195.

(6) عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، ص281.

**ڕێگەی ئاوییان نەبوو، لەم بارەدا ئێران دەیتوانی سوود لە پێگەکەی خۆی وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی لە نێوچەکەدا.** [1]

**بەشێکی تر لەو مەسەلانەی کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران هەبوو، بریتی بوو لە پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل، بەجۆرێك پێوەندییەکانیان لە سالآنی نەوەدەکاندا گەیشتە ڕێکەوتننامەی سیاسییو بازرگانییو تەنانەت هاوپەیمانی سەربازیش، دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار تانسۆ چیلەری سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ساڵی 1994 سەردانی ئیسرائیلی کردو زەمینەی خۆشکرد بۆ گرێدانی ڕێکەوتننامەی سیاسییو ئاسایشیو بڕیار درا دواتر شاندی پایە بەرزی تورکیا لەسەر هەموو ئاستەکانی ئابوورییو سیاسییو ئاسایشی سەردانی تەلئەبیب بکاتەوە، ئەوە بوو لە سەرەتای وتووێژەکاندا (ئسحاق رابین)ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل پێشنیازی کرد، بۆ یەکەم جار هەردوولا ڕێکەوتننامەی سەربازییو ئاسایشی گرێ بدەن. لە ساڵی 1994 و 1995و دوو ڕێکەوتننامەی نهێنی تری بە دوادا هات، لە هەردوو مانگی(2و1996/8)، ئەمەش مایەی دڵەڕاوکێ قووڵی ئێران بوو، لەبەرئەوە ئەو پێوەندیو ڕێکەوتننامانەی بە مایەی مەترسیو هەڕەشە لەسەر ئاسایشیی نەتەوەییو بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانی.** [2] **چونکە نێوەڕۆکی بابەتو بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامانە پێوەندی بە ئێرانیشەوە هەبوو، بەجۆرێك لە یەکێك لە خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامانەدا هاتبوو:"ئاڵوگۆڕی زانیاری سیخوڕییو ئاسایشیو سەربازیی، پێوەست بە کێشە هەستیارەکانەوە، وەك هەڵوێستی ئێرانو عێراقو سوریا". جگە لە بەشێکی هەرە زۆری خاڵەکانی تریش، کە پێوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بە ئێرانەوە هەبوو.** [3] **لە ڕێکەوتننامەی مانگی(1996/2)شدا، تورکیا ڕێگەی دا بوو بە کردنەوەی بواری ئاسمانی وڵاتەکەی لەبەردەم چەکی هەوایی ئیسرائیلدا. بەوەش ئیسرائیل دەیتوانی لێدانی سەربازیی ئاراستەی دامەزراوە ئەتۆمیو سەربازییەکانی ئێران بکات.** [4]

**بەشێکی تری دڵەڕاوکێیەکانی ئێران پێوەندی بە لایەنی ئابوورییەوە هەبوو، چونکە ڕەهەندێکی گرنگی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل بواری ئابوورییو بازرگانی بوو، لەبەرئەوە نەك تەنها ڕێکەوت بوون، کە پەرە بەو پێوەندییە بازرگانییو ئابوورییانە بدەن،**

---

[1] السياسة الخارجية الايرانية فى اسيا الوسطى والقوقاز، مج(ايران والعرب)، ع(4)، سنة(2)، ربيع 2003، والقوقاز، ندوة، ص(11–12).

[2] د.نيفين عبدالمنعم مسعد: صنع القرار فى ايران والعلاقات العربية – الايرانية، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص(38–39).

[3] سيف على حسنى: العلاقات التركية الاسرائيلية والامن القومى الايرانى، =http://www.albainah.net/Index.aspx?function=Item&id=1609&lang

[4] د.رواء زكى يونس الطويل: مستقبل العلاقات، ص99.

**بەڵکو تورکیا یارمەتی ئیسرائیلی دەدا، تاوەکو بگاتە نێوچەکانی ئازەربایجان لە ئاسیای نێوەڕاست و قۆقاز، ئەمەش لای ئێران جێگەی قەبوڵ نەبوو.[1] ئەوەی لێرەدا پێوەندی بە PKK ەوە هەبێت لەم بابەتەدا، ئەوەیە، کە تەوەرێکی سەرەکی پێوەندی و رێکەوتننامەکانی تورکیا و ئیسرائیل بە ئامانج گرتنی ئەو پارتە بوو لە چوارچێوەی روبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، کە مەبەست پێی PKK و بزوتنەوەی بەرگریی ئیسلامی و جیهادی فەلەستینی بوو. هەروەك کاتێك (ئیسماعیل حەقی کەرەدای) سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیا لە رۆژی(1997/2/24) سەردانی تەلئەبیبی کرد، بەر لە گەیشتنی بۆ ئەو وڵاتە ئاشکرای کرد بوو، کە یەکێك لەو مەسەلانەی لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلییەکەیدا باسی دەکات، مەسەلەی گواستنەوەی موشەکی(سکود)ی روسی کورت مەودایە لە ئێرانەوە بۆ سوریا بە رێگەی ئاسمانی تورکیا، کە ئێرانییەکان لە ژێر پەردەی یارمەتی مرۆییدا بۆ ئەو وڵاتەی دەنێرێت. بۆیە تورکیا بڕوای وابوو ئەگەر لە سنوورەکانی ئیسرائیل و سوریاوە بڵاوبکرێتەوە، ئەوا دەگاتە شارە جولەکەنشینەکان و لەولاشەوە ترسی ئەوەی هەبوو بگاتە دەستی PKK. هەروەك لە سەردانی وەزیری بەرگری تورکیا(تورهان تایان) لە رۆژانی(8-1-/4/1997)و (4/30-1997/5/2)دا بۆ ئیسرائیل، ئاماژەی بە ئامانجی سەردانەکە کرد بوو، کە دژایەتیکردنی تیرۆر بووە و تێیدا جگە لە تۆمەتبار کردنی سوریا، ئێرانیشی بە کۆمەکی و ئامادەسازیی و پاراستنی PKK و بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی تۆمەتبار کرد.[2] بۆیە لە چەندین بۆنە و قۆناغدا دەسەڵاتدارانی ئێران رەخنەیان لە تورکیا دەگرت، بەهۆی بوونی پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل.[3]**

---

[1] بوڵنت ئەرەس: ئێران لە پێوەندییەکانی تورکیا- ئیسرائیل لە ساڵی 1990، گ(دۆسێی ئێران)، ژ(4)، تشرینی دووەمی 2006، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ل74.

[2] روبرت اولسن: المسالة الكردية، ص(85-86).

[3] جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية فى العالم الاسلامى، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 2009، ص110، و عايدة العلى سرى الدين: العرب والفرات بين تركيا واسرائيل، ط1، دار الافاق الجديدة، بيروت، 1987، ص(189،179).

## تەوەری دووەم- کاریگەری فاکتەری ئایدۆلۆژیاو ئابووریی لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا

### یەکەم- ڕۆڵی فاکتەری ئایدۆلۆژیا:

**لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژیا یەکێك لە پێکهێنەرەکانی تیۆریای سروشتی نەتەوەییە (الطابع القومی)و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەی، کە فەلسەفەی فەرمانڕەواییان ڕەگو ریشەیەکی ئایدۆلۆژییان هەیە. ئەمەش بەسەر هەریەکە لە تورکیاو ئێراندا جێبەجێ دەبێت، چونکە فیکری کەمالیزمو مۆدێلی لایسێتی لە تورکیا بناغەی سیستێمی فەرمانڕەوایی و لە ئێرانیش ئیسلامیزمیی رادیکاڵ لەشێوەی شیعەگەرای ڕێبازی جەعفەریی. ئەم دوو جۆرە ئایدۆلۆژیایە کاریگەری گەورەیان لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی و سیاسەتی نێوخۆو دەرەوە هەیە. ئایدۆلۆژیاش بۆیە ڕۆڵ دەبینێت، لەبەرئەوەی توانای جوڵاندنی گروپێکی گەورەی خەڵکی هەیەو لە نێویاندا دەتوانێت تەوژمی هەستکردن دروست بکات.[1] لە هەریەکە لەو وڵاتانەشدا دامەزراوەی سەربازیی و دامەزراوەی ئایینی خۆیان بە پارێزەری هەردوو سیستێمی لایسێتی و کەمالیزمو کۆماری ئیسلامیی دەزانن.**

**بایەخی ئایدۆلۆژیا لە سیاسەتی دەرەوە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بڕیارسازانی سیاسەتی دەرەوە وا بیردەکەنەوە، کە دەوڵەتەکەیان بەرگریی لە سیستمێکی دیاریکراو لە بەهاو بیروباوەڕ دەکات.[2] ئەمەش کتومت بەسەر تورکیاو ئێراندا جێبەجێ دەبێت. کاتێك شۆڕش لە (22ی شوباتی1979) لە ئێراندا دژ بەسیستێمو دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بەرپا بوو،[3] بەهۆی پێڕەوکردنی بنەمای ئاودیوکردنی شۆڕش (تصدیر الثورة) لەلایەن ئایەتوڵا خومەینی[4]، یەکێك لە رابەرە ئاینییە شیعەکانی هەڵگیرسێنەری شۆڕش کاریگەری کردە سەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران،[5] لەبەرئەوەی تورکیا پێی وابوو ئەو**

---

[1] د.احمد نوری النعیمی: السیاسة الخارجیة، ط1، دار زهران، عمان- اردن، 2009، ص(256-258).

[2] الاکادیمیة العربیة المفتوحة، کلیة القانون والسیاسة، قسم الدراسات والابحاث: السیاسة الخارجیة، 2007-2008، ص53.

[3] د.سید جلال الدین المدنی: تاریخ ایران المعاصر، ت(سالم مشکور)، ط1، مط(سبهر)، 1993، منظمة الاعلام الاسلامی- العلاقات الدولیة، ص430.

[4] ئایەتوڵا خومەینی: ناوی(روح الله)و کوڕی سەید مستەفا موسەوییە. لە (24 ی ئەیلوولی 1902) لە شاری(خمین) لە دایکبووەو پەروەردەی خوێندنگە ئایینییەکانی قومو ئاراك بووە. لەسەر دەستی ژمارەیەك لە ڕۆحانییە شیعەکانی وەك(محەمەد عەلی ئەدیب، محەمەد تەقی خوانساری، حائری یەزدەکانی) زانستە مەزهەبییەکانی ڕەوانکردووە. لە ژێر کاریگەری ئەندێشە سیاسییەکانی ئەیەتوڵا کاشانی دا بووە. لە ساڵی 1963 وەك کارەکتەرێکی سیاسیی دەرکەوتو دژی ریفۆرمی زەویو یاسای مافی هەڵبژاردن بۆ ژنان هاتە گۆڕەپان. هەر لەو ساڵەدا لە ئێران دەرکراو زێتر لە 14 ساڵ لە شاری نەجەف لە عێراقدا مایەوە پاش ڕۆیشتنی محەمەد ڕەزا شا بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێران لە 1979، لە فەرەنساوە گەڕایەوە تاران بۆ جێبەجێکردنی ئەندێشە سیاسییەکانی، ئەو ئەندێشانەی، کە بە کتێبی(کشف الاسرار) دەستپێکردو بە(ولایت فقیه یا حکومت اسلامی) کۆتاییهات. لە مانگی(حوزەیرانی 1989) کۆچی دواییکردووە. بڕوانە سلطان محمد النعیمی: الفکر السیاسي الایرانی، ص49، و د.یاسین سەردەشتیو بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران(ئامادەکردنو وەرگێڕان)، چ2، چاپخانەی(سایە)، سلێمانی، 2010، ل276.

[5] فلیب روبنس: ترکیاو الشرق الاوسط، ت(میخائیل نجم خوری)، ط1، دار قرطبة، دار البیضاء، 1993، ص(73،68).

**شۆڕشە کاردەکاتە سەر سیستێمی لایسێتی وڵاتەکەیو مایەی مەترسییە بۆی. لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنو هەڵکشانی تەوژمی ئیسلامیی لە نێوخۆی تورکیادا. لە بەرامبەریشدا ئێران بڕوای وابوو تورکیا دژایەتی ئیسلامو چالاکی ئیسلامیی دەکات، بە نێوی پارێزگاریکردن لە پرینسیپەکانی لایسێتی دەوڵەتەکەی. بۆیە ئێران پێی وابوو سەرجەم سیاسەتی تورکیا مەیدانخوازیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەکات.[1]**

**پێش هەڵایسانی شۆڕش هەم تەوژمی ئایینیو هەم بیریارو پیاوانی ئایینیو زانا شیعەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ئامادەسازیی بۆ شۆڕش، وەك ( ئایەتوڵا خومەینی، د.عەلی شەریعەتی[2]، ئایەتوڵا مەحمود تاڵەقانی[3]و..تاد).[4] سەرباری ئەوەی هەر لە سەرەتاوە شۆڕشەکە پاڵنەری ئایینیو ڕۆحییو داڕمانی دۆخی ئابوورییو بڵاوبوونەوەی گەندەڵییو داڕمانی ڕەوشتیی لە ئێرانی سەردەمی فەرمانڕەوایی شادا تەوزیف کرد بوو لەخستنی ئەو ڕژێمەدا.[5] بۆیە زۆرجار بە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 دەوترێت (شۆڕشی**

---

[1] خورشيد حسين دلي: تركيا وقضايا السياسة الخارجية، منشورات اتحاد كتاب العرب، 1999، م.س، ص24، و اميرة اسماعيل العبيدى: العلاقات التركية الايرانية(1945–1996)، مج(دراسات اقليمية)، ع(4)، 2005، جامعة الموصل، ص4.

[2] عەلی شەریعەتی: عەلی کوڕی محەمەدی کوڕی تەقی شەریعەتی یە. لە ساڵی 1933 لە خۆراسان لە دایکبووە. باوکی(محەمەد تەقی) لە گەورە بیریارانو تێکۆشەرانی ئیسلامیی بووە لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینی نێوەندی راستییە ئیسلامییەکان(مرکز الحقائق الاسلامية)، کە لە شاری مەشهەد دامەزراوە. شەریعەتی خوێندنی لە مەشهەد تەواوکردووە. چۆتە نێو باڵی لاوانی بەرەی نیشتیمانییەوەو دوای کەوتنی موسەدەقیش چۆتە ریزی بزوتنەوەی بەرەنگارییەوە، کە زەنجانیو تاڵەقانیو مەهدی بازرگان دایان مەزراند. کۆلیژی ئەدەبیاتی تەواوکردووە. ساڵی 1959 لە نێرژەیەکدا بۆ فەرەنسا نێردراوە دوای تەواوکردنی بە پلەی نایاب لەساڵی 1964 بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی کۆمەڵناسیدا بەدەستهێناوە لە زانکۆی سۆربۆن. لە ساڵی 1965 لە شاری مەشهەد وەك زانایەکی مسوڵمانی کۆمەڵناس هەوڵیداوە بنەماکانی ئیسلام روون بکاتەوەو گتوبێژی تێدا بکات لەگەڵ خوێندکارەکانیدا. لە ماوەیەکی کەمدا شەریعەتی پێگەیەکی گەورەی لە نێو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا پەیداکرد، بەجۆرێك دەسەڵاتی فەرمانڕەوای لە ئێران ترساندو لە زانکۆ دەرکراو بۆ قوتابخانەیەکی سەرەتایی گوازرایەوەو چەند جارێکیش زیندانی کراوە، بەتایبەت دوای ئەوەی لەحسێنیەی ئێرشاد ساڵی 1969 وانەی دەوتەوە. حکومەتی ئێران خۆیشیو لایەنگرانیشی دەستگیر کرد بۆ ماوەی 18 مانگو شەکەنجە درا لە ئازاری 1975 ئازاد کراو خرایە ژێر چاودێرییەوە تاکو ناچار بوو ئێرتن جێبهێڵێت بەرەو لەندەنو لە حوزەیرانی 1977 ژەهر خوارد کراو مرد. لە کتێبەکانی (لەکوێوە دەستپێبکەین، وەزیفەی بیریاری ئازاد، روانینێك بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، شیعەگەرایی عەلەویو شیعەکەرایی سەفەویی، گەڕانەوە بۆ خود،...تاد). هاوکات نازناوی(بیریاری شۆڕشی ئێران)ی بەسەر شەریعەتیدا بڕاوە، بەهۆی سازکردنی هەستو هۆشی گەلانی ئێران لە دژی محەمەد رەزا شا، بڕوانە سلطان محمد النعيمي: الفكر السياسي الايراني(جذوره، روافده، اثره)، دراسة تحليلية فى ضوء المصادر الفارسية، ط1، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبى، 2010، ص60.

[3] مەحمود تاڵەقانی: ئایەتوڵا مەحمود تاڵەقانی لە ساڵی 1910 لە دایکبووە. دوای ئەوەی خوێندنی سەرەتایی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندووە، نێردراوەتە قوتابخانەی(فەیزیە) ساڵی 1931، پاشان بۆ تاران ساڵی 1941. دوای ئەوەی وتارێکی لە دژی شا نوسی، خزێنرایە کونجی زیندانەوە. هەروەها پشتگیری محەمەد موسەدەقی کردووەو لە دیارترین روخسارە ئاینیو نیشتیمانییەکانی ئێران بووە. بڕوانە سلطان محمد النعيمي: الفكر السياسي الايراني، ص60.

[4] بۆ وردەکاری رۆڵی هەر یەکە لە(د.عەلی شەریعەتیو ئایەتوڵا تاڵەقانی) بڕوانە د. وليد محمود عبد الناصر: صعود وهبوط التيار التقدمى الاسلامى فى ايران، ط1، دار المستقبل العربى، بيروت، 1993، ص(43،73).

[5] وليد خالد المبيض و جورج شكرى كتن: خيارات ايران المعاصرة، تغريب، اسلمة، ديمقراطية، ط1، دار علاءالدين، دمشق، 2002، ص33.

**ئیسلامیی ئێران)، ئەوەش لەبەر رۆڵو کاریگەری کەسایەتییو تەوژمە سیاسییە ئاینییەکانی رێبازی شیعەگەرایی ئێران تێیدا.[1]**

**سەبارەت بە لایەنی دەستووریی مەسەلەی کاریگەری ئایدۆلۆژیا، دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە (تشرینی دووەمی 1979)دا، راپرسی لەسەر دەستوور کراو لەو ساڵەدا پەسەند کراو دواتر لەساڵی 1989 دوای دەستکاریکردنی هێندێك مادەو بڕگەی جارێکی تر پەسەند کرایەوە. لە پێشەکی دەستوورەکەدا هاتووە: کە پشت بە رێساو پێوەرە ئیسلامییەکان دەبەسترێت.[2] لە ئامانجەکانی شۆڕشیشدا هاتووە، کە:"ئامانجی کۆتایی جوڵەی گەل بۆ خودا بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکە، کە پشت بە پێوەرە ئیسلامییەکان ببەستێتو کۆشش بۆ یەك نەتەوەی ئیسلامیو رزگارکردنی گەلانی ژێردەستە لە جیهاندا دەکات".[3] لەلایەکی ترەوە پێداگرتن لەسەر بنەمای ئاودیوکردنی شۆڕش وەك خاڵی سەرەکی نێو فاکتەری ئایینی، دیسان لە دەستووری ئێرانییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەشێوەیەك مادەی(54) ئاماژە بەوە دەکات، کە:"سەربەخۆییو ئازادی بەرپا ناکرێت، فەرمانڕەوایی رەواو دادگەر مافێکە بۆ هەموو خەڵك لەسەراسەری هەموو جیهان". هەروەك لە خاڵی چوارەمی مادەی (152)یشدا باس لە پارێزگاریی مافی سەرجەم مسوڵمانان دەکات.[4]**

**بەشێکی تری کاریگەری فاکتەری ئایینیو ئایدۆلۆژیا لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا، پێوەندی بەوە هەبوو، کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەما ئایینیو ئیسلامییەکان دامەزرا بوو، بەجۆرێك لە بڕگەی (6)ی ماددەی (3)ی دەستوورەکەدا دەڵێت:"رێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای پێوەرە ئیسلامییەکانو پابەندی برایەتیی لە ئاست سەرجەم مسوڵمانانو پارێزگاریی تەواو بۆ ژێردەستانی جیهان".[5] واتە لە بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە ساڵی 1979، سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە رەهەندێکی ئایینیو ئایدۆلۆژیی هەیەو خودی ئەو سیاسەتەش بەرهەمی شۆڕشی ئایینیو ئایدۆلۆژییە، کە لەسەر میراتێکی ئیسلامی دامەزراوە، بە دیاریکراویش لە رێبازی شیعەگەرایی**

---

[1] بەڵام تەوژمە لیبراڵو چەپەکانی ئێران بە شۆڕشی گەلانی ئێران ناوی دەبەنو دژی دەستەواژەی شۆڕشی ئیسلامی ئێراننو بەو مانایەی کە لەسەر رەهەندی ئایینی شۆڕشەکە بەرپا بوو بێت، لەبەرئەوە ئایدۆلۆژیای خۆیان لە ئیسلام وەك رێچکەیەکی هزریی وەرناگرن. بڕوانە سلطان محمد النعيمي: الفكر السياسي الايراني، ص(80-81).

[2] بڕوانە دەقی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە د.نیفین عبدالمنعم مسعد: صنع القرار فى ايران والعلاقات العربية- الايرانية، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص272.

[3] د.وليد عبد الناصر: ايران، دراسة عن الثورة والدولة، ط1، دار الشرق، القاهرة، 1997، ص43.

[4] د.علاء مطر: اهداف السياسة الخارجية الايرانية، المعلن والواقع ، مج(سياسات)، ع(13-14)، 2010، مؤسسة الايام، معهد السياسات العامة، رام الله، فلسطين، ص(63-64).

[5] بڕوانە دەقی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران لە د.نیفین عبدالمنعم مسعد: صنع القرار فى ايران والعلاقات العربية- الايرانية، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001، ص272.

**جەعفەری دوازدە ئیمامییەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆیە ئاودیوکردنی شۆڕش یەکێك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوو.[1] لە هەمان کاتدا جگە لە دەستوور، بەشێکی گرنگ لەتیۆریزەکردنی پرینسیپی ئاودیوکردنی شۆڕش‌و فاکتەری ئایینی‌و ئایدۆلۆژیی لە هزری (خومەینی) یەکێك لەکۆڵەکەو پایە سەرەکییەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەجۆرێك نێوبراو دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیی لە ئێران بە هەنگاوی یەکەم بۆ بەرپاکردنی حکومەتی جیهانیی دادەنێت‌و دوای شۆڕش وڵاتەکەشی هاندا هاوکاریی گەلانی ژێر دەستەو بزاڤە رزگاریخوازییەکان بکات، چونکە بڕوای بە سنووری جوگرافیی نەبوو، بەڵکو باوەڕی بە سنووری ئایدۆلۆژیاو دابەشبوونی جیهان بۆ دوو سەربازگە هەبوو، ئەوانیش سەربازگەی خۆبەزلزانان‌و ژێردەستەکان بوو.[2]**

**لە رووخانی یەکێتی سۆڤییەتیشەوە ئەم نێوچەیە لە نێوان هێزی کێشکردنی دوو پرۆژەی سەرەکیدا بوو، ئەوانیش پرۆژەیەکی لایسێتی، کە تورکیا بە پاڵپشتیی رۆژئاوا، کاری لەسەر دەکرد، لەگەڵ پرۆژەیەکی ئیسلامیی، کە ئێران خاوەندارێتیی دەکردو کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی جۆرێك لە تەوژمە سیاسییە ئایینییەکەی (شۆڕشگێڕیی) لەو نێوچانە دەکرد، ئەمەش تورکیاو رۆژئاوای ترساند بوو.[3] لەبەرئەوە ئامانجی ئێران لە دوای پارچە پارچە بوونی یەکێتی سۆڤییەت‌و سەرهەڵدانی قەیرانی ناسنامە لەو نێوچانە، بیرکردنەوە بوو لەوەی ئیسلامی سیاسیی بە شێوازە ئێرانییەکەی (ئیسلامیزمی شیعەگەرایی) ببێتە جێگرەوەی شیوعییەت‌و مارکسییەت، کە لای نەتەوەکانی تاجیك‌و قیرغیزو کازاخەکان تاڕادەیەك پارادایمی ئایینی ئێران قبوڵکراو بوو، وەك جێگرەوەی حوکمی پێشووی شیوعییەتی سۆڤییەت. ئەوەش لە ڕێگەی ناردنی نێرژەی ئاینی‌و پێشەوای مۆچیاریکەرو کۆمەك کردنیان بە کتێب‌و بەرنامەی خوێندن.[4] بۆیە باس لەوە دەکرێت، کە هۆکاری چوونی تورکیا بۆ ئەو**

---

[1] د.علاء مطر: اهداف السياسة الخارجية الايرانية، المعلن والواقع، ص66.

[2] د.وليد عبدالناصر: ايران، دراسة عن الثورة والدولة، ص58. نێوەڕۆکی بیرۆکەی ئاودیوکردنی شۆڕش لای خومەینی بریتی بوو لە فەرمانڕەواییکردنی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بە یاساکانی ئیسلام، کاتێك دەبێژێت:"ئێمە شۆڕشەکەمان بۆ هەموو جیهان دەنێرین، تاوەکو هەمووان بزانن بۆچی بە شۆڕش هەستاوین، ئامانجمان سەربەخۆیی‌و ئازادیی‌و بەرپاکردنی حکومەتی ئیسلامییە". هەروەها شێوازو چۆنێتیی ئاودیوکردنی شۆڕشیشی روونکردۆتەوەو ئاماژەی پێداوە، کە:"ئامانجمان لە ناردنی شۆڕش دەستدرێژیی سەربازیی نییە، لەبەرئەوەی ئەمە کاری دەوڵەتانی داگیرکەرە، بەڵکو دەمانەوێت جیهان پاساوەکانی شۆڕشەکەمان بزانێت‌و ئامانجەکانمان لایان روون بێت. واتە ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئێران رەهەندێکی جیهانیی هەبوو، چونکە لەسەر بنەمای هزرو ئایدۆلۆژیای نا نەتەوەیی‌و نا سنووریی بونیاتنرا بوو. هەروەك دەسەڵاتدارانی ئێران بڕوایان وابوو، کە ئێران سەرەتای پرۆژەی ئیسلامییە بۆ جیهان، بڕوانە د.علاء مطر: اهداف السياسة الخارجية الايرانية، المعلن والواقع ، ص69، و د.ضارى سرحان الحمدانى: سياسة ايران تجاه دول الجوار، ص(207-208).

[3] عقيل سعيد محفوض: السياسة الخارجية التركية، الاستمرارية – التغيير، ط1، المركز العربى للابحاث ودراسة السياسات، الدوحة، 2012، ص280، عمار جفال: التنافس التركي – الايرانى فى اسيا الوسطى والقوقاز، ص10.

[4] عبد الصمد ناجى ملا ياس: الافاق المستقبلية للسياسة الخارجية التركية والايرانية بشان الجمهوريات الاسلامية فى وسط اسيا، مج(جامعة تكريت) للعلوم القانونية والسياسية، ع(8)، سنة(2)، ص(200-201).

**نێوچانە ڕاگرتنی ئاودیو کردنی مۆدێلی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیزمیی ئێرانی بێت. لەمەشدا زێتر ڕۆڵبینیی تورکیا ئایدۆلۆژیی بوو، نەك کرداریی.[1] لەم ڕووبەڕووبوونەوەدا تورکیا زێتر پشتی بە فاکتەری ئیتنیو دیموگرافیی دەبەست، لە ڕێگەی زیندوو کردنەوەی بیری تۆرانیزم لە نێو گەلانی نێوچەکە، کە زۆربەیان بە ڕەچەڵەك تۆرانیی بوون،[2] جگە لە ئەرمینیاو جۆرجیاو تاجیکستان.[3] بۆیە ئێرانیش بەرامبەر جموجوڵەکانی تورکیا، کاری لەسەر تەوزیفکردنی فاکتەری ئایدۆلۆژییو ئابووریی دەکرد، بە پشت بەستن بە تواناکانی لەو بوارەدا، بەتایبەت هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانە بە نەوتو گازی سروشتییو کردنەوەی قوتابخانەو کۆلیژو پەیمانگەی پێگەیاندنی وتاربێژو...تاد.[4]**

**بۆیە فاکتەری ئایینیو ئایدۆلۆژیی کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران هەبوو، وێڕای ئەوەی تورکیا دانی بەو شۆڕشەو دواتریش بە سیستێمە کۆمارییە ئیسلامییەکەشیدا نا،[5] بەڵام کاری لەسەر سنووردار کردنو لە ڕوودا وەستانی بنەمای ئاودیوکردنی شۆڕشی ئێرانی بە مۆدێلە ئایینیو شیعەگەراییەکەی کرد، بە دیاریکراویش لەسەردەمی ئۆزالەوە، کە هەستا بە پەنابردن بۆ جۆرێك لەئیسلامیی میانڕەو،[6] لە ڕێگەی دامەزراندنی بانكو دامەزراوەی داراییەوە، کە لەسەر بنەما ئیسلامییەکان کاریان دەکرد، جگە لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە لە بواری خوێندنو پەروەردەشدا.[7] لەبەرئەوە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە کاریگەری لەسەر سیستێمی لایسێتی ئەو وڵاتە، بەڵکو کاریگەری لەسەر تەوژمە ئیسلامییەکانیش هەبوو لە تورکیا. بۆیە تا قۆناغەکانی کۆتایی فاکتەری ئایینیو ئایدۆلۆژیی کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران هەبوو، چونکە هەر لە ژێر کارایی ئەم فاکتەرەدا بوو، کە (میر حسێن موسەوی)ی سەرۆك وەزیرانی ئێران لە**

---

(1) د.نوال عبدالجبار سلطان: جمهوريات اسيا الوسطى، الطموح السياسي والتوجهات التركية– الايرانية الامريكية، متابعات اقليمية، ع(9)، اب 2004(، مركز الدراسات الاقليمية جامعة الموصل، ص2.

(2) هۆکاری پشت بەستنی تورکیا بەفاکتەری ئیتنیو دیموگرافی بریتی بوو لەوەی لە ئازەربایجان(82٪)و لە تورکمانستان(80٪)و لە ئۆزبەکستان(76٪)و لە قیرغزستان(52٪)و لە کازاخستان(44,4٪) بەڕەچەڵەك تۆرانییو تورکی بوون. وێڕای ئەوەی زۆربەیان مسوڵمان بوون لەسەر ڕێبازی سوونەی حەنەفی، کە تورکیا پێڕەوی لێدەکرد، جگە لە تاجیکستان، بڕوانە خشتەی ژ(9)، لە پاشکۆی هێڵکارییو خشتەکان.

(3) جليل عمر على: السياسة الخارجية حيال الشرق الاوسط، ط1، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، 2010، ص178.

(4) عمار جفال: التنافس التركى الايرانى فى اسيا الوسطى والقوقاز، ص38.

(5) د. السيد عوض عثمان: ايران ودول الجوار، ص1،
=http://www.albainah.net/index.aspx?function=Item&id=1606&lang

(6) ياسر احمد حسن: تركيا البحث عن المستقبل، ط1، الدار المصرية اللبنانية، 2006، ص95.

(7) د.حامد محمود عيسي: القضية الكردية فى تركيا، ط1، مكتبة مدبولى، القاهرة، 2002، ص312.

هاوینی (1987)دا کاتێك سەردانی ئەنقەرەی کرد، رەتیکردەوە سەردانی گۆڕی مستەفا کەمال بکات، کە نەریتی دیپلۆماسییەتی تورکیا بوو بۆ نوێنەری وڵاتان.[1]

ئەگەرچی بەهۆی بوونی پارتی رەفاه لە دەسەڵاتداو دوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی رێگەی راست بە سەرۆکایەتی تانسلۆ چیلەر، پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران تاڕادەیەکی زۆر ئاسایی بووەوەو بەرەو پێشەوە چوو، بەڵام ئەمە رێگر نەبوو، کە دیسان فاکتەری ئایینیو ئایدۆلۆژیی تەنانەت کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییەکانی تورکیا نەبێتو بووە مایەی سەرئێشەیەکی گەورە بۆ پارتی نێوبراو کاتێك، کە لەسەر تەختی دەسەڵات بوو، چونکە لەلایەن هێزە عەلمانییەکانو دامەزراوەی سوپاوە، بە دیاریکراویش لە مەسەلەی کێشەی (سنجان)دا، کە لەساڵیادی رۆژی جیهانی قودسو لە شارۆچکەی (سنجان) لە رۆژانی (31/1-1997/2/2)دا ئاهەنگێك سازکراو (محەمەد رەزا باقری) باڵوێزی ئێران لە تورکیا وتارێکی پێشکەشکردو تێیدا جگە لەوەی هێرشی کردە سەر ئەمریکاو ئیسرائیلو فەرەنسا، هاوکات داوای جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامیی لە تورکیاش کرد.[2] بۆیە ئەم رووداوە بارودۆخی نێوخۆیی تورکیای شڵەژاندو هێزە عەلمانییەکانو سوپا هاتنە سەر هێڵو کودەتایان بەسەر حکومەتەکەی پارتی رەفاهدا ئەنجامداو جارێکی تر فاکتەری ئایینیو ئایدۆلۆژیی هاتەوە نێو پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران.

**دووەم- کاریگەری فاکتەری ئابووریی:**

پێوەندی ئابووریی هەر دەوڵەتێك گوزارشتە لە ئاستی پەرەسەندنی ئابوورییەکەی، کە لە پەیکەری ئەو پێوەندییانەوە رەنگدەداتەوە. هەروەها گرنگی ئاستی ئەو دەوڵەتەش دەخاتەڕوو لە ئابووری جیهانیدا لە رێگەی قەبارەی ئەو پێوەندییانەوە.[3] خراپی رەوشی ئابووریی تورکیا یەکێك لە پاڵنەرەکانی نزیکبوونەوەی ئەو وڵاتە بوو لە ئێران.[4] هەروەك چۆن لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە وزە فاکتەرێکی کاریگەر بوو لەسەر سیاسەتی دەرەکی تورکیاو پێویستیی ئابووریی ناچاریکرد پێوەندیی بە وڵاتانی بەرهەمهێن لە دەریای سپی نێوەڕاستو دەریای قەزویندا بکاتو پشت بە هێڵی لولەگەل (باکۆ-جیهان) ببەستێت. ئەمەش

[1] فلیب روبنس: ترکیا والشرق الاوسط، ص70.

[2] روبرت اولسن: المسالة الکردیة، ص(82-83).

[3] احمد السید النجار: مصر وایران وترکیا، الواقع الاقتصادی والعلاقات الاوروبیة، ط1، مطابع الاهرام التجاریة، قلیوب، مرکز الدراسات السیاسیة والاستراتیجیة(الاهرام)، 2003، ص153.

[4] ئێران لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(3)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ل75.

**ڕەگەزێکی گرنگ بوو لە سیاسەتی ئەو وڵاتە لەو نێوچانەو هەوڵی فراوان کردنی پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ ئێران دا.**[1]

**کاتێك لە سەرەتای ساڵی (1980)دا شەڕی ئێران-عێراق هەڵایسا، تورکیا بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندو بەشێکی گەورەی هۆکاری پشت ئەم هەڵوێستەش سوود وەرگرتنی ئەو وڵاتە بوو لە ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە، لە یەك کاتدا وەك بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو بەرهەمەکانی، لەلایەکی تریشەوە کەڵك وەرگرتن لە نەوتو گازی سروشتیی ئەو وڵاتانە. ئێرانیش سەرباری سەرقاڵبوونی بە دۆخی جەنگ، پێویستیی بە هەناردە کردنی نەوتو گازی سروشتیی هەبوو لەگەڵ تورکیادا، کە لە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە بە درێژایی (449 کم) درێژ دەبووەوە.**[2] **لە نێوان ساڵانی (1980-1988) پێوەندیی ئابووریی نێوان تورکیاو ئێران گەشەسەندنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینی، بەشێوەیەك بەهای ناردەنی تورکیا بۆ ئێران لەو ماوەیەدا (5395.5) ملیۆن دۆلار بووەو بەهای هاوردەنیش (7105.1) ملیۆن دۆلار بوو، بەهۆی ئەوەی تورکیا لە کاتی جەنگەکەدا ڕێڕەوێکی ئارام بوو، تێبینی بەرزبوونەوەی هەناردەکردنی شمەكو کاڵای تورکیا بۆ ئێران دەکرێت، بەجۆرێك لە ساڵی (1981) لە (234) ملیۆن دۆلارەوە بۆ (889) ملیۆن دۆلار لە ساڵی (1983)و (1079) ملیۆن دۆلارو لە ساڵی (1985) بەرز بووەوە. هاوکات ئێران لە ماوەی ساڵانی (1982-1983) بازاڕێکی گەورەی ناردەنی تورکیا بووە.**[3] **هەر لە ساڵی (1980)ەوە هەردوو وڵات ڕێکەوتننامەی بازرگانییان بە بەهای (60) ملیۆن دۆلار گرێداو سەردانی فەرمیی هەردوولای لێکەوتەوە، بەتایبەت سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە تەموزی ئەو ساڵەدا، سەردانی تارانی کردو جەختی لەسەر پێوەندیی بازرگانیی نێوانیانو گرەنتی هاریکاریی ئێران بۆ تورکیا بە نەوت کرایەوەو لە بەرامبەریشدا تورکیا گرەنتی کردنەوەی ڕێڕەوە بازرگانییەکانی خۆی لەبەردەم جوڵەی بازرگانیی ئێران بۆ کەناراوەکانی دەریای سپی نێوەڕاست دا، کە کراوە بێت.**[4]

**ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە لەو قۆناغەدا ئێران زێتر پشتی بە کاڵاو شمەکی ناردەنی تورکیا دەبەستو ڕێژەو بەهای ناردەنی تورکیا بۆ ئێران لە بەرزبوونەوەدا بوو. هۆکاری ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەبوو، کە ڕەوشی بژێوی بەتایبەت (خواردنو شمەك) لە ساڵانی هەشتاکان لە ئێراندا خراپ بوو، بە گوێرەی خەمڵاندنێکی بانکی نێوەندی ئەو وڵاتە لە (1980/3/21) بە کرێدانی شوێنی نیشتەجێبوون بە ڕێژەی (11٪) بەرزبوو بووەوە، کە خۆی**

---

[1] اف.ستيفن لارابي و لان او. ليستر: سياسة تركيا الخارجية فى عصر الشك والغموض، ط1، بيت الحكمة، بغداد، 2001، سلسلة كتاب ثقافية شهرية، عدد(121)، ص(40-41).

[2] د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، مج(دراسات ايرانية)، ع(15)، اذار 2012، ص4.

[3] فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ص(124-125).

[4] د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص4.

**پێشتر (3.5٪) بوو. جگە لەوەی نرخی کالاو شمەك بە کۆ لە بەرزبوونەوەی خێرادا بوو.[1] بەشێکی تر پێوەندی بەوەوە هەبوو، کە چالاکی ئابووریی ئێران زێتر پشتی بە نەوت دەبەست وەك کالایەکی ناردەنی و بزوتنەوەی چالاکی ئابووریی تری ئێران کشتوکال و پیشەسازیی گۆڕین و بیناسازیی، بوون کە هەموویان پێوەست بوون بە کەرتی نەوتییەوە.[2] ئەگەرچی بواری کشتوکال لە ئێران لە سەرەتاوە تا قۆناغەکانی کۆتایی و دواتریش بایەخی پێدرا لەلایەن حکومەتەوە، بەلام زێتر سیاسەتی ئابووریی ئەو ولاتە لە بواری کشتوکالدا، ئامانج لێی تێرکردنی پێداویستی بنەڕەتی کۆمەڵگەو پشت بەخۆبەستن بوو لە دەستەبەرکردنی پێداویستی بژێوی و پەرەپێدانی کشتوکال پێش پیشەسازیی درێژخایەن.[3] بەرەو پێشچوونی پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی تورکیا و ئێران گەیشتە ئاستێك، کە هەردوولا رێکەوتن لەسەر زیندوو کردنەوەی رێکخراوی هاریکاریی هەرێمیی و دامەزراندنی رێکخراوێکی نوێ بە نێوی (رێکخراوی هاریکاریی و پەرەپێدانی ئابووریی) لە ساڵی (1985)، کە پاکستانیش دواتر چووە نێوییەوە. ئێران دەیویست سوود لەم رێکخراوە وەربگرێت بۆ گوشار خستنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی هەڵوێستی دژ بەرامبەر عێراق بگرێتەبەر، بەتایبەت کە عێراق پشتی بە تورکیا دەبەست لە ناردنی نەوت بەنێو خاکی تورکیادا.[4]**

**لە ساڵانی نەوەدەکانیشەوەو پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت، نێوچەی دەریای قەزوین وەك نێوچەیەکی بایەخدار لە ڕووی ووزەی جیهانیی و رەهەندی جیۆ- سیاسیی دەرکەوت و بە کرداریش لەساڵی (1994)ەوە ململانێ لەسەر وزە دەستیپێکرد.هۆکارەکەش**

---

(1) اندرو ويتلی: مدخل جمهورية ايران الاسلامية الى سياسة الاقتصاد، ت(د.امين سلام)، من كتاب ايران فی المحنة، مجموعة مقالات مترجمة، ط1، مط(جامعة البصرة)، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، 1983، ص79. هەرچەندە هەندێ سەرچاوەی تر بە جیاوازیی دیاریکردنی ماوەی نێوان ساڵەکان رێژەو بەهای ناردەنی تورکیا جیاوازتر دەخەنەڕوو، کە لە ساڵی(1980) گەیشتۆتە(804.8٪) ملیۆن دۆلارو لە ساڵی (1982) بۆ(791.07٪)و لەساڵی(1985)یش بۆ(1.078.9٪) ملیۆن دۆلار. هەروەها سەقفی بازرگانی نێوانیشیان بۆ(1 ملیار)دۆلار بەرز کرابێتەوە. بڕوانە د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص4.

(2) د.نبيل جعفر عبدالرضا: اثر الصادرات فی النمو الاقتصادی فی ايران، مج(دراسات ايرانية)، ع(3-5)، 2006، جامعة البصرة، ص2.

(3) ال ريش بلانك: دور الزراعة فی السياسة الاقتصادية الجديدة لايران، ت(د.طارق عبدالغنی عبداللطيف)، من كتاب(ايران فی المحنة)، م.س، ص(104،94). بەلام جوڵەی بازرگانیی ئێران لە بواری ناردەنیدا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر تا دەهات لە بەرز بوونەوەدا بوو، بەشێوەیەك لەساڵی(1980-1985) بەهای ناردەنی ئەو ولاتە لە(7.109٪) ملیار دۆلارەوە بۆ(13.328) ملیار دۆلار بەرز بووەوە، واتە رێژەی(22.1٪) ساڵانە بەرزبووەتەوە. لەساڵی(1990)دا گەیشتە(19.305٪) ملیار بە تێکڕای گەشەکردنی ساڵانەی(10.7٪) لە ماوەی نێوان ساڵانی(1980-1990)، بەلام لە ساڵی(1995) دابەزی بۆ(18.360٪) ملیار دۆلار بە تێکڕای گەشەکردنی ساڵانەی(0.6٪) لە نێوان ساڵانی(1990-1995). دواتر بەمەوە نەوەستاو نزمتر بووەوە بۆ(17.375٪) ملیار دۆلارو بە تێکڕای ساڵانەی(2٪) لە ماوەی نێوان ساڵانی(1995-1999). هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیی، بەهۆی پێوەست بوونی ناردەنی کالای ئێرانی بە سروشتیی بازاڕی نێودەوڵەتیو ئاراستەکانی خواست لەسەر نەوتی خاو لەدەرەوە، بڕوانە د.نبيل جعفر عبدالرضا: اثر الصادرات فی النمو الاقتصادی فی ايران، ص(2-3).

(4) د.فراقد داود سلمان: العلاقات التركية الايرانية، ص4.

ئەوە بوو، کە ئەو نێوچەیە سەقامگیرترین نێوچە بوو بە بەراورد لەگەڵ نێوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. سەرباری ئەوەی بە یەدەگی گەورەی وزە دەوڵەمەند بوو.[1] بۆیە ئەم نێوچەیە لە ڕووی ئابووریی‌و بازرگانییەوە بەشێکی تر لە سەرزەمینی بەریەککەوتنی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران بوو. بەهۆی هاتنەئارای فاکتەری ووزە لە پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانی تورکیاو ئێراندا، لە ئابی 1996 هەردوو وڵات بەرنامەی ئاڵوگۆڕیان لەو بوارەدا ئیمزا کرد، کە باس لە فرۆشتنی بڕی (10ملیار م3) لە گازی سروشتیی ئێران دەکات بە تورکیا بۆ ماوەی (30) ساڵ، ئەوەش پێوەست بوو بە دروستکردنی هێڵی بۆریگەل بۆ گواستنەوەی ئەو گازە سروشتییە لە ڕۆژئاوای ئێرانەوە بۆ شاری ئەرزڕومی تورکیا.[2] لە هەمان کاتدا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەرزو نزمی بەخۆوە دەبینی، بە تایبەت لە ساڵی 1998، بەجۆرێك لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی 1998 دا گەیشتە (208.904)ملیۆن دۆلار، لە کاتێکدا لە هەمان ماوەی ساڵی 1997 (325.206) ملیۆن دۆلار بووە. هەروەها ناردەنی تورکیا بۆ ئێران لە نیسانی ڕابردوو (16.391) ملیۆن دۆلار بووە، لە کاتێکدا هاوردەنی لە ئێران (11.959) ملیۆن دۆلار بووە. تورکیا لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی 1998 دا بڕی (77.439) ملیۆن دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ناردەنی لەگەڵ ئێراندا هەبووەو بە بڕی (132.465) ملیۆن دۆلاریش هاوردەنی هەبووە، کە نەوت قەبارەیەکی گەورەی لەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە پێکهێناوە.[3]

ئامانجی ئێران لەم پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییە لەگەڵ تورکیادا، لەلایەك دزەکردنە نێو هاوپەیمانێتیی ئەو وڵاتە بوو لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە ڕێگەی لاوازکردنی رایەڵەکانی تورکیا بە ئەوروپای ڕۆژئاواوە. لەلایەکی تریشەوە دزە کردنە نێو پێوەندی تورکیاو ئیسرائیل‌و دروستکردنی کێشەو گرفت بۆ تورکیا لەو پێوەندییانە، جگە لەوەی ئامانجی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی بوو لەگەڵ ئەمریکا، لە ڕێگەی پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانی لەگەڵ تورکیادا.[4]

---

[1] محمد اکشي: فی اسیا الوسطی والقوقاز، تامین جسور الطاقة، من کتاب(ترکیا بین التحدیات الداخل و رهانات الخارج)، ط1، مرکز الجزیرة للدراسات الاستراتیجیة، 2010، الدوحة، ص197.

[2] اعتبارا من العام 1999 ترکیا تستورد غازا ایرانیا بمعدل 10 ملیارات متر مکعب سنویا، مج(شؤون ترکیة)، ع(2)، مرکز کوردستان للدراسات الاستراتیجیة، ص6.

[3] انخفاض حجم التبادل التجاری بین ایران و ترکیا، مج(شؤون ترکیة)، ع(3)، 15 کانون الاول 1998، مرکز کوردستان للدراسات الاستراجیة، ص5.

[4] د.ضاری سرحان الحمداني: سیاسة ایران تجاه دول االجوار، ص238.

## باسی دووەم- کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران

### تەوەری یەکەم- هۆکارەکانی کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران:

لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە تا سالانی دواتر بەگشتیو دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستانو کۆتایی نەوەدەکان، مەسەلەی کورد یەکێك لە فاکتەرە کارتێکەرەکان بوو لە سیاسەتی دەرەوەو پێوەندییە هەرێمییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ وتالانی دراوسێو دەوروبەرییدا. لەم چوارچێوەیەدا بەشێك لە ولاتانی هەرێمیش هەوڵیانداوە سوود لەو فاکتەرە بۆ فشار خستنە سەر ئەنقەرە بەکاربهێننو لە نێویشیاندا ئێران. بۆیە تورکیا لە کاردانەوەی مامەڵەی ئەو دەوڵەتانەدا، ئامادەیی خۆیی وەرگرت بوو، کە کاریگەری ئەو فاکتەرە لەسەر خۆی بچووك بکاتەوە.[1] فاکتەری کورد بە درێژایی ئەو قۆناغانە مایەی هەڕەشەو ترسی سایکۆلۆجی تورکیا بوو، کە ئاسایشیی نەتەوەیی ئەو وڵاتە لە مەترسیی گەورەدا بێت. ئەم ترسە سایکۆلۆجییە هەمیشە تورکیای ناچار کردووە بیر لە داڕشتنی ستراتیژو نەخشەی ڕووبەڕووبوونەوەو تەوقدانی ئەو فاکتەرەدا بکاتەوە. لەم نێوەندەدا خودی مەسەلەی PKK گرێدراوە بە پرسی ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیاو ئەو دۆخە سایکۆلۆجییەوە، چونکە PKK لە بنەڕەتدا گۆڕاوێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە، کە کاریگەری لەسەر ئاسایشو ستراتیژیی سیاسیی دروستکردووەو پێوەندیدارە بە وڵاتانی هەرێمییو دراوسێیی تورکیاوە.[2] هاوکات لە دوای شۆڕشی سەید ڕەزای دێرسیمەوە لە ساڵی 1937، یەکەمین جارە پارتێکی سیاسی کوردیی بتوانێت بەو قەبارە گەورەیە کاریگەری لەسەر ئاستی سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەو هەرێمیی تورکیا دروست بکات.

مەترسی تورکیا لە PKK پێوەندی بە چوونی ئەو پارتە هەبوو بۆ سوریا لە کۆتایی سالانی حەفتاو سەرەتای هەشتاکانو لەوێشەوە چوونیان بۆ لوبنان، چونکە بەم ڕۆیشتنە سنووری ئەو مەترسییەی تورکیای فراوانتر کرد، لەبەرئەوە مەسەلەی کوردی لە سنوورەکانی تورکیاوە بردە نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو گرێیدا بە کێشەکانی ئەو نێوچەیەوە. بە مانایەکی تر توانای تەوقدانی PKK ی لای تورکیا ئەستەم تر کرد، هەروەك ترسی تورکیای لە وڵاتانی هەرێمیی زیاتر کرد، بەتایبەت سوریاو ئێران، چونکە بەشێکی گەورەی ئەو ترسەی تورکیا پێوەندیی بە بەکارهێنانی ئەو پارتەوە بوو وەك کارتی گوشار لەلایەن وڵاتانی هەرێمییەوە. بۆیە هەر دوای کودەتای (12ی ئەیلوولی 1980) دەسەڵاتدارانی کودەتاکە هەستان بە

---

[1] Maichel gunter: the Kurdish factory in Turkish forgihn p(157-158).

[2] ایران وترکیا مزیج من التنافس والتعاون، ص3،
.http://www.maktoobblog.com/redirectLink.php?link=http%3A%2F%2Fwww.alasr

بەرپاکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشیی بە قوڵایی (10-20 کم) لە سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سوریاو ئێرانو عێراقدا.[1]

هۆکارێکی تری ئەم ترسەی تورکیا مەسەلەی هەڵایسانی جەنگی ئێران- عێراق بوو، بەهۆی لاوازیی کۆنترۆڵی ئەو وڵاتانە بەسەر نێوچە سنوورییەکانەوە، دەرفەت لەبەردەم PKK دا رەخسا، تا بە ئاسانی بتوانێت لەو نێوچە سنووریانەدا هاتوچۆ بکات. بەشێك لە دڕدۆنگییەکانی تورکیا لە ئاست بوونی PKK لە نێو خاکی ئێرانو داڵدەدانو کۆمەکیکردنیان، پێوەندی بە دەرئەنجامەکانی هێرشو پەلاماری ئیسرائیلەوە هەبوو بۆ سەر بەیروتی پایتەختی لوبنانو گەمارۆدانی لە ساڵی 1982 دا، کە بەهۆی بوونی PKK لەو وڵاتەو تێوەگلانیان لەو جەنگەدا، نزیکەی (10) گەریلایان کوژرانو (10)ی دیکەشیان بەدیل گیران، هۆکاری بەشداریکردنی PKK لەو جەنگەدا بەهۆی چوونی PKK بۆ سوریاو لەوێشەوە بۆ لوبنان پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە عەرەبییەکانی فەلەستینو لوبناندا دروستکرد بوو، کاتێك ئیسرائیل هێرشی هێنا مەترسییەکە ئەوانیشی گرتەوە، سەرباری ئەوەی PKK پشتگیریی شۆڕشی گەلی فەلەسیتنی لەو قۆناغەدا دەکردو بە شۆڕشێکی دەزانی دژی زایۆنیزمو کۆلۆنیالیزم.[2] بۆیە PKK ناچار بوو بە دوای شوێنێکی تردا بگەڕێتو لەم ڕووەوە هەریەکە لە (محەمەد قەرە سونگوڕو مەعسوم قورقمان)یان لە سوریاوە بۆ ئێران ناردو لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو وڵاتە قسەیان لەو بارەوە کردووەو بەپێی بڕیاری کۆنگرەی دووەمی ئەو پارتەش لەساڵی 1984و بەهۆی پێویستیی بە ئێران، PKK پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەهێز کرد.[3] لەم بارەوە رۆژنامەی (جونایدن)ی تورکی لە دەسەڵاتێکی پایەبەرزی تورکیای گواستۆتەوەو ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئێران رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە ئامادەکردنی یاخیبووان (مەبەست لێی PKK)ە، روونیشی کردۆتەوە، کە سەرەتا بۆ سوریا هەڵاتوونو بۆ ماوەی (6) شەش مانگ لە لوبنان راهێنانیان پێکراوەو دواتریش بۆ ئێران گوێزراونەتەوە بە مەبەستی راهێنانی سیاسیی.[4]

فاکتەری کاریگەر لەسەر ئاسایشیی نەتەوەیی تورکیا بریتیی بوو لە دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK لە (15ی ئابی 1984) دا، بەجۆرێك هێندە کاریگەری هەبوو، کە

---

[1] د.جبار قادر: قضايا كردية معاصرة، كركوك- الانفال- الكرد وتركيا، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، 2006، ص177.

[2] بەیاننامەی لیژنەی نێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بەنێونیشانی(الى الراى العام العربي والشرق الاوسط)، لە(1980/9/18)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

[3] حامید گەوهەری: کۆماری دیموکراتی، ئایدۆلۆژی، ستروکتور، تاکتیك‌و کردەوەکانی پارتی کرێکارنی کوردستان، چ1، بێ چاپخانە، سوید، 1999، ل(39-40).

[4] صبرية احمد لافى: الاكراد فى تركيا، معهد الدراسات الاسيوية الافريقية، جامعة المستنصرية، سلسلة الدراسات التركية(22)، 1985، ص123.

**تورکیا کەوتە خۆی‌و هەرزوو لە چوارچێوەی پێوەندیی هەرێمیدا لە وڵاتانی عێراق‌و ئێران نزیك بووەوە بۆ تەوقدانی ئەو كاریگەریە. چونکە ئەگەر پێشتر لە ڕووی سیاسییەوە ئەو پارتە مایەی مەترسیی بوو بێت لەسەر تورکیا، ئەوا خەباتی چەکداریی‌و ئەو چالاکییە گەریلاییانەی دواتر ئەنجام دران، مەترسیی لەسەر پێوەندییە ئابووریی‌و بازرگانییەکانی ئەو وڵاتەش دروستکرد. هەروەك ئەو بڕوایەشی لای دەسەڵاتدارانی تورکیا دروستکرد، کە ئەم کاریگەرییە پێوەندیی بە وڵاتانی هەرێمییەوە هەیە، ڕاستەوخۆ سوریاو ناڕاستەوخۆ ئێرانیش لە ڕووی دەستبەرکردنی کۆمەکی‌و شوێنی پەنادان‌و هاوکاریی لۆجستییەوە تۆمەتبار کران.[1] بۆ وێنە (د.جعفر حق پناه) پێیوایە:" PKK زێتر بە هۆی سوود وەرگرتن لە نێوچە شاخاوییە سەختەکانی سنووری ئێران توانیویەتی لە پارێزگەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە ئێران جێگیر ببێت، نەك بەهۆی هاوکاریی‌و پەنادانی ئێرانەوە".[2] بەڵام ئەم رایە ڕێی تێناچێت، لەبەرئەوەی ململانێی هەرێمیی لە نێوان تورکیاو ئێراندا هەبوو، جگە لەوەی ئێران بە ڕوونی‌و ناڕاستەوخۆ پشتیوانی ئەو پارتەی دەکردو لە نێو خاکەکەیدا داڵدەی دابوون. جگە لەوە بەشێکی تری مەترسی تورکیا لە کاریگەرییەکانی PKK پێوەندی بە لایەنی جوگرافییەوە هەبوو، چونکە بە درێژایی (454 کم) سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا هەبوو، زۆربەی ئەو سنوورەش، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و نێوچە کوردنشینەکان بوو، خواست‌و داواکاری نەتەوایەتییان هەبوو.[3] بۆیە بۆ تورکیا گران بوو بتوانێت بە تەنها تەوقی ئەو مەترسییە بدات‌و بە بێ هاوکاریی ئێران مەحاڵ بوو، دڵنیا بێت لەوەی، کە ئێران لە کاتی دروستبوونی گرژی‌و ئاڵۆزیی لەگەڵیدا، پەنا بۆ PKK نابات وەك کارتی گوشار لە دژی.**

**لەراستیدا هۆکاری هاوکاریکردنی PKK لەلایەن ئێرانەوە،[4] بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێی وابوو، تورکیاش هاوکاریی هێزە نەیارو بەرهەڵستکارەکانی دەکات، لە نموونەی**

(1) د.السيد عوض عثمان: ايران ودول الجوار، ص6.

(2) د.جعفر حق پناه: كردها وسياست خارجى جمهورى اسلامى ايران، چاپ نخست، مهر ماه 1383، چاپو صحاف باقرى، مؤسسه فرهنگى مطالعات و تحقيقات بين المللى ايران معاصر، تهران، ص149.

(3) محمد صلاح محمود: الاتفاقيات الامنية المعقودة بين تركيا وايران، دراسة فى الاسباب والنتائج، مج(دراسات اقليمية)، ع(23)، جامعة الموصل، 2011، ص328.

(4) Robert Olson: The Kurdish Nationalist Movement in the 1990, Kentucky, the Univercity press of Kentucky, 1996, p68.

**ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق[(1)] و لەسالآنی نەوەدەکانیشدا (حدکا).[(2)] تەنانەت هەر لەگەڵ هەلآیسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 تورکیا دالآدەی هەزارەها ئەندامی ساواك و نەیاری تری ڕژێمی نوێی حکومڕانی ئێرانی دا. لە حوزەیرانی 1979 دا پارێزگاری هەرێمی هەکاری ڕایگەیاند:"تورکیا دەستەوسان نابێت لە ئاست ئەو دوژمنکارییەی حکومەتی خومەینی دژی تورکیا، هەروەها ئێرانی بە هاوکاریکردنی کوردو ئەرمەن تۆمەتبار کرد، کە مایەی هەڕەشەن لەسەر ئاشتی کۆمەلآیەتیی لە تورکیا".[(3)]**

**واتە بوونی هێزی بەرهەڵستکاری ئەو دوو ولآتە، فاکتەرێکی کاریگەری دیکە بوو لەسەر پێوەندییەکانیان. بێگومان لە بنەڕەتیشدا وەك کاردنەوەی ئێران، تورکیاش کۆمەکی ئەوانی دەکرد، واتە هەردوولا وەك کارتی گوشار سوودیان لەم هێزە بەرهەڵستکارانە وەردەگرت لە دژی یەکترو[(4)] بەتایبەتیش ئێران ئامادە نەبوو دەست بەرداری PKK ببێت.[(5)] تەنانەت تورکیا دەیویست سوود لە کەمینەی ئازەریی وەربگرێت، کە لە ئێراندا بوون و ڕێژەیەکی گەورەی دانیشتووانی ئێرانیان پێکدەهێنا، لە دۆخێکدا، کە گرژیی و ئالۆزیی بکەوتایەتە پێوەندییەکانیانەوە، یاخود ئێران چاوپۆشیی لە چالاکی PKK بکردایە، یاخود کۆمەکی**

---

(1) موجاهیدینی خەلق: ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی 1965 لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە ڕادیکاڵەکانی نێو بزوتنەوەی ئازادی ئێرانی لە نموونەی (محەمەد حەنیف نەجاد، ئەندازیار سەعید موحسین، عەلی ئەسغەر بەدیع زادگان، ئەحمەد ڕەزایی) دامەزرا. لیژنەی نێوەندی ڕێکخراوەکە ئایدۆلۆجیای ئیسلامیی گرتەبەرو بە ئایدۆلۆژیای فەرمیی لەقەڵەمدا. بۆ ماوەی شەش ساڵ توێژینەوەی هەموو ئەو تیۆرو لێکۆڵینەوانەی کرد، کە پێوەستبوون بە مێژووی ئیسلامو مێژووی بزوتنەوە بەرهەڵستکارییەکانی داگیرکاری ئێرانو ئایدۆلۆژیاو ئەزموونی شۆڕشە جیهانییەکانی وەك شۆڕشی چینو کوباو جەزائیرو جگە لەوانیش. بەرهەمی ئەو توێژینەوانەش بووە هۆی نزیکبوونەوەی هزریی و ئایدۆلۆجی نێوان ڕێکخراوەکەو هزریی بیریاری ئێرانی(عەلی شەریعەتی)، چونکە هەردوولا بیروڕایان وابوو ئیسلام بیروباوەڕێکی سیاسیی و شۆڕشگێڕییەو نموونەی سیستمێکی تەواوە، کە پێویستە بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی نموونەیی لە ژیاندا کاری پێبکرێت.، بڕوانە سلطان محمد النعيمي: الفكر السياسي الايراني، ص(59-60).

(2) خورشيد حسين دلى: تركيا وقضايا السياسة الخارجية، منشورات اتحاد كتاب العرب، 1999، ص24، و روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ص62.

(3) بۆ وردەکاری زێتری هاوکاریکردنی هێزە نەیارەکانی سیستێمی نوێی حکومڕانی ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 1979 لەلایەن تورکیاوەو مامەڵەی ئێرانو تورکیا بەرامبەر یەکتری بڕوانە د.جرجيس حسن: تركيا فى الاستراتيجية الامريكية بعد سقوط الشاه، ط1، 1990، ص(71-72).

(4) نیگەرانی تورکیا لە ئێران ئەوە بوو، کە لە هاوینی 1989 دا نزیکەی(25) گەریلای PKK بە سەرکردایەتی عوسمان ئۆجەلانو لە نیسانی 1989 شدا نزیکەی(8) گەریلای تر لە سنووری ئێرانەوە دزەیان کردۆتە نێو خاکی تورکیاوە بە یارمەتی ئێران، بڕوانە مايكل جونتر: العامل الكردى فى السياسة الخارجية التركية، من كتاب: هنرى باركى واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ت(هفال)، مطبعة مؤسسة ئاراس، هولير، مؤسسة موكرياني للبحث والنشر،2007، ص(103-104).

(5) طلعت سلێمان: ئەنقەرە،تاران،دیمەشق، لەمیدیای جیهانییەوە،ر(کوردستانی نوێ)، ژ(1024)، دووشەممە(1995/7/2). ل2.

**حزبوڵای توركیای بكردایە، ئەو باڵەیان كە لە ژێر كاریگەری ئێراندا بوو.[1] دڕدۆنگییەكانی توركیا لە خۆڕا نەبوو، چونكە لە حوزەیرانی 1995 دا، ئێران ڕێگەیدا بە چالاكی PKK و نزیكەی (8) هەشت چادرگەی لە نێو خاكەكەی بۆ گەریلاكانی ئەو پارتە دامەزراند. دوای ئەوەی توركیا لە باشووری كوردستان هێرشی كردنە سەر، ناچار بوون ئەو نێوچانە جێبهێڵن. بۆیە لەبەرامبەر ئەمەدا ڕێگەی بە ڕێكخراوی موجاهیدنی خەلق دەدا، كە لە ساڵیادی شۆڕشی گەلانی ئێراندا خۆپیشاندان لە توركیا دژی ئێران ئەنجام بدەن.[2] بەرپرسانی توركیا لە ئاست ئەم كۆمەكیو پەنادانانەی PKK بە راشكاوی رەخنەیان لە ئێران دەگرت، بەتایبەت (سلێمان دیمێریل) لە چاوپێكەوتنێكی گۆڤاری (شپیگڵ)ی ئەڵمانیدا ئێرانی بەوە تۆمەتبار كرد، كە پەناگەیەكە بۆ PKK و هێرشی تیرۆریستییان لەوێوە دەكرێتە سەر. ئەو تۆمەتەی تریشی خستە پاڵ، كە ڕێگە لە جموجوڵو چالاكی گەریلاكانی ئەو پارتە ناگرێتو پێداویستییو دەرمانی پزیشكی پێشكەشی بریندارەكان دەكاتو ڕێگەی پێداون ئۆردوگەی راهێنانی پەروەردەییشیان هەبێت.[3] هەر لەم بارەوە (مەسعود یەڵمان)ی سەرۆكی پارتی ڕێگەی راستیش ئەو رەخنەیەی ئاراستەی ئێران كرد، كە موشەكی زەوی بۆ ئاسمانی داوەتە PKK، بە تایبەت دوای سەرنگوم بوونی هەلیكۆپتەرێكی توركیا، كە چەند ئەفسەرێكی هەڵگرتبوو لە رۆژی (1997/6/4)دا بە هۆی موشەكی ئەو پارتەوە.[4] پێشترو لە (ئابی 1993)دا لەسەر ئەم تۆمەتبار كردنانەی ئێران، شاندێكی توركیا وێنەو كاسێتو چەند دۆسییەكیان رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێران كردو تێیدا پێوەندیی PKKو دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانو یەكەی پاسەوانی شۆڕشگێڕییان خستبووە ڕوو، لەگەڵ زانیاری دەربارەی شوێنی گەنجینەكانی چەكی ئەو پارتەو ناوەندەكانی راهێنانیان لە ئێران.[5]**

**دڕدۆنگییەكانی توركیا لە ئێران هەر تەنها پێوەندیی بە كۆمەكیكردنی PKK ەوە نەبوو، بەڵكو پێوەندیشی هەبوو بە ئامانجێكی تری ئێرانەوە لە هاوكاریكردنی ئەو پارتە بۆ نزیكبوونەوە لە پارتی دیموكراتی كوردستان، بە مەبەستی كردنەوەی ڕێڕەوێكی زیندوو لە نێوان سوریاو ئێران، لە ڕێگەی باشووری كوردستانەوە، بە تایبەت لەو قۆناغەدا، كە پارتی لەگەڵ توركیا ناتەبا بوو. هەروەك توركیا لەوەش دڕدۆنگ بوو، كە ئێران كار ئاسانی بۆ PKK دەكات، تاوەكو لە بازاڕی رەشدا بتوانێت لە روسیاو ئاسیای نێوەڕاستەوە چەكی پێبكات،**

---

[1] ایران وتركیا، مزیج من التنافس والتعاون، ص6.

[2] مایكل جونتر: العامل الكردی فی السیاسة الخارجیة التركیة، ص(106-107).

[3] د.جعفر حق پناه: كردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، ص166.

[4] ه.س، ص167.

[5] مایكل جونتر: العامل الكردی فی السیاسة الخارجیة التركیة، ص104.

جگە لەوەی هەر بەهۆی ئێرانەوە راستەوخۆ ئەندامانی ئەو پارتە دەتوانن گەشتی وڵاتانی ئەوروپاو باشووری کوردستان بکەن.[1] بۆیە لایەنێکی تری کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران پێوەندی بە دروستبوونی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کوردییەوە هەبوو لە باشووری کوردستان، چونکە تورکیا هەوڵی دەدا نفوزی خۆی لەو نێوچەیەدا جێگیر بکات، بەتایبەت دوای هەڵایسانی شەڕی نێوخۆ لە مایسی 1994و ئەنجامدانی چەندین پرۆسەی سەربازیی و کێوماڵکردنی نێوچە سنوورییەکان بە بیانووی راوەدوونانی گەریلاکانی PKK. بۆیە باشووری کوردستان بەهۆی لێکەوتەکانی جەنگی دووەمی کەنداوەوە بووە فاکتەرێکی کاریگەر لەو پێوەندییانەو هەر وڵاتێك دەیویست نفوزی خۆی لەو پارچەیەدا جێگە بکاتەوە. هۆکاری کاریگەربوونی جەنگی دووەمی کەنداو لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران، پێوەندی بە گۆڕانی هەڵوێستی تورکیاوە هەبوو لە سیاسەتی دەرەوەو هەرێمیدا، چونکە لەو جەنگەدا لە پرینسیپە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لایدا، کە دەست وەرنەدان بوو لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێی. بۆیە لەم جەنگەدا بووە هاوپەیمانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و بواری زەمینی و ئاسمانی لە بەردەم هێرشەکانیان بۆ سەر عێراق ئاوەڵا کرد، جگە لەوەی پێشنیازی دابینکردنی نێوچەی ئارامی بۆ کوردانی باشووری کوردستانیش کرد، بۆ رێگە گرتن لەبەردەم کۆڕەوی کوردانی ئەو پارچەیە بۆ سنوورەکانی ئێرانو تورکیاو دووبارە نەبوونەوەی مەرگەساتی لەو شێوەیە. لەبەرئەوە دەرئەنجامی هاتنە ئارای نێوچەی ئارام بەهۆی بڕیاری (688) ئەنجومەنی ئاسایشیی نێودەوڵەتییەوە، دروستبوونی قەوارەیەکی خۆبەڕێبەری کوردیی بوو لە باشووری کوردستان، کە تورکیاو ئێرانی ترساندو کاریگەری لەسەر دۆخی کوردانی باکوورو رۆژهەڵاتیش هەبوو، بەتایبەت ئێران بە دەستێوەردانێکی ئەمریکای لە نێوچەکەدا دەزانی و ترسی هەبوو، ئەو نێوچەیە بگۆڕێت بۆ شوێنی گروپە بەرهەڵستکارەکانی، بە دیاریکراوی حزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران (حدکا)و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بڕوایان وابوو ئەمریکا کۆمەکی ئەو هێرشانە دەکات، کە لە نێوخۆی خاکی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێت دژ بە بەرژەوەندییەکانی، کە کەوتوونەتە باکووری هێڵی (36)ەوە.[2]

دەرئەنجامی جەنگی دووەمی کەنداو، سەرەڕای هاتنی نفوزی زێتری ئەمریکا بۆ نێوچەکە لەلایەن تورکیاوە، کە مایەی دڕدۆنگی ئێران بوو، هاوکات بەشێکی سەرەکی ئەو دڕدۆنگییانە، پێوەندی بەو پرۆسە سەربازیی و کێوماڵکردنانەی تورکیاوە هەبوو لە نێو خاکی باشووری کوردستاندا، کە تادەهات لە قۆناغەکانی دواتردا زێتر دەبوو، بەجۆرێك ژمارەی هێزی

---

[1] روبرت اولسن: المسالة الكردية فی العلاقات التركية الايرانية، ص76.

[2] ن.م، ص62.

**بەشداربووی تورکیا لەو پرۆسانە لە (10) هەزارەوە گەیشتبووە (50) هەزار.[1] لەبەرئەوەی دوای راپەڕینی بەهاری 1991، بەشێکی زۆر لە نێوچەکانی باشووری کوردستان لە ژێر دەسەلاتی بەغدادا نەما بوون‌و بۆشایی دەسەلات‌و ئاسایش تێیاندا دروستبوو بوو. دوای هەلایسانی شەڕی نێوخۆش لەو پارچەیە، ئەم بۆشاییە فراوانتر بوو، بەشێوەیەك هەریەکە لە تورکیاو ئێران لە هەوڵی پڕکردنەوەیدا بوون، لە ڕێگەی کۆمەك کردنی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانەوە، بەجۆرێك تورکیا لەگەڵ پارتی‌و ئێرانیش لەگەڵ یەکێتی. بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی دابەشبوونی هەرێمیی لە نێوان ئەو دوو هێزە، وەك دەرئەنجامەکانی شەڕی نێوخۆ، پاش ئەوەی ئێران داوای کردنەوەی خاڵی گومرکی لەسەر سنوورەکانی خۆی‌و نێوچەکانی ژێر رکێفی یەکێتیدا کرد، بۆ ئەوەی ئامادەییەکی گەورەی هەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی نفوزی تورکیا لە نێوچەکەدا.[2]**

**هەروەها شەڕی نێوخۆ لە باشووری کوردستان هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو، بۆ ئەوەی هاوسەنگی بگەڕێتەوە نێو پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران،[3] چونکە دوای پەرەسەندنی شەڕەکە دابەشبوونی هەرێمیی بە سەر هەردوو تەوەری شەڕەکە دەرکەوت، بەلام ئێران دڕدۆنگ بوو لە زێتربوونی رۆڵی دەستڕۆیشتووی سوپای تورکیا لە نێوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی‌و کاریگەری لەسەر سیاسەتی نێوخۆیی ئەو نێوچەیە.[4] کاتێکیش تورکیا پشتێنەی ئاسایشیی لە باشووری کوردستان بەرپا کرد، ئێران دڕدۆنگ بوو، لەبەرئەوەی ترسی هەبوو ئەو نێوچەیە ببێتە پەناگەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی‌و دەزگەی سیخوڕیی ئیسرائیل (مۆساد) لە دژی بەکار بهێنێت. جگە لەوەی ترسیشی هەبوو نێوچەی کەرکوك بکەوێتە ژێر رکێفی تورکیاوەو ببێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی هەرێمیی لە نێوچەکەدا. بۆیە ئێران دژی دروستکردنی پرۆسەی پشتێنەی ئاسایشیی بوو لە باشووری کوردستان.[5]**

**لەلایەکی ترەوە بەهۆی فشاری بەردەوامی تورکیا لەسەر سوریای هاوپەیمانی ئێران بۆ دەرکردنی ئۆجەلان‌و قەدەغەکردنی چالاکی گەریلایی PKK، ئێران ناچار بوو هاوکاری ئەو پارتە لە باشووری کوردستان‌و لە نێو خاکی خۆیشیدا بکات، چونکە جگە لەوەی ئەو فشارانە دەبووە هۆی لاوازکردن‌و کەمکردنەوەی بەرگری سوریا لەبەردەم ئەمریکاو ئیسرائیل لە پرۆسەی ئاشتیدا، هاوکات دەبووە هۆی کەمبوونەوەی کۆمەکیکردنی PKK و یەکێتیش،**

---

[1] بۆ وردەکاریی پرۆسە سەربازییەکانی تورکیا لە نێو خاکی باشووری کوردستان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(13).

[2] روبرت اولسن: المسالة  الكردية فى العلاقات، ص(68–69).

[3] ن.م، ص 81.

[4] ئێران لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا، گ(دۆسێی تورکیا)، ژ(3)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ل74.

[5] حسين مصطفى احمد: العامل الكردى فى العلاقات العراقية الايرانية، مج(السياسة الدولية)، ع(18)، جامعة المستنصرية، 2011، ص404، و د.ضارى سرحان الحمدانى: سياسة ايران تجاه، ص147.

**بەتایبەت دوای هەڵایسانی شەڕی نێوخۆ. لەبەرئەوە تاران وای دەبینییەوە، کە کۆمەکی دیمەشق بۆ PKK سوودی زۆری بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی هەیە، بۆ ئەوەی نفوزی خۆی لە باشووری کورستاندا هەبێت. بە دیاریکراویش دوای ئەوەی پارتی هەر لە ساڵی 1992ەوە هاوپەیمانێتیی خۆی لەگەڵ تورکیادا دامەزراند بوو.[1] بەم شێوەیە تێبینی دەکەین جەنگی دووەمی کەنداوو دروستبوونی ئەزمونی خۆڕێبەری کوردیی لە باشووری کوردستان، فاکتەرێکی کارتێکەر بووە لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا، کە هێندێك جار ئەو پێوەندییانەی ئاڵۆز دەکرد. سەرەڕای ئەوەی پێوەندی پتەویشی بە مەسەلەی PKK ەوە هەبوو، بەجۆرێك توانی سوود لە بارودۆخی جەنگەکە وەربگرێتو لە نێوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیاو باشووری کوردستاندا جێگیر ببێتو بنکەو بارەگەی چەکدارییی تێدا دابمەزرێنێت.**

**لەلایەکی دیکەوەو لە سەردەمی هاتنە سەر کاری پارتی رەفاه بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان، بە هۆی پێڕەوکردنی ئاراستەی رووەو جیهانی ئیسلامی، تێبینی دەکەین، کە پرسی PKK کاریگەری بەردەوام بوو لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران، بە شێوەیەك لە بەشێکی زۆری سەردانە ئابووریی و بازرگانییەکانی نێوانیاندا باس لە مەسەلەی ئەو پارتە کراوە. بە دیاریکراوی هەر دوای چەند مانگێکی کەم مانگ لە فەرمانڕەوایی پارتی رەفاهو لە رۆژی (10-1996/8/11) لە یەکەم سەردانی نەجمەدین ئەربەکاندا بۆ ئێران وەك سەرۆك وەزیرانی تورکیا، سەرەڕای باسکردنی پێوەندیی بازرگانیی و گرێبەستی گازی سروشتیی نێوانیان، هاوکات مەسەلەی PKK یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانیان بوو، بەتایبەت لە کۆبوونەوەی داخراوی نێوان نێوبراوو هاشمی رەفسەنجانی[2]، کە جگە لە وەرگێڕەکانیان کەسی تر ئامادەی دانیشتنەکەیان نەبوو.[3]**

---

[1] روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات، م.س، ص(57-58).

[2] هاشمی رەفسەنجانی: ناوی عەلی هاشمە رەفسەنجانی یەو لە نێوچەی کرمان لە ساڵی 1934 لە دایکبووەو لە قوتابخانەیەکی ئاینی ئەو نێوچەیە خوێندویەتیو لە پەیمانگەی ئاینیی قوم خوێندنی تەواوکردووەو قوتابی خومەینی بووە. لە کۆتایی پەنجاکان بە پلەی(حجة الاسلام) دەرچووەو لەسەر رێڕەوی مامۆستاکەی لە دژی محەمەد رەزا شا رۆیشتووە. چەند جارێك بە تۆمەتی بەرێوەبەری هێزە پاڵپشتییەکانی خومەینی قۆڵبەستکراوە. بەهۆی چالاکی سیاسییەوە ماوەی ىسێ ساڵی لە زینداندا بردۆتەسەر(1975-1977). دوای روخانی شا، خومەینی رەفسەنجانی کردۆتە ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕشو لە دامەزراندنی پارتی کۆماری ئیسلامیدا رۆڵی هەبووەو دواتر لەنێوان ساڵانی(1980-1989) سەرۆکی ئەنجومەنی شورا بووە، کە بەپێشنیازی رەفسەنجانی ناوەکەی لە(ئەنجومەنی شورای نیشتیمانیی)ەوە بۆ (ئەنجومەنی شورای ئیسلامی )گۆڕاوە. دوای مردنی خومەینی، رەفسەنجانی زێتر میانڕەوی لە هزرو سیاسەتیدا پێڕەوکردووە. چەند پۆستێکی گرتۆتەدەست، لەوانە: سەرۆك کۆماری ئێران دووجار، بڕوانە سلطان محمد النعيمي: الفكر السياسي الايراني، ص134.

[3] روبرت اولسن: المسالة الكردية، ص107.

ئەوەی گرنگە لێرەدا پەیگیریی بۆ بکەین، بریتییە لە هۆکاری داڵدەدانو کۆمەکیکردنی ناڕاستەوخۆی PKK لەلایەن ئێرانەوە، چونکە لەو قۆناغانەدا ئەو پارتە دروشمی کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی چوار پارچەکەی کوردستانی بەرز کرد بووەوە، لە کاتێکدا لە نێوخۆی ئەو وڵاتە نەتەوەی کورد هەبوو، کە خاوەنی پارتی سیاسیی خۆیان بوون و خەباتیان لە پێناو مافەکانی کورد لە ئێراندا دەکرد، پرسیار ئەوەیە ئێران چۆن نەترساوە لەوەی کۆمەکیکردنی PKK ببێتە هۆی گەشەکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە نێوخۆی وڵاتەکەیو دروستبوونی مەترسیی لەسەر یەکپارچەییو ئاسایشیی نەتەوەیی؟ یان بە مانایەکی تر بۆچی ئەو پێوەندییە نەیتوانی کاریگەری گەورە بکاتە سەر جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە پێویستە باس لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر PKK بکەین، لەگەڵ ئامانجو مەبەستی لە پەنادانو کۆمەك کردنی ئەو پارتەدا. سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم پێوەندییە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ بووە، جگە لەوەی پێوەندی دەوڵەتێکی بەهێز بووە لەگەڵ جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازییدا، کە لەسەر هەموو ئاستەکان ناهاوسەنگیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، سەرەڕای ئەوەی لەلایەك دەوڵەتی ئێران ململانێی هەرێمیی هەبوو لەگەڵ دەوڵەتێکی تر، کە تورکیا بوو، لەلایەکی تریشەوە ئەو پارتە سیاسییە هێزێکی بەرهەڵستکاری ئەو دەوڵەتە بوو، کە پێویستبوون بە یەکتری، هەریەکەو لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا پاڵنەر بووە بۆ ئەو پێوەندییە ناڕاستەوخۆیەو زێتریش ئێران وەك کارتی گوشار سوودی لێوەردەگرت، چونکە لە هەمان کاتدا ئێران نەیدەویست ئازادی جموجوڵ بە ئەندامانی PKK بداتو داوای لە بەرپرسانی ئەو پارتەش کرد بوو، کە هاتووچۆی ئەندامانیان سنووردار بکەن.[1] بۆیە ئامانجی ئێران لاواز کردنی پێگەو نفوزی تورکیا بوو لەو رکابەری هەرێمییەی، کە لەگەڵیدا هەیبوو.[2] هەروەها ئێران دەیویست سوود لە PKK وەربگرێت بۆ فشار خستنە سەر تورکیا لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵانی نەوەدەکان، چونکە هۆکاری نزیکبوونەوەی تورکیاو ئیسرائیل پێوەندی بە ئێرانو PKK شەوە هەبوو.[3] هەروەك دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێران دەیویست سوود لە PKK وەربگرێت دیسان وەك کارتی فشار، بەتایبەت لەو کاتانەدا، کە لە تورکیاوە نزیك بوون.[4] وێڕای ئەوەی ئێران هەوڵی بەردەوامیی شەڕی نێوخۆیی لە باشووری

(1) د.جعفر حق پناه: کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، ص146.

(2) مایکل جونتر: العامل الكردی فی السیاسة الخارجیة الترکیة، ص105.

(3) حامید گەوهەری: کۆماری دیموکراتی، ئایدۆلۆژی، ل41.

(4) مەکتەبی دیراساتی ناوەندی(پ.د.ك): ل71.

**کوردستان، بۆ فراوانکردنی بازنەی ململانێی نێوان تورکیاو PKK، بە هیوای تێکدانی ئەو بارودۆخە سەقامگیرەی، کە لەوێ هەبوو، چونکە ئەزمونی خۆڕێبەری باشووری کوردستانی پێ قەبوڵ نەبوو، جگە لەوەی هێندێك کات بە ئامرازی دەستی ئەمریکاشی دەزانی بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکەی.**[1]

**سەبارەت بە پێوەندیی ئێرانو PKK (رەزا ئاڵتون) بەرپرسی پێوەندییەکانی ئەو پارتە لەگەڵ ئێران باس لەوە دەکات، کە پێوەندییان ناڕاستەخۆ بووەو دەڵێت:"رەهەندی مێژوویی و ئایدۆلۆژیی نێوان تورکیاو ئێران ئەو کێشانەی لە نێوانیاندا هەبوو، دەرفەتی بۆ ئێمە زۆر رەخساند، چونکە هەریەکە دەیویست سوود لە دوژمنی دوژمنەکەی وەربگرێت، بۆیە پێوەندی ئێمەو ئێران لەسەر ئەو بنەمایە بوو".**[2] **ئاماژە بەوەش دەکات، کە سوودی زۆریان لە ئێران وەرگرتووە، بە هۆی ئەوەی بەسەر نێوچە سنوورییەکاندا زاڵ نەبوونو چاوپۆشیشیان لێکردوون، ئەمە دەرفەتی بۆ گەریلاکانیان رەخساندووە، تاوەکو بتوانن بە ئاسانی جموجوڵ بکەن. سەبارەت بە سەرەتاکانی دروستبوونی ئەو پێوەندییەش، نێوبراو دەبێژێت:" ئەوکاتەی ئێمە لە سوریا بووین، بەهۆی بوونی پێوەندی ئەو وڵاتەو ئێرانو رۆڵی ئێران لە دیاریکردنی سیاسەتی سوریاو پێوەندی ئێمە لەگەڵ سوریا، ئەمانە وایان کرد ئێمەو ئێرانیش پێوەندی دروست بکەین. شێوازی پێوەندی دروستکردنی ئێران زۆر نهێنی بوو، جۆری پێوەندییەکەش نا فەرمییو هاوکاریکردن بە داوو دەرمانو چارەسەرکردنی برینداری چالاکییە گەریلاییەکانمان بوو لە شاری ورمێ، ئەوەش هێندێك کات کێشەی دروست دەکرد، چونکە نەیدەویست زەق بێت، بەڵام پێوەندی ئێمەو ئێران لە رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە پچڕا".**[3]
**هەر سەبارەت بە بنەماو هۆکاری پێوەندی نێوان PKKو ئێران ( محەمەد ئەمین پێنجوێنی) دەڵێت:" بنەمای ئەو پێوەندییانە سوود وەرگرتن بوو لە یەکتر لە ململانێکانیاندا". سەبارەت بە شێوازی پێوەندییو هاوکاریی ئێران بۆ ئەو پارتە، نێوبراو دەبێژێت:" ئێران رێگەیدا بوو بە PKK لە شاری ورمێ خەستەخانەی خۆیان هەبێت، بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکانیانو لە نێوان سالانی (1994-1995)شدا نوسینگەیان لە شاری تارانی پێتەختی ئێران هەبوو، بەشێوەیەکی نیمچە فەرمیو بە نهێنی".**[4] **هەروەك سروشتیی جوگرافیی ئێران، بەتایبەت لە نێوچە سنوورییەکانی لەگەڵ توکیادا، کە دارستانو نێوچەیەکی شاخاوی سەخت بوو، وایکرد**

---

[1] مایكل جونتر: العامل الكردي في السياسة الخارجية التركية، ص105.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ(رەزا ئاڵتون)، قەندیل، دووشەممە، (2014/4/28).

[3] هـ.س.

[4] چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەد ئەمین پێنجوێنی)، سلێمانی، شەممە(2013/11/30).

**بوو PKK وەك پەناگەیەكی ئارام سوودی لێوەربگرێت.[1] دەربارەی ڕۆڵی فاكتەری ئایینیو تایفی لە پێوەندییەكانی PKK و ئێراندا، بە حوكمی بوونی چەندین گەریلاو سەركردەی شیعەی عەلەوی لە ڕیزەكانی ئەو پارتەدا، كە كاریگەری هەبوو بێت بۆ نزیكبوونەوەو پێوەندییان، (ڕەزا ئاڵتون) ئەوەی ڕەتكردەوەو وتی:"شیعەی عەلەوی توركیاو ئێران لە یەك جیاوازنو پێوەندی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە نەبوو".[2] بەڵام لە هێندێك بۆنەو ڕووداوو لە بەیاننامە فەرمییەكانی PKK دا بە ئاشكراو بە دیاریكراویش بەرگری لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 دەكاتو تێیدا هاتووە:"شۆڕشی ئێرانی توانی لێدانی یەك لە دوای یەك بسرەوێنێتە كۆڵۆنیالیزم، كە دەیویست بە هەموو ئامرازێك گەمارۆی بدات، هاوكات دەسندە خۆجێییەكان لەو شۆڕشە دەترسنو كەوتوونەتە یارمەتیدانی پلانەكانی كۆڵۆنیالیزم، شۆڕشی ئێرانیی بەتەنها نییە لە ململانێی لەگەڵ كۆڵۆنیالیزمدا...،تاد".[3]**

**سەبارەت بە سوود لێوەرگرتنو بەكارهێنانی PKK لەلایەن ئێرانەوە لە پێوەندییەكانی لەگەڵ توركیادا، كە فاكتەرێكی ئاڵۆزبوونی ئەو پێوەندییانە بوو، زۆرجار فاكتەرێكی نزیكبوونەوەو ڕێكەوتنو هاریكاریی نێوانیشیان بووە. هۆكاری ئەمەش لای شیكەرەوانی سیاسەتی دەرەوە، پێوەندی بەوە هەیە، كە لە بنەڕەتدا ڕەفتاری دەرەكیی دەوڵەتێك لە چركەساتێكی دیاریكراودا یان لە بابەتێكی دیاریكراودا بە ڕەفتاری دەوڵەتێكی ركابەرو بەرامبەری كاریگەر دەبێتو كاری تێدەكات. ئەوەش لە ڕێگەی كردەی ئاڵوگۆڕی ڕەفتاری دوو دەوڵەتەكە دەبێت بەرەو ڕووی یەك. لەو دۆخەشدا ڕەفتاری دەرەكی دەوڵەتی یەكەم كاریگەر دەبێت بە هێندێك پاڵنەر، ئەو پاڵنەرانەش خاوەن ئەدگارێكی ركابەرێیی یان هاریكارییین. لە پێشەوە ئەوەی باسكرا، لە ڕۆڵی PKK لە پێوەندییەكانی توركیاو ئێران زیاتر ئەدگارە ركابەرێییەكە بوو، كە پەنایان بۆ فاكتەری هێزی بەرهەڵستكاریی یەكتر دەبرد بۆ لاوازكردنی پێگەی سیاسییو هەرێمیی یەكتر، بەجۆرێك توركیاش پەنای بۆ ڕێكخراوی موجاهیدینی خەلقو حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران(حدكا)و كەمینەی ئازەریی دەبرد لەو ململانێ سیاسییانەدا. بۆیە تێبینی دەكەین كاتێك پێویستیی نزیكبوونەوەو ئاساییكردنەوەی پێوەندییەكانی دوو دەوڵەتەكە بخوازێت، ئەوكات ئەدگاری دووەم، كە هاریكارییە دێتە پێشەوەو ڕۆڵ دەبینێت.[4] لەسەر ئەم بنەمایەو بوونی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوانیان، دەبینین لە یەكەم سەردانی**

---

[1] د.سعد عبدالعزیز مسلط الجبوری: العلاقة بین السلطة فی ایران والقومیات الاخري، مج(دراسات اقلیمیة)، ع(5)، سنة(3)، حزیران 2006، ص219.

[2] چاوپێكەوتن لەگەڵ(ڕەزا ئاڵتون)، قەندیل، دووشەممە(2014/4/28).

[3] بڕوانە بەیاننامەی لیژنەی نێوەندی PKK بە نێونیشانی(الی شعوب الشرق الاوسط والاقصی، حول التطورات الاخیرة فی افغانستان والمنطقة)، لە دیرۆكی(1980/1/15)، بەڵگەنامەی ژ(16).

[4] د.محمد السید سلیم: تحلیل السیاسة الخارجیة، ط1، مكتبة النهضة المصریة، القاهرة، 1998، ص326.

**فەرمیی بەرپرسانی باڵادا (میر حسێن موسەوی) سەرۆك وەزیرانی ئێران لە رۆژی (1984/11/28) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کە بۆ تورکیا ئەنجامیدا، هەردوولا خوازیاری رێگریکردن بوون لە هەر جۆرە چالاکییەك، کە لە سنوورەکانیاندا ئەنجام بدرێتو ببێتە هۆی نائارامیی، دواتریش پەیمانی ئاسایشییان پێکەوە مۆر کرد، چونکە لە راگەیاندنی خەباتی چەکداریی PKK ەوە، کاریگەری لەسەر پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیاو ئاسایشیی نەتەوەیی ئەو وڵاتە دروستبوو، بەهۆی جێگیربوونی گەریلاکانی ئەو پارتە لە نێوچە سنوورییەکانی تورکیاو ئێراندا.[1]**

**بۆیە ئەگەر تا ساڵی 1990 ئێران پێویستی بە PKK هەبوو بێت، کە وەك کارتی فشار لە دژی تورکیا بەکاری بهێنێت، بەڵام بە کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو هاتنە پێشەوەی جەنگی دووەمی کەنداوو دەرکەوتنی ئەزمونی خۆبەڕێوەبەریی لە باشووری کوردستان، ئەم بارودۆخە نوێیانە تورکیاو ئێرانی ناچار کرد، کە لە مەسەلەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی یەکتریدا هاوکاریی یەکتری بکەن. بە دیاریکراوی لە ساڵی 1993دا، ئێران پێویستیی بە دروستکردنی ئەو متمانەیە هەبوو لای تورکیا، کە یارمەتی PKK نادات، بۆ ئەوەی تورکیاش یارمەتی گروپە نەیارەکانی ئێران نەدات.[2] لەبەرئەوە هێندێك کات ئێران سوودی لە PKK وەرگرتووە بۆ نزیکبوونەوە لە تورکیاو دروستکردنی جۆرێك لە رێکەوتنی سیاسیی لە رێگەی رادەستکردنەوەی گەریلاکانی ئەو پارتە لەو قۆناغەدا، کە دەستگیریی دەکردن.[3] وەك چۆن لە کۆتایی (1993)ەوە رەزامەندیی دەربڕی لەسەر گرتنەبەری رێو شوێنی توندوتیژ لە دژی چالاکی گەریلاکانی PKK لە نێوخۆی وڵاتەکەیو لەولاشەوە رێگەی بە تورکیا دا، چاودێریی هەر رێو شوێنێك بکەن، کە دەگیرێتەبەر. لە بەرامبەریشدا تورکیا رەزامەندیی نیشاندا لەسەر هەمان شێوە دژی موجاهیدینی خەلق، بۆ ئەمەش لیژنەی ئاسایشیی هاوبەشیان پێکهێنا بوو، کە بەرهەمی ئەم نزیکبوونەوەیە رادەستکردنەوەی (14) گەریلای PKK بوو لە بەهاری 1994 بە تورکیا لەلایەن ئێرانەوە. تورکیاو ئێران لەسەر ئەم شێوازە پێوەندییو مامەڵەکردنە لەسەر مەسەلەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی یەکتریی بە گشتیو PKK بە تایبەت بەردەوام بوون، بەجۆرێك لە کۆتایی ئەیلوولی 1994دا چەندین کۆبوونەوەی تریان ئەنجامداو تەوەری سەرەکی چۆنێتی گرتنەبەری رێو شوێن بوو دژ بەو گروپو کۆمەڵانەی، کە مایەی هەڕەشەو مەترسیی بوون بۆ سەر هەردوو وڵات، کە PKK پشکێکی گەورەی بەردەکەوت بەنیسبەت تورکیاوە.[4]**

---

(1) د.جعفر حق پناه: کردها و سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، ص146.

(2) روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ص62.

(3) مايكل جونتر: العامل الكردی، ص106.

(4) روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ص65.

**تەنانەت ئەو نزیکبوونەوانە هێندێك کات سوودی لێوەرگیراوە بۆ ڕێگەدان بە بۆردومان کردنی بنکەو بارەگەی ئەو هێزە بەرهەڵستکارانەی تورکیا و ئێران.**[1]

**تەوەری دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕێکەوتننامەکانی تورکیاو ئێراندا :**

**گروپی سیاسەتی دەرەوە لە زانکۆی ماکجیل، مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوەی بۆ چوار مەسەلەی سەرەکی ڕیزبەند کردووە، کە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان هەیە، ئەوانیش: (مەسەلە ئاسایشیی و سەربازییەکان، مەسەلە سیاسیی و دیپلۆماسییەکان، مەسەلە ئابوورییە پەرەپێدانییەکان، مەسەلە ڕووناکبیریی و زانستییەکان). لەم پۆلێن بەندییەدا PKK لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا دەکەوێتە چوارچێوەی مەسەلە ئاسایشیی و سەربازییەکانەوە، بەو پێیەی هەر لە سەرەتاوە ئەو پارتە هێزێکی بەرهەڵستکاری چەکداریی بووە دژ بە تورکیاو کاریگەری لەسەر ئاسایشیی نەتەوەیی ئەو وڵاتە هەبوو. مەسەلە ئاسایشیی و سەربازییەکان هەموو ئەو مەسەلانەی تر دەگرێتەوە، کە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکانی پێوەست بە توندوتیژیی دەرەکیی لە نێویدا (هاوپەیمانێتییەکان، چەك و جگە لەوانەش، کە هەست بە هەڕەشە دەکرێت ڕووەو ئاسایشی یەکپارچەیی دەوڵەت).**[2]

**بەهۆی هەستکردنی تورکیا بەوەی PKK فاکتەرێکی هەڕەشەو مەترسییە لەسەر ئاسایشیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکەکەی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەنجامدانی چالاکی گەریلایی لە نێوچە سنوورییەکانی تورکیا و ئێراندا. هاوکات بەهۆی ئەوەی، کە هەر لە سەرەتاوە ئێران PKK ی وەك کارتی گوشار بەکاردەهێنا و پێوەندییەکی ستراتیژیی دوور مەودا نەبوو، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەو تورکیاشدا دروست دەبوو لە ئاست مەترسیی ئەو پارتە، بە شێوەیەك لە ململانێوە بۆ هاریکاریی و ڕێکەوتن. لەمبارەوە (چارلز هێرمان) لە شیکردنەوەی تایبەتمەندیی بەردەوامیی و گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەدا ئاماژە بە چوار جۆر دەدات بەم شێوەیە:**

1. **گۆڕانی خۆگونجێنەرانە: مەبەست لەو گۆڕانکارییەیە، کە لە ئاستی بایەخدان بە کێشەیەکی دیاریکراو لەگەڵ بەردەوامیی مانەوەی سیاسەتەکە لە ئامانج و ئامرازە سیاسییەکاندا هەیە.**
2. **گۆڕانی بەرنامە بۆ داڕێژراو: باس لە گۆڕانکاریی لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەدا دەکات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە، نەك لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە، لەگەڵ بەردەوامیی ئامانجەکان.**

---

[1] تورکیا وتووێژی پاراستنی ئاسایش لەگەڵ ئێرانو سوریا دەکات، ر(کوردستانی نوێ)، ژ(1052)، شەممە(1995/8/3).

[2] د.محمد السيد سليم: تحليل السياسة الخارجية، ص98.

3. گۆڕان لە ئامانجەکاندا: ئەمە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاریی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە خۆی، نەك گۆڕینی ئامرازەکان.

4. گۆڕان لە ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەدا: زۆرترین شێوەی گۆڕانکارییە، کە توندوتیژیی تێدا بێت، بەشێوەیەك سەردەکێشێت بۆ ئاراستەی گشتیی سیاسەتی دەرەوە، لە نێویشیدا گۆڕینی ئامرازو ستراتیژو ئامانجەکان.[1]

لێرەوە دەتوانین نزیکبوونەوەو هاریکاریی تورکیاو ئێران لەسەر مەسەلەی PKK، لە جۆری دووەمدا بەدی بکەین، چونکە هەردوو وڵات هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی دانوستانەوە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، بەتایبەتیش تورکیا توانی لە ڕێگەی گۆڕینی ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە بەرامبەر ئێران لە تۆمەتبار کردنەوە بۆ نزیك بوونەوەو وتوویژ بگۆڕێت لە ئاست مەسەلەی PKK دا، لە ڕێگەی سەردانی دیپلۆماسیی و گرێدانی ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلی سیاسیی و ئاسایشی و بازرگانییەوەو لەگەڵ ئێران تەوقی مەترسیی ئەو پارتە بدات. زۆرترین گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەدا، خۆی لە جۆری دووەم و سێیەمی ئەو ریزبەندییەی سەرەوەدا دەبینێتەوە، چونکە بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاوو پلەبەندیی ئەو گۆڕانکارییە ڕوودەدات. مەبەستیش لە شەقڵی پلە بە پلە ئەوەیە، کە نکوڵی ڕوودانی گۆڕانکاریی ڕەگو ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا ناکات، بەڵکو زێتر مەبەست پێی کۆتاییهاتنی جۆرێکە لە سیاسەتی دەرەوەو شوێنگرتنەوەیەتی بەجۆرێکی تر لە ئاراستەو سیاسەت.

ئەگەر تێبینی مامەڵەکردنی سیاسەتی ئێران بکەین لەگەڵ PKK دا، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا دەبینین وەك کارتی فشار مامەڵەی لەگەڵدا کردووەو کارێکی ئاساییە، کە لە هێندێك قۆناغدا سیاسەتی لە ململانێوە لەگەڵ تورکیادا بۆ هاریکاریی بگۆڕێت و پابەند بێت بە جێبەجێکردنی داواکانی تورکیا لە ئاست مەترسیی ئەو پارتە لە بواری ئاسایشدا، چونکە ئێران وەك دەوڵەتێکی هەرێمیی خاوەن پێوەندی فەرمیی و بەرژەوەندیی لەم مەسەلەیەدا مامەڵەی لەگەڵ تورکیاو PKK دا دەکرد، بۆیە لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی خواستبێتی لە تورکیا نزیکبۆتەوەو شێوازی مامەڵەکردنەکەشیی لە هاریکاریی و پەنادانی ئەو پارتەوە بۆ دەستگیرکردنی گەریلاو سنووردار کردن و قەدەغەکردنی چالاکییە گەریلاییەکانی PKK گۆڕیوە.

وێڕای ئەم پێدراوە تیۆرییانە، دۆخی جیۆپۆلەتیکیی تورکیا، بەردەوام پاڵنەرێك بوو، کە وای لەو وڵاتە کرد بوو پێویستیی بە ئێران هەبێت، بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی PKK، چونکە ئەگەرچی تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکاو ئیسرائیل بوو، بەڵام بڕوای وابوو بۆ تەوقدانی

[1] ن.م، ص(100–101).

**مەترسیی ئەو پارتە، ئێران بەتواناترە لە ئەمریکا،[1] بەهۆی بوونی سنووری هاوبەشی نێوانیانو بوونی کورد لە هەردوو وڵات وەك مەترسیی لەسەر ئاسایشیی نەتەوەییان، جگە لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان. بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین ئێران سەرەڕای ئەوەی ناو بەناو PKK ی وەك کارتی گوشار لە دژی تورکیا بەکاردەهێنا، لە هەمان کاتدا دوو ئاراستەی دژیان لەگەڵ تورکیادا هەبوو، بەشێوەیەك دەوڵەتێکی ئایینیو ئیسلامییو تورکیاش دەوڵەتێکی عەلمانیی،[2] بەڵام دەبینین کە لە ئاست مەسەلەی PKK دا لە یەك نزیك دەبوونەوە. هۆکارێکی تری پشت رێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلەکانی نێوان تورکیاو ئێران، پێوەندیی بە لایەنی ئابووریی و بازرگانییەوە هەبوو، لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە PKK بەرەنگاری سیاسەتەکانی (کەنعان ئەڤەرین) بووەوەو ژمارەیەك هێرشو پەلاماری بۆ سەر ئەو بارهەڵگرانەی تورکیا ئەنجامدا، کە شتومەكو کاڵای ناردەنییان بۆ ئێران دەگواستەوە، بەجۆرێك تورکیایان ناچار کرد فڕۆکەو چەکی هەوایی لە دژیان بەکاربهێنێتو بۆردومانی بنکەو بارەگاکانیان لە نێوچەکانی مهابادو سەردەشت لە نزیك سنووری عێراقدا بکات،[3] کە دەکەونە رۆژهەڵاتی کوردستانو نێوچە سنووریەکانی ئێرانەوە.[4]**

**هەر سەبارەت بە کاریگەری PKK لەسەر پێوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی تورکیاو ئێران، مەسەلەی تێپەڕبوونی بۆری نەوت هەبوو بۆ گواستنەوەی نەوت لە ئێرانەوە بەرەو بازاڕەکانی جیهان، دەبوو بە نێوچە کوردنشینەکاندا بڕوات، بە دیاریکراویش ئەو نێوچانەی نێو خاکی تورکیا، کە PKK چالاکی گەریلایی تێدا ئەنجام دەدا، ئەمەش پاڵنەرێکی بە هێزی دیکە بوو، کە هاریکاریی ئاسایشیی لە نێوان تورکیاو ئێراندا بهێنێتە کایەوە. بۆیە تورکیا وایدەبینی ئەگەر ئێران بیەوێت بەشداری بکات لە راکێشانی بۆری نەوتو گازی سروشتیی، کە لە نێوچەی دەریای قەزوینەوە دێت، ئەوا لەسەری پێویستە هاوکاریی بکات لە پاکتاوکردنی PKK دا، یاخود لانیکەم دەرکردنی لەسەر خاکی وڵاتەکەی. بۆیە هەردوو وڵات هەوڵیان دەدا نەهێڵن PKK ببێتە هۆی هەڕەشە لەسەر پێوەندییو ستراتیژی ئابووریی و بازرگانی نێوانیان.[5] لەمبارەوە (مەسعود یەڵمان) لە کاتی مۆرکردنی یەکێك لە رێکەوتننامەکانی نێوانیان، کاتێك چاوی کەوت بە (غوڵام حسین بڵندیانی) سەرۆکی شاندی ئێرانیی،**

---

[1] روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات، ص70.

[2] رێناس جودی: المستقبل العلاقات التركية– الايرانية واثرها على موازين القوي، ر(وڵات)، ژ(27)، دووشەممە(1994/8/15).

[3] صبرية احمد لافى: الاكراد، ص119.

[4] محمد صلاح محمود: اشكالية الكرد فى السياسة الخارجية الايرانية، مج(دراسات اقليمية)،ع(16) 2009، جامعة الموصل، ص(443–444).

[5] محمد صلاح محمود: الاتفاقيات الامنية، مج(دراسات اقليمية)، ع(23)، 2011، جامعة الموصل، ص335، و روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات، ص(55،53).

رایگەیاند:"ئەو ڕێکەوتننامەیە کلیلی پەرەپێدانی پێوەندییە سیاسیی‌و ئابووریی‌و رووناکبیرییەکانی تاران‌و ئەنقەرەیە".[1] ئاکامی ئەو هۆکارانەی باسکران لەسالآنی هەشتاکانەوە تاکۆتایی نەوەدەکان ناو بەناو ئێران‌و تورکیا چەندین ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلێکی ئاسایشی‌و سیاسیی تایبەت‌و پێوەندیدار بە مەسەلەی PKK و هێزە بەرهەڵستکارەکانی یەکترییەوە ئەنجام داوە بەم شێوەیە:

**یەکەم- ڕێکەوتننامەی (28 ی تشرینی دووەمی 1984):**

به گوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەردوولا پابەند بوون بە ڕێگریکردن لە هەر چالاکییەك، کە لەسەر خاکی لایەکیان دژی ئەوی تریان ئەنجام بدرێت. لێرەشدا مەبەستی تورکیا PKK و ئێرانیش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بوو.[2] هۆکاری گرێدانی ئەم ڕێکەوتننامەیە، دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی PKK بوو لە (15ی ئابی 1984)و بەکارهێنانی خاکی ئێران بوو لەلایەن ئەو پارتەوە بۆ ئەنجامدانی هێرش‌و پەلاماری گەریلایی دژی تورکیا لە کاتی شەڕی عێراق- ئێراندا، بە هۆی جێگیربوونیان لە نێوچە شاخاوییەکانی هەردوولاو سوود وەرگرتن لە لاوازیی کۆنترۆڵی ئێران بەسەر ئەو نێوچانەوە.[3]

**دووەم- ڕێکەوتنانەی ساڵی 1986:**

لەساڵی 1986 ڕێکەوتننامەیەکی دیکەی ئاسایشیی لە نێوان تورکیاو ئێراندا گرێدراو بە گوێرەی ئەم ڕێکەوتننامەیە، ڕێگە درا بە سوپای هەردوو وڵات بە قووڵایی (30کم) بچنە نێو خاکی یەکترییەوە بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی کورد، کە مەبەستی تورکیا PKK بوو. هۆکاری ئیمزاکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیەش پەرەسەندنی جوڵانەوەی گەریلایی PKK بوو، کە دڕدۆنگییە ئاسایشییەکانی تورکیای زێتر کرد بوو. لەولاشەوە بوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی بەرهەڵستکاری ئێران لە نێو خاکی تورکیادا مایەی ترسی ئەو وڵاتە بوو. هەروەك تایبەتمەندیی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران لەو قۆناغەدا جۆرێك لە بێ متمانەیی پێوە دیار بوو، بەجۆرێك هەردوو وڵات یەکتریان بە هاوکاریکردنی PKK و موجاهیدینی خەلق دژ بە یەکتری تۆمەتبار دەکرد.[4]

**سێیەم- ڕێکەوتننامەی (ئەیلوولی 1992):**

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە (ئەیلوولی 1992)دا جارێکی تر لە نێوان تورکیاو ئێراندا مۆر کراو بە گوێرەی ڕێکەوتننامەکە بڕیار درا بە پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی ئاسایشیی باڵا، کە

---

[1] روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، م.س، ص49.

[2] محمد صلاح محمود: الاتفاقيات الامنية المعقودة بين تركيا وايران، م.س، ص330.

[3] التوقيع على اتفاقية تعاون امنية وحدودية بين تركيا وايران، مج(شؤون تركية)، ع(2)، 15 ايلول 1998، ص2.

[4] محمد صلاح محمود: الاتفاقيات الامنية المعقودة بين تركيا وايران، م.س، ص331.

**تایبەت بێت بەمەسەلە ئاسایشییو سنوورییەکان لەگەڵ مەسەلەی هاریکاریی لە بواری لە نێوبردنی دزە پێکردنی مادەی هۆشبەر لە سنووری هاوبەشیی هەردوو وڵاتدا.**

**چوارەم- ڕێکەوتننامەی (15ی ئەیلوولی 1993)و (1993/11/30):**

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی ئاسایشی هەردوو وڵات، دیسان تورکیاو ئێران لە ڕۆژی (15ی ئەیلوولی 1993)و (1993/11/30)دا دوو ڕێکەوتننامەی دیکەی ئاسایشییان لە ئەنقەرە ئیمزا کرد، کە تێیدا هاتبوو:" ئێرانو تورکیا ڕێگە بە هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نادەن چالاکی لەسەر خاکی وڵاتەکانیان ئەنجام بدەن".[1] لە پەراوێزی ئەم ڕێکەوتننامەیەشدا ئەندامێکی شاندی دانوستکاری ئێرانیی ڕایگەیاند:" ئێران ڕێو شوێن دژی PKK دەگرێتەبەرو فەرمانی تەقەکردن لە ئەندامانی ئەو پارتەشی دەرکردووە". هەر لەم ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە: ڕێگەگرتن لە چەکدارانی جوداخواز، بە ئازادی لە سنوورەکاندا هاتوچۆ بکەن، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی زانیاریی سیخوڕییو جێبەجێکردنی پشتێنەی تایبەت بە ئاسایشیی سنوور.[2] ئەنجامی ئەم ڕێکەوتننامانە ڕادەستکردنەوەی (18) گەریلای PKK و تەرمی نزیکەی (100) کوژراوی ئەو پارتە بوو، لە لایەن ئێرانەوە بە تورکیا.[3]**

**جگە لە ڕێکەوتننامەکانی نێوانیان، هاوکات لە سەردانە فەرمییەکانی بەرپرسانی هەردوو وڵاتدا، بەردەوام مەسەلەی PKK دەبووە پرسو بابەتێکی سەرەکی نێو باسو خواسەکانیان. لەم ڕووەوە کاتێك (سلێمان دیمێریل) لە ڕۆژی (1994/7/14) سەردانی تارانی کردو لەوێ چاویکەوت بە (هاشمی ڕەفسەنجانی) سەرۆك کۆماری ئێران، چەند پرسێکی پێوەست بە PKK یان تاووتوێ کردو جەختیان کردەوە لەسەر ڕێگە نەدان بە پەڕینەوەی ئەندامانی PKK لە باشووری کوردستانەوە بۆ ئێرانو لەوێشەوە بۆ ئەرمینیاو ڕووسیا بپەڕنەوە. هەروەها ڕێگەدان بە تورکیا بۆ بۆردومان کردنی ئەو ڕێگەیانەی، کە PKK لە نێو خاکی ئێرانەوە بەکاریان دەهێنێت بۆ ئامادەکردنی سەربازگەکان لەو وڵاتەو لێییانەوە هێرش دەکاتە سەر تورکیا.[4]**

**هەروەها لە سەردانی بەرپرسانی پارتی ڕەفاهیشدا، کاتێك لە دەسەڵاتدا بوون، پرسی PKK ئامادەیی هەبوو لە پێوەندییەکانی تورکیاو ئێراندا، بە دیاریکراویش کاتێك نەجمەدین ئەربەکان وەك سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ڕۆژی (1996/8/10) سەردانی ئێرانی کردو**

---

(1) روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات التركية الايرانية، ص64.

(2) محمد صلاح محمود: الاتفاقيات الامنية المعقودة، ص(333-334).

(3) د.جعفر حق پناه: كردها و سياست خارجى جمهورى اسلامى ايران، ص166، و روبرت اولسن: المساله الكرديه فى العلاقات، ص64.

(4) روبرت اولسن: المسالة الكردية فى العلاقات، ص(64-65).

مەسەلەی سنووردار کردنی جموجوڵی گەریلاکانی ئەو پارتە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی دانوستانەکانی ئەو دوو وڵاتە بوو.[1]

**پێنجەم- یادداشتی لێکەگەیشتن‌و پرۆتۆکۆلی هاریکاریی ئاسایشیی (1998/12/19):**

پێوەندی دیپلۆماسیی ئێران‌و تورکیا لە ئاست مەسەلەی PKK و ئاسایشیی سنوورو هێزە بەرهەڵستکارەکانی یەکتردا بەردەوام بوو، تاوەکو گەیشتە ئەوەی لە رۆژی (1998/12/19) هەردوولا یاداشتێکی لێکگەیشتن‌و پرۆتۆکۆلی هاریکاریی ئاسایشی ئیمزا بکەن، کە خۆی لە (16) بەندی لە خۆگرت بوو، لە چوارچێوەی لیژنەی کاری هاوبەشی هەردوو وڵاتدا، کە کۆبوونەوەی خۆی شەش مانگ جارێك دەبەست. زۆربەی خاڵەکانی ئەم یادداشت‌و پرۆتۆکۆلە دیسان پێوەست بوو بە رێگریکردن لە دزە کردنی PKK و توند کردنەوەی چاودێریی سنوورەکان لە ئاست ئەو پارتەو رێکخراوی موجاهیدینی خەلق.[2]

**شەشەم- رێکەوتننامەی (1999/8/13):**

بەردەوام بوونی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران لەسەر مەسەلەی ئاسایشیی سنوور، جارێکیتریش رێکەوتننامەیەکی دیکەی ئاسایشیی لێکەوتەوە، کە لە رۆژی (1999/8/13) هەردوولا ئیمزایان لەسەر کرد. لەم رێکەوتننامەیەدا هێندێك خاڵ‌و برگەی تێدا هاتبوو، کە جیاواز بوو لە نێوەرۆکی رێکەوتننامەکانی تر، بەجۆرێك جەختی دەکردەوە لەسەر بەرپاکردنی هێڵێکی گەرمی راستەوخۆی پێوەندیی تەلەفۆنیی لە نێوان فەرماندە سەربازییەکانی هەردوو وڵات لەسەر سنوور. هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیاری سیخوڕیی پێوەست بە جموجوڵی یاخیبووانەوە (مەبەست PKK بوو زێتر). لە هەمان کاتدا هاریکاریی هاوبەش لە پرۆسە سەربازییەکان، کە ئامانج لێی PKK و رێکخراوی موجاهیدینی خەلق بوو.[3]

بەدەر لەم رێکەوتننامە سەرەکیانە، سەردان‌و کۆبوونەوەو پێوەندی دیکە لەسەر ئاستی لیژنە لقییەکانی هەردوو وڵات ئەنجام دەدرا بە مەبەستی روبەڕووبوونەوەی مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی سنووری هەردوولا، لەوانە: کۆبوونەوەی شاندی هەردوو وڵات لە شاری ماکۆی سنووریی ئێران بەسەرۆکایەتی (محەمەد سادق مستەفا زادە) قایمقامی ئەو شارەو پارێزگاری شاری ئاگری تورکیاو شاندی یاوەری، کە تێیدا جەخت کرایەوە لەسەر پتەوکردنی پێوەندی دراوسێ باشیی‌و بە هێزکردنی ئاسایشیی سەر سنوورو وەڵامدانەوەی دزەکردن لە سنوورەکانەوەو مەسەلەی

---

(1) محمد صلاح محمود: الاتفاقيات الامنية المعقودة، ص(333–334).

(2) د.السيد عوض عثمان: إيران ودول الجوار تركيا افاق جديدة للعلاقات الإيرانية – التركية، ص4.

(3) محمد صلاح محمود: اشكالية الكرد فى السياسة الخارجية الايرانية، ص446.

بازرگانیی و ئابووریی. ئەم کۆبوونەوانەش بە شێوەی خولیی و هەر دوو مانگ جارێك بەڕێوە دەچوو.[1]

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە پارتی کرێکارانی کوردستان کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران هەبوو، بەڵام زێتر لە رووی سیاسیی و ئاسایشییەوە، بەجۆرێك ئەگەرچی ئێران ناڕاستەوخۆ ئەوکاتەی PKK لە سوریا بوو، پێوەندی نهێنی لەگەڵدا بەستبوون و دواتریش رێگەی پێدابوون، کە خاکی وڵاتەکەی وەك پەناگەیەك بەکاربهێنن، بەڵام ئەم مامەڵە کردنە لەبەرئەوەی مامەڵەکردنێکی فەرمیی نەبوو، هاوکات زێتر سوود لێوەرگرتنی بوو وەك کارتی گوشار، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین، کە لە قۆناغەکانی دواترو لە سالانی نەوەدەکاندا ئێران لە بەرامبەر چنگ کەوتنی بەرژەوەندیی گەورەتری سیاسیی و ئابووریی، سازشی لەسەر PKK کردو تەنانەت ژمارەیەکی زۆریشی رادەستی دەسەڵاتدارانی تورکیا کردەوە.

هاوکات لە تەنیشت PKK دا، مەسەلە ئایدۆلۆژییەکان کاریگەریان لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران هەبوو، ئەویش لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979، بەڵام دواتر بەرژەوەندیە ئابوورییەکان و دۆخی شەڕی عێراق– ئێران ئەو مەترسیانەی رەواندەوە، بەڵام کاریگەرییەکە هەروا مایەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە هەر دوو وڵات سیستێمی فەرمانڕەوایی و دەستوورەکەیان لە رەگو ریشەیەکی ئایدۆلۆژیی و هزرییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەجۆرێك ئێران ئیسلامیزمی شیعەو تورکیاش عەلمانییەت. بەڵام بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی هەر دوو دەوڵەت توانای تێپەڕاندنی ئەو کاریگەریانەی هەبوو. بۆیە دواجار تێبینی ئەوە دەکەین، کە PKK لە زۆربەی رێکەوتننامەکانی نێوان تورکیا و ئێراندا بوونی هەبوو، بەشێوەیەك تورکیا داوای دەکرد ئێران دەستبەرداری هاریکاریکردن و داڵدەدانی ئەو پارتە ببێت و ئێرانیش خوازیاری ئەوە بوو، تورکیا چیتر هاریکاریی هێزە بەرهەڵستیکارەکانی لە نموونەی رێکخراوی موجاهیدنی خەلق نەدات. بەڵام کێشەی سەرەکی لەوەدا بوو، کە وێڕای ئەو پەیماننامانەی دژی PKK لە نێوان ئێران و تورکیادا دەبەستران، بەڵام هەست بە گۆڕینی ستراتیژی سیاسیی و چەکداریی و پێوەندییەکانی ئەو پارتە ناکرێت لەگەڵ ئێراندا.

---

[1] اللجنة الامنية الفرعية التركية– الايرانية المشتركة تعقد اجتماعاتها فى مدينة ماكو الايرانية، مج(شؤون تركية)، ع(2)، 15 ايلول 1998، ص4.

# ئەنجامگیریی

- دووری بەرنامەو گوتاری سیاسیی پارتو ڕێکخراوە چەپە تورکییەکان لە ئاست کێشەی کوردو تەماشاکردنی وەك کێشەیەکی ئابووریی، پاڵنەری سەرەکی بوو لەوەدا، کە گروپی ئاپۆچییەکان بیر لە جێهێشتنی ریزەکانی چەپی تورك بکەنەوەو هەنگاو بەرەو ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێریی بنێن بە نێوی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لە تەنیشت مەسەلە چینایەتییەکاندا بایەخیش بە مەسەلە نەتەوایەتییەکانی کورد بدات.
- هەر لە سەرەتاوە PKK وەك ڕێکخراوێکی چەپی شۆڕشگێڕیی دەرکەوتووە، لە ژێر کاراییی ئەو هزرە چەپە سیاسییە شۆڕشگێڕییە مارکسیزم– لینینیزمەی، کە پێڕەوی لێکردووە، هەروەك بڕوای بە پێڕەوکردنی توندوتیژیی چەکدارانە هەبووە لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوای تورکیا لە دوای کودەتای(12ی ئەیلوولی 1980)و لە ژێر کاریگەری جوڵانەوەی چەپڕۆیی جیهانی، کە لەو قۆناغەدا هێندێکیان لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە گەیشتبوونە ئامانجەکانیانو هێندێکیشیان بەردەوام بوون.
- تورکیا توندوتیژترین سیاسەتی سەرکوتی جۆراوجۆری لە دژی PKK گرتۆتەبەر، هەر لە سیاسەتی ئاسایشیو سەربازییەوە تادەگاتە سیاسەتی ئابوورییو جێبەجێکردنی پرۆژەی(GAP)، لە پێناوی وشککردنی سەرچاوەکانی کۆمەکیو هاوکاریی ئەو پارتە.
- خەباتی سیاسیی و جاڕدانی خەباتی چەکداریی PKK، هێندە کاریگەری لەسەر تورکیا دروستکرد، کە ئەو وڵاتەی ناچار کرد بۆ تەوقدانی پەنا بباتە بەر پێوەندییە هەرێمییەکانی لەگەڵ هەر یەکە لە(سوریاو ئێرانو عێراق)و لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانیشەوە هەرێمی کوردستان، چونکە ڕۆیشتنی PKK بۆ سوریا لە کۆتایی ساڵانی حەفتاو سەرەتای هەشتاکان لەلایەك کێشەی کوردی بردە نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوەو لەلایەکی تریشەوە ئەرکی تەوقدانی تورکیای قورستر کرد.
- تێکڕای سیاسەتی ئاویی تورکیا بەرامبەر سوریا جگە لەوەی بریتی بوو لە پابەندنەبوونی بە ڕێکەوتننامەو پرۆتۆکۆلە جیهانییو نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە قەیرانی ئاوییو چارەسەری کۆتایی کێشەی ئاوەوە، هاوکات گرێشیدا بوو بە دەست هەڵگرتنی سوریا لە هاوکاریکردنی PKK.
- پارتی کرێکارانی کوردستان کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی تورکیاو عێراق هەبووە، بەتایبەت کاتێك لە (15 ی ئابی 1984) خەباتی چەکداریی ڕاگەیاندو لە نێوچە

**سنوورییەکانی تورکیاو عێراقدا جێگیر بوو، تورکیای ناچار کرد بۆ تەوقدانی پشت بە عێراق ببەستێت‌و لە پێناوی راوەدوونانی گەریلاکانی ئەو پارتەدا، رێکەوتننامەی (راوەدوونانی گەرم) لەگەڵ عێراقدا ئیمزا بکات، کە بەهۆیەوە توانی چەندین جار پرۆسەی کێومالٌکردن لە نێو خاکی عێراقدا ئەنجام بدات.**

- **سەرهەڵدانی جەنگی کەنداو 1991، خاڵی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەگشتیی‌و لە حاست عێراقدا بەتایبەت، چونکە ئەو رووداوە گۆڕانکاریی رەگو ریشەیی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هێنایە ئاراوە، کە جگە لەوەی خۆشی بەشداری جەنگەکەی کرد، هاوکات بواری ئاسمانی‌و زەمینی وڵاتەکەی لەبەردەم هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیماناندا ئاوەڵا کرد بۆ لێدانی عێراق. هەروەك دواتریش دابینکردنی نێوچەی ئارامی بۆ کوردانی باشووری کوردستان پێشنیاز کرد، بە ئامانجی روبەڕووبوونەوەی مەترسی PKK و دوورخستنەوەی دەرهاویشتەکانی جەنگەکە، کە ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی بوو لە باشووری کوردستان‌و کاریگەری بوو لەسەر دۆخی نێوخۆیی تورکیاو کێشەی کورد لەو وڵاتەو سوود وەرگرتنی PKK لە نێوچەی ئارام.**
- **لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 لە باشووری کوردستان‌و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تورکیا لە سەرەتاوە لە دژی وەستایەوەو ئامادە نەبوو دانی پێدا بنێت، بەڵام کاتێك جەنگی نێوخۆ لە نێوان یەکێتی‌و پارتیدا هەڵایساو بەهۆیەوە کێشەی سنووریی‌و ئاسایشیی بۆ تورکیا دروستکرد، ئەو وڵاتەی دڕدۆنگ کرد. بۆیە ناچار بوو سیاسەتی میانگیریی پێڕەو بکات هەریەکە لەپارتی‌و یەکێتی لەسەرەتاوەو دواتریش بەتەنها پارتی بۆ بەگژاچوونەوەی PKK بەکاربهێنێت‌و سەرجەم رێکەوتننامەکانی نێوان ئەو دوو پارتەش کە ئیمزایان کردبوو، پانتاییەکی گەورەیان بۆ دژایەتی‌و روبەڕووبوونەوەی PKK تەرخان کرا بوو، لە ژێر کاریگەری‌و گوشاری تورکیادا.**
- **هەرچی پێوەندییەکانی تورکیاو ئێران لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە ئابووریی‌و سیاسییەکاندا بووە، ئەگەرچی بەهۆی هەڵایسانی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە ساڵی 1979 پێوەندییەکانیان گرژیی‌و ئاڵۆزیی تێکەوت، بەڵام بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا لەلایەك فاکتەرێکی کاریگەر بوو، کە لە ساڵانی هەشتاکانەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ ئێراندا ئاسایی بکاتەوەو لەلایەکی تریشەوە مەترسیی PKK لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، ئەو وڵاتەی ناچار کرد کە لە حاست ئێراندا نەرمی بنوێنێت بە ئامانجی بەدەستهێنانی هاوکاریی ئەو وڵاتە بۆ روبەڕووبوونەوەی مەترسیی ئەو پارتە. چونکە ئێران ناڕاستەوخۆ داڵدەدانی دابوون‌و تەنانەت چادرگەو نەخۆشخانەو دواتریش نوسینگەیان بە شێوەی نافەرمی لە نێو ئێران‌و**

نێوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیادا هەبوو. بۆیە تورکیا لە ڕێگەی چەند ڕێکەوتننامەیەکی سیاسیی و سەربازیی و بازرگانییەوە لەگەڵ ئێران هەوڵی کەمکردنەوەو تەوقدانی ئەو پارتەی دا.

- لە کۆتاییدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە سەرەڕای ئەوەی PKK پێوەندیی لەگەڵ سوریاو عێراق و ئێرانیشدا هەبوو، بەڵام نەیتوانی لەو ماوەیەدا ئەو پێوەندیانە بەجۆرێك بەکاربهێنێت، کە بتوانێت دژ بە تورکیاو لاوازکردنی لایەنی سیاسیی و سەربازیی ئەو وڵاتە بوەستێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو پێوەندییانە هیچیان پێوەندیی فەرمیی و دانپێدانراو نەبوون، بەگوێرەی پەیماننامەو ڕێکەوتننامەو نوسراوی نێوانیان، هێندەی ئەوەی لێدەخوێنرایەوە، کە ئەو وڵاتانە تەنها دەیانویست سوود لە و پارتە وەك کارتی گوشار لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا بەکاربهێنن. سەرەڕای ئەوەی دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، ئەو پێوەندییانە لەبنەڕەتدا بریتی بوون لە پێوەندیی وڵاتانێك وەك دەوڵەتی فەرمی لەسەر ئاستی جیهان لەگەڵ جوڵانەوەیەکی سیاسیی و چەکدارییدا، کە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازییدا بووە، کە ئامادە نەبوو خۆی ڕادەستی هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە بکات و ببێتە داردەستیان، بۆیە بنەمای پێوەندییەکە زێتر سوود وەرگرتن بوو لە دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. بەڵام نەخوێندنەوەی بارودۆخە نوێیەکان و بەهێز نەبوونی پێوەندی ئەو پارتەو سوریا بەتایبەت و فاکتەرەکانی تر، هۆکارێکی سەرەکی بوو لە سەرکەوتنی تورکیا لە پێوەندییە هەرێمییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو پارتە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، کە ئاکامەکەی ناچارکردنی سوریا بوو بە دەرکردنی ئۆجەلانی سەرکردەی ئەو پارتە لەو وڵاتەو دواتر دەستگیرکردنی، کە لێرەوە قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستان دەستیپێکرد.
- قەیرانی توندوتیژیی و جەنگی گەریلایی PKK لە ماوەی دوو دەیە، یەکێك لە درێژترین جەنگەکانی گەریلایی مێژووەو کاریگەریی توندی لەسەر توانای دەوڵەت و لاوازیی و ڕەوایەتی سیستێمی سیاسی تورکیا هەبوو، لەگەڵ بیکردنەوە لە تەنیا ڕێگەی چارەسەریی ئاشتی بۆ مەسەلەکە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم- بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

(The National Archives, London, Richmond, Surrey)

1. نامەی کونسوڵ (R J A Martin)بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە دیرۆکی(1981/2/19).
2. نامەی کونسوڵ (R J Rawlinson)لە بەشی باشووری ئەوروپا لە ئەنقەرە، لە دیرۆکی(1981/10/22).
3. نامەی کونسوڵ (R J A Golland)لە باڵویزخانەی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ لە دیرۆکی(1981/4/23).
4. بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە دیرۆکی(1981/7/2).
5. نوسراوی باڵویزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە، لە دیرۆکی(1981/9/16).

## دووەم- بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

### ئەلف- بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق:

1. نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشیی گشتی، بەڕێوەبەرێتی ئاسایشیی نێوچەی ئۆتۆنۆمی، ژ(8000)، دیرۆکی(1990/9/9).
2. نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشیی زاخۆ، ژ(181)، لە دیرۆکی(1990/9/23).

### بێ- نامە کەسییەکان:

1. نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ(ئیسماعیل جەم)ی وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە رۆژی (1997/10/17).
2. نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ(قادر حاجی عەلی و بەرهەم ئەحمەد ساڵەح و عەدنان موفتی) دەربارەی هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەرپاکردنی پشتوێنی ئاسایشیی لە باشووری کوردستان، لەرۆژی(1997/11/6).
3. نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ(د.عەلی ویلایەتی) وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، دوای رووداوی(31ی ئابی 1996) نوسراوە، دەق لە: الحزب الديمقراطي

الكوردستانى، المكتب السياسي، مكتب الدراسات والبحوث المركزى: الاقتتال الداخلى فى كوردستان العراق، كيف اندلع ومن المسؤول عنة، ج1، ط1، 1997، دراسة رقم(29).

4. بڕوانە نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ(سەردار محەمەد جەعفەری) بەرپرسی هەواڵگریی پاسەوانی ئێرانی لەمانگی(ئابی 1996)، دەق لە: الحزب الديمقراطى الكوردستانى: الاقتتال الداخلى.

5. بڕوانە رێکەوتننامەی لێکتێگەیشتنی شاندی یەکێتیو شاندی کۆماری ئیسلامی ئێران لەتاران لەمانگی(8/1994)، دەق لە: الحزب الديمقراطى الكوردستانى: الاقتتال الداخلى.

6. هاوکاریی نێوان دەزگای زانیارییو ئیتلاعات، دەق لە: الحزب الديمقراطى الكوردستانى: الاقتتال الداخلى.

7. کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان هەردوو دەزگای(زانیاریی) یەکێتیو(ئیتلاعات)ی ئێران، کەدەستەیەکی دەزگای زانیاری یەکێتی لەرۆژی(1/6/1995)، دەق لە الحزب الديمقراطى الكوردستانى: الاقتتال الداخلى.

## سێیەم: بەڵگەو بلاوکراوە حزبییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان:

### ئەلف- بەڵگەکان:

1. ایضاح الى الراى العام، وثيقة الاتفاق بين حزب العمال الكردستانى والاتحاد الوطنى الكردستانى، دیرۆك(1/5/1988)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

2. بەیاننامەی فەرماندەیی گشتی هەرێمی بۆتان- بادینان، بە نێونیشانی(فلنسقط مؤمرات اعداء كردستان ولنطور وحدتنا الوطنية)، دیرۆك(11/6/1994)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.

3. بەیاننامەی لیژنەی نێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بەنێونیشانی(الى شعبنا الوطنى فى كردستان)، لە(1ی ئایاری 1980)، ئەرشیفی بنکەی(ژین) بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانی کوردیی، سلێمانی.

4. **بەیاننامەی لیژنەی نێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بەنێونیشانی(الي الرای العام العربي والشرق الاوسط)، لە(**1980/9/18**)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.**
5. **بەیاننامەی نوێنەرایەتی باشووری پارتی کرێکارنی کوردستان بە نێونیشانی(گەلی ولاتپارێزی کوردستان، هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمان پەروەرەکان)، دیرۆك(**1998/2/11**)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.**
6. **بەیاننامەی نوێنەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بەنێونیشانی(الی شعوب الشرق الاوسط)، لە(**1980/9/12**)، ئەرشیفی (بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.**
7. **رێکەوتننامەی نێوان عوسمان ئۆجەلان و نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرۆژی(**1992/10/5**)، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.**
8. **المبادیء الاسیاسیة لحزب العمال الکردستانی، **1980/9/18**، ئەرشیفی(بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردیی)، سلێمانی.**

**بێ- بڵاوکراوەکان:**

**- گۆڤارەکان:**

1. **کۆمین: کورتەیەك لە مێژووی** pkk**، گ(کۆمین)، ژ(**7**)، تشرینی دووەمی** 2008**، دەزگای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان.**

**- رۆژنامەکان:**

**ئەلف- بە زمانی کوردیی:**

1. **(**15**ی تەباخ)، ئەو فیشەکەی مێژووی میللەتێکی گۆڕی، ر(ولات)، ژ(**82**)، دووشەممە(**14**ی ئابی** 1995**).**

2. (1978/11/27) **پێچێکی مەزنە لە دیرۆکی کوردو مرۆڤایەتیدا**، ر(**ولات**)، ژ(42)، **دووشەممە**(28 **تشرینی دووەمی** 1994).
3. **انطلاقة** 15**ی اب دشنت التاریخ المعاصر وصفق ضمانة النصر، جریدة**(**ولات**)، ع(27)، **السنة الثانیة، الاثنین**(1994/8/18).
4. **بروسکەی ئۆجەلان بەبۆنەی** 18 **هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی** pkk، ر(**ولات**)، ژ(210)، **دووشەممە**(2 **ی کانوونی دووەمی** 1996).
5. **پەیڕەوو پرۆگرامی** pkk، **بەشی یەکەم، زنجیرەی دووەم**، ر(**ولات**)، ژ(109)، **پێنجشەممە**(16 **تشرینی دووەمی** 1995).
6. **رژێمی** 12**ی ئەیلوول** 14 **ساڵە تورکیا بەرەو هەڵدێر دەبات**، ر(**ولات**)، ژ(31)، **دووشەممە**(1994/9/12).
7. **رێبوار: بۆچی** pkk **شەڕی پارتیزانی هەڵبژارد؟** ر(**ولات**)، ژ(92)، **دووشەممە**(1995/9/18).
8. **ریناس جودی: المستقبل العلاقات الترکیة– الایرانیة واثرها علی موازین القوي**، ر(**ولات**)، ژ(27)، **دووشەممە**(1994/8/15).
9. **ش.عاکف: هەفتەی قارەمانێتی، بانگەوازی ویژدانە، دەنگی مرۆڤایەتیو شۆڕشو ژیانە**، ر(**ولات**)، ژ(146)، **پێنج شەممە**(28**ی ئاداری** 1996).
10. **ش.کانی دهۆکی: کودەتای** 12**ی ئەیلوولی** 1980 **تورکیا بەرەو کوێ دەبات**، ر(**ولات**)، ژ(316)، **پێنج شەممە**(1998/8/17).
11. **چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووس**(**ماکارینکۆ قادیم**) **لە رۆژنامەی**(**تۆڤۆ ڤریما**)**ی روسی لە گەڵ ئۆجەلان، دەق لە** ر(**ولات**)، ژ(152)، **پێنجشەممە**(18**ی نیسانی** 1996).
12. **چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی لە گەڵ جەلال تاڵەبانی**، ر(**ولات**)، ژ(1)، **پێنج شەممە**(1993/5/20).
13. **فوزی سلیمان: الشهید خلیل چاوغون لبنة صلبة فی مسیرة الاستقلال والحریة**، ر(**ولات**)، ژ(42)، **الاثنین**(**تشرین الثانی** 1994).
14. **قراءة سریعة فی التقریر السیاسی للمؤتمر الخامس**، ر(**ولات**)، ژ(53)، **دووشەممە**(1995/2/20).

15. **قرارات المؤتمر الخامس ل**(pkk)، **تحرير المناطق ومسالة الانتفاضات، جر(ولات)، ع**(61)، **دووشەممە**(1995/4/17).
16. **لە دایکبوونی** pkk **سەرلە نویٚ ژیانەوەی گەلی کوردستانە، رۆژنامەی(ولآت)، ژ**(112)، (25**ی تشرینی دووەمی** 1995).
17. **مقابلة اوجلان مع اذاعة** BBC، **ر(ولآت)، ژ**(1)، **پیٚنج شەممە**(1993/5/20).
18. **مقابلة مع جميل بايق، قائد مقر المركزي وعضو المكتب السياسي، ر(ولآت)، ژ(سفر)، مایسی** 1993.
19. **میٚژووی** pkk **میٚژووی گەلیٚکی بیٚ میٚژووە، ر(ولآت)، ژ(تایبەت)، چوارشەممە،**(27**ی تشرینی دووەمی** 1996).
